# ئەلێساندرۆ باریکۆ



ئەلێساندرۆ باریکۆ ساڵی 1958 لە تورین لەدایکبووە، فەلسەفە و زانستی مۆسیقای خوێندووە. ساڵی 1996 سەرکەوتنێکی گەورە لەسەر ئاستی جیهان لە ڕۆمانی "ئاوریشم"دا بەدەستدەهێنێت و دەبێت بە یەکێک لە گەورە نووسەرانی ئیتالیا. هاوشان لەگەڵ بەرهەمە شانۆییەکانیدا خاوەنی شەش ڕۆمانی سەرکەوتووە، کە لە چەندیین وڵاتانی جیهاندا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی نەتەوەکان، ڕێژەیەکی زۆری لێ فرۆشراوە و هەندێکیشیان کراون بە فیلم.

**پۆلا سەعید**

# " ئاوریشم "




**به هەبوونی دڵت لەنێوانی لێوەکانمدا بۆ هەمیشەییی دەبیتە موڵکی من. ئەلێساندرۆ باریکۆ**

.

ئەگەرەکوو بازاڕگەرمیی ئاوریشم لە فەڕەنسادا بە گشتیی و لە باشووری فەڕەنسا و لە شاری لاڤیلێدیوو دا بەتایبەتیی مایەی گوزەرانی خەڵکیی و هەبوونی کار بووبێت، ئەوا ئەشق دوو هێندە زیاتر مایەی گوزەرانی ئاسوودەییی و خۆشبەختیی " هێرڤە جۆنکۆر" بووە، کە پاڵەوانی ڕۆمانی ئاوریشمە. بیست ساڵێک بەر لە 1861 بالدابیۆ لەم شارەدا پیشەی بەرهەمهێنانی ئاوریشم دێنێتە کایەوە. جارێکیان بەبێ ئەوەی پێشتر کات وەربگرێت خۆی دەکات بە نووسینگەی پارێزگاری شاردا و دەسڕێکی ڕەنگ خۆرنشینیی ئاوریشم دەخاتە سەرمێزەکە و دەڵێ: دەزانیت ئەمە چییە؟ پارێزگار دەڵێ: شتێکی بێکەڵکی ژنانەیە. بالدابیۆ دەڵێ: نەخێر. کاری پیاوانە، پارەیە. جەنابی پارێزگار بالدابیۆ دەردەکاتە دەرەوە. پاش ماوەیەک بالدابیۆ لەسەر ڕۆخی ڕووبارێک، کارگەیەکی بەرهەمێنانی ئاوریشم دادەمەزرێنێت. دوای حەوت دانە مانگ بالدابیۆ دیسانەوە دەچێتەوە لای جەنابی پارێزگار و سیی هەزار فرانکی کاغەز دەخاتە سەرمێزەکە و دەڵێ: دەزانیت ئەمە چییە؟ جەنابی پارێزگار دەڵێ: پارە. بالدابیۆ دەڵێ: نەخێر. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە تۆ گەمژەترین مرۆڤیت. هەشت ساڵ پێش 1861 بالدابیۆ سەرتاپای ژیانی "هێرڤە جۆنکۆر" دەگۆڕێت، جۆنکۆر هێشتا تازە لە هەڕەتی تەمەنی بیست و چوارساڵیی خۆیدا دەبێت، لە کافێی ڤێردونس، بەڕێکەوتێک بالدابیۆ دەناسێت و پێکەوە کافێیەک دەخۆنەوە. جۆنکۆر جێگای سەرنجی گەورەی بالدابیۆ دەبێت هەر لە سەرەتاوە بە پۆشاکە کەشخە و ڕێکپۆشییەکەیەوە. بالدابیۆ نەخشەیەکی جیهان بە ناوی سەیر سەیرەوە دەخاتە بەردەمی جۆنکۆر و دەڵێ: بەخێرهاتیت. تۆ پیشەی دواڕۆژ و هەمیشەییی خۆتت دۆزییەوە. جۆنکۆر، کە هەر لە سەرەتاوە گوێبیستی چیرۆکی، تەنین و هێلکە و پیرامید و گەشتی پاپۆڕ دەبێت دەڵێ: من ناتوانم ئەم کارە بکەم. بالدابیۆ دەڵێ: بۆچیی؟ جۆنکۆر دەڵێ: دوو ڕۆژی دی پشووەکەم تەواو دەبێت و دەگەڕێمەوە بۆ پاریس بۆ سووپا، باوکم بەوشێوەیەی دەوێت. بالدابیۆ دەڵێ: کێشە نییە. بالدابیۆ هێرڤە جۆنکۆر لەگەڵ خۆی

دەبات بۆ لای باوکی، وەک پیشەی هەمیشەییی پێش ئەوە کاتی وەرنەگرتووە، دەچێتە ژوورەوە و دەڵێ: دەزانیت ئەمە کێیە؟ پارێزگار دەڵێ: کوڕەکەمە. بالدابیۆ دەڵێ: جوان تەماشای بکە. پارێزگار پاڵێک بە کورسییەکەوە دەداتەوە و دەڵێ: هێرڤەی کوڕم، کە دوو ڕۆژی دی دەگەڕێتەوە بۆ پاریس بۆ سووپا، لەوێ ئایندەیەکی درەوشاوە لە سووپاکەماندا چاوەڕێی دەکات، ئا بەوشێوەیە پرنسیپەکانمان و خوداش دەیەوێت. بالدابیۆ دەڵێ: دروستە. تەنها خودا بۆچوونێکی تری هەیە و پرنسیپە پیرۆزەکانیش حەز بە چارەی سەرباز ناکەن. پاش مانگێک هێرڤە جۆنکۆر سەرفەی میسر دەکات. بەمشێوەیە هێرڤە جۆنکۆر دەچێتە ژیانی کاری ئاوریشمەوە. ڕۆژێک دادێت قەیرانی ئاوریشم لە فەڕەنسادا وا لە بالدابیۆ دەکات هێرڤە جۆنکۆر بنێرێت بۆ یابان بۆ هێنانی هێلکە و گەرای ئاوریشم. هێرڤە جۆنکۆر یەکەمینجاریەتی ناوی یابان ببیستێ، هەربۆیە بە سەرسووڕمانێکەوە دەپرسێ: یابان لەکوێیە؟ بالدابیۆ دەڵێ: هەمیشە ڕێک و ڕاست، دیارە ئەم دەربڕینە لە کۆمەڵگای ئەورووپییدا باوە، بۆ ئاسان دەربڕینی ئەدرێسێک. لەناو کورددا هەندێک دەڵێن: ڕاست و ڕاست یاخوود ڕێک و ڕاست. بەهەرحاڵ خاڵی بنەڕەتیی سەفەرەکەی هێرڤە جۆنکۆر بۆ یابان ڕزگارکردنی شاری لاڤیلێدیۆیە لە بێکاریی و ڕێگەگرتنە لە پەککەوتنی کارگەکەی بالدابیۆ. کەواتە هەر لە سەرەتاوە ڕەچەڵکی گەشتەکانی جۆنکۆر کار و سەرمایە بووە. ڕێکەوت لێرەدا دەبێتە ڕەگی هەستێکی ڕۆحانیی لە جۆنکۆردا بۆ ئەشقی کچێک، کە تاکە وشەیەک چییە لەگەڵیشیدا نەگۆڕیوەتەوە، کچێک، کە ڕووخساری بە یابانیی نەدەچوو، چاو و برۆکانی بە یابانیی نەدەچوو، ڕووخساریشی ڕووخساری کچێکی چکۆلانەیە. جۆنکۆر چواردانەجار سەفەری یابان دەکات، یەکەمینجار بۆ کار و کاسپیی دووهەم و سێهەم زیاتر بۆ بینینی ئەو کچە، وەلێ چوارهەمینجار، بە پلەی یەکەم ئەو مەترسییە گەورەیەیە، کە ڕوویکردۆتە کار و کاسپیی ئاوریشم لە شارەکەیاندا، بەهۆی ئەمەشەوە بەشێکی گەورەی دانیشتوانی شارەکەی بێکار دەبن. هەروەکوو چلۆن لە باشووری ئەڵمانیادا لە ناوچەی بایەرن دوو شارۆچکە هەن، کە نووساون پێکەوە و هەردووکیشیان لەسەر بەرهەمهێنانی خشڵ دەژیین، ئەمەش سەدان ساڵە بووەتە قووتی دەمی زۆرینەی خەڵکی هەردوو شارۆچکەی ( نۆیگابلۆنتس، کاوفبۆیەرن) واتە ئەگەر کاری خشڵ لەم دوو شارە ببڕێت لە چواربەش سێ بەشی دانیشتوانی ئەم دوو شارۆچکەیە بێکار دەبن. خاڵی دووهەم لە گەشتەکەی جۆنکۆردا دیتنەوەی ئەو کچەیە. کاتێک لە 10 ئۆکتۆبەری ساڵی 1864 دا هێرڤە جۆنکۆر گەشتی چوارهەمی خۆی بۆ یابان دەکات لەوێ شەڕی ناوخۆ دەستیپێکردووە لەنێوانی خەڵکانی کۆنزەڤاتیڤی یابانیی و دەوڵەت دا. کۆنزەڤاتیڤەکان هەمووجۆرە پەیوەندییەکی دەرەکیی لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا ڕەتدەکەنەوە لەپێناوی پاراستنی داب و نەریت و کلتووری یابانییدا. کاتێک هێرڤە جۆنکۆر دەگاتە ئەو گووندەی، کە سێجاری پێشوو (هارا کای)ی تێدابینوە و ناسیوە، وەلێ ئەمجارە بە کاولکراویی و خاپووریی. منداڵێک جێگاپێی هەڵهاتووانی گووندەکەی بۆ هەڵدەگرێت، کە لە کۆتاییدا بە دەستی هارا کای

دەکووژرێت، بگرە ژیانی هێرڤە جۆنکۆریش دەکەوێتە ژێر بەزەییی هارا کاییەوە، وەلێ نایکووژێت. هارا کای، کە هەمیشە هێرڤە جۆنکۆری بە هاوڕێ فەڕەنسییەکەم بانگکردووە لە دیتنەوەی بۆ جاری چوارهەمدا وەک نامۆیەک تەماشای دەکات و دەڵێ: کێ تۆی فەڕەنسیی هێناوەتە ئێرە؟ جۆنکۆر وەڵامی ناداتەوە. هارا کای پرسیارەکە دووبارە دەکاتەوە و جۆنکۆریش بێدەنگیی هەڵدەبژێرێت. هارا کای دەڵێ: لێرە هیچ شتێک نییە بۆ تۆ تەنها شەڕ نەبێت، ئەمەش شەڕی جەنابت نییە بڕۆ لێرە. هێرڤە جۆنکۆر کیسەیەکی چکۆڵانەی چەرم لە گیرفانی دەردێنێت و هەڵیدەڕژێتە بەرپێی هارا کای، کە هەمووی پارچە ئاڵتوونە و دەڵێ: جەنگ گەمەیەکی گرانە و تۆش پێویستت بە منە و منیش پێویستم بە تۆیە. هارا کای بەبێ ئەوەی تەماشای ئاڵتوونەکانی بەرپێی بکات ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و دەڕوات. هێرڤە جۆنکۆر لێرەدا بەتەواویی دڵنیادەبێت، لەوەی، کە نەک لەلای هارا کای هێلکە و گەرای ئاوریشمی دەستناکەوێت، بەڵکوو دڵنیا دەبێت، کە چیدی ڕووخساری ئەو کچەش نابینێتەوە، کە هەتاوەکوو ئێستا ماتۆڕی هەڵسووڕاندنی مەکینەی هێنانی ئەو بووە لە باشووری فەڕەنساوە بۆ گووندێکی سەرسنووری یابان. ئیدی لێرەوە پێویستە کار بۆمەبەستی دووهەمی بکات، ئەویش ڕزگارکردنی دانیشتوانی شارەکەیەتی لە بێکاریی. لە یۆکۆهاما لە ڕێگای کارمەندێکی دەوڵەتییەوە، کە بەرتیلی پێدەدات شانزدە سندوق هێلکە و گەرای ئاوریشمی دەستدەکەوێت، وەلێ دەبێت یانزدە ڕۆژ چاوەڕێی ئەو کارمەندە بکات هەتاوەکوو هێلکە و گەراکانی بۆ ئامادەدەکات. هێرڤە جۆنکۆر دەستوبرد لە گەڕانەوەی دەکات بەرەو فەڕەنسا لە سەرەتای بەهاردا دەگاتە سنووری ڕووسیا، بەهۆی گەش و هەوای نائاسایی ئەو وەرزەوە، کە گەرمترە وەک لەوەی جۆنکۆر چاوەڕوانیی دەکرد، مەترسیی مردنی هێلکەکانی لێدەنیشێت لە 06.05.1865 دەگاتە ئەڵمانیا لە گووندێکدا لە نزیک شاری کۆلن، کە ناوی (ئێلبەرفێلد)ە لەوێ تەماشای سندوقەکانی دەکات و بە میلیۆنەها هێلکەی مردوو دەکەونە بەرچاوی. جۆنکۆر نۆ ڕۆژ لە وادەی خۆی تێدەپەڕێت ئینجا دەگاتەوە لاڤیلێدیۆ، هێلێنەی ژنی لە بەرهەیوانەکەی خۆیانەوە هێرڤە جۆنکۆر لە عەرەبانەیەکدا دەبینێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: بۆم نییە بگرییم، بۆم نییە ڕابکەم. بەرەوڕووی دەرگای حەوشە دەڕوات و لەناو دەرگاکەدا چاوەڕێدەکات هەتا هێرڤە جۆنکۆر دەگاتە بەردەمی. هێلێنە باوەشی پێدادەکات و بە دەنگێکی نزم دەڵێ: لای من بمێنەرەوە، تکات لێدەکەم. دانیشتوانی شاری لاڤیلێدیۆ هێرڤە جۆنکۆر بە پاڵەوان ناوزەند دەکەن و هەندێکیش بە موعجیزەی ناودەبەن. بالدابیۆ تاکە کەسێک دەبێت، کە گوومان لە دواهەمیین سەفەری هێرڤە جۆنکۆر دەکات و ناچاری دەکات ڕاستیی پێبڵێت. هێرڤە جۆنکۆر ڕاستیی سەفەرەکانی خۆی لە دوای سەفەری یەکەمەوە بۆ بالدابیۆ دەگێڕێتەوە و باسی ئەو کچەی بۆ دەکات، کە هەموو کەڕەتێک سەری لەسەر شانی هارا کای دەبینێت و بە نیگایەکی سیحراویی تەماشای دەکات. کچێک دەمووچاوێکی ئەورووپییانەی هەبووە، ڕووخساری کچێکی منداڵی هەبووە. شەش دانە مانگ دوای گەڕانەوەی هێرڤە جۆنکۆر بە پۆستدا نامەیەکی بۆ دێت، کاتێک

دەیکاتەوە و تەماشای دەکات حەوت دانە لاپەڕە بە خەتێکی ڕەشی یابانیی تێدایە. تەماشای پشتی نامەکە دەکات تاکە وشەیەکی نێنەرە چییە لەسەری نییە، وەلێ بە مۆرەکاندا وادەردەکەوت، کە نامەکە لە خۆرهەڵاتەوە هاتبێت. لاپەڕەکان ئەمدیوو و ئەودیوو دەکات و سەرنجێکی زۆریان دەدات، وەلێ هیچی لێ تێناگات. هێرڤە جۆنکۆر ڕۆژانێکی دوور و درێژ نامەکە لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت، تەنانەت لە کاتی گۆڕیینی جلوبەرگیشیدا نامەکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. پێنج ڕۆژ دوای بەدەستگەیشتنی ئەو نامەیە قاتێکی کەشخەی ڕەساسیی لەبەردەکات و لێدەخوڕێت بەرەو شاری نیمێس و بە هێلێنەی ژنی دەڵێ: کە ئێوارە دەگەڕێتەوە. هێرڤە جۆنکۆر دەگاتە لای خاتوو بلانچەی یابانیی و پێش سێ ساڵ لەمەوبەر لە هەوارەکەیدا چ مۆسیقا و کچانێک لە بەزم و سەمادا بوون هەرئاوها دەهاتەوە بەرچاوی. خاتوو بلانچە بەبێ ئەوەی یەک وشە لەگەڵ هێرڤە جۆنکۆردا بڵێ، دەیباتە ژوورەکەی خۆی و هێرڤە جۆنکۆر بەرانبەری دادەنیشێت و نامەکە لە گیرفانی دەردێنێت و دەڵێ: دەمناسیتەوە؟ بلانچە وەڵامێکی بەسەر جوڵانێکی کەم بە بەڵێ دەداتەوە. هێرڤە جۆنکۆر نامەکە ئەداتە دەستی و ئەویش تەماشای هەر حەوت لاپەڕەکە دەکات و ئەمدیوو و ئەو دیوویان دەکات و دەڵێ: من حەز بەم پەیڤە ناکەم بەڕێز، دەمەوێت لەبیر خۆمی بەرمەوە، ئەمەوێ خاکەکەش لەبیر خۆم بەرمەوە، تەنانەت دەمەوێت تەواوی ژیانم لەوێ لەبیر خۆم بەرمەوە. هێرڤە جۆنکۆر لەسەر کورسییەکەی بەبێدەنگی دانیشتووە و دەستەکانی خستۆتە سەر قۆڵی کورسییەکە و هیچ ناڵێت. بلانچە دەڵێ: من ئەم نامەیەت بۆ دەخوێنمەوە بەبێ ئەوەی داوای پارەشت لێبکەم، وەلێ دەمەوێت بەڵێنم پێبدەیت، کە جارێکی دی بە نامەیەکی ئاوهاوە نەیەیتەوە بۆ لام، تکایە قەت نەیەیتەوە. جۆنکۆر دەڵێ: بەڵێن بێت خاتوون. بلانچە بە قوڵیی تەماشایەکی دەکات و ئینجا چاوەکانی دەخاتە سەر لاپەڕەی یەکەم و دەڵێ: ( تێبینیی: من ئەم نامەیەم هێندە لا جوان و ناسک و پڕ ئەدەب بوو، لە خۆشەویستییمدا بۆ تێکستەکان وەک شیعر نووسیوومەتەوە، چونکە خودی یارییکردن لەگەڵ وشەکان لەلایەن ئەلێساندرۆ باریکۆوە هێندە شاعیرانەیە، کە باوەڕم نییە تەنانەت لە هۆنراوەیەکیشدا بەقەد ئەم نامەیە وێنەی شیعرییمان دەستبکەوێت)

پیاوە خۆشەویستەکەم:

ترست نەبێت، مەجوڵێرەوە، بێدەنگبە هیچ کەس چاوی لێمان نییە*

ڕابوەستە، دەمەوێت تەماشات بکەم

من هەمیشە ئاوها تەماشام کردوویت

کەچیی تۆ قەت بۆ من ئامادە نەبوویت،

مەترسە هەنووکە من تەواو لێتەوە نزییکم

هەستم پێ ناکەیت؟

من لێرەم، دەتوانم بتجوڵێنم

ئەوە ئاوریشمە، هەستی پێدەکەیت؟

ئاوریشمی کراسەکەی بەرمە
چاوەکانت دابخە، با هەست بە لەشم بکەیت،
هەرئەوەندەی بۆ یەکەمجار جولاندمیت، دەبیە خاوەنی لێوەکانم
دەمەوێت بە لێوەکانم بتجولێنم
وەلێ تۆ نازانیت لەکوێ،
لەناکاودا هەست بە گەرمیی لێوم دەکەیت
وەلێ نازانیت لەکوێ،
ئەگەر تۆ چاوەکانت نەکەیتەوە
چاوەکانت بە داخراویی بهێڵەوە
لەناکاودا هەست بە دەمم دەکەیت
وەلێ نازانیت لەکوێ،
پێدەچێت لە چاوانتا، لێوەکانم بخەمە سەر پێڵوی چاوەکانت
دەبێت هەستی پێبکەیت، کە چۆن گەرمیی من دێتە مێشکتەوە
کە چۆن لێوەکانم دێتە چاوانتەوە،
یاخوود لەسەر چووکت*
لێوەکانم دەخەمە سەری
ئەوکاتەی بەهێواشی تێیدا قوڵدەبمەوە
لێوەکانم دەکەمەوە،* لاپەڕە، 112،111،110)

سێ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، لە زستانی ساڵی 1874 دا هێلێنەی ژنی تووشی نەخۆشی تای مێشک دەبێت، کە هیچ دکتۆرێک ڕوونکردنەوەی نابێت بۆی. ئەم نەخۆشییە کووشندەیە، لە سەرەتا بەهاری هەمانساڵدا هێلێنە دەکووژێت. تەواوی دانیشتوانی شاری لاڤیلێدیۆ دوای تەرمی هێلێنە دەکەون لە کاتی بە خاکسپاردنیدا. هێرڤە جۆنکۆر تەنها تاکە وشەیەک لەسەر گۆڕەکەی دەنووسێت ئەویش ( ئاخ)ە.
چەند مانگێک دوای مەرگی هێلێنە، هێرڤە جۆنکۆر هەموو کاتەکانی تەرخان دەکات بۆ بیرکردنەوە، تەنانەت لە ماڵ ناچێتەدەرە و واز لە کارکردنیش دێنێت و تەواوی کاتەکان تەرخان دەکات بۆ بیرکردنەوە. دوای ماوەیەک جۆنکۆر دەچێتەوە بۆ لای بلانچە، وەلێ لەوێ پێیڕادەگەیەنن، کە بلانچە ساڵانێکی زۆرە لێرە نەماوە و ڕۆیشتووە بۆ پاریس. جۆنکۆر دەڕوات بۆ پاریس لەوێ ناچار دەبێت شەش ڕۆژ بمێنێتەوە هەتا ئەدرێسی بلانچە دەدۆزێتەوە. ڕۆژێک نامەیەکی کورت بۆ بلانچە دەنێرێت، کە یەکتر ببینن. بلانچە وەڵامی جۆنکۆر بە بەڵێ دەداتەوە، کە لە ڕۆژی ئایندەدا لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆدا بیبینێت. هێرڤە بلانکۆر لە کاتی خۆیدا دەڕوات بۆ لای و خزمەتکارێک دەرگا لە جۆنکۆر دەکاتەوە و لە هۆڵێکدا تکای لێدەکات، کە دابنیشێت کەمێکی تر خاتوو بلانچە دێتە لات. پاش کەمێک بلانچە بە بەرگێکی فەڕەنسییەوە دێتە خوارەوە و بەرانبەر بە هێرڤە جۆنکۆر دادەنیشت.

جۆنکۆر وەکی منداڵێک تەماشای چاوەکانی بلانچە دەکات و دەڵێ: نامەکە تۆ نووسیووتە وایە؟ هێلێنە داوای لێکردوویت، کە بینووسیت و تۆش داواکەت بەجێگەیاندووە. خاتوو بلانچە بەبێ ئەوەی چاوەکانی لەسەر جۆنکۆر لابدات و بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرسووڕمانێکیش نیشان بدات، ئاساییانە لەجێگای خۆی بە دانیشتوویی دەمێنێتەوە و دەڵێ: من نەمنووسیوە و پاشان بێدەنگییەک دەکەوێتە نێوانیانەوە، دوای ئەوە دەڵێ: هێلێنە نووسیی بووی، کاتێک هاتە لام داوای لێکردم وەریبگێڕمە سەر پەیڤی یابانیی، ئەمە ڕاستیی ئەو نامەیەیە. هێرڤە جۆنکۆر تێدەگات، کە تەواوی ژیانی گوێی لەم وشانە بووە، هەڵدەستێت و وەلێ بەپێوە دەمێنێتەوە، وەک ئەوەی لەپڕێکدا بیری چووبێتەوە بۆ کوێ بڕوات. بلانچە دەڵێ: هێلێنەش ویستی ئەو نامەیەم بۆ بخوێنێتەوە، ئەو دەنگێکی گەلێک جوانی هەبوو، ئەو، ئەو وشانەی بە هەستێکی زۆرەوە دەخوێندەوە، بەجۆرێک، کە من قەت لەبیرم نەچێتەوە، بەشێوەیەک، کە هەستەکان بەڕاستیی هی خۆی بێت. ( تێبینیی: ئەمەش واتای ئەوەیە، کە هێلێنە ویستوویەتی لە هەست و ڕۆحی ئەو کچە یابانییەوە بۆ جۆنکۆر بنووسێت. وەک ئەوەی هێلێنە لە دڵەوە ئێرەیی بەو کچە یابانییە بردبێت و پێیخۆشبووبێت، کە خۆی لەبری ئەو کچە یابانییە ئەو نیگای ڕۆحییەی پێشکەشی هێرڤە جۆنکۆر کردبایە). هێرڤە جۆنکۆر بە هەنگاوێکی خاوخلیچکانە دەڕوات و هۆڵەکە بەجێدەهێڵێت. بلانچە دەڵێ: ئەزانی چیی بەڕێز: من پێموایە، کە هێلێنە هەموو ئاواتی لە دونیادا ئەوە بوو، کە ئەو، ئەو ژنە یابانییە بوایە. تۆ ناتوانیت لەوە بگەیت. وەلێ من لەکاتێکدا ئەو نامەکەی دەخوێندەوە گوێم لە دەربڕینی ئەو هەستە بوو. هێرڤە جۆنکۆر دەگاتە بەردەمی دەرگا و دەست دەخاتە سەر دەسکی دەرگاکە و بەبێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە دەڵێ: ژیانێکی خۆشت هەبێت خاتوون. ئیدی هەتا هەتایە نەیدییەوە.

هەژێنەری ئەم ڕۆمانە خودی نامەکەیە، نەک ئەو نیگایەی هێرڤە جۆنکۆر. خوێنەر 110 لاپەڕە لە ئاوریشمی خوێندۆتەوە، کەچیی هێشتا نەهەژێنراوە، هەتا دەرکەوتنی ئەو نامەیە. دروستە نامەکە بەرهەمی ئەو نیگایەیە، وەلێ هەتا هاتنەکایەوەی ئەو نامەیە خوێنەر هیچ درکێکی ئاوها بە جوانیی ئەشق و هەست ناکات، ڕۆمانی ئاوریشم بەبێ نامەکەی هێلێنە بە سادە و ساکاریی دەمێنێتەوە، ئیدی ئەو نیگایەش نرخێکی ئاوهای نابێت. ئەو نامەیە وەک دەسڕێکی ئاوریشم ناسکە، مەگەر بەس باریکۆ توانای نووسینی هەبێت. بەشبەحاڵی خۆم، من پێموابوو، کە (ئەنۆنیم) هەتاوەکوو ئێستا لە ئەوروپادا توانیبێتی لەو هەستە ئاشقیی و سێکسییانەدا قوڵبووبێتەوە بەتایبەت لە ڕۆمانی ( ڤینۆس لە وەرزی جووتبووندا)، وەلێ ئێستا باوەڕم گۆڕا. ئاخر کارین کریگەر وەرگێڕی ڕۆمانەکانی باریکۆ بۆسەر پەیڤی ئەڵمانیی ناهەقی نییە، کە بە ڕۆمانی ئاوریشم دەڵێ: ناسکە وەک دەسڕێکی ئاوریشم، ڕۆمانسییەوە وەک زەردەپەڕێکی سەرەتای هاوین، مەحبووبە وەک خەندەی خانمێکی یابانیی، ئاوهایە چیرۆکی خۆشەویستیی ئەلێساندرۆ باریکۆ. میشێل فۆکۆ دەڵێ: میکانیزمییەتێکی تایبەت، کە لە ئەفسانە دەچێت، هەمیشە خۆی نادیار دەکات، ڕۆژێک دەست بە یارییکردنێک لەگەڵ سێکسێکی نەویستراودا دەکات،

که لەگەڵ حوکمێکی باوەڕییانەدا تێکەڵ دەبێت، ئەمەش وەها دەکات که ڕاستیی لەسەر خۆی و خەڵکانی تریش بۆ کۆمەڵ ئاشکرا بکات. (2،لاپەڕە 79). هێرڤە جۆنکۆر ئەو گەمەیەی لەگەڵ حوکمە باوەڕییەکەی خۆیدا کرد، بەوپێیەش، کە خۆی وەک باوەڕ کریستە، لە ناخییشیدا دوای گەڕانەوەی سەفەری چوارهەمی لە یابان ئەو دادوەرە ئیمانییەی لەناخی خۆیدا درکپێکرد، ئەمەش وەهای کرد، کە ڕاستیی چیرۆکی ئەشقی ژنێکی یابانیی بە بالدابیۆ بڵێت. ئەشقی ئەو خانمە یابانییە ئەشقێکی نەویستراوە، سێکسی ئەو خانمە یابانییە، سێکسێکی نەویستراوە، چونکە هێرڤە جۆنکۆر خۆی ژنی هەیە، وەلێ ئەمە ئەو ویستەیە، کە دەیەوێت ئەشقی خانمێکی یابانیی بناسێت، سێکسی خانمێکی یابانیی بناسێت، ئازادنەبوونی جۆنکۆر بۆ ئەشقێکی تر و سێکسێکی تر تووشی ئەو گەمەیەی دەکات و حوکمێکی باوەڕدارییانە ڕاستییەکانی پێدەدرکێنێت. خودی هێلێنە هەمان گەمە لەگەڵ جۆنکۆردا دەکات، وەلێ لە فۆڕمێکی تردا، خۆ بەدڵنیاییەوە ئەگەر مەرگی هێلێنە ڕێگر نەبوایە، ئەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان خودی هێلێنە خۆی ئەو ڕاستییەی لەلای هێرڤە جۆنکۆری مێردی دەدرکاند. هێلێنە تینووی ئەشقێکی سەرسووڕهێنەری جۆنکۆرە، کە بۆ ئەو هەستێکی نادیارە. لێبەڵێ هەستی ئێرەگەریی و ویستی بەرەو زانین، ویستی بەرەو وەرگرتنی ئەشقێک و سێکسێک، کە هی ئەو نییە وەها دەکات خۆی بکاتە جێگای ئەو خانمە یابانییە و وەک لە نامەکشیدا نووسیوویەتی و دەڵێ: هەتا ئەو کاتەی دڵت ماچدەکەم، چونکە تۆم دەوێت، دەبێت گاز لەو پێستە بگرم، کە بەسەر دڵتەوە لێدەدات، چونکە من تۆم دەوێت. بە هەبوونی دڵت لەنێوانی لێوەکانمدا بۆ هەمیشەیی دەبیتە موڵکی من. ئەگەر باوەڕناکەیت چاوەکانت بکەرەوە و تەماشامبکە، پیاوە خۆشەویستەکەم، منم کێ دەتوانێت چرکەساتی ئەم چیرۆکە بکووژێنێتەوە؟ کە جەستەم ئێستا بێ ئاوریشمە، دەستەکانت، کە هەستی پێدەکەن، چاوەکانت، کە لێیدەڕوانن.(1،لاپەڕە 113). ئەمەیە گەوهەری ڕۆمانی ئاوریشم، کە تەنها خودی ئەو نامەیەی بەس بوو بگاتە لوتکە. وەلێ سەد مەخابن ئەدەبیاتی ئەو نامەیەی هێلێنە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا تابووە.

17.12.06

سەرچاوە:

.

1_Alessandro Baricco: Seide. Von Karin Krieger

2_ Michel Foucault: Der Wille Zum Wissen. Sexualität und Wahrheit

*چووک: لەڕاستیی دا بە واتای کێری منداڵ دێت، وەلێ لە هەژاریی پەیڤیی کوردیی دا، مەخابن چ شتێکی ترم بەدەر لە وشەی چووک دەستنەکەوت بتوانم سوودی لێوەربگرم. لێبەڵێ هێشتا من ئاسوودەم بەو وشەیە هەربۆیە لە وەرگێڕاندا بەکارمهێناوە.

# "خاکێک لە شووشە"




مستەر ڕایل دێتەوە، مستەر ڕایل دێتەوە لە هەموو لایەکی "کووینیپاک"ەوە دێتە گوێی خەڵکیی. بەڕێوەبەری کارگەی شووشە سەفەرێکی زۆری جیهان دەکات، لەپێش هەموو گەڕانەوەیەکیشیدا پاکەتێک دەنێرێت بۆ ژنە جوانەکەی "یان"، کە خشڵێکی تێدایە. لێ ئەمجارەیان شتێکی دی دێنێتەوە بۆ پێشکەشکردن لە ماڵەوە: " ئێلیزابێت" ماشینێک بۆ لێخوڕیین لەسەر سکە، شەمەندەنەفەرێک، کە حەزی پێدەکات هەیبێت،حەزدەکات تەماشای بکات، بە بیرکردنەوە یاریی پێدەکات، لەمێژە دەیەوێت هێڵێکی ئاوها باریکی شەمەندەنەفەر دروستبکات. وەلێ ئەمە تاکە خەونی ئەو نییە لە شوێنێک لە ئەورووپادا لە شارێکدا، کە ناوی "کووینیپاک"ە لە سەدەی نۆزدەدا. ڕۆژێک ئەندازیارێکی ڕەچەڵەکیی دەردەکەوێت "| هێکتۆر هۆریاو"، کە دەیەوێت لەگەڵ مستەر ڕایل دا پالاسێک لە شووشە دروستبکات، کە هەرگیز بوونی نەبووە.

ئەلێساندرۆ باریکۆ هەمووجارێک بە مۆسیقا و ئەشق و سێکس دەمانبزوێنێت، ئەم سێ ڕەهەندە کۆڵەکەی بنچینەیی ڕۆمانەکانی ئەلێساندرۆن، لە هەر ڕۆمانێکیدا وەک پیشەیەکی تایبەت و تەکنیکی نووسینی خۆی، گووژمێک لە مۆسیقا و ئەشق و سێکس بە خوێنەر دەدات. کوون و قوژبنەکانی ڕۆمانەکانی باریکۆ پڕن لە نۆتەی مۆسیقیی پڕن لە جۆرە ڕیتمێک، کە پێدەچێت خۆیان لە خۆیاندا گەڕانێک بن بەدوای نۆتەیەکی نەوتراودا، ئەو نۆتانەی، کە " پێکیش" لە " خاکێک لە شووشە"دا کوون بە کوون بەدوایدا دەگەڕێت، ( لاپەڕە 96،97)لە شەوانی پڕ هەورە بروسکە و "با" و بۆراندا بۆی دێتە ناوەندی جادەکەیان و گوێ بۆ وتنیان دەگرێت، دەشێت هەر نۆتەیەکیان لە گەرووی بروسکەیەدا بن، یان لە چۆنێتیی کەوتنەخوارەوەی تنۆکی باران دا، ئەو بارانەی بە لێشاو دەیدات لە سەربانەکانی مالانی "کووینیپاک"، لەوێشەوە بە دڵۆپە دەیدات بەسەر تەنەکە و بەردەرگا

و حەوشەکاندا، ئەو گڤەیەی "با" دەیهێنێت و شەقە شەق بە پەنجەرەیەکی کراوەی یەکێک لە ماڵەکانی کووینیپاک دەکات، لێدانی زەنگی کڵێسە و تێکەڵبوونی دەنگی بە گڤەی "با" و هەورە بروسکە و باران، ئا لەم ئاوێتەبوونی دەنگانەدا نۆتەیەکی نەبیستراو هەیە، کە هیچ کەس نە سەرنجیداوە نە گوێی لێبووە، پێکیش لە شەوێکی ئاوهادا لە ماڵەوە دێتەدەرەوە و لەبەر "با" و بۆرانی ئەو شەوەدا بەدوای نۆتەیەکی نوێدا دەگەڕێ، کە نەبیسترا بێت. دوای ئەوەی شەکەت شەکەتی بەرباران دەبێت ئەو ژنەی لە قاتێک خوار ئەوەوە دەژیی دەیهێنێتە ژوورەوە، دەیباتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. خاتوو "ئابێگ" لەو شەوی بۆرانەدا دەچێتە بەردەرگا، لەبەر زۆری باران بارییین، کە وەک ئەوە وەهایە بە سەتڵ ئاوبخەیتە خوارەوە ئاسان نەبوو کەسێک لەو بەربارانەدا بەو شەوە بناسیتەوە، پاشان خاتوو "ئابێگ" دەبینێت لەو قوڕەدا لەسەر ئەژنۆ کەوتووە و تووند دەستی بەسەریەوە گرتووە، خاتوو "ئابێگ" بەبێ ترس دەچێتە لای و پاڵتۆکەی خۆی دادەکەنێت و دەیدات بەسەریدا و بانگی دەکات " مستەر پێکیش ... مستەر پێکیش" لێ پێکیش هیچ گوێی لێ نییە. هەرچۆنێک بێت دەیهێنێتە سەرێ و دەیباتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، جلە تەڕەکانی دادەکەنێت و بە خاولییەک وشکی دەکاتەوە، پێکیش جەستەیەکی تۆکمەی گەنجانەی هەبوو بەو سەرە سپییەی خۆیەوە، پاشان دەیهێنێتە جێگاکەیەوە، پەتوویەکی پێدادەدات و لەتەنیشتیەوە دادەنیشێت، هەرچەندە خاتوو "ئابێگ" دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێدەچوو شتی وەها ڕووینەدایە ئەگەرەکوو من لەتەنیشتیەوە دانەنیشتمایە. من مامەوە هەتا تەماشای بکەم و ئاگام لێیبێت، خوا دەزانێت بۆچیی مامەوە من خۆشم نازانم بۆچیی مامەوە، بەرهەحاڵ مامەوە هەتا ئەو کاتەی باوەشی پێداکردم و تووند نووساندمی بەخۆیەوە، منیش باوەشم پێداکرد و نووساندم بەخۆمەوە و چوومە ژێر بەتانییەکەیەوە و کردمان. دوای ئەم تێکەڵبوونە خاتوو "ئابێگ" لە تەنیشت پێکیشەوە دەخەوێت، پێش خۆرهەڵهاتن خاتوو " ئابێگ" بەئاگادێت و دەڕواتەوە ژوورەکەی خۆی. بەیانیی بۆ بەرچایی خاتوو "ئابێگ" دەچێتە مووبەق، دەبینێت پێکیش لەسەر کورسییەک لەلای مێزی نانخواردن دانیشتووە و هەروا ئاسان وەکی پیشەی ڕۆژانەی دەڵێ: بەیانییت باش خاتوو "ئابێگ"، خاتوو ئابێگ بە خەندەیەکەوە دەڵێ: بەیانییت باش بەڕێز " پێکیش". تیشکی خۆر لە پەنجەرەی مووبەقەکەوە دێتە ژوورە، پێکیش دەڵێ: باش خەوتیت خاتوون؟ ئابێگ دەڵێ: بەڵێ زۆر باش، ئیدی وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووینەدابێت، ئاوها یەکتریان دەدواند، پێکیش و ئابێگ هەموو تەمەنیان بەوشێوەیە دەبەنەسەر، پێکیش لە قاتی سەرەوە و ئابێگ لە خوارەوە شەوان لەگەڵ یەکتر دەخەون و بەیانییان هەروەک ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت ئاوها یەکتر دەدوێنن، هەرگیزیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بەڕێز پێکیش و خاتوو ئابێگ کەمتریان بەیەکتر نەگووتووە، پێدەچێت ئەمەش جۆرێک بێت لە ئەشق و خۆشەویستیی، کە پێویست نەکات لەگەڵ یەکدا قسەی لەسەر بکەن، هەموو تەمەنیان وەک ژن و مێردێک دەژیین، لێ ژن و مێردیش نین، ئاخر بۆیە پێکیش هەمیشە دەیگووت ژیان وەک گلاسێکی پڕ ئاو وەهایە، مرۆڤ پێویستە هەتا

دواتنۆکی بخواتەوە. بێجگە لە " پێنت"، کە منداڵێکی دۆزراوەوە بوو، منداڵێکی تریان نەبوو. "پێنت" منداڵێکی معجیزە بوو، هەروەک خەڵکی کووینیپاک پێیان وابوو. قووتکردنەوەی پرسیارەکانی، لە تەمەنی خۆیدا نەبوو، هەرچەندە زۆرجار نەیدەتوانی وەڵامێکی دروست بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە، کە دەیکرد، لێ خودی دروستکردنی پرسیارەکان جێگای سەرنج بوون، (لاپەڕە 47) " بۆچیی مانگ هەموو جارێک یەک شێوە و چێوەی نییە؟ پۆلیس چییە؟ هەست و ئامانجی دووربینێک چییە؟ هۆکارەکانی سکچوون چین؟ بەخت چییە؟ ناوی مانگەکان چین؟ مرۆڤ کەی دەگریی؟ مرۆڤ چۆن پیرۆز دەبێت؟ جەهەننەم لەکوێیە؟ ...هتد". پێکیش و ئابێگ دایک و باوکی ڕاستەقینەی "پێنت" نەبوون. خاتوو "ئابێگ" ڕۆژێک لەبەردەمی کەنیسەیەکدا لە کووینیپاک دەیدۆزێتەوە، تەمەنی دوو ڕۆژ بوو لەناو چاکەتێکی پیاوانەی ڕەشدا دانرابوو. ساڵانێکی درێژ دوای ئەم ڕووداوە، کاتێک "پێنت" تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵان، خاتوو ئابێگ ئەو چاکەتە ڕەشە دێنێت، کە کاتی خۆی "پێنت" تەمەنی دوو ڕۆژ بوو تێیدا لەبەردەمی کەنیسەیەکدا دانرابوو، ئابێگ چاکەتە ڕەشەکە، دەکاتەبەر "پێنت". "پێنت" لە چاکەتەکەدا نقووم دەبێت، قۆپچەکەی سەری سەرەوە، ڕێک لەسەر کێرە بچکۆلانەکەی دەوەستێت، درێژیی چاکەتەکە ئەژنۆشی بۆ خوارەوە تێدەپەڕێنێت، قۆڵی چاکەتەکە بە مردوویی شۆڕدەبنەوە خوارەوە و دەڵێ: گوێبگرە "پێنت" ئەم چاکەتە باوکت بۆی بەجێهێشتوویت، ئەگەرەکوو ئەمە میراتێک بێت بۆی جێهێشتبیت ئەوا بەدڵنیاییەوە لەبەرهۆیەکی گرنگ بووە. تکایە هەوڵبدە لەم شتە بگەیت، تۆ پێویستە لەناو ئەم چاکەتەدا گەورە بیت. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆ هێند گەورەبوویت، کە ئەم چاکەتە پڕ بە بەرت بێت، ئەم شارە بێ واتایە بەجێدەهێڵیت، لە پایەختدا بەدوای بەختی خۆتدا بگەڕێ، ئەگەر بە بەریشی نەکردیت ئەوا لێرە دەمێنیتەوە و هەر بەختەوەریش دەبیت. ئیدی لەو ڕۆژەوە "پێنت" سات لە دوای سات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیر لە گەورەبوونی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ گەورەبوونیدا دەژیی، نیوەڕوان و ئێواران هێلکەی دەخوارد و دەچووە سەر کورسییەک دەوەستا و تەماشای گەورەیی خۆی دەکرد و هەموو ڕۆژێکیش ڕاستییەکی لە دەفتەرێکی چکۆلانەی ژیانی ڕۆژانەیدا دەنووسییەوە. شەوان، کە دەخەوت خەوی بە چاکەتەوە دەبینی ئەو چاکەتەی بۆ هەمیشەییی گەورە بوو بە بەری. "پێنت" منداڵێکی سەرسووڕهێنەری خاوەن ئەقڵ و بەهرە بوو، کە لە ئایندەدا دەچێتە پایەخت و کچی پیاوێک دێنێت، کە کاروباری دڵنیایی کۆمەڵایەتیی دەکات، کچی پیاوێکی ناودار و دەوڵەمەند. منداڵێکیان دەبێت و ناوی دەنێت پێکیش، ئیدی لەگەڵ پێکیشی باوکیدا لە ڕێگای نامە گۆڕینەوە دەبێتە شەڕیان لەسەر ناوەکە و پاشان پێکیش باوەڕ بە "پێنت" دەهێنێت، کە ناوەکە بگۆڕێت. پێنت لەدواییدا ناوەکە دەگۆڕێت و دەیکات بە "بیڵ". دیارە ئەلێساندرۆ باریکۆ لە ڕۆمانی " نۆڤەچێنتۆ"شدا، باس لە منداڵێکی دۆزراوە دەکات، کە لە ئایندەدا ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت وەک پاڵەوانی ڕۆمانەکە. نۆڤەچێنتۆ ئەو پیانۆژەنەی، کە هاوتای نییە، منداڵێکی دۆزراوەیە و ناوی "نۆڤەچێنتۆ"یە واتە 1900. "پێنت"یش منداڵێکی دۆزراوەیە و

بوونیەتێکی شاز و سەرسوورهێنەرە و لەگەڵ پێکیشی باوکیدا هەمانشێوە سەرقاڵی مۆسیقا و دۆزینەوەی نۆتەی نوێ دەبێت. نۆڤەچێنتۆ لە پاکەتێکی لیمۆدا لەناو کەشتییەکدا تەمەنی "دە" ڕۆژە دەدۆزرێتەوە و "پێنت"یش لە چاکەتێکی ڕەشدا لەبەردەمی کەنیسەیەکدا تەمەنی دوو ڕۆژە دەدۆزرێتەوە. موسیک و ئەشق و سێکس ڕۆحی ڕۆمانەکانی ئەلێساندرۆن، هەمووجارێک جۆرێک لە ئەشقێکی نوێمان فێردەکات، کە پێشتر نەماننناسیوە یان بیرمان لێنەکردۆتەوە یان ئەوەتا تەواوی ژیانمان لەبەردەمماندا بووە، چاوی ئێمە توانای دیتنی نەبووە.

بێینە سەرئەوەی، کە جوانیی ڕۆمانی خاکێک لە شووشەی باریکۆ لەکوێدایە؟ لە وەڵامدا من دەڵێم: جوانیی خاکێک لە شووشە لە دوو تەوەردایە یەکەمیان ئازادیی و ئازادکردن، کە هەریەک لە ( پێنت و خاتوو "یان") لەکۆتاییدا پێیدەگەن، دووهەم مردنە مردنی خۆشەویستانێک، بەبێ ئامادەبوونی ئەوی تر" هەروەک چلۆن مۆرمیی کوڕە ڕەشەکەی مستەر ڕایل چاوەڕێیکرد هەتا باوکی سەفەریکرد ئەوسا مرد. مستەر "ڕایل" لەسەرەتای بینینی خاتوو "یان"ەوە، کە ئەودەم گەنجێکی پۆشتە و پڕ خەونە، ڕۆژێک دەچێتە شاری "مۆریڤار"، کە مۆریڤار خۆی ناوی دەریایەکە، لەوێ " یان" دەبینێت و ڕاستەوخۆ لە دڵی خۆیدا دەڵێ: من لەگەڵ ئەودا دەژییم. "یان" لەناو جەرگەی خەڵکەکەدا لەسەر پاپۆرێکە ناوی " ئادل"ە. مستەر ڕایل دەچێتە لای و دەڵێ: من ناوم "ڕایل"ە. "یان" دەڵێ: ئینجا چییە؟ مستەر ڕایل دەڵێ: هیچ هەرئاوها. ئینجا دەڵێ: دەڕۆیت سەفەر دەکەیت؟ "یان" دەڵێ: بەڵێ، ئەدی تۆ؟ ڕایل دەڵێ: من بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆم. "یان" دەڵێ: کە سەفەر ناکەیت چییدەکەیت لێرە؟ مستەر ڕایل دەڵێ: هاتووم یەکێک هەڵبگرم. "یان" دەڵێ کێ؟ مستەر ڕایل دەڵێ: تۆ. "یان" جانتایەکی پێیە لەسەر زەوییەکە دایناوە و پاکەتێکیش لەباوەشیدا، وەک ئەوەی نە دڵی بێت نە بوێرێت ئەو پاکەتە لەسەر زەوییەکە دابنێت. ئەو نەیدەویست بۆ هیچ کوێ بچێت، ئەو تەنها دەیویست لەسەر ئەوپاپۆڕە بمێنێتەوە، بۆیە ناچاربووم پێیبڵێم جارێکی تر دەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە؟ "یان" دەڵێ: نەخێر. مستەر ڕایل دەڵێ: باوەڕناکەم، ئەم بڕیارەت باش بێت بۆت، ئەگەر بڕۆیت و سەفەر بکەیت. "یان" دەڵێ: بۆچیی باش نییە؟ مستەر ڕایل شامانتانە دەڵێ: ئەدی چلۆن دەتوانیت ئەوە ڕێکبخەیت لەگەڵ مندا بژییت؟ ئیدی "یان" دەستدەکات بەپێکەنینێک نایبڕێتەوە، پێکەنینێک لە دڵەوە، کە وا لە مستەر ڕایل دەکات بیربکاتەوە و بڵێ: ئەگەر ئەم ژنە ماچ نەکەم شێت دەبم. نزیکەی دوو کاتژمێری دەمێنێت پاپۆڕەکە بڕوات، مستەر ڕایل بە "یان" دەڵێت: ئەگەر بێتو لەگەڵیدا نەیەت کافێیەک بخۆنەوە ئەوا بەردێکی گەورە لە ملی دەبەستێت و خۆی فڕێدەداتە ناو دەریاکەوە. بەدرێکی هێند گەورە، کە بتوانێت پارچەی گەورەی ئەم پاپۆڕەی ناوی "ئادل"ە لەگەڵ خۆیدا بەرێتە خوارەوە، بەشێوەیەک ئەو پاپۆڕەی دراوسێ، کە ژووری بارەکەی پڕە لە بارووت بە ناڵەی دابچڵەکێنێت و بەشێوەیەک بتەقێتەوە لە ماوەیەکی کەمدا گەورەترین کڵپەی لێهەڵبستێت. "یان" دەڵێ: بەڵێ .. بەڵێ باشە، دێم لەگەڵت بۆ کافێ خواردنەوە. جانتاکەی هەڵدەگرێت و

پاکەتەکەی دەنێت بە سنگیەوە دەڕۆن بۆ ئەو کناپیەیەی، کە هەر سەد مەترێک لێیانەوە دوورە. مستەر ڕایل دوو کاتژمێر یان کەمتری کات هەیە، ئەو دەیزانی بۆچیی هاتووە بۆ "مۆریڤار" و بۆکوێ دەچێت، لێ نەیدەزانی لەگەڵ "یان"دا باسی چیبکات؟! ئیدی یەکێک لە ئامۆژگارییەکانی "ئاندەرسۆن"ی هاوڕێی بیردێتەوە، کە سالآنێک پێش ئێستا پێیگووتبوو و سالآنیکیش چاوەڕوانی کات و شوێنی خۆی دەکرد هەتا پراکتیزەی بکات، هەنووکە کات و شوێنی خۆیەتی ئەو قسەیە بکەیت ئەویش ئەوەیە، کە ئاندەرسۆن جارێک بە مستەر ڕایل دەڵێ: ئەگەر جارێک نەتزانی باسی چیی بکەیت و پێویست بوو قسە بکەیت ئەوا باسی شووشە بکە، ئەو چیرۆکی شووشەیەی، کە من بۆم باسکردیت. دەبینیت ئەو چیرۆکە گازدەگرێت و هیچ ژنێک لە دونیادا نییە حەز بەگوێگرتن لەو چیرۆکە نەکات. مستەر ڕایل دوو دانە کاتژمێری ڕەبەق باسی شووشە بۆ خاتوو "یان" دەکات، ئەو ژنە جوانەی هەموو پیاوێک بەتەنیا نیگایەکی ئاشقی دەبێت، بەتەنها تەماشاکردنی لێوەکانی ئاشقی دەبێت. کاتێک خاتوو "یان" باس لە مانگ دەکات پیاوێک دێتە ژوورەوە و هاوار دەکات پاپۆڕەکە "ئادل" ئامادەیە بۆ دەرچوون، ئیدی هەڵدەستن و دەڕۆن، "یان" هەڵدەستێت و شتەکانی هەڵدەگرێت و دەڕوات بەرەولای دەرگاکە، مستەر ڕایل پارەی کافێکانیان دەخاتە سەر مێزەکە و بەدوای "یان"دا دەڕوات و بیردەکاتەوە و دەڵێ: یەک ڕستە من پێویستم تەنها بە یەک ڕستەیە، من هەردەبێت ڕستەیەک بدۆزمەوە. خاتوو "یان" جانتاکەی دادەنێت و ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: چیرۆکی زیاتر دەزانیت لەو بارەیەوە؟ چیرۆک لەبارەی شووشەوە؟ دانەیەک پێدەزانیت درێژبێت وەک شەو؟ "یان" سواری "ئادل" نابێت و ناڕوات، ناچار حەوت ڕۆژ لە "مۆریڤار" دەمێننەوە هەتا پاپۆڕێکی تر بێت، لێ حەوت ڕۆژی تریش تێدەپەڕێت ئینجا پاپۆڕێک دێت بەناوی " ئێستەر"ەوە. "یان" دەیویست سەربکەوێت و بڕوات، ئەو دەیگووت، پێویستە بڕوات و سەفەر بکات، سەفەرەکە پەیوەندیی بەو پاکەتەی باوەشیەوە هەیە تێدەگەیت مستەر ڕایل؟ ئەو دەیگووت من پێویستە بچمە ئەوێ، کە ناشزانم ئەوێندەرێ کوێیە. پێویستە ئەم پاکەتە بگەیەنمە دەستی یەکێک پێموایە، ئەو نەیدەویست بە مستەر ڕایل بڵێت ئەو کەسە کێیە، هێندەی دەزانی ئەمە چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە، لێ لەوێندەرێ کەسێک هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان "یان" پێویستە بچێتە لای و ئەو پاکەتەی پێبدات. "یان" جارێک لە "مۆریڤار" پاکەتەکە بۆ مستەر ڕایل دەکاتەوە لەناو پاکەتەکەدا پێچراوەیەک هەبوو، کە کردیانەوە کتێبێکی تێدا بوو، تەنها کتێبێک. مستەر ڕایل دەپرسێت: خۆت نووسیووتە؟ "یان" دەڵێ: نەخێر. مستەر ڕایل: ئەی چیی تێدا نووسراوە؟ "یان" نازانم. مستەر ڕایل: یانی تۆ نەتخوێندۆتەوە؟ "یان" نەخێر. مستەر ڕایل: ئەی بۆچیی نەتخوێندۆتەوە؟ "یان" پێدەچێت ڕۆژێک بیخوێنمەوە، وەلێ پێویستە یەکمجار ئەم کتێبە بەرم بۆ ئەوێندەرێ. ئەمە ئیدی یەکێکە لە ڕەگی جەوهەری کارەکانی خاکێک لە شووشە، مستەر ڕایل کەسێکی ڕاگرتووە لەپێناوی خۆشەویستیی خۆیدا، ئەو خاتوو "یان"ی خۆشدەوێت، وەلێ خاتوو یانیش پێویستە بڕوات بۆ ئەوێندەر ئەو ئەوێندەرێیەی، کە خۆشی نازانێت کوێیە، ئەو پێویستە ئەم کتێبە

بداتە دەست یەکێک، ئەو یەکە خۆیشی نایناسێت. مستەر ڕایل نەیهێشت "یان" سواری "ئادل" بێت و بڕوات، نەیهێشت سواری "ئێستەر" بێت و بڕوات، بەپێچەوانەوە مستەر ڕایل "یان"ی هێنایە لای خۆی بۆ ماڵەوە، لەوساوە هەموو هەفتەیەک پاپۆڕێک دەڕوات بەبێئەوەی "یان"ی تێدابێت. وەلێ ڕۆژێکدادێت، کە چیدی مستەر ڕایل نەتوانێت "یان"ی جوان بۆ هەتاهەتایە لەلای خۆی گلبداتەوە و ڕێگای پێدەدات بڕوات، ئەو کتێبە بەرێت بۆ ئەوێندەر لەوێ بیداتە دەست کەسێک. ساڵانێکی دووردوودرێژ ڕۆژێک دادێت مستەر ڕایل بەڵێن بە "یان" دەدات، کە ڕێگای بدات بڕوات. بۆ شەوێ لە جێگادا، "یان" دەڵێ: ڕێگام دەدەیت بەیانیی بڕۆم؟ مستەر ڕایل: بەڵێ. "یان" بەڕاستیی مستەر ڕایل؟ مستەر ڕایل: بەڵێ بەڕاستیی. هەتا ئەو کاتەش هیچ قسە لەسەر ئەم چیرۆکە ناکەین. "یان" ئەگەر تۆ نەتەوێت نا نایکەین. مستەر ڕایل: دە کەواتە بمبە لەگەڵ خۆت هەتا بتوانم لەگەڵتا بژییم. مستەر ڕایل ئەو ڕۆژەی "یان"ی هێنایە کووینیپاکەوە سەرتاپای ژنان و پیاوانی بە جوانیی "یان" سڕ کرد بە جوانیی "یان" سەرسامیکردن سیی و دوو دانە ساڵی ڕەبەق "یان" لای خۆی گلدەداتەوە، هەنووکەش ڕێگای دەدات بڕوات. "یان" شەوشاد لە مستەر ڕایل دەکات. مستەر ڕایل: شەوشاد، کەی دەڕۆیت؟ "یان" بەیانیی. هەندێک شت هەیە وەکوو پرسیار وەهان، هەندێکجار پێویستت بە خولەکێکە هەندێکجار پێویستت بە ساڵانێکە ئەوکاتە ژیان خۆی وەڵامدەداتەوە. سیی و دوو دانە ساڵ تێپەڕی هەتا "یان" دیسانەوە جانتاکەی هەڵگرت و پاکەتەکەی نایەوە بە سنگیەوە و لە دەرگای ماڵی مستەر ڕایل دەچێتە دەرەوە. بەیانیی زووە دەنگ و چرپە کەمە، کەس لەسەر جادەکان بەدەرناکەوێت، یان بە جادەکەدا دەڕواتە خوارەوە لەوێ عەرەبانەکەی " ئارۆلد" وەستاوە و چاوەڕێی "یان" دەکات. هەموو ڕۆژێک ئەم کاتانە دێتە ئێرە دەوەستێت ئیدی "یان" کاری هەبێت بچێتە دەرەوە یان نەخێر ئەو هەر دێت. "یان" سەردەکەوێت و سووپاسی ئارۆلد دەکات و ئارۆلد دەڵێ: شایانی نییە. عەرەبانەکە وردە وردە بە هێواشی دەڕوات و لەم کاتەدا کەسێک بەئاگا دێت دەبینێت ئەوە "یان"ە. "یان"ە، کە دەڕوات کتێبێکی بە دەستەوەیە، دەبێت بیبات بۆ جێگایەکی دوور. ژیانێکی خۆش بژیی مستەر ڕایلی بچکۆلانە ژیانێکی خۆش بژیی. تۆ ڕاستتکرد ئێمە نەمردووین، نابێت لە نزیک تۆوە بمرم، تەنانەت "مۆرمیی" چاوەڕوانییکرد هەتا تۆ سەفەرت کرد ئەوسا مرد. بەڵێ ئەوە منم، کە دەچم بۆ دوور، من نامەوێت لە نزیکت بمرم. بەڕێزە خۆشەویستەکەم ئەو خۆشەویستەی خەون بە شەمەندەنەفەرەوە دەبینێت. ئەو کاتانەی لەگەڵ تۆدا بووم، من لە هەموو شوێنێک بووم، ئەمە شتێکە، کە ناتوانم بۆ هیچ کەسێکی ڕوونبکەمەوە، وەلێ لەگەڵ خۆمی دەبەم، دەبێتە جوانتریین نهێنیی من، ژیانێکی خۆش بژیی، بیر لە هیچ شتێک مەکەرەوە بێجگە لە پێکەنینی من، خۆش بژیی.

ئەگەر ئەو خوێنەرە تاکوتەرایانەی کورد، کە بەرهەمەکانی باریکۆیان خوێندۆتەوە و لەنێوەندا بە "خاکێک لە شووشە" ئاشنابوون و پێیانوایە، کە جەوهەری ڕۆمانی خاکێک لە شووشە خۆشەویستیی مستەر ڕایلە بۆ "یان"ی ژنی و ئەو دیارییانەیە، کە لەکاتی

گەڕانەوەی سەفەرەکانیدا بۆ "یان"ی دەهێنێت، ئەوا بەهەڵەداچوون. یەکەم مستەر ڕایل هەرگیز دیارییەکی وەهای نەبووە بۆ "یان"ی ژنی، کە کردبێتی بە پیشە و خوویەک، هەمیشە لەکاتی گەڕانەوەیدا دووبارەی بکاتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئەو دیارییەی، کە هەمیشە بە دوو ڕۆژ پێش گەیشتنەوەی مستەر ڕایل دەگاتە دەستی "یان"ی ژنی هەریەک ماددەیە، ئەویش خشڵێکە نهێنی نێوان مستەر ڕایل و "یان"ە، ئەو نهێنییەش بریتییە لە نیشانەی گەڕانەوەی مستەر ڕایل لە سەفەرەکەی. خشڵەکە هەرهەمان خشڵە، تەنها پاکەتەکە و جۆری پێچانەوە و کاغەزەکانی جیاوازییان دەبێت و چیدی نا. خاکێک لە شوو، کۆمەڵێک نهێنیی لەخۆ گرتووە، ئەم خشڵە و گەیشتنەوەی بە دوو ڕۆژ پێشهاتنەوەی مستەر ڕایل بەدەستی "یان" یەکێکە لەو نهێنییانە. جوانیی ژیان هەمیشە لە نهێنییەکدایە، کە خەڵکانی دی درکی پێناکەن. خاکێک لە شووشەش لە چکمەجەیەکی داخراو دەچێت کاتێک دەیکەیتەوە کۆمەڵێک خەون، سەرسووڕمان، خەم و بێخەمیی، داوالێکردن و ڕووداوی کتووپڕییە، کە خوێنەر چاوەڕوانی ناکات. خاڵی دووهەم هێڵێکی تایبەتیی شەمەندەنەفەر لەنێوان کووینیپاک و شارێکی تردا، هەندێک خوێنەری کورد لایان وایە، کە مستەر ڕایل دیاریی "یان"ی دەکات. لێبەڵێ مستەر ڕایل هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە هێڵێکی شەمەندەنەفەر و شەمەندەنەفەرێک، کە ناوی دەنێت " ئێلێزابێت" دیاریی " یان" بکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە مستەر ڕایل پیاوێکی دەوڵەمەندی سەرمایەداری بازرگان بووە، ئەو لەو سەفەرانەیدا، کە دەیکرد هێندە بەتەنگ کاروکاسپیی شووشەوە سەرقاڵبووە، کەمتر خۆی خەریکی شتی دیکەی تر کردووە. جارێکیان مستەر ڕایل تازە لەسەفەرێکی گەڕاوەتەوە و یەکەم شەوی دوای گەڕانەوەیەتی لە سەفەر لە ماڵی خۆیدا، "یان" سەری خستبووە سەر سنگی مستەر ڕایل ( لاپەڕە 55)، بۆ "یان" هیچ شتێک لەوە جوانتر نەبوو لە یەکەم شەوی گەڕانەوەی مستەر ڕایل دا سەر بخاتە سەرسینەی، هەموو جارێکیش لە جارەکانی پێشووتر جوانتر و ئاڵۆزتربوو. خاتوو "یان" سەری لەسەر سنگی مستەر ڕایلە و دەست بە ڕانیدا دەهێنێت هەتا ئەوکاتەی دەستی دەکەوێتە سەر کێری و دەستی پێدا دەهێنێت و هەڵیدەستێنێت، خۆی تل دەدات و دەچێتە نێوانی ڕانەکانیەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: هیچ شتێک لە ڕانی پیاو جوانتر نییە، ئەگەر ڕانەکان جوان بن. مستەر ڕایل بە دەنگێکی نزمەوە "یان" دەدوێنێت و دەڵێ: بە ئەقڵتا نادێت، بزانیت ئەمجارە چیم کڕیوە. "یان" لەسەر مستەر ڕایل دادەنیشێت و هیچ شتێک بە ئەقڵیدا نادێت، کە مستەر ڕایل کڕیی بێتی. "یان" لێو بە سنگی مستەر ڕایلدا دەهێنێت، خەڵکیی ناهەقیان نییە، کە دەڵێن هیچ شتێک لە لێوی "یان" جوانتر نییە کاتێک شتێک دەگرێت. مستەر ڕایل دەڵێ: دەتوانیت تەواوی ئیمشەو وەک مەتەڵ بەدوایدا بگەڕێیت، وەلێ نایدۆزیتەوە و هەڵیناهێنیت. "یان" بەدڵم دەبێت؟ مستەر ڕایل: بێگوومان بەدڵت دەبێت. "یان" بەقەد ئەوە بەدڵم دەبێت، کە لەگەڵ تۆدا بخەوم؟ مستەر ڕایل: زۆر لەوە زیاتر. "یان" بێ ئەقڵ. "یان" لە دەمووچاوی مستەر ڕایل بەو نیوە تاریکییە نزیک دەبێتەوە و بە خەندەیەکەوە دەڵێ: دەی بزانم ئەمجارە چیت کڕییوە مستەر ڕایلی شێت؟ لێرەدا مستەر

ڕایل لەگەڵ میلۆدیی زەنگی کەنیسەدا نهێنیی کڕینی هێڵێکی شەمەندەنەفەر لەلای "یان" دەدرکێنێت، شەمەندەنەفەرەکەش پەیوەندیی بە بەستنەوەی کووینیپاکەوە هەبوو بە شوێنانی ترەوە و بەپێچەوانەشەوە. لە کڕینی هێڵێکی دوو سەد کیلۆ مەتریی شەمەندەنەفەرێکدا، کە ناوی لێنرا "ئێلێزابێت" شتێک نەبوو وەک دیارییکردنی هێڵێکی شەمەندەنەفەر بە "یان". هەروەکوو چلۆن شتێکیش نییە وەک خشڵ لە هەموو گەڕانەوەیەکی مستەر ڕایل دا پێشکەش بە "یان" بکرێت، بەڵکوو نهێنی گەڕانەوەی مستەر ڕایل بوو لە سەفەرەکەی، هەموو جارێک، کە "یان" پاکەتەکە دەکاتەوە و خشڵەکە دەبینێت هەواڵی گەڕانەوەی مستەر ڕایل بە خەڵکیی و بە کارگەی شووشەکەی ڕادەگەیەنێت. (لاپەڕە 58) جارێک پیاوێک هەبوو سەفەری دونیای دەکرد. سەفەری دەکرد پێشئەوەی بگەڕێتەوە پاکەتێک دەگەیشت، کە بە گووش پێچرابوو، خشڵێکی تێدابوو. ئەو ژنەی چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەوی دەکرد، پاکەتەکەی دەکردەوە تەماشای خشڵەکەی دەکرد و ئیدی دەیزانی، کە ئەو دێتەوە. خەڵکیی باوەڕیان وەها بوو، کە پاکەتەکە دیارییەکە، هەروەکوو چلۆن هەندێک خوێنەری کوردیش وادەزانن، کە پاکەتەکە هەمووجارێک دیارییەکە، دیارییەکی گرانبەها، دیارییەک بۆ هەموو هەڵهاتنێک، لێبەڵێ نهێنی پاکەتەکە لەوەدایە، کە هەمووجارێک هەمان خشڵ بوو دەگەڕایەوە، پاکەتەکان دەگۆڕان، کاغەزەکان دەگۆڕان، گووشەکان دەگۆڕان، لێ خشڵەکە هەرهەمان خشڵ بوو. مستەر ڕایل لەکاتی ڕۆیشتنیدا دەیبرد لەگەڵ خۆی، جانتا بە جانتا شار بە شار دەیگێڕا و لەپێش هاتنەوەی بە دوو ڕۆژ پێش خۆی دەینارد‌ەوە بۆ خاتوو " یان" ئەوە نهێنی گەڕانەوەی مستەر ڕایل بوو. نهێنییەکی پڕ بەها پڕ بەها وەک خشڵی کاتژمێرێک.

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆمانەکەوە باریکۆ نەک خەڵکی ئاوایی کووینیپاک و کارگەی شووشەکەی مستەر ڕایل بگرە خوێنەرانیشی بە پاکەتێکەوە خەریک دەکات، کە هەموو لێیدەپرسن ئەرێ ئەوە چییە؟ چیی تێدایە؟ دیارە دیارییەکی گرانبەهایە. خشڵە، کەس نازانێت چیی تێدایە، دیارییەکە بۆ خاتوو "یان" ... هتد.

( لاپەڕە 1) ئاخۆ کەس لێرەیە خوامەرگ، دیارە ئەمانەی ئێرە هەموو کەڕ بوون ..... "برات".

هاوار مەکە " ئارۆڵد"، هاوارکردن باش نییە بۆ من.

ئارۆڵد: پەنا بە شەیتان لەکوێ خۆت شاردۆتەوە؟ یەک کاتژمێرە لێرەدا وەستاوم.

برات: ئارۆڵد عەرەبانەکەت لەوێدایە، باشترە ئەمەندە بەملاوئەولادا لێنەخوڕیت.

"تێبینیی" ئارۆلد عەرەبانچیی ماڵی مستەر ڕایلە.

ئارۆڵد: واز لە عەرەبانە بێنە، وەرە ئەمەم لێ وەربگرە.

برات: ئەوە چییە؟

ئارۆڵد: نازانم چییە "برات"، چووزانم پاکەتێکە، پاکەتێکە بۆ خاتوو " ڕایل". ( خاتوو ڕایل، مەبەست لە "یان"ە)

"برات": بۆ خاتوو ڕایل.

ئارۆڵد: دوێنی ئێواره گەیشتووه، وادیاره له دوورەوه هاتووه.
برات: پاکەتێک بۆ خاتوو "ڕایل".
ئارۆڵد: گوێبگره "برات" ناتەوێت ئەم پاکەته وەربگریت؟ من دەبێت هەتاوەکوو نیوەڕۆ بگەمەوه کووینیپاک.
برات: باشه ئارۆڵد.
ئارۆڵد: بۆ خاتوو ڕایل.
ئیدی ئەمه پیشەی مستەر ڕایل بوو له هەموو جارێکدا پێش گەڕانەوەی، ئەو هەرچیی خزمەتکار و عەرەبانچیی و کرێکاری کارگەی شووشەکەی هەیه بەو پاکەتەوه خەریکی دەکرد، هەروەکوو چلۆن خاکێک له شووشه خوێنەرانی بەو پاکەتەوه خەریک کردووه. ئارۆڵد دەڕوات و پاکەتەکه دەبێته ئەرکی سەرشانی "برات" لەناکاو "پیت" دێت منداڵێکی کووینیپاک، دەڵێ: مستەر "برات" دۆزیمەوه حەبلەکەم دۆزییەوه. "برات" ئافەریین پیت، بیخەره ئەوێندەر، بیخەره عەرەبانەکەوه. "پیت" لەناو دەنکەکاندا کەوتبوو بەئاستەم دەبینرا. "برات" باشه پیت، لێ ئێستا وەره ئێره، ئەو حەبله لابەره بەدەستتەوه، وەره بۆ ئێره کوڕم، تۆ دەبێت بۆ من جارێکی تر بگەڕێیتەوه سەرێ بۆ ماڵەوه، گوێت لێیه؟ ها ئەم پاکەته بگره، بڕۆ بۆ لای "ماگ" بیده به ئەو. وریابه پێیبڵێ ئەمه پاکەتێکه بۆ خاتوو ڕایل، باشه؟ پێیبڵێ ئەمه پاکەتێکه بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێواره گەیشتووه، وادەردەکەوێت، که له دوورەوه هاتبێت، تێگەیشتیت؟
"پیت": بەڵێ.
"برات": ئەمه پاکەتێکه بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێواره گەیشتووه، وادەردەکەوێت، که له دوورەوه هاتبێت. ئاوها بەوشێوەیه دەبێت پێی بڵێیت، له دوورەوه هاتووه. باشه ئێستا ڕابکه و لەگەڵ ڕاکردندا لەبەرخۆتەوه بیڵێرەوه، ئیتر بیرت ناچێتەوه. دەی کوڕم بڕۆ پۆستەکه بگەیەنه.
"پیت": بەڵێ گەورەم.
"برات": لەبەرخۆتەوه بەدەنگی بڵند بیڵێرەوه ئیدی سەرکەوتوو دەبیت.
"پیت": بەڵێ گەورەم. ئەمه پاکەتێکه بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێواره گەیشتووه، وادەردەکەوێت، که له دوورەوه هاتبێت. ئیدی "پیت" وەک چۆلەکەی تیژ باڵ دەردەچێت و بەدەم ڕێگاوه به دەنگی بڵند دەڵێ: ئەمه پاکەتێکه بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێواره گەیشتووه، وادەردەکەوێت، که له دوورەوه هاتبێت. خۆی دەکات به ماڵی مستەر ڕایل دا، لەناکاو "ئەنگیی" خزمەتکار دەیگرێت و دەڵێ: (لاپەڕه 11) سڵاو پیت، چ شەیتانێک ئاوها لێیخوڕیویت؟ ئەتەوێت بچیت بۆ کوێ وابەخێرایی؟
"پیت": سڵاو ئەنگیی، ئەمه دوێنێ ئێواره گەیشتووه، دەگەڕێم بۆ "ماگ" ئاخۆ بینیووته؟
"ئەنگیی": بەڵێ ئەوەتا له مووبەقه.
"پیت": سووپاس ئەنگیی.

ئەمە پاکەتێکە بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێوارە گەیشتووە، وادەردەکەوێت، کە لە دوورەوە هاتبێت. ڕۆژ باش " هارپ" ئەمە بۆ خاتوو ڕایلە.

ئەمە پاکەتێکە بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێوارە گەیشتووە، وادەردەکەوێت، کە لە دوورەوە هاتبێت. پاکەتێک بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێوارە گەیشتووە، وادەردەکەوێت لە دوورەوە هات ب ێ ێ ێ ... "ماگ".

ماگ: ئەوە چیی ڕوویداوە بچکۆل؟

"پیت": ماگ، ماگ، ماگ، ماگ

ماگ: چیتە پیت چیتە؟

"پیت": ئەمە پاکەتێکە بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێوارە گەیشتووە، وادەردەکەوێت، کە لە دوورەوە هاتبێت.

ماگ: نیشانم بدە.

"پیت": ڕابوەستە، ئەمە پاکەتێکە بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێوارە گەیشتووە، ماگ: ئاخر پیت. لە دوورەوە هاتبێت ئەمە پاکەتێکە بۆ خاتوو ڕایل، دوێنێ ئێوارە گەیشتووە، وادەردەکەوێت، بەڵێ ئاوهایە.

دوای ئەم هەموو هەراوهورریایە، پاکەتەکە لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست بۆ دواجار دەگاتە دەستی خاتوو ڕایل "یان". پیت و ماگ لەبەردەم ژوورەکەی "یان"دا دەوەستن بۆ ئەوەی ئاگاداریی بکەنەوە لە هاتنی پاکەتەکە. ماگ تکای بێدەنگیی لە پیت دەکات و لە دەرگا دەدات. "یان" سەری لەسەر مێزەکەی بڵند دەکاتەوە و تەماشای ناو دەرگاکە دەکات. "یان" ئەو ژنەی، کە ئەگەر ژنانی کووینیپاک لە ئاوێنەدا تەماشای خۆیان بکەن بیر لە ڕووخساری "یان" دەکەنەوە، ئەگەر پیاوانی کووینیپاک تەماشای ژنەکانیان بکەن بیر لە "یان" دەکەنەوە. دەمی "یان" هیچ کەسێکی بە ئارامیی جێنەدەهێشت، ئەو دەمە سنووری هەموو فەنتازیاکانی داگیردەکرد. دەڵێن: ڕۆژێک خودا دەمی "یان"ی دروستدەکرد، ئەو ڕۆژەش خودا بیری زینایەکی تایبەتی تێدابوو، ئەمە قسەی "تیکتل"ە، ئەو پیاوەی تیۆلۆگ بوو، چونکە ئەو چێشتکەری سیمنیارەکانی قەشەکان بوو (لاپەڕە 13). "یان" بە ماگ دەڵێ وەرە ژوورەوە. ماگ دەڵێ: ئەمە پاکەتێکە بۆ تۆ. "یان" دەڵێ: بێنە تەماشای بکەم. "یان" هەڵدەستێتە سەرپێ و ناوی خۆی بە خەتێکی ڕەش لەسەر کاغەزێکی قاوەیی دەخوێنێتەوە، پاکەتەکە هەڵدەگێڕێتەوە و تەماشای بنمیچەکە دەکات و چاوەکانی دادەخات و دەیکاتەوە، جارێکی دی تەماشای پاکەتەکە دەکاتەوە، چەقۆیەک دێنێت و گووشی پاکەتەکە دەبڕێت، کاغەزە قاوەییەکەی لێدەکاتەوە، لەژێر ئەوەوە کاغەزێکی سپیی دێت. ماگ چەند هەنگاوێک بۆ لای دەرگاکە دەنێت و دەیەوێت بڕوات، لێ "یان" ناهێڵێت و دەڵێ: لێرە ڕابوەستە ماگ. کاغەزە سپییەکە لادەبات، کە کاغەزێکی پەمەیی پێچاوەتەوە ئەویش لەدەوی پاکەتێکی بچکۆلانەی شیین ئاڵاوە، لەناوەوەدا پارچە قووماشێکی سەوزی تێدایە، قووماشەکە دەکاتەوە، لە دەمووچاویدا هیچ جۆرە گۆڕانێک ڕوونادات، قووماشەکە دەپێچێتەوە و بە خەندەیەکەوە ڕوو دەکاتە خاتوو "ماگ" و دەڵێ:

مستەر ڕایل دێتەوە. ماگ دەڕواتە دەرەوە بە "پیت" دەڵێ: مستەر ڕایل دێتەوە، ئیدی لە پیتەوە دەگات بە ئەوانی تر لەوانی ترەوە دەگات بە تەواوی ئاوایی کووینیپاک. ئەمە نهێنیی ئەو پاکەتەیە، کە لەنێوان "یان" و مستەر ڕایلدایە، هەمیشە یەک خشڵی کاتژمێرێکە و دەڕوات و دێتەوە تەنها پاکەتەکان و ڕەنگی کاغەزەکان دەگۆڕدرێت دەنا خشڵەکە، کاتژمێرەکە هەر هەمان خشڵە، کاتژمێرە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کە مستەر ڕایل بێوەیە و بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە. ئیدی لەو پاکەتەدا نامەیەک چییە تێیدا نییە، ڕستەیەک چییە تێیدا نییە بێجگە لەو خشڵە، ئەویش نهێنی نێوان هەردووکیانە، کە کاتژمێرێکە.

دیارە ئەوە تەنها نهێنییەک نەبووە لەنێوانی ڕایل و "یان"دا بەڵکوو دوو شتی تریش هەبووە، یەکێکیان چۆنێتیی ناسینی "یان"ە، کە ئەو دەبوایە برۆیشتایە بۆ شوێنێکی نەزانراو لەوێ کەسێکی نەناسراو ببینێت ئەو کتێبەی پێبدات، لێ ڕایل سیی و دوو دانە ساڵی ڕەبەق دەیهێڵێتەوە. نهێنییەکی تریان " مۆرمیی"یە، مۆرمیی کوڕی ڕایلە لە ژنێکی تر، کە لە وڵاتێکی تر ناسیوویەتی، کوڕەکەی تێکەڵەیەکە لە ڕەش و سپیی، ئەم تێکەڵەیە، ڕەنگێکی برۆنزیی لەسنوور بەدەر جوانی داوە بە مۆرمیی و چاوەکانی باوکیشی وەرگرتووە، هێند جوانە، کە "یان" هەمیشە بڵێت: ئەو قەحبەیەی ڕایل لەگەڵیدا خەوتووە بێ وێنە جوان بووە، ئەمەش وەها دەکات هەر لە سەرەتاوە ڕێگا لە مۆرمیی بگرێت پێی بڵێت دایە، لێرەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ "یان" ئاشقی جوانیی مۆرمیی دەبێت و تا ڕۆژێک دادێت لەگەڵیدا دەخەوێت. هەموو ئەمانەش لەدوای گەڕانەوەی ڕایل دەبێت لە سەفەرێکیدا، کە بەتەنیا ناگەڕێتەوە ( لاپەڕە 20) بەڵکوو کوڕێکی لەگەڵدایە بە ناوی " مۆرمیی"ەوە. ڕایل دەستی خستۆتە سەرشانی مۆرمیی و لەو کاتەشدا "یان" تەماشای جوانیی ئەو منداڵە دەکات، ڕایل بە "یان" دەڵێ: ئەم کوڕە ناوی مۆرمییە و کوڕمە. بەم هەواڵە "یان" تووشی شۆک دەبێت، لێ لە مێشکیدا هەمیشە ئەم ڕستەیە دەڵێتەوە: " ئەو قەحبەیە بێ وێنە جوان بووە"، "یان" دەستی تەوقە بۆ مۆرمی درێژ دەکات و دەڵێ: سڵاو مۆرمیی من ناوم "یان"ە، من دایکت نیم و هەرگیزیش نابمە دایکت. "یان" ئەم قسە ڕەقانە بە نەرم و نییانییەک دەردەبڕێت، لەکاتێکدا دەیتوانی بە ناشیرینترین شێوە پێی بڵێت. ئەو دەمە مۆرمیی تەمەنی "هەشت" ساڵان دەبوو. "یان" لە ناخەوە دەسووتا، ئەو بە دڵ ناخۆشحاڵ بوو بەوەی، کە دەبینێت ڕایل منداڵێکی لە ژنێکی تر هەیە و هەتا ئێستا نەیزانیوە هەتا ئەم هاتنەوەیەی مستەر ڕایل. دوو ژوور لە دوای ژوورەکەی مۆرمییەوە "یان" لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە و لووتی ناوە بە پەنجەرەکەوە و تەماشای باران دەکات، هەتا ئەو کاتەی لە دواوە مستەر ڕایل کەمەری دەگرێت و ئاوڕی پێدەداتەوە. چاوەکانی مستەر ڕایل و دەنگی باوەڕێکیان دەدا بە "یان" لە کاتێکدا پێیدەگووت: "یان" ئەگەر هەرشتێکت هەیە، پرسیارم لێبکە هەر ئێستا. "یان" دەسڕە سوورەکەی ملی مستەر ڕایل دەکاتەوە، چاکەتەکەی دەکاتەوە، یەک لەدوای یەک قۆپچەی هێلەکە تاریکەکەی دەکاتەوە. "یان" لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەستپێدەکات یەک لەدوای

یەک دەیانکاتەوە. تا ئەو کاتەی مستەر ڕایل دەچەمێتەوە دەست بە دەمووچاوی "یان"ەوە دەگرێت و بەشێوەیەکی پاڕانەوە دەڵێ: "یان" گوێبگرە، تەماشام بکە و پرسیارم لێبکە هەرچ شتێک، کە دەتەوێت. لێ "یان" بەبێ دەنگیی دەمێنێتەوە و هیچ ناڵێت بێجگە لە گریانێکی بێدەنگ، ئەو هەر خۆی بە کردنەوەی قۆپچە و داکەندنی جلەکانی مستەر ڕایلەوە خەریک دەکات هەتا ئەو کاتەی مستەر ڕایل لەبەردەمییدا تەواو تەواو ڕووت دەبێتەوە. "یان" دەستدەکات بە ماچکردن و لێسانەوەی بەژنی مستەر ڕایل و دەگریی، هیچ فرمێسکێک لە فرمێسکەکانی "یان" جوانتر نییە لەوکاتەدا، کە کێری مستەر ڕایلی بەدەستەوەیە و هێدی هێدی لێوی لێدەدات، هیچ لێوێک لە لێوی "یان" جوانتر نییە لەوکاتەدا، کە کێری مستەر ڕایلی پێدەگرێت. "یان" دەگریی بەوشێوە نەشکێنەرەی خۆی، کاتێک ڕانەکانی لێکدەکاتەوە و مستەر ڕایلیش کەمێک تووڕانە دەیهێنێتە کۆشی خۆیەوە و ئەویش کێری مستەر ڕایل دەکاتە خۆیەوە و هەمانکاتیش مستەر ڕایل تەکان دەدات، لەکاتێکدا "یان" لەسەر جێگاکەی لەسەر پشت ڕادەکشێت و تەماشای ڕووخساری مستەر ڕایل دەکات و بیردەکاتەوە، کە چۆن مستەر ڕایل دەچێت بۆ شوێنێکی تری جیهان هەتا لەگەڵ ژنێکی ڕەشی بێ وێنە جواندا بخەوێت، خوێنگەرمانە و بەبێ دڵنیایی بخەوێت لەگەڵی تا ئەو کاتەی منداڵێک دەکاتە سکیەوە. بەمشێوەیە خەوتنی "یان" لەگەڵ مستەر ڕایل دا بەوشێوەیە، کە پڕە لە گریانی بێدەنگ، لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە بتوانین ناوی بنێین گریان، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە گلەیی و لە لێبووردن، لەکاتێکدا خەوتنی ئیمەشەوی "یان" لەگەڵ مستەر ڕایلدا جیاوازترە لە هەموو جارەکانی پێشوو بەشێوەیەک، کە مستەر ڕایل هەستدەکات، کە "یان" ئیمشەو کێری داگیرکردووە و ئامادە نییە لەخۆیدا دەریبهێنێت و بیداتەوە. هەموو ئەم کاتانەش "یان" بۆ چرکەیەک چییە وازی لە گریان نەهێناوە. مستەر ڕایل لەگەڵ ئەم جەنگی سێکسەدا بەهەمان ڕیتم و هێستریاوە دەڕوات هەتا تەواوبوونی هەردووکیان و "یان" دەڵێ: تکایە بەهیچ کەس مەڵێ. مستەر ڕایل دەڵێ: ناتوانم "یان" مۆرمیی کوڕمە، دەمەوێت لێرە گەورە بێت و هەموو کەس بزانێت، کە کوڕمە. "یان" سەر دەچەقێنێتە سەرییینەکەی و دەڵێ: تکایە بەهیچ کەس مەڵێ، کە گریاوم.

دروستکردنی ئەو هێڵی شەمەندەنەفەرەش، بێجگە لە بیرێکی سەرمایەداریی هیچ شتێکی تر نەبوو وەک هەندێک پێیانوایە، کە دیارییەکە بۆ "یان" ئەو شەمەندەنەفەرەی کۆسپی گەورەی ئابووریی دەهێنێتە پێش مستەر ڕایل و ئاکامیش مۆڕمیی کوڕی تێدا دەکووژرێت و سەرکەوتنیش بەدەستناهێنێت.

(لاپەڕە 81، 82) "بۆنەتیی" ئەندازیارێکی هێڵی شەمەندەنەفەرە، کابرایەکی کەشخەی سەر کەچەڵە، هەمیشە زیادەڕەوییەکی بێتام دەکات لە بەکارهێنانی بۆندا و هەردەم نادەمێک دەست دەبات بۆ گیرفانی هێلەکەکەی و کاتژمێرەکەی دەردێنێت تەماشای دەکات. ڕۆژێک بۆنەتیی لەگەڵ ئەندازیارێکی تردا بەناوی "بۆنەلیی" دەچنە لای مستەر ڕایل بۆ قسەکردن لەسەر دروستکردنی هێڵی شەمەندەنەفەرەکە. مستەر ڕایلیش هاوڕێیەکی خۆی بە

ناوی "ئاندەرسۆن"، کە لە مێژە لە کارگەی شووشەکەیدا کاردەکات و هەموو شت لەسەر شووشە دەزانێت دەهێنێت لەگەڵ خۆیدا، هەرچەندە ئاندەرسۆنی پیر دەڵێ: کە هێڵی شەمەندەنەفەرەکە لە شووشە دروست نەکرێت بۆچیی من لەگەڵتان بم؟ مستەر ڕایل دەڵێ: تۆ وەرە گوێبگرە و هەقت نەبێت، مەتەڵەکانی بۆ من جێبهێڵە. لەسەر مێزەکە نەخشەیەکی گەورە و پان و بەریین دانراوە ئەندازیار بۆنەلیی بە جانتایەکی پڕ ئەکتی قەڵەوەوە ڕاوەستاوە، بۆنەتیی کاتژمێرەکەی دەردێنێت و تەماشای دەکات، مستەر ڕایل بە تەنوورەیەکی بەیانییانەوە وەستاوە و ئاندەرسۆنیش خەریکی سەبیل کێشانە. سەرەتا بۆنەلیی و بۆنەتیی پرسیاری ئەوە دەکەن، کە شەمەندەنەفەرەکە لەکوێ دەست بە ڕۆیشتن بکات و لەکوێ بوەستێت وەک دوا وێستگەی خۆی. مستەر ڕایل دەڵێ: شەمەندەنەفەرەکە دەبێت لە کووینیپاکەوە دەست بە ڕۆیشتن بکا، باشتر بڵێم هەر ئا لەم شوێنەی خۆمانەوە دەبێت دەست بە ڕۆیشتن بکات ئا لێرەوە. پاشان بۆنەتیی دەڵێ: ئەدی لەکوێ کۆتایی لێخوڕینی بێت؟ دواوێستگەی شەمەندەنەفەرەکە کوێ بێت؟ مستەر ڕایل بیردەکاتەوە و دەڵێ: شارێک، کە دوا وێستگەی شەمەندەنەفەرەکە بێت بوونی نییە. ئەندازیارەکان دەڵێن: ببوورە بەڵام دەبێت شارێک هەبێت دواوێستگەی ئەو شەمەندەنەفەرە بێت، بوونی شەمەندەنەفەرێک لەو پێناوەدایە، کە مرۆڤ و بار لە شارێکەوە بگوێزێتەوە بۆ شارێکی تر، ئەگەر شەمەندەنەفەرێک شارێکی نەبوو لێی بوەستێت ئەوا هیچ ئەقڵ و هەستێک لە ڕۆیشتنی ئەو شەمەندە نەفەرەدا نییە. مستەر ڕایل بەوپەڕیی ئارامیی و لەخۆبردووییەوە، کە لە دەنگییدا دەردەکەوێت دەڵێ: بەڕێز ئەندازیار بۆنەتیی هەستی شەمەندەنەفەرێک لەوەدایە، کە بەخێراییەک بەسەر زەوییدا تێپەڕێت، کە هیچ کەسێک لەتوانایدا نەبێت بەوخێراییە بە زەوییدا تێپەڕێت، تاکە هەستی شەمەندەنەفەرێک لەوەدایە، کە مرۆڤ سواری بن و دونیا ببینن. هەروەک ئەوەی، کە پێشتر نەیدیوە، تەنها جارێک ئەوەندە زۆر لە جیهان ببینێت، کە پێشتر بە هەزارجار لێخوڕینی عەرەبانە نەیدیوە. پاش بێنە و بەردەیەکی زۆری نێوان ئەندازیاران و مستەر ڕایل، ئاندەرسۆنی پیر دەچەمێتەوە بەسەر مێزەکەدا سەبیلەکەی لەدەم دەکاتەوە و بۆ پێوان بەکاری دەهێنێت، خەندەیەک دەکات و پاشان دێتە تەنیشت مستەر ڕایلەوە شوێنێک بە گوێیدا دەچرپێنێ. مستەر ڕایل دەڵێ: نا شتی وا ناتوانم بکەم. ئاندەرسۆن دەڵێ: بۆ نا؟ ... مستەر ڕایل: چونکە ئێمە بۆمان نییە بچینە ئەوێندەر ئەوێ شارێکی خۆشی ڕابردووی ئێمە نییە. ئاندەرسۆن دەڵێ: ئەها، ئەوێ شارێکی خۆشی ڕابردوو نییە بۆیە. مستەر ڕایل دەڵێ: من ناتوانم ئەو شارە بکەم بە دواوێستگەی شەمەندەنەفەرەکەم تکایە تێبگە. بێگوومان مستەر ڕایل "یان" ی لێرە ناسیوە و لێرەوە ئیدی سەفەری خۆشەویستیی "یان" بۆ مستەر ڕایل دەستپێکردووە، هەرلێرەشدا مستەر ڕایل ڕێگای لە سەفەرێکی "یان" گرتووە بۆ شوێنێکی نەزانراو لەوێ دەبێت کەسێکی نەناسراو ببینێت و ئەو کتێبەی پێبدات. دیسانەوە گێرمەوکێشە لەگەڵ ئاندەرسۆندا پەیدا دەبێت بۆ دۆزینەوەی دواهەمیین وێستگەی شەمەندەنەفەرەکەی. مستەر ڕایل بە ئاندەرسۆن دەڵێ: "یان" هەرگیز لێمخۆش

نابێت شاری " مۆریڤار" بکەمە دواوێستگەی ئەو شەمەندەنەفەرە. ئاندەرسۆن مستەر ڕایل دەباتە ژوورێکەوە هەتا بە جووتە قسەبکەن لەوێ بە ڕایل دەڵێ: "یان" بەتەنیا لێتخۆشنابێت، بەڵکوو ئەمە دەبێتە گەورەترین و جوانترین دیاریی بۆی. لێرەدا ئەگەر قسە لەسەر دیاریی بکرێت، ئەوا لە دەمی ئاندەرسۆنەوە هاتۆتەدەرەوە نەک مستەر ڕایل، بنەڕەتی شەمەندەنەفەرەکەش پەیوەستە بە سەرمایەدارییەکەی مستەر ڕایلەوە نەک دیارییەک بۆ "یان". بگرە مستەر ڕایل هەر لە سەرەتاوە "یان"ی لە کڕینی شەمەندەنەفەرێک ئاگادارکردۆتەوە. لە کاتێکدا ئاندەرسۆن باس لەوە دەکات دواوێستگەی شەمەندەنەفەرەکە لەدوای ڕۆیشتنی دوو سەد کیلۆمەتری ڕێک و ڕاست بەبێ پێچ و قەوس و ئەملاوئەولایەک لە شاری " مۆریڤار" بێت وەک دیارییەکی لێدێت بۆ "یان" مستەر ڕایل بەبێ ئەقڵیی دەزانێت و دەڵێ: "یان" هەرگیز نایەوێت گوێی لە وشەی مۆریڤار بێت، منیش دەچم شەمەندەنەفەرەکەم لەوێ ڕادەگرم. نا .. نا .. نا مستەر ئاندەرسۆن هەرگیز ئەمە بیرێکی باش نییە. ئاندەرسۆن بە تووڕەییەوە دەڵێ: ئێستا گوێبگرە مستەر ڕایل، لەبەرخاتری من پێویست ناکات "یان" هەرگیز لە ژیانیدا لەسەر مۆریڤار قسەبکات، ئێوە دەتوانن ئەم نهێنییە بۆ خۆتان هەڵبگرن وە من تاکە کەس و دواهەمیین کەسم، کە ئەم نهێنییە لەم دونیایەدا ئاشکرا دەکات، لێ ئەمە هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، ڕۆژێک دادێت، ئەو ڕۆژە پێویستە "یان" بڕوات بۆ ئەوێ بۆ مۆریڤار، ئەگەر شەمەندەنەفەرەکانیش وەکی چارەنووس وەهان وە چارەنووسیش وەک شەمەندەنەفەر وەهایە، ئەوا پێتدەڵێم، کە لەو ڕۆژەدا هیچ شتێک لەوە باشتر و جوانتر نییە، بێجگەلەوەی بگەیتە ئەوێ، بگەیتە مۆریڤار (لاپەڕە 87).

مستەر ئاندەرسۆن ڕاستیکرد، دواجار ڕۆژێکداهات و "یان" ڕۆیشت بۆ مۆریڤار لێ بە شەمەندەنەفەر نا بەڵکوو بە عەرەبانە، ئەو دەمەی "یان"یش ڕۆیشت بۆ مۆریڤار مستەر ئاندەرسۆن مردبوو، ئەو مردبوو مستەر ڕایلیش ئیفلاسی کرد نە خانووی ما نە کارگەی شووشە نە توانیشی هێڵی شەمەندەنەفەرەکەی بگەیەنێتە مۆریڤار. لێرەدا من گوومان لەوە دەکەم، کە خوێنەری کورد لە ڕۆمانی "خاکێک لە شووشە" باش نەگەیشتبێت، ئەمەش جێگای ڕێگا تێچوونە، چونکە خاکێک لە شووشە پڕی ڕووداوی کتووپڕە و لەهەندێک شوێندا قوڵبوونەوەی هێندە لە سنوور بەدەری تێدایە، خوێنەر ئەگەر ورە و توانای خوێندنەوەی نەبێت بێزار دەبێت. هەڵەی دیارییەکانی مستەر ڕایل و دیارییکردنی شەمەندەنەفەرێک بۆ "یان" لەلایەن خوێنەری کوردەوە دەگەڕێتەوە بۆ باش تێنەگەیشتنی خاکێک لە شووشە. دواکات مستەر ڕایل لەسەر قسەی ئاندەرسۆن بە ئەندازیارەکان دەڵێ: دواوێستگەی شەمەندەنەفەرەکە مۆریڤارە.

مستەر ڕایل هەموو پلانێکی بۆ دروستکردنی ئەو هێڵە کردبوو، تەنانەت فارغۆنی یەکەمی شەمەندەنەفەرەکەش تەواو دەبێت و ناوی دەنێت " ئێلێزابێت" ئەگەر ئەمە دیارییەک بوایە ناوی دەنا "یان" نەک ئێلێزابێت. لە کردنەوەی ئاهەنگی دروستکردنی هێڵی شەمەندەنەفەرەکەدا، "پێکیش" ئاوازی مۆسیقای ئاهەنگەکە بە ئۆرکێسترا دادەنێت،

ئاوازێکی سەرسوورهێنەرانە. مستەر ڕایل سووپاسی "پێکیش" دەکات بۆ هاوکارییکردنی و پێشکەشکردنی مۆسیقایەکی ئاوها جوان. پێکیش دەڵێ: سووپاس مستەر ڕایل شەمەندەنەفەرەکەی تۆش زۆر جوانە، مەبەستمە بڵێم ئەمە باشترین و جوانترین بیرە.

ئێلیزابێت بە "هەشت" ئەسپ ڕادەکێشن ئەو ڕۆژەی دەگاتە کوینیپاک خەڵکێکی زۆر ئامادەی کردنەوەی ئەو ئاهەنگە دەبن، ئێلیزابێت لە خوارەوەی نزیک ماڵی مستەر ڕایل لە سەوزاییییەکەدا ڕادەگرن، کە هێند دوور نییە لە کارگەی شووشەکەوە. ئێوارە دوای ئاهەنگێران هەریەکە دەڕواتەوە ماڵی خۆی. مستەر ڕایل و "یان" دەڕۆنەوە ماڵی خۆیان و لە حەوشەکەیاندا مستەر ڕایل لەسەر کورسیی جۆلانێکەی دادەنیشێت و لە دوورەوە تەماشای ئێلیزابێت دەکات و دەڵێ: زۆر تەنیا دیارە. "یان" بەدڵتە؟

"یان" دەڵێ: سەیرە.

مستەر ڕایل: چۆن سەیر؟

"یان": نازانم، من کەمێک درێژتر و ئاڵۆزتر هێنابوومە پێش چاوی خۆم.

مستەر ڕایل: ڕۆژێک دادێت درێژتر و ئاڵۆزتریشی دەکەن.

"یان": وامدەزانی ڕەنگیینە.

مستەر ڕایڵ: جوانە ڕەنگی ئاسنە، ئەگەر بە خۆرهەتاو بڕوات وەک ئاوێنە بریسکە دەداتەوە، مرۆڤ دەتوانێت زۆر لە دوورەوە بیبینێت، زۆر دوور بەڵێ، وەک ئاوێنەی گیرفان، کە بەناو سەوزاییییەکاندا دەبریسکێتەوە.

"یان": ئەی پێتوایە ئێمە بیبینین؟

مستەر ڕایل: بێگوومان ئێمە دەیبینین. مەبەستم ئەوەیە، کە ئێمە نەمردووین، ئەوکاتەی، کە دەست بە لێخوڕیین دەکات.

پاش گفتووگۆیەکی کەمێک درێژ ئیدی کاتی ئەوە دێت، قسە لەسەر ئەوە بکرێت، کە ئەم شەمەندەنەفەرە دواوێستگەی لە کوێیە لەدوای لێخوڕیینی دووسەد کیلۆمەتری ڕێک و ڕاست بەسەر هێڵێکی باریکدا؟ ( لاپەڕە 119)

مستەر ڕایل ناتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەی "یان" بداتەوە سەرەتا پێچ و پەنایەک دروستدەکات هەتا ناچار دەبێت ناوی مۆریڤار بهێنێت و بڵێ: شەمەندەنەفەرەکە دەگاتە مۆریڤار. بە بیستنی مۆریڤار "یان" ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و دەڕواتە ژوورەوە. مستەر ڕایل ئاوڕ ناداتەوە، بەڵکوو بە دانیشتنەوە دەمێنێتەوە، لە دوورەوە تەماشای ئێلیزابێت دەکات و پاش ماوەیەک بە دەنگێکی نزم دەڵێ: خۆشمت بوێ "یان".

"یان" لەگەڵ ئەم کێشە و لێکدانەوەیەدا پێویستە ژیان بەسەر بەرێت، لەملایشەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ساڵ لە دوای ساڵ ژیانی مۆرمیی کوڕی مستەر ڕایل لەگەڵیاندا زیاتر و زیاتر هەستەکانی لە "یان" نزیکدەکاتەوە، باشتر بڵێین "یان" هەستی زیاتر دەبێت بۆ مۆرمیی نەک وەک دایکێک بەڵکوو وەک حەز لێکردوویەک، ئەم هەستە لەلای مۆرمیی هەر لە سەرەتای بینی "یان"ەوە دروستبوو، ئەگەرچیی دەشێت "یان" هەمان هەستی هەبوو بێت بۆ مۆرمیی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مۆرمیی گەورە دەبێت و چیدی کوڕە جوان و چاو جوانەکەی

جاران نابێت، ئەمیش دەتوانێت غەریزە سێکسییەکانی خۆی لەگەڵدا ئەزموون بکات. هەستەکان ڕۆژێک لەوێوە دەچنە سەر سکەی پەیڕەوکردن، کە مۆرمیی، ئیدی وردە وردە گەورە دەبوو، کچانی کارگە و کارکەرەکانیماڵی مستەر ڕایل نیگایان دەکرد و حەزیان لێدەکرد، خودی "یان" نیگای دەکرد و هەستی بۆی دەجوڵا و دیسانەوە لە دڵی خۆیدا دەیگووت: ئەو ژنەی دایکی کوڕەیە گەلێک جوان بووە. "یان" هەموو شتێکی بۆ مۆرمیی دەکرد، کە دایکێک پێویست بوو لەسەری بۆ منداڵی خۆی بکات، لێ هەرگیز "یان" بیری لەوە نەدەکردەوە، کە ببێتە دایکی مۆرمیی، نەخێر هەرگیز نەیدەویست ئەو هەستەی تێدا دروستبێت. ڕۆژێک "یان" پشتی مۆرمی دەشوات (لاپەڕە 134) ئەیخاتە سەرچۆک و لەتەنیشت دەستشۆرەکەوە ئاوی گەرمی پێدا دەکات، مۆرمیی حەزی بە ئاوی گەرم نەبوو، لێ ئەگەر "یان" ئاوی گەرمی پێدابکردایە حەزی پێدەکرد. مۆرمیی بەبێ تێکچوون لەبەر ئاوەکەدا دەوەستێت، "یان" لفکەکەی دەستی فڕێدەداتە خوارەوە و دەست بە پێستی مۆرمییدا دێنێت. ئەوە چیی بوو؟ جاحێڵێکە یاخوود پیاوێک؟ ئەدی مۆرمیی چییە بۆ ئەو؟ دەست بە شانی مۆرمییدا دێنێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: منیش جاران پێستێکی ئاوها جوانم هەبوو، پێستێک، کە کەس دەستی لێنەدابوو. مۆرمیی بە دوو چاوی زەقەوە دانیشتووە و نقەی لێوە نادێت. دەستی "یان" وردە وردە دێتە سەر دەمووچاوی بە نەرمیی دەست بە لێویدا دێنێت ئیدی لێرەدا هەستێک لە دونیایەکی هەستبزوێنییدا گەورە دەبێت، لەناکاودا "یان" خۆی دەچەمێنێتەوە و لفکەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتە دەستی مۆرمییەوە لە دەمووچاوی مۆرمیی تەواو نزیکدەبێتەوە و دەڵێ: خۆت بیگرە، باشترە لە ئایندەدا، کە ئیدی خۆت لفکە بەکاربهێنیت. "یان" هەڵدەستێت و دەڕوات بۆ لای دەرگاکە، لەم چاوتروکانەدا مۆرمیی سییەهەمیین وشەی ئیمساڵی دەردەپەڕێنێت و دەڵێ: نەخێر. ئاخر مۆرمیی مرۆڤی قسەکردن نییە بەڵکوو ئەو تەنها لە دەوروبەر و سروشت دەڕوانێت و هیچ ناڵێت، ئەو دەگمەن قسە دەکات، ئەو بەس تەنها تەماشا دەکات. "یان" ئاوڕێک دەداتەوە بە قوڵیی تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: با و دەڕواتە دەرەوە.

ئەلێساندرۆ باریکۆ لێرەدا دەمانخاتە بەردەم لێکدانەوەیەکی گەورە، پرسیارێکی قورسمان لێدەکات و بەبێ وەڵام بەجێماندەهێڵێت، لێ ئەمە واتای ئەوە نییە، کە باریکۆ نەیویستبێت وەڵاممان بداتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەو هێندە قووتکردنەوەی ئەو پرسیارەی بە ئەرک زانیوە وەڵامدانەوەی بە ئەرکی خۆی نەزانیوە، بەڵکوو بە هی خوێنەر. یاخوود بە نووسەراگەلانێکی تر، ئاخر نووسیین هەمیشە وەڵامە بۆ نووسیینگەلێکی تر، قسەکردنە لەگەڵ نووسیینی تردا، وەڵامە بۆ بیروبۆچوونی نووسەرانێکی دی. ئەمەش خودی خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە کلاسیکیی و باوەی نێو میدیای کوردییە، " تۆ بۆ کێ دەنووسیی؟" هەمیشەش بەداخەوە، لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە پێویستە وەڵامبدەنەوە، وەڵامێکی سەقەتمان پێدەدرێت، یان ناڕاست، " بۆ خۆم دەنووسم، بۆ ئێوە دەنووسم، بۆ گەلەکەم دەنووسم ... هتد". بۆچیی "یان" حەز لە کوڕی مێردەکەی دەکات؟ بۆچیی نایەوێت وەک دایکی بێت؟ بۆچیی مۆڕمیی کوڕی مێردەکەی "یان"

نایەوێت "یان" دایکی بێت؟ بۆچیی مۆڕمیی کوڕی مێردەکەی "یان" حەز لە "یان" دەکات؟ جوانیی هەردوولا بۆ یەکەمجار فاکتەرێکی بەهێزە بۆ جوڵاندن و خستنەگەڕی ماتۆڕی هەستەکان لە هەردوولادا، کەسیان گۆشت و خوێنی یەکدیی نین، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ لێک نزیککردنەوەی هەستەکان و ڕێگاگرتن لە سووپای مۆراڵ بۆ سەریان. ئەنتینۆمیی هەرزەکاران " دژەوەستان لە قسەکردندا بەرانبەر ڕستەیەک" لەلای مۆڕمیی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. میشێل فۆکۆ دەڵێ (2، لاپەڕە 280): ئەنتینۆمیی هەرزەکاران لە مۆراڵی یۆنانییەکاندا لە ئەفرۆدیسیادا خۆی دەبینێتەوە " هێزێک بەرەو خۆشەویستیی ڕایدەکێشێت، ئەو هێزەش ئەفرۆدیسیایە خودای خۆشەویستیی یۆنانییە کۆنەکان". پیاوە ئایینییەکان هەمیشە ئەفرۆدیسیایان بە نەخۆشیی پێناسکردووە، نەخۆشیی بەرزبوونەوەی هەوەس لە کچان و کوڕاندا، بەرزبوونەوەیەک، کە دامرکاندنەوەی بۆ نەبێت هەتا ئەزموونکردنی سێکس. فۆکۆ درێژە بە لێکۆڵینەوەکەی دەدات و دەڵێ: لەلایەک هەرزەکان یان گەنجەکان وەک کاڵایەکی هەستەکان تەماشا دەکرێن و دەڵێن: هەرگیز نابێت یەکێک هەرزەیەکی خۆشبوێت یان داوای لێبکات خۆشیبوێت و داواکەریش ئاسوودەبێت پێی، بەوپێیە یاسا و هێناپێشەوەی کێشە لەبەردەمی ئەو کەسی داواکەردا دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، "واتە بەپێی یاسا ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکان ئەو کەسە دەبێت دادگایی بکرێت و سزا بدرێت". وەلێ لەلایەکی ترەوە هەرزەکارەکە دەیەوێت خۆشەویستیی بکات، سێکس بکات گەنجێتیی خۆی پاڵی دەنێت، کە ببێتە پیاو، نەک ئەو بڕیار و یاسایە پەسەند بکات، کە وەک کاڵایەکی هەست تەماشابکرێت و هەمیشە بیر لە فۆڕمی گەورەکان بکاتەوە و ئامادەی سزادان بێت. ئەو نایەوێت بەو ڕۆڵە بکووترێت، کە یاسا و دەستەڵات داینە. ئەو نایەوێت لە ویستی ئازادی خۆیدا بە چاوی خۆی، خۆی وەک کاڵایەکی هەست تەماشا بکات. لێرەدا مۆڕمیی کوڕی مستەر ڕایل بە ئاشکرا پێوەی دیارە، کە ئەو هەرگیز خۆی وەک کاڵایەکی هەست تەماشاناکات و ناشیەوێت لە شانۆی یاسا ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێک ببینێت، کە ڕۆڵی هەرزەکارێکە وەک " کاڵایەکی هەست"، بەڵکوو ئەو دەیەوێت "یان"ی خۆشبوێت و سێکسی لەگەڵدا بکات، ئەو دەیەوێت وەک مۆڕمیی بچکۆلانە نەمێنێتەوە بەڵکوو ببێت بە پیاو. لێ ئاخۆ ئەفرۆدیسیا "یان"ی ڕاکێشاوە بۆ خۆشویستنی مۆڕمیی بۆ سێکسکردن لەگەڵ مۆڕمییدا؟ خاکێک لە شووشە پابەند نییە تەنها بە خۆشەویستیی نێوان "یان" و مستەر ڕایلەوە پابەند نییە بە نهێنیی پاکەتەکانی مستەر ڕایلەوە، کە لەپێش گەڕانەوەیدا دەگاتە دەستی "یان" و ئاوایی کووینیپاک و خوێنەرانی کوردی ئێمەش وەک دیارییەک تێیدەڕوانن، پابەند نییە بە هێڵێکی شەمەندەنەفەرەوە، کە خوێنەرانی ئێمە وەک دیارییەک بۆ "یان" تێیدەڕوانن. خاکێک لە شووشە وێڕای ماندووبوون تێیدا لە خوێندنەوەدا، لێ پڕە لە ڕووداوی کتووپڕانە و چاوەڕواننەکراو، پڕە لە نهێنیی، پڕە لە مۆسیقا، پڕە لە خۆشەویستیی و سێکس. کە لە هەر ڕەهەندێکیاندا ئێمە وەکوو خوێنەر دەتوانین لەناو لێکدانەوەی خۆمان و تێز و تێکستی تری نووسەران و بیرمەندانددا متووربەی بکەین، هەموو ئەمانەش

لەپێناوی گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا، بێ گوێپێدانە هیچ سنوور و دەستەڵاتێکی ئایینیی یان کۆمەڵایەتیی لە سێکسدا بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین، هەروەکوو فۆکۆ لە سێکس و ڕاستییەکاندا بۆی دەگەڕێت. "یان" خۆشەویستییەکی قەدەغە پراکتیزە دەکات، لە مۆڕمییدا، ئەویش لەگەڵ "یان"دا هەمانشێوە. ئەفرۆدیسیا "یان" ڕادەکێشێت بۆ خۆشویستنی مۆڕمیی، ئەنتینۆمیی خاتوو "یان" بەرانبەر خۆشەویستیی و سێکسی مۆڕمیی لە فۆڕمێکی تردایە، چونکە "یان" چیدی ئەو هەرزەکارەی جاران نییە هەستەکانی خۆی وەک کاڵای هەست پێناس بکات، بەپێچەوانەوە، ئەو ژنێکی گەورە و خاوەن ئەزموونی ژیان و سێکس و خۆشەویستییە، ئەو ئەزموونەش پاڵ بە "یان"ەنەوە دەنێت، کە ژنێتیی خۆی و ئازادیی سێکسوالی بسەلمێنێت و بسەپێنێت، نەک هەستی خۆی بۆ مۆڕمیی وەک کاڵای هەستی هەرزەکارێک تەماشا بکات و بیداتە بەر ڕێژنەی دادگاییکردن بە یاسا ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکان. دەشێت هەندێکجار هەستمان بچێت بۆ تۆڵەیەک، کە "یان" لە مستەر ڕایلی بکاتەوە، ئەمەش وەک پەڵە هەورێکی تەنک وەهایە، کە زوو چەند نمەیەک دادەکات و زووش کۆتایی پێدێت. ئەوەی، کە زیاتر بمانبەستێتەوە بە پەیوەندیی نێوان "یان" و مۆڕمییەوە تەنها خۆشەویستییە، ئەگەرەکوو مۆڕمیی نەمردایە پێدەچوو لە ئایندەدا هەموو هێزێکی بەکار بهێنایە لەپێناوی بە خاوەنبوونی "یان" دا، ئینجا ئەگەرەکوو ئەم "ویست"ەی مۆڕمیی وەهای پێویستبکردایە باوکی خۆی بکووژێت دەیکووشت، یاخوود ئەویش ئاگایی لە کووشتنی باوکی پەشیمانیی دەکردەوە و وەک هاملێت دەیگووت: بەمشێوەیە ئاگایی هەموومان دەکات بە ترسنۆک.

ڕۆژێک لە ڕیتوالێکدا، لە کووینپاک، کە بە مارشێکی مۆسیقییەوە بە چەپ و ڕاستیی جادەیەکی پان و پاک و خاوێندا بەڕێدەخرا، ئەو مۆسیقا سەرسووڕهێنەرەی دیسانەوە "پێکیش" ئاوازی بۆ دادەنێت تەواوی بەشداربووانی ڕیتوالەکە سەرسەما دەکات. ( لاپەڕە 189) "یان" لەتەنیشت مۆڕمییەوە دەڕوات، لەو ڕیتوالەدا تەنها "یان" و مۆڕمیی و پێنت بەتەنها جەستەیان لەوێ بوو و ڕۆحیشیان لە شوێنکی تر، دەنا تەواوی ئەو شارە لەو بۆنە ئایینییەدا سەرقاڵی گێڕانی ئاهەنگێکی ئایینیی بوون. دەشێت مرۆڤ پێویست بووبێت خۆی لەو فڕنەدا ئارەقی کردبێتەوە هەتاوەکوو سەری لەو شتە نەسووڕمێت، کە چلۆن دەستی "یان" بە ڕانی پیاوێکدا دێتە خوارەوە بە نەرمیی. پیاوێکی نیوە ڕەشی نیوە سپیی. "یان" بەبێ خۆتێکدان بە چاوی نووقاوەوە دەڕوات و لە مێشکیشیدا لافاوی ئەو مۆسیقایەی دێتە گوێی، لە شکاندنی کەشتییەکدا، کە پێناسە ناکرێت هەڵیدەلووشێت. خەیاڵ دەکاتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێ: هیچ شتێک لە ڕانی پیاو جوانتر نییە، ئەگەر ڕانەکان جوان بن. بە قەوسێکی کەمێک کراوەییەوە دەستی "یان" بەرەو ڕانی مۆڕمیی دەڕوات و نەرم و نیانانە دەستی پێدا دەهێنێت، مۆڕمیی هەزارانجار بە خەیاڵ ئەمەی هێناوەتە پێشچاوی خۆی، لێ ئێستا بە ڕیال دەیبینێت. "یان" دەستی دەخاتە سەر کێری مۆڕمیی و بە نەرمیی دەیگووشێت و ئەوسا دەیخاتە دەستییەوە، خەڵکیی سەرقاڵیی ئاهەنگگێڕانن، "هێکتۆر هۆریاو" ئەو پیاوە ئەندازیارەی دەیوسیت بە یارمەتیی مستەر

ڕایل پالاسێک لە شووشە دروستبکات، لەگەڵ مستەر ڕایلدا سەرگەرمی قسەکردن و ئاهەنگگێڕانن، "یان"یش لەملاوە دواجار دەستی توونډ دەگرێت بە کێری مۆڕمییەوە، کە هەم ڕەق هەم گەرمم ببوو. دەستی "یان" بە کێری مۆڕمییەوە، کە بە نەرم و نیانی دەستی پێدادەهێنا، ناولەپی دەستی کچێک، لە ناوەوە پێستێکی شەرمن و ترساو، ئاخۆ دەبێت هیچ دوێلێک لە دونیادا لەمە جوانتر بێت؟ (192). "یان" بە تەواویی هەستی بە کێری مۆڕمیی دەکرد، کە چەکووشلێدانی وەک دڵێکی نقووم بوو لە کۆتایی هێز و شەکەتبوونیدا بوو ئینجا لەنێوانی پەنجەکانیدا شەهوەتێک، کە بە هەموو لایەکدا بڵاودەبۆوە، شەکەتیی "یان" و مۆڕمیی دادەمرکێتەوە و بۆ ئەو شلەمەنییەش بە دەست و پەنجەی "یان"ەوە هەمیشە لە کۆتاییدا دەریایەک هەیە، کە ڕووبارەکان دەچنەوە سەری. دەستی "یان" وردە وردە دێتەوە دەرێ و لەویادا نامێنێت، خەڵکەکە دێنەوە سەرخۆیان، دەمووچاوەکان دەگەڕێنەوە سەر ڕەنگی خۆیان، گوێکانیش دەگەڕێنەوە بۆ چێژوەرگرتن لە نۆتەکان (لاپەڕە 193).

لەدواییدا تەنانەت خودی مستەر ڕایل هەست بە پەیوەندیی نێوانی "یان" و مۆڕمیی کوڕی دەکات، لێ ئەمەش  بە چەند ڕۆژێک دوای مردنی مۆڕمیی دەیدرکێنێ. مردنی مۆڕمیی تووشی شۆکێکی گەورەی دەکات و چەند ڕۆژێک دوای مەرگی مۆڕمیی ( لاپەڕە 213) نیگاکانی نقووم دەبن و بە چەقۆیەکی مقەبا بڕیین دەستی خۆی زامدار دەکات، بەشێوەیەک وەک ئەوەی بییەوێت شتێک بنووسێت پیت بە پیت. لەسەر دەستی چەند نیشانەیەک جێدەمێنن، کە لە دواییدا وەک کۆمەڵێک پیتی سیحراویی وندەبن. ئیدی ئەو دەنووسێت و دەنووسێت، پاشان چەقۆکە دادەنێت و دەڵێ: چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی مۆڕمیی بمرێت من بینیم، مۆڕمیی کوڕم بینی، کە لەگەڵ "یان" دەخەوت. کەمێک بێدەنگ دەبێت و پاشان دەڵێ: "یان" چووبووە سەر مۆڕمیی، بە هێواشیی دەجوڵایەوە وە گەلێک جوان بوو.

ئەو کاتەش، کە هەواڵی مردنی مۆڕمیی بۆ دێت لەلایەن "برات"ەوە، مستەر ڕایل هەر نایەوێت باوەڕ بکات، "برات" هەرچییە بڵێت ئەو هەردەڵێ: دەڵێی چیی؟

"برات": مستەر ڕایل ... مستەر ڕایل تکایە ببوورە مستەر ڕایل.

مستەر ڕایل: وەرە ژوورەوە "برات".

"برات": مستەر ڕایل شتێک هەیە.

مستەر ڕایل: دە بیڵێ "برات".

"برات": مۆڕمیی.

مستەر ڕایل: چیی ڕوویداوە "برات"؟

"برات": مۆڕمیی ... مۆڕمیی مرد.

مستەر ڕایل: دەڵێی چیی؟

"برات": مۆڕمییان کووشت.

مستەر ڕایل: دەڵێی چیی؟

"برات": مۆڕمییان کووشت، مۆڕمیی لەوێ بوو دایان بە سەریدا، بەردیان دەهاویشت و بەردێک ڕێک دای بەسەریدا. یەکسەر کەوت وەک کیسەیەکی تەڕ، ئیدی هەناسەی نەدایەوە.

مستەر ڕایل: دەڵێی چیی؟

"برات": کرێکارەکانی هێلی شەمەندەنەفەر لەوێ بوون، بێتام تووڕەبوون، هاواریان دەکرد بەسەرماندا، پێموابێت چل یاخوود پەنجا کەسێک دەبوون. ئێمە ویستمان ڕایانوەستێنین، لێ ئەوان زۆر زۆر بوون و ئێمەش ڕامانکرد. ئێمە ڕاماندەکرد ئەوکاتەی ئەوان دەستیان بە بەرد هاویشتن کرد، لێ نازانم بۆچیی مۆڕمیی گەڕایەوە، من هاوارم کرد، کە دەبێت ڕابکات، لێ ئەو گوێیپێنەدام، نازانم بۆچیی لێ ئەو مایەوە، لە کۆتاییشدا بەردێک دای بەسەریدا و یەکسەر کەوت، لێرەدا ئیدی دەستیان لە بەردهاویشتن هەڵگرت، لێ درەنگ بوو، ئیدی هیچ شتێک نەمابوو بۆ کردن بۆ فریاکەوتنی مۆڕمیی، هیچ هەناسەی نەدەدا و سەریشی یەکپارچە ..... ئیدی مرد.

مستەر ڕایل: دەڵێی چیی؟

هەروەکوو چلۆن مستەر ڕایل مۆڕمیی کوڕی دیوە، کە لەگەڵ "یان"ی ژنی دەخەوێت، ئاوهاش پێدەچێت مۆڕمیی مستەر ڕایلی باوکی دیبێت، کە تەماشای دەکات چلۆن "یان"ی ژنی لەسەر مۆڕمیی دانیشتووە و سێکس دەکەن. دەشێت ئەمە بۆچوونێک بێت، کە مۆڕمیی شەرمی لەخۆی کردبێت و ئەو هەلەی قواستبێتەوە هەتا تێیدا بمرێت و باوکی ئەو بۆمبای پرسیارە بە ڕوویدا نەتەقێنێتەوە و بڵێ: بۆچیی لەگەڵ "یان"ی ژنمدا خەوتیت؟ یاخوود دەشێت هەڵە بین و مۆڕمیی لەدوای ئەوەی "یان" جارێک دەستپەڕی بۆ دەکات و جارێکیش لەگەڵیدا دەخەوێت، ئیدی ویستبێتیی بۆ هەتا هەتایە جوانیی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و "یان" بهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک و یاسا و دەستوورێک بتوانێت نە دادگایی بکات نە سزای بدات. بەشێوەیەک،کە ئیدی ئەو کاڵایەکی هەست نییە و پراکتیزەکردنی خۆشەویستیی و سێکس لەگەڵیدا تابوو نییە. ئەو سەلماندی، کە هەستەکانی موڵکی خۆیەتی و گەنجێتییشی پاڵنەریبووە بۆ سەلماندنی پیاوبوونی خۆی، لەدوای ئەم ئەزموونەوە ئیدی هیچ شتێکی لە مردنێک لەلا جوانتر نەبووبێت لەدوای خەوتنی لەگەڵ "یان"ی ژنی باوکیدا.

مۆڕمیی مرد، ئەو پالاسەی، کە مستەر ڕایل دەیویست لەگەڵ " هێکتۆر هۆریاو"دا دروستی بکات، دروستیانکرد و ڕووخا بەرگەی مانەوەی نەگرت بەپێوە، "یان" مستەر ڕایلی بەجێهێشت، هێڵی شەمەندەنەفەرەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، مستەر ڕایل ئیفلاسی کرد و تەواوی کاڵاکانی ماڵەکەی و کارگەی شووشەکەی هەراج کرا، کە لە کۆتاییدا "ئێلێزابێت"ی ژنی هێکتۆر هۆریاو کڕیی. هۆریاو خۆیشی لە کۆتاییدا دەکەوێتە خەستەخانەی دەروونیی لە ئابێلبێرگ دوای ئەزموونێکی پزیشکییانە دەردەکەوێت، کە شێت نییە، لێ ئەو هەرنایەوێت لە خەستەخانە بێتە دەرەوە لە ئێوارەی هاوینێکدا لە خەستەخانەکەدا دەمرێت ( لاپەڕە 242).

لە کاتێکی نادیاردا "یان" لاپەڕە لە دوای لاپەڕە هەڵدەداتەوە و بە هێواشیی دەخوێنێتەوە. لە تەنیشتیەوە ژنێکی ئورالتیی "پیر، سەردەمێکی تێپەڕبوو" دانیشتووە و بە جووتێک چاوی کوێرانەوە گوێدەگرێت. ( 248) "یان" دواهەمیین دێڕ دەخوێنێتەوە دواهەمیین وشە دەخوێنێتەوە، کە ئەمریکایە. بێدەنگییەک دروستدەبێت ژنە ئورالتییەکە دەڵێ: بەردەوامبە "یان" ئارەزووت هەیە؟ "یان" لە کتێبەکەوە تەماشا دەکات و لەپێشیدا چەندەها کیلۆمەتر شاخ، بەرد، دەریا، کەنار، دارستان، پاشان تەختاییەکی پان و بەریین و جادەیەک، پاشان کووینیپاک پاشان خانووەکەی مستەر ڕایل و لەناویشدا مستەر ڕایل هەیە. کتێبەکە دادەخات، ئاوڕێک دەداتەوە، کتێبەکە دەخاتەوە سەر لاپەڕەی یەکەم و دەڵێ: بەڵێ، لێ بەبێ خەمباریی، مرۆڤ دەبێت بەبێ خەمباریی خوێندنەوەکە بهێنێتە پێشچاوی خۆی.
ژنە ئورالتییەکە: بەڵێ.

لە کۆتاییدا دەبێت بگاتە ئەمریکا لەبەرئەوەی پارەی تکتیشی پێ نییە پێویستە هەتا ئەمریکا لەگەڵ کاپیتێنی پاپۆڕەکەدا بخەوێت، کە ناوی "کارلوس ئابێگ"ە. (لاپەڕە 251) یەکەمجار کاپیتێن ئابێگ جلە فۆڕمییەکانی کاپیتێنیی دادەکەن و لەگەڵ یەک دەخەوتین، ئەو منی لەسەر پردەکە دەبینی، خەندەیەکی تێدەگرتم و منیش دەڕۆیشتمە ژوورەکەوە لە خوارەوە، پاش کەمێک دەهات، کە تەواو دەبووین هەندێکجار کەمێک لەلام دەمایەوە و قسەی لەسەر خۆی بۆ دەکردم، پرسیاری لێدەکردم، کە ئاخۆ هیچ شتێم پێویستە؟ لێ ئێستا شتێکی ترە، دێتە ژوورەوە خۆیشی داناکەنێت، لەژێر کراسەکەمەوە دەستم بۆ دەبات هەتا ئارەزووی هەڵبستێت، پاشان دەبێت توond لەسەر جێگاکە دابنیشم، قۆپچەکانی پانتۆڵەکەی دەکاتەوە و لەبەردەممدا دەوەستێت، دەست بە کێریدا دەهێنێت و پاشان دەیخاتە دەممەوە. پێدەچێت هێندە قێزەون نەبێت ئەگەربێتوو لانیکەم بێدەنگ بێت، لێ هەردەبێت شتێک بڵێت: قەحبە بە دڵتە ها؟ دەی بۆم بمژە ئەی قەحبەی بۆگەن، بیخەرە قورگتەوە دەی هەتا شتێکت لێوەی پێبگات ئەی قەحبەی بێ ئەقڵ.
مەگەر بەس خودا بزانێت چ شتێک لەوەدا خۆشە، ئەو ژنەی، کە ئێستا کێرت دەمژێت پێی بڵێیت قەحبە، ئەمە چییە؟ من خۆم دەزانم، کە قەحبەم. شێواز زۆرە بەهۆیەوە لەم ئۆقیانووسە بپەڕیتەوە، بەبێ ئەوەی تکتێک بکڕییت، من بڕیاری ئەوەمدا، کە کێری کاپیتێن کارلوس ئابێگ بمژم. گۆڕینەوەیەکی بە ئەدەبانەیە، ئەو لەشم وەردەگرێت منیش کابینەیەک لەناو کەشتییە نەفرەت لێبووەکەیدا.
دەمێنێتەوە سەرئەوەی وەک "ئێلێنا"ی هەشت ساڵان لە کۆتاییدا پرسیار لە ( ....) بکەین، تۆ کێیت و بۆچیی لەم مێژووەدا 14.02.1922 سەفەر دەکەیت؟ هەروەک خۆت دەڵێیت: ڕۆژێک دادێت پێنووس و لاپەڕەیەک بگریتە دەست و پێمانبڵێیت بۆچیی هەریەکێک لە کۆتاییدا جانتاکەی دەپێچێتەوە و دەڕوات، هەروەک بەڵێنت بە " ئێلێنا"ی هەشت ساڵانداوە ڕۆژێک لە نامەیەکدا دەینووسیت بۆچیی هەریەکێک لە ژیانیدا ڕۆژێکدادێت جانتاکەی دەپێچێتەوە و دەڕوات؟ (لاپەڕە 255)

سێ ڕۆژی ماوە پاپۆڕەکە بگاتە وشکانیی، سێجاری تر کێر دەمژم و ئیدی من لە ئەوبەرەوەی ئۆقیانووسەکەم، کێ دەزانێت ئەو خاکەی ئەوبەر چۆنە؟ هەندێکجار دڵنییام لەوەی، کە لەوبەر بەخت هەیە.
ئەوبەریش خاکی ئەمریکایە.

14.01.2007

سەرچاوەکان:
1_ Alessandro Baricco: Land aus Glas. Von Karin Krieger.
2_ Michel Foucault: Sexualität und Wahrheit 2. Der Gebrauch der Lüste.

# ئەلێساندرۆ باریکۆ لە "بەبێ خوێن"دا

## کتێبەکانی وەک ڕەشەبان لە هەموو جیهان دا هەڵیانکردووە، ڕۆمانەکانی وەک ئاوریشمن ژنان لە گەردنی خۆیان کردووە.




**جاران، کە کچێکی بچکۆلانە بووم، ناوم "نینا" بوو، لێ هەموو ئەم شتانە لە ڕۆژێکدا تێپەڕی، ئیدی کەس بەو ناوەوە بانگی نەکردمەوە.**

چاو لەسەر چاو دان لەسەر دان: جەنگ تەواو ببوو، کاتێ چوار پیاو، سنووری ماڵێکی جوتیاریان بەزاند، بۆ سەندنەوەی تۆڵەیەکی دڵڕەقانە. "مانوێل ڕۆکا" کووژرا، کوڕەکەشی تێوەگلا، لەکاتێکدا ویستی پەلە بکات و یارمەتیی باوکی بدات. تەنها "نینا"ی بچکۆلانە، کە لە چاڵێکدا خۆی شاردبۆوە بە زیندوویی دەرچوو. "نینا" لەلایەن گەنجترین بکووژەکانەوە درکپێکرا، کە ناوی "تیتۆ"یە، لێ ئەو بێدەنگیی لە دۆزینەوەی "نینا" دەکات و ژیانی دیاریی دەکات. دەیان ساڵ دوای ئەم کارەساتە خانمێکی بە تەمەن لەبەردەم یانسیب فرۆشێکدا ڕادەوەستێت و بانگهێشتی خواردنەوەیەکی دەکات، سەرەتا کابرای پیرە ڕازیی نابێت، پاش ئەوەی خانمە پیرەکە تکای دەلێدەکات، کە بێت لەگەڵیدا، ئیدی لێرەدا کابرای پیرەی یانسیب فرۆش هەستدەکات، کە چارەنووس ڕێگای پێگرتووە.

له کۆی هەموو ئەو ڕۆمانانەی ئەلێساندرۆ باریکۆ دا، که هەتاوەکوو ئێستا خوێندبێتمەوە، "بەبێ خوێن" یەکێکه لەناویاندا، که هەر لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەیدا توونه توونه وەک چۆن پیاوێک ژنێکی خۆشەویستیی خۆی لەباوەش دەگرێت و توونه دەینووسێنێت بەخۆیەوە و دڵی نادێت بەرەڵڵای بکات ئاوهاش من "بەبێ خوێن"م گرته باوەش دڵم نەدەهات بەرەڵڵای بکەم هەتا له چەند کاتژمێرێکدا هەموویم خوێندەوە و پاشانیش چەندیین ڕۆژم بۆ تەرخان کرد، که بتوانم ڕوانگەیەکی لەسەر بنووسم. پێدەچێت چەند فاکتەرێک لەم بەستنەوەیەدا لەسەر من بووبێت، که لەوانەیه لەسەر خوێنەرێکی تر نەبێت، ئینجا کورد بێت یان ناسنامەی هەر نەتەوەیەکی تری لەم دونیایەدا هەبێت. چونکه کتێبەکانی باریکۆ ڕەشەبایەکن و له تەواوی جیهاندا هەڵیانکردووە. ئەو فاکتەرانەش بریتیین له جەنگ و ئاشتی، تۆڵەسەندنەوە و لێبووردن، هەق و ناهەق. "بەبێ خوێن" قسه لەسەر ڕۆحی تۆڵه دەکات له کۆتاییشدا له لێبووردنێک نزیکدەبێتەوە، که بەلێبووردنێکی شاز و ناوازە دەتوانین پێناسی بکەین. فاکتەری گەورەش لێرەدا بۆ ئەم لێبووردنه دیسانەوە وەک پیشەی هەمیشەیی باریکۆ ئەشق و سێکسه. باوکی قوربانییەکه بکووژێکی دڵڕەقی نامرۆڤ نەبووە، بەڵکوو ئەویش قوربانیی دەستی ئیدیۆلۆژیەتێک و سیستێمێک و جەنگ بووە، ئەویش دکتۆرێک بووە له یەکێک له نەخۆشخانەکاندا و فەرمانەکانی سووپا و دەستەڵاتی بەجێگەیاندووە. له جەنگدا تەنانەت خودی سەربازەکانیش قوربانیی بڕیاره نامرۆڤانەکانی دەستەڵاتن هەروەکوو ئێمه وەکوو کورد له ئەزموونی ژیانی خاکی خۆماندا بینیوومانه، له میانەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و ئێراق و له داگیرکردنی کوەیت دا. له ئێراق دا تەنانەت جەللادەکانی بەعسیش قوربانیی ئیدیۆلۆژیەتێکی زاڵی تۆتالیتاریانەی بەعس بوون، ئەو ئەدمۆزفێرەیەی کلتووری ئێراقیی تێدا دروستبووە خۆی له خۆیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو قوربانیی دەستەڵاتی زاڵ و ئیدیۆلۆژیەتی زاڵ و چینی دەستەڵاتداری زاڵە. دروسته هەر ئەو ئەدمۆزفێرەیەی کلتووری خاکی ئێراق هەمیشه و هەمیشه و جار له دوای جار ئامادەیه بۆ دروستکردنەوەی سەرلەنوێ دەستەڵاتێکی تری زاڵی نامرۆڤانه و تۆتالیتار، که سەرلەنوێ تەواوی کۆمەڵگای ئێراقیی دەکاتەوە به قوربانیی. له غەدر لێکراوێکەوە هەتا جەللادێک. دەشێت " مانوێل ڕۆکا"ی باوکی نینا له میانەی چوار ساڵی جەنگدا بەوپێیەی یاخیی نەبووە و فەرمانەکانی دەستەڵاتی بەجێگەیاندووە ڕۆڵی ئەویش وەک ڕۆڵی سەربازێک بووبێت له کووشتنی خەڵکییدا، جیاوازیی نێوان ڕۆکا و سەربازێکیش بریتییه له شوێنی کارکردنیان، سەربازێک له بەرەکانی جەنگدا و ڕۆکاش له خەستەخانەیەکدا. هەردووکیشیان دەتوانن ئەو کاره نەکەن، که دەستەڵاتێک بەسەریاندا دەیسەپێنێت، لێ دەیکەن، دەیکەن نەک بەوەی باوەڕیان پێیەتی، دەیکەن چونکه بەسەریاندا دەسەپێنن و ئەمانیش توانای وتنی نەخێریان نییه، ئەم نەبوونی توانایه ئەوانیش دەکاته قوربانیی دەستەڵاتێک، لێ له فۆڕمێکی تردا.

کاتێکیش لە " بەبێ خوێن"دا کۆتایی بە جەنگ دێت، کەسانێک پێیانوایە، کە هێشتا جەنگ کۆتایی نەهاتووە و پێویستە هەموو ئەو کەسانە بکووژرێن و لەناوبرێن، کە دەستیان لە کووشتنی خەڵکیی و ناخۆشکردنی ژیانی خەڵکییدا هەبووە، ئینجا لە کۆنە سەربازێکەوە بیگرە هەتا فەرمانبەرێکی دەوڵەت و دکتۆرێکی خەستەخانەکان. ئەمانە پێیانوایە، کە کۆمەڵگا زەوییەکی کشتووکاڵییە، کاتێک بتەوێت ئەو زەوییە بەرهەمی جوانی هەبێت پێویستە لە دڕکوداڵ پاکی بکەیتەوە، پێویستە پیسیی تێدا نەهێڵیت هەتا لە ئایندەدا تەنها گوڵی جوانی تێدابڕوێت، دەشێت ئەم تیۆرییە ئەفلاتوونانە بێت بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی ئاقڵ و پێشکەوتوو، لێ خەڵکانێک بە قازانجی خۆیان پراکتیزەی دەکەن، هەروەکوو چلۆن ئایینی مەسیحیی لەدوای مردنی عیساوە ئەقڵییەتی ئەفلاتوونییان لەناو ئایینەکەیاندا پراکتیزەکرد و ڕادیکاڵیەتێکیان هێنایە ناو ئایینی مەسیحییەوە، کە هەتا مەرگی عیسا بوونی نەبوو. لە ئایینی مەسحییدا مەرگێک وەک شەهید و ئازارچەشتن دەچنە یەک خانەوە هەریەکێکیشیان بە واتایەکی تایبەتەوە قورسایی خۆیان هەیە، لەلایەک ژیان، کە دژ بە ئازارە و ماف بە ژیان دەدات بەڵێیەکە بۆ ژیان، لەلایەکی ترەوە ئازار ژیان دەخاتە بەردەمی سکاڵایەکەوە، کە ژیان پێویستی بە دەستەڵاتێکە بۆ ئەوەی بزانرێت چ شتێک پێویستە لە ژیاندا هەقی پێبدرێت. بوونی ئازار لە ژیاندا لەلای مەسیحییەکان واتای هەبوونی ناهەقی لە ژیاندا، بەهۆی ئازارەوە ئەوانەی ناهەقن تۆڵەیان لێدەکرێتەوە، تۆ چونکە تاوانباریت چونکە ناهەقیت پێویستە ئازار بچێژیت، لێبەڵێ ئاخۆ خودی عیسا، کە لەلایەن پۆنتیۆس پیلاتۆسەوە چ سووکایەتیی پێکرا و چ ئازاردرا ناهەق بوو؟ یاخوود ئەویش هەقێک بوو ناهەق لەناوی برد؟ ئەگەر قسەکردن لەسەر ڕاستیی تاوان بێت و سزاکەشی ئازاردان بێت وەک تۆڵەلێکردنەوە ئەوا نە لەلای مەسیحییەکان نە لەلای خەڵکانی مرۆڤدۆستیش عیسا شیاوی ئەو ئازاردانە و مردنەکەی نەبوو. هەموو کووشتنی مرۆڤێک ناهەقییە دژ بە مرۆڤایەتیی.

کاتێک جەنگ کۆتایی دێت و چوار سەرباز بە مێرسیدسێکی کۆن لە مەزراکەی ماڵی دکتۆر "مانوێل ڕۆکا" نزیک دەبنەوە، کە پێیدەڵێن " ماتۆ ڕوجۆ"، ئیدی ڕۆکا هیچ خەمێکی نییە لە شاردنەوە و پاراستنی کچ و کوڕەکەی زیاتر نەبێت، ڕۆکا لە دوورەوە هەم گوێی لە دەنگی ئاوتۆمبیلەکەیە هەم دەیبینێت. لەلایەکی تریشەوە بیر لەوە دەکاتەوە، کە جەنگ کۆتایی هاتووە، پێدەچێت هیچ شتێکی جەرگبڕ ڕوونەدات. ڕۆکا "نینا"ی هەشت ساڵانەی کچی دەخاتە چاڵێکەوە و پێیدەڵێ: (لاپەڕە 9) گوێبگرە "نینا: ئێستا خەڵک دێت و نامەوێت ئەوان تۆ ببینن، پێویستە تۆ لێرەدا خۆت بشاریتەوە، باشترە لێرەدا خۆت بشاریتەوە و چاوەڕێبکەیت هەتا دەڕۆن. تێگەیشتیت؟

"نینا": بەڵێ.

ڕۆکا: پێویستە هەرلێرەدا بمێنیتەوە و بێدەنگ بیت. ڕۆکا پێشئەوەی نینای کچی جێبهێڵێت لە چاڵەکەدا هەستدەکات، کە پێش ڕۆیشتنی پێویستە شتێک بە کچەکەی بڵێت. ڕۆکا بە

نینا دەڵێ: (10) من ئەمانەم هیچ نەویستووە، هەمیشە بیرلەوە بکەرەوە، کە من نەمویستووە. ڕۆکا لێرەدا باس لەو هەموو ڕووداوانەی خەستەخانە دەکات لە کاتی جەنگدا، کە چلۆن بە فەرمانی دەستەڵات کۆمەڵێک نەخۆش و برییندار، کە حکومەت ئەوانی بە دیلی دوژمن زانیوە، فەرمانی کووشتنیانی دەرکردووە ئینجا بە هەر میتهۆدێکی مێدیسین بووبێت، یاخوود هەندێکجار جۆرە دەرمانێکیان داوە بە نەخۆش و برییندارەکان هەتا بە ئازارەوە بمێننەوە و ئازار بچێژن. لێرەدا ئەگەر دکتۆرەکان ویستیان بووبێت یاخوود نا ئەوان پێویست بووە فەرمانەکانی دەستەڵات جێبەجێبکەن. ئاخر کۆمەڵ هەمیشە قوربانیی دەستی ئەقڵیەتی شەڕانگێزانەی ئیدیۆلۆژیەت، ئایین، دەستەڵاتە. من لێرەدا دکتۆرەکانیش بە قوربانیی تەماشا دەکەم، قوربانیی دەستی ئەو ئەقڵییەتەی خاوەنی کورسیی دەستەڵاتە لەو خاکەدا. ئەزموونی جەنگی ئێران ئێراق بۆ ئێمە قووتابخانەیەکی گەورەیە، هەمانکاتیش تەواوی ئەو تراژیدیایانەی، کە لە سای سەری هەردوو گەورە دەستەڵاتی یەکێتیی و پارتی دیموکراتەوە بینیمان لە میانەی جەنگی چەند ساڵەی نێوانیان. بێژەرەکان، پۆلیسەکان، پێشمەرگەکان، خوێندکارەکان، کرێکاران، زیندانییوانەکان، کارمەندەکانی حکومەت ... هتد. ئەمانە هەموو قوربانیی ئەقڵییەتی شەڕانگێزانەی هەردوو دەستەڵاتی ناوبراو بوون، پێدەچێت هەموو ئەمانە، کە باکگراوندی بیرکردنەوەی من بوون لە خوێندنەوەی "بەبێ خوێن" دا و هاندەرم بووبێتن بۆ بەستنەوەم بەو ڕۆمانەوە، هەمانکاتیش ئەو ڕۆمانەم لە هەموو ئەو ڕۆمانانەی تری ئەلێساندرۆ باریکۆ لەلا خۆشەویستتر بووبێت، هەرچەند لەو خۆشەویستییەدا "بەبێ خوێن" و "ئاوریشم" وەک دوو ژنی جوان وەهان، کە مرۆڤ لەنێوانیاندا تەواوی هەموو تەمەنی دەستەوەستان بووەستێت و نەتوانێت واز لە هیچیان بهێنێت بۆ ئەوی تریان.

چوار سەربازەکە یەکێکیان لەلای ئاوتۆمبیلەکە دەمێنێتەوە، کە دوور لە ماڵی دکتۆر مانوێل ڕۆکاوە ڕایانگرتووە و سێ سەربازەکەی تریش بە پێ هەتا حەوشەی ماڵە جوتیارییئییەکەی، مەزراکەی، کە پێیان دەگووت " ماتۆ ڕوجۆ"، کە ماڵی دکتۆر ڕۆکایە دەڕۆن. "نینا"ی کچی مانوێل ڕۆکا لە چاڵەکەدا قاچەکانی دەنووشتێنێتەوە و ئەژنۆی دەنووسێنێت بە سنگییەوە و پێکانی دەخاتە سەریەک لەناکاو گوێی لە دەنگی فیشەکێک دەبێت و هەمانکاتیش دەنگی شکاندنی پەنجەرەیەک، کە دەبێت بە هەزار پارچەوە. لە دەرەوە دەنگێک دەڵێ: (لاپەڕە 11) ڕۆکا وەرە دەرەوە، بێ ئەقڵیی مەکە و وەرە دەرەوە. مانوێل ڕۆکا کوڕە بچکۆلانەکەی دەبینێت، بە چنگەگڕکێ دەچێتە لای و دەیپارێزێت، دەست درێژ دەکات بۆ تفەنگێک، کە لەسەر مێزەکە دانراوە و دەڵێ: (لاپەڕە 12) هەستە برۆ لێرە، لەناو تەختەکاندا خۆت بشارەوە و هیچ مەکە، ئەم تفەنگەش لەگەڵ خۆت بەرە. لە دەرەوە سالیناس، کە فەرماندەی دوو سەربازەکەیە "ئای گوڕە" و گەنجێکی بیست ساڵانە، کە بە "تیتۆ" بانگیان دەکرد ڕاوەستاون. ڕۆکا هەر کە کوڕەکەی دەبینێت لە دەرگای هۆڵەکە دەچێتە دەرەوە و خۆی دەشارێتەوە، لە پەنجەرەیەکەوە تەماشایەکی دەرەوە دەکات و پاشان دەچێتە لای پەنجەرەیەکی تر و لەوێوە تەقەیەکیان لێدەکات.

سالیناس، کە قاتێک چاکەت و پانتۆلی ڕەنگ کرێمیی لەبەردابوو خۆی دەدات بە زەوییدا و دەستدەکات بە جنێودان و دەڵێ: ئەی کوڕی قەحبە، سەر ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: حیز، گوێی لە تەقاندنی دوو فیشەکی تر دەبێت و پاشان گوێی لە دەنگی مانوێل ڕۆکایە، کە پێیدەڵێ: سالیناس قوونم بلێسەرەوە. نینا گوێی لە هەموو تەقەکردنێک و قسەکانی باوکێتی. سالیناس بە "ئای گوڕە" دەڵێ: تیتۆ چەندی پێدەچێت هەتا بچێتە ژوورەوە؟ "ئای گوڕە" شانی هەڵدەتەکێنێت و هەر بزەی دێت. سالیناس تەماشای ماڵەکە دەکات و دەڵێ: لەملایەوە قەت ناتوانین بچینە ژوورەوە، ئەگەر تیتۆ نەتوانێت ئەوە بکات، ئەوا ئێمە لە گوودا دەچەقین. "ئای گوڕە" کە دەمێکە جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێناوە و ناویەتی بە دەمییەوە ئێستا دایدەگیرسێنێت و دەڵێ: تیتۆ جوامێرێکی وریایە، ئەو دەتوانێت بچێتە ژوورەوە، دەتوانێت وەک مار دزە بکات، مرۆڤ پێویستە متمانەی پێ هەبێت. ئینجا دەڵێ: هەنووکە با کەمێک هەرا بکەین. مانوێل ڕۆکا لە پەنجەرەکەوە "ئای گوڕە" دەبینێت، کە چۆن دەستڕێژێکی دوورودرێژ دەکات. ڕۆکا بیردەکاتەوە دەڵێ: دەبێت لێرەدا بڕۆم، لێ یەکجار فیشەکەکان دەبێت بەرم ئینجا بچمە مووبەقەوە لەوێوە خۆم بکەم بە کێڵگەکەدا، ئینجا بیردەکاتەوە و دەڵێ: تۆ بڵێی لە پشتەوە کەسیان دانابێت؟ "ئای گوڕە" بێ ئەقڵە لە پشتەوە دەبێت یەکێکی تر وەستابێت، لێ لەوێوە کەس تەقە ناکات، ئەگەر یەکێکی لێ بێت ئەوا تەقە دەکات. پێدەچێت "ئای گوڕە" فەرماندە نەبێت بەڵکوو سالیناسە. ئەگەر ئەو ترسنۆکە کۆماندۆی پێبێت ئەوا شانسێکی دەرچوونم هەیە لێرەدا. سالیناس هیچ تێنگات، تۆ پێویستە لەسەر مێزی نووسینەکەت بمێنیتەوە، ئەوێ شوێنی تۆیە. قوونم بلێسەرەوە سالیناس. لەپێشدا فیشەک و پاشان پارە، پێدەچێت بتوانم پارەکەش لەگەڵ خۆم بەرم. "مانوێل ڕۆکا" خەندەیەک دێتە سەرلێوی وەک ئەوەی مژدەی توانای دەرچوونی پێدرابێت، لەبەر خۆیەوە جنێو بە سالیناس دەدات و دەڵێ: ئەم چەکە قورسەیان لەکوێ بوو وا بە سەڵییە تەقەم لێدەکەن، چەکێکی قورسیان پێیە و ئاوتۆمبیلیشیان پێیە. لەم کاتەدا "نینا" گوێی لێیە، کە ئەو چەکە دار و بەرد و پەنجەرەی ئەو ماڵە دەکات بە خۆڵ، ئاگای لە هەموو شتێکە و گوێی لە هەموو شتێکە تەنانەت دەنگی ئەو کوڕەی، کە بە باوکی دەڵێ: چەکەکەت دابنێ. (لاپەڕە 17)

مانوێل ڕۆکا ئاوڕ دەداتەوە و تیتۆ دەبینێت، کە چەند مەترێکی کەم لە پشتیەوە وەستاوە و دەمانچەیەکی بەرەوڕووی ڕاگرتووە و دەڵێ: نەجوڵێیتەوە و چەکەکەت دابنێ. لە دەرەوە دەستڕێژی نوێ دەکرێت بە ژووردا لێ تیتۆ لە جێگای خۆی ناجوڵێت، ئەو هەر دەمانچەکەی بەدەستەوەیە و وەستاوە. ڕۆکاش هەمانشێوە، کەسیان ناجوڵێنەوە هەروەکوو ئەوەی لەویادا ڕووابێتن. ڕۆکا نیوەی لەشی لەسەر زەوییەکەیە و تەماشای تیتۆ دەکات، کە بەبێ هیچ پارێزگارییەک، دیوارێک، شتێک خۆی بخاتەبەر ڕاوەستاوە. هەوڵدەدات تێبگات ئاخۆ تیتۆ منداڵێکە یاخوود جەنگاوەرێکە، ئاخۆ ئەمە هەزارەمیینجاریەتی یاخوود یەکەمیینجاریەتی، ئاخۆ ئەو دەمانچەیە لە مۆخیایەتی یاخوود غەریزەیەکە تێیدا. ئینجا دەڵێ: لەسەر خۆ ئەی گەنج لەسەر خۆ. تفەنگەکەی

وریایانە فڕێدەداتە سەر زەویی و بە شەقێک پاڵیدەنێتە ناوەڕاستی ژوورەکەوە و ئینجا دەڵێ: هەموو شت تەواوە ئەی گەنج. تیتۆ هیچ چاوی لەسەر لانابات و دەڵێ: ئارامبە ڕۆکا مەجوڵێرەوە. "ئای گوڕە" دەستڕێژێکی تر دەکات بە ژووردا و تیتۆ چاوەڕێ دەکات هەتا تەواو دەبێت ئینجا تەماشای پەنجەرەکە دەکات و دەڵێ: سالیناس گرتم دەستهەڵگرن لە تەقەکردن، پاش چاوتروکانێک دەڵێ: منم تیتۆ گرتم.
سالیناس دەڵێ: نەفرەت، گرتی. "ئای گوڕە" بزەیەک دەکات و دەڕۆن بەرەو ژوورەوە. مانوێل ڕۆکا هەوڵدەدات پشتی بنێت بە دیوارەکەوە، لەم کاتەدا بیر لە دەمانچەکەی گیرفانی دەکاتەوە ئاخۆ سواری کردووە یان نەخێر، بەدەستێک دەمانچەکە دەگرێت و دەیجوڵێنێت، کوڕەکە " تیتۆ" هیچ هەستی پێناکات. سالیناس و " ئای گوڕە" نزیکدەبنەوە سالیناس کەمێک بە چەماوەیی دەڕوات و خۆی دادەنەوێنێت، ئەویش ، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات وەکوو هەموو پیاوە جەنگاوەرەکانی دی جێگای گاڵتەجاڕیی بوو. لەناکاو دەنگی تەقەی دەمانچەیەک دێت، "ئای گوڕە" ڕادەکات و دێتە ناودەرگای ماڵەکەوە، دەبینێت تیتۆ لەویادا ڕاوەستاوە و لوولەی دەمانچەکەی بەرەوڕووی ژوورەکە ڕاگرتووە و دەڵێ: (لاپەڕە 20) هیچی ترم بۆ نەکرا دەمانچەی پێ بوو. "ئای گوڕە" تەماشای قووژبنەکە دەکات، دەبینێت ڕۆکا لەسەر پشت کەوتووە خوێن لە قوڵی دەچۆڕێت. تیتۆ دیسانەوە دەڵێ: پێموایە دەمانچەیەکی تری لە شوێنێکدا شاردبۆوە. "ئای گوڕە" دەچێتە لای مانوێل ڕۆکا، تەماشایەکی قوڵە برییندارەکەی دەکات و پاشان تەماشای دەمووچاوی دەکات و پێیدەڵێ: سڵاوت لێ بێت ڕۆکا. پێیەک دەخاتە سەر قوڵە برییندارەکەی ڕۆکا و هێز دەداتە قاچی و خوێن لە قوڵی ڕۆکا دێنێت و ڕۆکا بە ئازارەوە دەتلێتەوە. ئینجا دەڵێ: دەمانچەکە لە گیرفانیدا بووە، دادەنەوێت و دەمانچەکە هەڵدەگرێتەوە. نینای کچی مانوێل ڕۆکا ئاگای لە هەموو شتێکە و هەست بە هەموو شت دەکات، لە دڵی خۆیدا ئەم گۆرانییە دەڵێ: هەورەکان بژمێرە، کاتی خۆی دێت. ئینجا گۆرانییەکی تر، کە بە هەڵۆ دەستپێدەکات دەڵێت. لە کۆتاییدا دەست بە ژماردن دەکات لە یەکەوە هەتا "دە" لێ مرۆڤ دەتوانێت هەتا سەد و بگرە هەتا هەزاریش بژمێرێت، جارێکیان هەتاوە دوو سەد و چل و سێی ژمارد. وایهەستدەکرد، کە تۆزێکی تر هەموو شت کۆتایی دێت و ئەمیش دێتەدەرەوە و تەماشا دەکات هەتا بزانێت ئەو پیاوانە کێ بوون؟ لێ پێویست بوو هەر لە جێگای خۆی بمێنێتەوە لەسەر لا، ئەژنۆکانی نووساو بە سنگییەوە، پێڵاوەکانی لەسەریەک، ڕوومەتەکانی سڕبوو بە ساردی زەوییەکە، دیسانەوە بە دەنگێکی ناسکەوە دەستدەکاتەوە بە وتنی ئەم گۆرانییە: هەورەکان بژمێرە، کاتی خۆی دێت.
سالیناس بە مانوێل ڕۆکا دەڵێ: ئاوها مرۆڤ یەکتر دەبینێتەوە. مانوێل ڕۆکا تەماشایەکی دەکات و هیچ ناڵێت. ڕۆکا پەڕۆیەک بەدەستییەوە دەگرێت و دەیخاتە سەر برینەکەی. ئەوان ڕۆکایان لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دانابوو. تیتۆشیان لەبەردەمی دەرگاکەدا ڕاگرتبوو

بۆ چاودێریی. سالیناس جگەرەیەکی فەڕەنسیی بە دەستییەوەتی و دەڵێ: دەزانیت تۆ چەند کاتت لە من برد؟
ڕۆکا تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: تۆ شێتیت سالیناس.
سالیناس دەڵێ: سێ سەد کیلۆمەتر هاتووم، کە جێگا پێی تۆ هەڵبگرم.
ڕۆکا: پێمبڵێ چیتدەوێت ئینجا بڕۆ وەلبە.
سالیناس: چیمدەوێت؟
ڕۆکا: چیتدەوێت سالیناس؟
سالیناس قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: من تۆم دەوێت دکتۆر.
ڕۆکا: تۆ شێتیت جەنگ کۆتایی هات تەواو بوو.
سالیناس: چیی دەڵێیت؟
ڕۆکا: جەنگ کۆتایی هاتووە.
سالیناس بەسەر مانوێل ڕۆکادا دەچەمێتەوە و دەڵێ: تەواوبوونی جەنگ براوە بڕیاری لەسەر دەدات.
ڕۆکا: سەری ڕادەوەشێنێت و دەڵێ: سالیناس تۆ ڕۆمان زۆر دەخوێنیتەوە، جەنگ بۆ هەتا هەتایە کۆتایی هات، تێدەگەیت دواجار؟ " دیارە ئەم دەربڕیینەی ڕۆکا گەواهیی کاریگەریێتیی ڕۆمانی تۆڵەن لەسەر خوێنەر، کەواتە ڕۆماننووس هەمیشە هۆکاربووە لە سەوزکردنەوەی ڕۆحی تۆڵە لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا".
سالیناس: بۆ من نا بۆ تۆ نا دۆکتۆر.
ڕۆکا: هاوار دەکات و دەڵێ: دەتوانیت دەست بە قژتا بهێنیت، هەمووتان دەچنە زیندانەوە، دەتانگرن و ئیدی دەتوانن باقی تەمەنتان لە زینداندا ژەنگاویی بکەن. ڕۆکا بەسەر تیتۆدا دەقیژێنێت و دەڵێ: ئەگەر ئەوە بێنێتە پێشچاوی خۆی ئاخۆ لەپشتی شیشەکانی زیندانەوە پێیخۆشە پیر بێت، کە ئەو هەموو کاتژمێرەکانی تەمەنی لە زینداندا بژمێرێت و کێری پیاوکووژێکی قێزەون بمژێت. تیتۆ تەماشای ڕۆکا دەکات و هیچ ناڵێت. ڕۆکا دەقیژێنێت بەسەریدا و دەڵێ: ئەو گەنجە دەبەنگە و هەڵدەخەڵەتێنرێت و ژیانی لەناودەبەن. لە میانەی جەنگی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی و پارتی دیموکراتدا لیوای تایبەتی یەکێتیی نیشتیمانیی نموونەیەکی زیندووی قسەکانی ڕۆکان. تیتۆ هیچ ناڵێت و سالیناس قاقا بە قسەکانی ڕۆکا پێدەکەنێت و لە گیرفانی چاکەتەکەیدا دەمانچەیەک دەردێنێت و دەڵێ: خەمت نەبێت هیچ کەسێک پێنازانێت، تۆ لە هیچدا وندەبیت و کەسیش یەک وشە لەسەر تۆ دەرناپەڕێنێت. برادەرەکانت جێیانهێشتوویت، برادەرەکانی منیش سەرقاڵن، ئەگەر ئێمە تۆ بکووژین ئەوا ئێمە گەورەتیین چاکە لەگەڵ خەڵکییدا دەکەین. تۆ لێبوویتەوە دکتۆر.
ڕۆکا: ئێوە شێتن.
سالیناس: وتت چیی؟
ڕۆکا: ئێوە شێتن.

سالیناس: جارێکی تر بیڵێرەوە دکتۆر، حەزم لێیە، کە باسی شێت بکەیت.
ڕۆکا: قوونم بلێسەرەوە سالیناس.
سالیناس دوگمەی دڵنیایی دەمانچەکەی دادەگرێت و دەڵێ: گوێبگرە دکتۆر. چەندجار لە مێژووی چوار ساڵی جەنگدا تەقەم کردووە؟ سالیناس وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێ دووجار. حەزم بە تەقەکردن نییە، حەزم لە چەک نییە، هەرگیز نەمویستووە چەکم پێبێت. کووشتن هەرگیز ئاسوودەم ناکات. من ئەم جەنگەم لەسەر مێزی نووسینەکەمەوە دەجەنگان. " سالیناسی جرج" ئاوها منتان ناو نابوو تۆ و برادەرەکانت، هەمووشیانم یەک لە دوای یەک کۆتایی پێهێنا. سیخوڕەکانی خۆم بۆ دەناردن، ئەوان بێرێزییان بە من دەکرد، منیش کۆتاییم پێدەهێنان، ئا بەوشێوەیە چوار ساڵ کۆتایی هات. لێ لە ڕاستییدا من تەنها دووجار تەقەم کردووە، جارێکیان لە شەودا بەبێ هیچ هۆ و مەبەستێک، هەرئاوها بۆ خۆشیی تەقەم لە تارییکیی کرد، بەبێ ئەوەی نیشانە لەکەس بگرمەوە. جاری دووهەم لە دواهەمیین ڕۆژی جەنگدا بوو، ئەو دەم تەقەم لە براکەم کرد. گوێبگرە ئێمە هاتینە ئەو خەستەخانەیەوە هەتا پێش ئەوەی سووپا بگاتە ئەوێ ئێمە بتانکووژین، لێ ئێوە کەستان لەوێ نەمابوون. هەموو شوێنەکان پڕبوون لە تەختەی خەو تەنانەت لەناو داڵانەکاندا، لە هەموو شوێنێک نەخۆش هەبوو، باش بیرم دێت، کەسیان نقەیان لێوە نەدەهات، هەرگیز بیرمناچێتەوە، بێدەنگیی زاڵبوو لەویادا، هەموو تەمەنم ئەو شەوەم بیرناچێتەوە، ئەو بێدەنگییە تەواوە. ئەوانەی لە جێگادا کەوتبوون هەموو برادەرانی ئێمە بوون، هاتین ڕزگاریان بکەین، لێ ئەوان بەبێدەنگیی وەریانگرتین چونکە هێزیان نەبوو سکاڵا بکەن. ڕاست بڵێم هیچیان حەزیان لێنەبوو بژیین، نەیاندەویست ڕزگاریان بکەین، ئەمە ڕاستییە، ئێوە هەموویانتان ناقۆڵاکردبوو، کە تەنها بیانەوێت بمرن، نەیاندەویست ڕزگاربن دەیانویست بمرن. من براکەم دۆزییەوە لەناو یەکێک لەو هەموو جێگایانەدا، تەماشای کردم وەک ئەوەی بڵێیت من بێگانەیەک بم. دەمویست لەگەڵیدا قسەبکەم، لێ ئەو وەڵامی نەدەدایەوە. دڵنیانەبووم، کە منی ناسییەوە، چەمامەوە بەسەریدا و لێیپاڕامەوە، کە وەڵامێکم بداتەوە، لێیپاڕامەوە هەرشتێکم پێبڵێت، چاوەکانی بە زەقیی کرابوونەوە و هەناسەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. چەمامەوە بەسەریدا کاتێک گوێم لە دەنگی بوو دەڵێ: تکات لێدەکەم، دەنگێک لەسەر خۆ، بە خۆتووندکردنێکی لەسەرو مرۆڤانەوە، دەنگێک وادیار بوو لە جەهەننەمەوە دێت، ئەمە پەیوەندیی بە دەنگییەوە نییە، براکەم دەنگێکی کاڵی هەبوو، کاتێک قسەی دەکرد، لێ ئەو دەنگە دەنگێکی تر بوو. ئەو دەنگە لەسەرخۆ دەیگووت: تکات لێدەکەم، پاشان بۆشاییەک دەکەوتەوە و دەیگووت: بمکووژە. ( لاپەڕە 26)
پێتدەڵێم، من ویستم بیبەم لەوێ لایبەرم، هەموو شت تەواو بوو، لە ئێستاوە ژیان تەرخان دەکەم بەتەنگ ئەوەوە بێم، لێ ئەو لە جەهەننەمدا نقووم ببوو. ئەوەی ویستی بیڵێت وتی، ئیدی جارێکی دی کەوتەوە ناو خەونە ناخۆشەکانی. پێویست بوو چیی بکەم؟ بیرم دەکردەوە، کە چۆن ئەو لەوێ دەربکەم، چاوم گێڕا یارمەتیی بهێنم، دەمویست

بیبەم، لێ من لەویادا چەقیبووم نەمدەتوانی بڕۆم، نازانم چەند کات تێپەڕی ئەو کاتانەی من لەویادا وەستابووم، لێ لە کاتێکدا پێویست بوو ئاوڕبدەمەوە چەند مەترێک لەپێش خۆمدا بینیم "ئای بلانکۆ" لەتەنیشت تەختەیەکی خەوەوە ڕاوەستاوە و تفەنگێک بە شانیەوەیەتی، سەرینێکی خستە سەر دەمووچاوی ئەو گەنجەی، کە لەسەر جێگاکە ڕاکشابوو. بلانکۆ دەگریا و توووند پاڵی بە سەرینەکەوە نا، لەو بێدەنگییەدا بێجگە لە نرکە و هەناسەبڕکێی ئەو گوێت لە هیچی تر نەدەبوو. گەنجەکەی سەر جێگاکە هیچ جوڵەی لێوە نەهات، پاشان سەرینەکەی لابرد و بە تفەنگەکەی تەقەی لە چاوانی گەنجەکە کرد. دوایی من تەماشایەکم کرد و ئەویش تەماشای کردم و ویستم بڵێم ئەوە چییدەکەیت؟ لێ من هیچ دەنگم بۆ نەدەهاتە دەرەوە. لەم کاتەدا یەکێک هاتە ژوورەوە و گووتی لەشکر کەمێکی دی دەگاتە ئێرە، پێویستە پەلە بکەین. هەستم بە ونبوونی خۆم کرد، نەمدەویست هیچ کەسێک من لەو خەستەخانەیەدا ببینێت. گوێم لە دەنگی ئەوانی تر بوو، کە لە داڵانەکەوە ڕایاندەکرد و دەڕۆیشتن. سەرییني ژێر سەری براکەم دەرهێنا و کەمێک لە چاوە ترسێنەرەکانیم ڕوانی و سەرییینەکەم خستە سەر دەمووچاوی و دەستمکرد بە پاڵپێوەنانی. بەسەر براکەمدا چەمییمەوە و بە هەردوو دەست پاڵمدەنا بەسەرییینەکەوە، لەژێرەوە هەستم بە ئێسقانەکانی دەمووچاوی براکەم دەکرد لەژێر دەستمدا. دەمویست خۆم ڕابگرم و بەردەوام بم، لێ کاتێکداهات لەوە زیاتر نەمتوانی و سەرییینەکەم لابرد. تەماشا دەکەم براکەم هێشتا هەناسەدەدات وادیاربوو لە قوڵاییی جەهەننەمەوە هەناسەی هەڵدەمژی. تەماشام کرد و هەستمکرد، کە دەقیژێنم، گوێم لە دەنگی خۆم بوو، کە دەقیژێنم، لێ وەک دەنگەکە لەدوورەوە بێتە گوێم ئاوها بوو. ئابەوشێوەیە ڕوویدا، من هێشتا دەمقیژاند، کە "ئای بلانکۆ" هات لە تەنیشتمەوە وەستا و هیچی نەگووت لێ دەمانچەیەکی بەدەستییەوە بۆ ڕاگرتبووم. دەمانچەکەم لێوەرگرت و من هێشتا هەردەقیژێنم لوولەکەیم خستە سەر نێوچەوانی براکەم و هەردەقیژێنم، دەمقیژاند و تەقاندم.

تەماشام بکە ڕۆکا، پێویستە تۆ تەماشام بکەیت، لەکاتی تەواوی جەنگدا دووجار تەقەم کردووە، جارێکیان شەو و تەقەم لە کەس نەکرد، جاری دووهەمیش هەر شەو، لێ تەقەم لە براکەم کرد. دەمەوێت ئەوەشت پێبڵێم، کە من دەبێت جارێکی تریش،کە دواجارە تەقە بکەم.

ڕۆکا سەرلەنوێ دەستدەکاتەوە بە هاوار کردن و دەڵێ: من هیچ پەیوەندییم بەوەوە نییە.

سالیناس: تۆ پەیوەندییت بەوەوە نییە؟

ڕۆکا: من هیچ پەیوەندییم بە خەستەخانەوە نییە.

سالیناس: ئەوە چ بێ ئەقڵییەک دەگێڕیتەوە؟

ڕۆکا: من تەنها ئەوەم کردووە، کە فەرمانیان بەسەردا داوم.

سالیناس: ئەوە چ بەدییەک دەڵێیت؟

ڕۆکا: سوێند دەخۆم.

سالیناس: ئەوە خەستەخانەی تۆ بوو، جوامێری گوواویی.
ڕۆکا: بە سەرنجەوە، خەستەخانەی من؟
سالیناس: ئەوە خەستەخانەی تۆ بوو، تۆ لەوێ دکتۆر بوویت. تۆ بەتەنگییانەوە دەهاتیت، تۆ کووشتنت، تۆ قەلاچۆتکردن.
ڕۆکا: نا من هەرگیز نەم .....
سالیناس: بێدەنگبە.
ڕۆکا: سوێندت بۆ دەخۆم سالیناس.
سالیناس: بێدەنگبە.

سالیناس فیشەکێک دەنێت بە ئەژنۆی ڕۆکاوە. ئەژنۆی ڕۆکا وەک میوەیەکی کۆن دەتەقێتەوە، ڕۆکا لەوسەر زەوییە بە ئازارەوە دەگەزێت. سالیناس دێتە سەری و لوولەی دەمانچەکەی تێدەکات و دەڵێ: ساردت دەکەمەوە، تێدەگەیت، ساردت دەکەمەوە ئەی جوامێری گوواویی، ساردت دەکەمەوە.

ئیدی لێرەوە قسەکردن لەسەر ڕۆحی تۆڵە و دادپەروەریی دەستپێدەکات، من هەموو ئەمانەشم بۆیە ئاوها کەم تا زۆر درێژە پێداوە هەتاوەکوو خوێنەری کورد هەم ئاشنای ڕۆمانی "بەبێ خوێن" بن، چونکە دڵنیام ژمارەی ئەوانەی ئاشنای ئەدەبی باریکۆن لە پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن هەمیش وا تێنەگەن، کە باوکی "نینا" " مانوێل ڕۆکا" شایستەی ئەو مردنە بوو، نەخێر بەپێچەوانەوە هیچ کەسێک شایستەی مردن نییە هەر تاوانێکی لە ژیاندا کردبێت، مرۆڤ هەرگیز نابێت ڕێگا بەخۆی بدات لە قوربانییەوە ببێتە بکەر. هەموو کێشەی منیش لەم وتارەدا "دادپەروەریی و لێبووردنە" کێشەی من ئەوەیە، کە ئەو سنوورە کلاسیکییە توندڕەو و شەڕانگێزە تێپەڕێنین، کە تەنانەت ئەدەبیاتیشی گرتووینەتەوە. دروستە لەسەرتاسەری جیهاندا ئەدەبیات بەتایبەت ڕۆمان هەمیشە ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ درێژەدان بە زیندووهێشتنەوەی ڕۆحی تۆڵە. لێرەوە ئێمە دەبێت بەدوای ئەو گوومانانەدا بڕۆین، کە ڕۆمانی تۆڵە لە مۆدێرنێتەدا هەمیشە بە بەردەوامیی لە ئەدەبیات و ئیدیۆلۆگییدا ڕەنگدەداتەوە و دەچێتە ژیانەوە ڕۆماننووس ڕۆڵێکی گەورە لەم بوارەدا دەبینێت، نووسەر هەرچیی هەستی تۆڵەیە لە ڕۆمانێکدا دەیگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی خۆی، دۆخی ئەم تۆڵەیەش لە مێژوودایە، کە مرۆڤ لەوەتەی هەیە تێکەڵ بە کلتووری کردووە و نایەوێت بمرێت، هەتاوەکوو تۆلەش نەمرێت هیچ دادپەروەرییەکی ڕاست لەم ژیانەدا بوونی نابێت و ئاشتیی و پێکەوە ژیانیش دوور لە جەنگ و قەلاچۆکردن هەمیشە لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدا دەوەستێت. لە "بەبێ خوێن" دا باریکۆ ڕۆحێکیداوەتەوە بەر هەستی تۆڵە، کە لە دوو شێوازی جیاوازدا دوو بلۆکی قوربانیی گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەبنە بکەر، لەسەرەتادا سالیناس و هاوڕێکانی لە کۆتاییشدا نینای کچی مانوێل ڕۆکا. ئەم ڕۆحی تۆڵەیەش لە مۆدێرنێتەدا یەکێکە لەو زیانانەی، کە لەوەوە بەر کۆمەڵ کەوتووە.

"ئای گوڕە" هەنگاوێک دێتە پێشەوە، تیتۆ هەر لەناو دەرگاکەدا وەستاوە و بەبێدەنگیی تەماشا دەکات. سالیناس هەتا بێت زیاتر دەنگ هەڵدەبڕێت و هاوار دەکات بەسەر مانوێل ڕۆکادا، قاتە جلە کریمییەکەی یەکپارچە خوێنی دکتۆر مانوێل ڕۆکایە، هاوارە غەریبەکەی وادێتە بەرگوێ وەک ئەوەی بگریی. سالیناس دەڵێ: لە هەموو چوار ساڵی تەمەنی جەنگدا دووجار تەقەی کردووە، هەردووجارەکەش شەو بووە، جارێک هەر بۆخۆشیی تەقەی لە تاریکیی کردووە و جارێکیش هەر بەشەو تەقەی لە براکەی خۆی کردووە و کووشتوویەتی. ئەو دەڵێ: چوار ساڵ جەنگی لەسەر مێزی نووسینەکەیەوە جەنگاندووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ سالیناس چ کارە بووە؟ کە ئەو نە سەرباز نە جەنگاوەر بووە ئەدی چیی بووە؟ دوو جۆر کەسایەتیی لەسەر مێزی نووسینەوە توانای جەنگاندنی جەنگیان هەیە، یان سەرکردەیەکی سیاسییە و بەرنامە داڕێژیی سیاسەت و جەنگ دەکات یان نووسەرە، ئەوەی، کە لە "بەبێ خوێن"دا نادیارە ئەوەیە کەسایەتیی سالیناس تەنها بە وێنە دێتە بەرچاومان ئەو وێنانەی ئەلێساندرۆ باریکۆ لە شووبهاندنی سالیناسدا نیشانمان دەدات. لە هەردوو باروو دۆخەکەدا، کە ئەگەر سالیناس جا چ نووسەر بووبێت یان سەکردەیەکی سیاسیی، خاوەنی ڕۆحێکی تۆڵەسەنێرەوەیە سالیناس مرۆڤێکی ڕێسێنتیمۆیە، کە بەدوای خەتادا دەگەڕێت، ئەو مرۆڤێکی شۆڕشگێر و ئاشتییخواز نییە، کە ئاشتیی و دیموکراتیی بۆ کۆمەڵگاکەی داوا بکات، نەخێر ئەو مرۆڤێکە وەک بکەران، کە خاوەنی بیرێکی ڕەق و توندڕەو و ڕادیکاڵن، جیاوازیی نێوان ئەو دەستەڵاتەی، کە دیلەکانی جەنگی لە خەستەخانەیەکدا بە چەندەها دکتۆری وەک مانوێل ڕۆکا بە ئازارەوە دەتلاندەوە و داوای مردنی خۆیان دەکرد لەگەڵ بەناو شۆڕشگێرانی وەک سالیناس و نموونەکانیدا تەنها ئەوەیە ئەمان وەک فاشیست ناسرابوون و ئەوانیش وەک شۆڕشگێڕ دەنا لە جەوهەردا هەردووکیان یەک پیشەیان هەبووە ئەویش تۆڵەسەندنەوە بووە. لە کەسایەتیی سالیناسدا بە ئاسانیی ئەو ڕاستییەمان لا دەردەکەوێت، کە سالیناس چەند خاوەنی هەستی ڕێسێنتیمۆیە و هەموو خەتاکان دەخاتە پاڵ دکتۆر مانوێل ڕۆکا، نەک ئەقڵییەت و ئیدیۆلۆژیەتێک، کە تەنانەت خودی سالیناسیش چۆتە ژێر کاریگەرێتییەوە. ئەوەتا سالیناس ئۆباڵی مەرگی هەموو ئەو دیلە نەخۆشانە دەخاتە ئەستۆی ڕۆکا نەک ئەو دەستەڵاتە، لەسەرو هەمووشیانەوە مەرگی براکەی خۆی. دەکرا سالیناس ڕۆکای لە ژیاندا بهێشتایەتەوە و ئەو کێشەیەی ئاڕاستەی دەوڵەت بکردایە، لێ وەک ڕۆکا دەڵێ: جەنگ کۆتایی هاتووە، ئەو دکتۆرێک بووە فەرمانەکانی دەوڵەتی لە خەستەخانەیەکدا بەجێگەیاندووە، لێ سالیناس نایەوێت نە بەو شێوەیە بیربکاتەوە نە گوێ لەو ئارگۆمێنتانەش بگرێت. ئەو بەردەوام دەڵێ: خەتای تۆیە، کە براکەم ئازاری چەشت، خەتای تۆیە، کە براکەم مرد، هێندەشی بەتەنگ تۆڵەسەندنەوەی براکەیەوەیەتی بەتەنگ هیچ شتێکی ترەوە نییە، لێ ئەو دەڵێ: هەموو ئەوانەی بێڕێزییان پێکردووم و ناویان ناوم " سالیناسی جرج" سیخوڕەکانی خۆمم بۆ ناردوون و کووشتوومن، کەواتە سالیناس هەموو تەمەنی مرۆڤێکی بکووژ و شەڕانگێزبووە نەک مرۆڤێکی باشی شۆڕشگێڕ،

هەرچەندە ئەو دووجاریش لە ژیانیدا تەقەی کردبێت لێ بووەتە هۆی کووشتنی خەڵکیی، فەرمانی کووشتنی خەڵکیی دەرکردووە، ئەمەش لەو باوەڕە نزیکماندەکاتەوە، کە سالیناس کەسایەتییەکی سیاسیی دەستڕۆیشتوو بووە نەک نووسەر. ئینجا ئەو کۆمەڵگایەی دوای چوار ساڵ جەنگ ببێتە خاوەنی کەسایەتییەکی وەک سالیناس هەرگیز سیستێمەکەی لەوەی پێشووتر دیموکراتییتر و مرۆڤدۆستتر نابێت. خودی ئەم هەموو تۆمەتانەی، کە سالیناس دەیخاتە پاڵ ڕۆکا ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ڕۆحێکی تۆڵەسەنێرەوەی ڕێسێنتیمۆ لە سالیناسدا. هەر ئەم تۆمەت دروستکردنە ئەگەرەکوو بە گریمانێک دابنێین لە هەردوو بلۆکی باشە و ڕشەڕانگێزدا ئەوا ڕەگیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داینەمۆ بزوێنەرەی مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگای تۆڵەسەندنەوە. مرۆڤ، کە باس لە خەتای بەرانبەر دەکات، مەبەستی سەرەکیی تێیدا بانگەشەکردنی باشەی خۆیەتی و خراپەی بەرانبەر واتە: تۆ خەتاباریت من بێ گووناە، من باشم تۆ شەڕانگێز، ئەمجۆرە تێڕامانە هەستی باشێتیی ئەدات بە خودی مرۆڤی ڕێسێنتیمۆ، کە لە ڕۆمانی "بەبێ خوێن"دا لە سالیناسدا دەردەکەوێت.

لەناکاو هەموو گوێبیستی دەنگێکی سەرسووڕهێنەر دەبن، کە بە نزمیی دەڵێ: بڕۆن.
هەموو ئاوڕدەدەنەوە و دەبینن کوڕێکی بچکۆلانە لە گۆشەیەکی تری ژوورەکەوە وەستاوە. کوڕەکە تفەنگێکی بەدەستەوەیە و ڕووی کردۆتە ئەوان و جارێکی تریش بە دەنگێکی نزم دەڵێ: بڕۆن.
نینا گوێی لە دەنگی باوکێتی، کە لە تاو ئازار ئەتلێتەوە. ئینجا گوێی لە دەنگی براکەیەتی، هەرکاتێک بێتەدەرەوە لە چاڵەکەیدا دەیەوێت پێی بڵێت، کە جوانترین دەنگی هەبووە. لە ڕاستییشدا وەهایە دەنگی براکەی تەواو جوان و منداڵانەیە، ئەو دەنگەی دەیگووت: بڕۆن.
سالیناس: بۆ شەیتان ئەمە کێیە؟
"ئای گوڕە": کوڕەکەی ڕۆکا.
سالیناس: ئەوە دەڵێی چیی؟
"ئای گوڕە": ئەوە کوڕەکەی ڕۆکایە.
سالیناس: جنێوێک دەدات و دەڵێ: دەبوو کەس لێرە نەبێت، ئەمە مانای چییە ئێوە گووتتان، بێجگە لە ڕۆکا کەسی تر لێرە نییە. هاوار دەکات و نازانێت ڕووی دەمانچەکەی بکاتە کێ. تەماشای "ئای گوڕە" و تیتۆ دەکات، پاشان بە تووڕەیییەوە تەماشای منداڵەکە دەکات و دەڵێ: ئێوە بێ ئەقڵن، کەستان بە زیندوویی لێرە ناڕۆنە دەرەوە هەتا ئەو تفەنگە بەدەستی ئەو منداڵەوە بێت.
منداڵەکە بێدەنگە و تفەنگکەش دانانێت.
سالیناس دەست لە هاوارکردن هەڵدەگرێت و بە نزمیی و دەنگێکی تووڕەوە بە منداڵەکە دەڵێ: هەنکووکە بزانە باوکت چ مرۆڤێکە، عەشامێک مرۆڤی کووشتووە، هەندێکیانی یەک لە دوای یەک بە دەرمانەکانی ژەهراویی کردووە، هەندێکیان سنگی هەڵدڕیون و هەرئاوها

ئاسان وازی لێهێناون هەتا مردوون، من بەم چاوانەی خۆم دیوومە، کە چلۆن منداڵان بە مێشکێکی تێکچووە لە خەستەخانە دەهاتنەدەر، کە بە زەحمەت دەیانتوانی بڕۆن و قسە بکەن. خەڵکیی باوکتیان ناونابوو دڕندەی کێویی، کە خەڵکی بە زیندوویێتیی هەنجن هەنج دەکرد، تەنانەت خودی هاوڕێکانی خۆی ناویان نابوو دڕندەی کێویی و پێیپێدەکەنین. دکتۆر مانوێل ڕۆکا تێکشکاو لەسەر زەویی کەوتووە، بە دەنگێکی نزم دەستیکرد بە هاوارکردنی یارمەتیی، وەک ئەوەی دەنگێک لە دوورەوە بێت ئاوها بەرگوێ دەکەوت یارمەتیی، یارمەتیی، یارمەتیی ( فریامبکەون، فریامبکەون، فریامبکەون). ئەو هەستی دەکرد، کە مەرگ نزیکدەبێتەوە. سالیناس بەهیچ شێوەیەک تەماشای نەدەکرد و بەردەوامیی بەقسەکردن لەگەڵ منداڵەکەدا دەدا. منداڵەکە بەبێ تێکچوون گوێی لێدەگرت. لە کۆتاییدا سالیناس چاوەکانی بەبێ ترووکاندن دەبڕێتە چاوەکانی منداڵەکە و پێیدەڵێت: ئاخۆ تێگەیشتووە، کە ئەم پیاوە کێیە؟ کە ئەو بەڕاستی تێگەیشتووە؟ سالیناس دەست بۆ ڕۆکا درێژ دەکات وەک ئەوەی نیشانی کوڕەکەی بدات؟ ئەو دەیویست بزانێت ئاخۆ منداڵەکە تێیگەیشتووە؟

منداڵەکە هەموو ئەم شتانە دەڕنێتەوە، ئەو دەزانێت، کە چیی لە ژیان دەگات و دەڵێ: ئەوە باوکمە، ئیدی پەنجە بە تفەنگەکەیدا دەنێت و تەقەیەک دەکات، کە کەس ناپێکێت. لێ "ئای گوڕە" غەریزییانە کاردانەوەی دەبێت و دەستڕێژێک لە منداڵەکە دەکات و هەڵیدەبڕێت و دەیداتە بە دیوارەکەدا، دەیکات بە تێکەڵەیەک لە ئێسقان و خوێن. تیتۆ لە خەیاڵی خۆیدا منداڵەکە بە باڵندەیەکی فڕیوو دەزانێت، کە ڕاوچییەک تەقەی لێدەکات و دەیخاتە خوارەوە، هەربۆیە لە بیرکردنەوەی خۆیدا دەڵێ: وەک باڵندەیەکی فڕیوو. لەم تەقەکردنەدا سالیناس خۆیدەدات بە زەوییدا و لەتەنیشت ڕۆکاوە دەوەستێتەوە. بۆ چاوتروکانێک هەردووکیان تەماشای چاوی یەکتر دەکەن. لە گەرووی ڕۆکاوە هاوارێکی گڕ و ترسێنەر بەسەر سالیناسدا دێتەدەرەوە. سالیناس لە تەنیشت ڕۆکاوە هەڵدەستێت و دەڕوات و تەواوی جەستەی دەست بە لەرزین دەکات، بێدەنگیی دەکەوێتە شوێنەکەوە تەنها ئەو هاوارە ترسێنەرەی ڕۆکا نەبێت. پاش ئەوەی سالیناس تەماشای لاشەی منداڵەکە دەکات دەست و قاچ و تەواوی جەستەی دەکەونە لەرزین، تیتۆ چەند هەنگاوێک بەرەو لای دەنێت و "ئای گوڕە" بە نیگایەک نیشانە بۆ وەستانی تیتۆ دەکات.

لێرەدا دیسانەوە دەکەوینەوە قسەکردن لەسەر ڕۆحی تۆڵە و دادپەروەریی و هەستی شۆڕشگێڕانە، مرۆڤی شۆڕشگێڕ خاوەنی هەستێکی مرۆڤانە و پاکە، نەک ڕۆحێکی تۆڵەسێنەر. لەوە بگەڕێین مێژووی چوار ساڵی جەنگ چەند کارەساتی خستەوە و چەند مرۆڤ لەم ئاگری جەنگدا بوونە قوربانیی، هەموو جەنگێک لەگەڵ جەنگدا لەپێناوی هێنانەکایەوەی ئاشتییدایە، لەپێناوی ئازادیی و نەهێشتنی بکەر و قوربانییدایە. ئەو چینەی جەنگی جەنگ دەکات لەپێناوی ئاشتییدا، ئەقڵییەت و سیاسەتی دەبێت بە هەمووشێوەیەک جیاوازبێت وەک لە ئەقڵییەت و سیاسەتی جەنگهەڵگیرسێنەر و بکووژ. کووشتن بەهەرشێوەیەک بێت دەچێتە خانەی لەناوبردنەوە، کووشتنیش هەمووکاتێک

جۆرێکە لە تیرۆر. کووشتنی ڕۆکا و کوڕەکەی تیرۆرێک بوو نەک پرۆسەیەکی دادپەروەرییانە، تۆڵەسەندنەوەیەکی نامرۆڤانە و ناشۆڕشگێرانە و نائاشتییخوازانە بوو نەک دادپەروەریی. سالیناس و "ئای گوڕە" چەند خۆیان ناوبنێن شۆڕشگێڕ و نوێخواز، نوێخواز بەو واتایەی، کە ئەوان باوەڕیان پێیبوو هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی پاک دوور لە کووشتن و بڕیین و تۆقاندن، لێ ئەوان هەموویان بەتۆزقاڵ چییە هەنگاویان بەرەو دیموکراتییەت و ژیانێکی سڤیلانەی پاسیف نەناوە. دەوڵەتێکی نوێ، سالیناس لەسەر مێزی نووسیینەکەیەوە وەک دەستڕۆیشتوویەکی سیاسیی چوار ساڵ ئەو جەنگەی جەنگاندبێت هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە بە کووشتن و لەنباوبردن پێبگرێت هیچ جیاوازیی لەگەڵ ڕژێمەکەی پێشووتردا نییە، کە ئەوان بە ڕژێمێکی تۆتالیتار ناویان دەبرد. ئیدی سالیناس و "ئای گوڕە" و تیتۆ و یاوەرەکانی ئەم دەستەڵاتە نوێیە هەر بیناگەیەک بۆ کارە نامرۆڤانەکانیان بدۆزنەوە ناتوانن بە خۆیان بڵێن مرۆڤێکی تر، ئەقڵییەتێکی تر، بەپێچەوانەوە ئەوان هەمان ئەقڵییەتن لە فۆڕمێکی تردا. مرۆڤ دەبێت جیاوازیی نێوان ڕەش و سپیی، فاشست و مرۆڤدۆست بکات، وەلێ ڕەفتارەکانی سالیناس و "ئای گوڕە" هیچ جیاوازییەکی نەهێشتۆتەوە. ئەم ڕەفتارانەش هەتا سەرئێسقان خاوەنی هەستێکی شەڕانگێز و شووناسێکی تیرۆرانەی خاوەن هەستی تۆڵەسەندنەوەیە. ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕ و مرۆڤی دیموکراتخواز و مرۆڤدۆست و ئاشتییخواز بیر لە تۆڵە ناکاتەوە، بەڵکوو ئەو لەو بەرانبەرەکەی دەبوورێت، ئینجا هەر تاوانێکی بەرانبەر کردبێت، ئەو مرۆڤەی ڕۆحی لێبووردنی نەبێت هەتاوەکوو ماوە مرۆڤێکی قوربانییە، ئەگەرەکوو توانای هێشتنەوەی هەستی مرۆڤانەی خۆی لەکیسیش بدات ئەوا لە قوربانییەوە دەیکاتە بکەر هەروەکوو لە کەسایەتیی سالیناسدا دەیبینین. سالیناس لە تۆڵەی مەرگی براکەیدا بە نامرۆڤانەترین شێوە دکتۆر مانوێل ڕۆکا دەکووژێت و شانازییشی پێوە دەکات لێرەدا ڕەش و سپیی تێکەڵ بە یەکبوون، قوربانیی و بکەر تێکەڵ بەیەکبوون، فاشت و مرۆڤدۆست تێکەڵ بەیەکبوون. خوێنەری وریا ناتوانێت جیاوازیی نێوان سالیناس و دەستەڵاتە بکووژەکەی پێشوو بکات. ئەوەی بتوانێت وەک سالیناس بەو دڕندەییە باوک و کوڕێک بکووژێت دەتوانێت وڵاتێکیش کاول بکات، دەتوانێت وەک ڕژێمەکەی پێشوو سەر بە هەزارەها دکتۆری وەک دکتۆر مانوێل ڕۆکا کەچ بکات و فەرمانەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و لە خەستەخانەیەکدا سەدەها و هەزارەها کەسیان لە ڕێگا دەرزیی و دەرمانەوە پێبکووژێت. گەورەترین ڕێز لە قوربانییەکان بریتییە لە نەهێشتنی ڕۆحی تۆڵە لە خەڵکییدا، بریتییە لە نەهێشتنی سێدارە و کووشتن لە وڵاتی دوای جەنگدا.

دکتۆر مانوێل ڕۆکا هاوارێکی پیس دەکات، هاوارێک، کە هاواری مردوویەکە. سالیناس بە دەنگێکی نزم دەڵێ: بێدەنگی بکەن. لەکاتێکدا سالیناس هەوڵدەدات دانەچۆقەی خۆی ، کە وەک شێتێک ئەیدات بەیەکدا ڕابگرێت و کۆنترۆڵی بکات، "ئای گوڕە" تەماشایەکی سالیناس دەکات هەتا لێی تێبگات مەبەستی چییە لەو بێدەنگکردنە، لێ سالیناس

تەماشای سەقفی ژوورەکە دەکات و دیسانەوە دەڵێ: بێدەنگی بکەن. "ئای گوڕە" هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە، ڕۆکا لەناو خوێنی خۆیدا کەوتووە و هاوار دەکات بە دەمی ئێجگار کراوە و ترسێنەرەوە، "ئای گوڕە" لوولەی تفەنگەی دەکاتە دەمی ڕۆکاوە، لێ ڕۆکا وێڕای ئەوەی ئەو لوولە گەرمە لە دەمیدایە هێشتا هەر هاوار دەکات، "ئای گوڕە" پەنجە بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەیدا دەنێت و دوا دەستڕێژی خۆی لە جەنگدا دەتەقێنێت. سالیناس دیسانەوە دەڵێ: بێدەنگی بکەن.

نینا لە چاڵەکەی خۆیدا لەناکاو گوێی لە بێدەنگییەکی ترسێنەر دەبێت، دەستەکانی پاندەکاتەوە و دەیخاتە نێوانی ڕانەکانیەوە، خۆی گرمۆڵە دەکات و ئەژنۆکانی هەتا نزیکەی سەری دەهێنێت. بیری دەکردەوە و دەیگووت: هەرئێستا هەموو شت کۆتایی پێدێت و باوکی دێت لە چاڵەکە دەریدەهێنێت و پێکەوە ئامادەی نانخواردنی ئێوارە دەبن. بیریدەکردەوە و دەیگووت: کەس چیدی نایەوێت قسە لەسەر ئەم چیرۆکە بکات و ماوەیەکی تر بیریان دەچێتەوە. ئەمە بیرکردنەوەی ئەو بوو، چونکە ئەو کچێکی بچکۆلانەیە و هێشتا ناتوانێت بزانێت چیی ڕوویداوە. ( لاپەڕە 35)

"ئای گوڕە" لەناکاو دەڵێ: کچەکە. "ئاو گوڕە" دەست بە قۆڵی سالیناسەوە دەگرێت هەتا نەکەوێت و بە دەنگێکی نزم دەڵێ: کچەکە.

سالیناس نیگایەکی چۆڵ و ترسێنەری هەیە و دەڵێ: کام کچ؟

"ئای گوڕە": کچەکەی ڕۆکا، کە کوڕەکە لێرە بێت، پێدەچێت کچەکەش لێرە بێت.

سالیناس نەڕەیەکی لێوە دێت و پاڵێک بە "ئای گوڕە"وە دەنێت. "ئای گوڕە" دەکەوێت بەسەر مێزێکدا بۆ خۆگرتنەوە دەنا دەکەوت، قاچەکانی لە خوێنی ڕۆکادا چەقیوە و نیشانەیەک بۆ تیتۆ دەکات و دەچێتە موبەقەکەوە. کاتێک تیتۆ بەلای کوڕە کووژراوەکەی ڕۆکادا دەڕوات خۆی دەچەمێنێتەوە و پێڵووی چاوەکانی بۆ دادەخات، نەک وەک باوکێک بەڵکوو وەک یەکێک، کە ڕووناکیی دەکووژێنێتەوە، پێشئەوەی لە ژوورێک بێتەدەرەوە (لاپەڕە 36). تیتۆ بیری چاوەکانی باوکی دەکەوێتەوە، ڕۆژێک چەند کەسێک لە دەرگا دەدەن، کە پێشتر تیتۆ کەسیانی نەدیبوو، تیتۆ دەرگایان لێدەکاتەوە و بە تیتۆ دەڵێن: هەواڵێکیان پێیە بۆی، پاشان توورەکەیەکی بچکۆلانەی پێدەدەن و تیتۆ دەیکاتەوە و دەبینێت چاوەکانی باوکی تێدایە. پاشان پێیدەڵێن بڕیاری خۆت بدە لای کێ دەگریت کوڕە. ئیدی دەڕۆن و وندەبن.

تیتۆ لە پشتەوەی ئەو هۆڵەدا پەردەیەکی داخراو دەبینێت، دڵنیایی دەمانچەکەی دەکاتەوە و دەڕواتە لای پەردەکە. پەردەکە لادەبات و دەچێتە ژوورەوە تەماشا دەکات جەنجاڵییەکی زۆر لەو شوێنەدا هەیە کۆمەڵێک شت بەسەریەکدا کەوتووە، کورسیی، جانتا، سەبەتە، کە میوەی نیوە تێکچووی تێدایە و بە تووندنی بۆگەنی دێت، لێ خۆڵی سەر زەوییەکە سەرنجڕاکێشە وەک ئەوەی بڵێی پێشتر کەسێک بێرەدا تێپەڕیوە و جێگاپێکانی بەجێهێشتووە. لە ژوورەکانی تردا "ئای گوڕە" بە دەستڕێژی تفەنگەکەی لە دەرگای دیوارەکان دەدات. تیتۆ لەم دیوەوە سەبەتەیەکی میوە لادەبات و دەرگایەکی کەوتوو

دەبینێت، پێیەکی پێدا دەنێت هەتا گوێی لێبێت بزانێت چ دەنگێکی لێوە دێت، چەند سەبەتەکی تری میوە لادەبات و دەرگایەکی تری کەوتوو دەبینێت، ئەم دەرگایە بە خەملێخواردوویی بڕدراوەتەوە. تیتۆ لە پەنجەرەکی بچووکەوە تەماشای دەرەوە دەکات تەواو تەواو تاریکە ئەو هیچ هەستی بەوە نەکردبوو، کە شەو داهاتووە. بیردەکاتەوە و دەڵێ کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین. لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت و دەرگا بچکۆلانە کەوتووەکە لادەبات، لەژێریدا کچێکی بچکۆلانەی گرمۆڵەوەبوو لەسەرلا ڕاکشاوە، دەستەکانی لەنێوانی ڕانەکانیدا شاردۆتەوە، سەری کەمێک بۆ پێشەوە بۆ لای ئەژنۆکانی شۆڕکردۆتەوە و چاوەکانی کردۆتەوە. تیتۆ ڕووی دەمانچەکەی دەکاتە کچەکە و لەم کاتەدا سالیناس هاواری لێدەکات. کچەکە ئاوڕێک دەداتەوە و تەماشای تیتۆ دەکات، چاوەکانی تارییک و سەرنجڕاکێش کێشرابوو، بەبێ تێکچوون تەماشای دەکات و لێوەکانی کەمێک کراونەتەوە. بە هێمنیی هەناسە دەدات وەک ئاژەڵێک لە ئەشکەوتەکەی خۆیدا. تیتۆ هەستێکی بۆ دێت، کە ئەو هەزارەجار بەدوای چۆنێتیی وەستان لە شوێنێکی ئاوهادا گەڕاوە. ئەژنۆکانی پێچراوەن، دەستەکانی لەنێوانی ڕانیدا، قاچەکانی لەسەر یەک، کە کەمێک بەرەوپێشەوە درێژبۆتەوە، " تیتۆ" لە بیرکردنەوەی خۆیدا دەڵێ: خودایە، کە جوانە. کچەکە پێستی سپییە، لێوەکانی پڕ، ڕانەکانی لەژێر تەنوورەیەکی سووری کورتەوە دیاربوون، لە وێنەیەکی کێشراو دەچوو، هەمووشتێکی ئاوها بەو تەواویی و ڕێکوپێکییە. کچەکە ڕووی خۆی وەردەگێڕێتەوە جێگای پێشووی خۆی. تیتۆ بۆی دەردەکەوێت، کە لە ماوەی یەک خولەکی ڕابووردوودا هیچ کەسێک وەڵامێکی نەداوەتەوە، لێ "ئای گوڕە" هێشتا هەر تەقە لە دیوارەکانیماڵەکە دەکات. تیتۆ دەرگا کەوتووەکە دادەخاتەوە و دەیخاتەوە جێگای خۆی، ماوەیەک لە تەنیشتیەوە چیچکە دەکات و سەرنج دەدات، هەتا بزانێت، کە مرۆڤ لە درزی دەرگاکەوە توانای بینی منداڵەکەی دەبێت، دەیویست بیربکاتەوە، لێ هەندێکجار مرۆڤ هێند ماندووە توانای بیرکردنەوەی نییە، هەڵدەستێتە سەرپێ و سەبەتەکان دەخاتەوە جێگای خۆی دڵیشی بەخێرایی لێدەدات، (لاپەڕە 39).

دەشێت مرۆڤ بەشێتیی بزانێت، لێ نینای بچکۆلانە و تیتۆی بیست ساڵانە بەبێ ئەوەی یەک وشە لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوە، تەنها بە تەماشاکردنێک، بەس یەک نیگا و بەس، کە هەمووی خولەکێکی نەخایاند باوەڕێکی گەورەیان لەیەکتریدا دروستکرد. تیتۆ وەک بکووژێک و جەنگاوەرێکی کاتی شەڕ و دوای شەڕیش، توانی بەتەنها تەماشاکردنێکی نینا لەچاوترووکانێکدا سەرلەنوێ بەدوای خۆیدا بگەڕێت و بگاتە ئەو باوەڕەی، کە چیدی مرۆڤ نەکووژێت. نیناش وەک منداڵێکی هەشت ساڵانە، کە نیگای یەکێک لە بکووژەکانی باوکی دەکات و بە هەستێکی لێبووردنەوە دەیبەخشێت و داوای لێدەکات لە ژیاندا بیهێڵێتەوە. دەشێت ئەمە هەستێکی ئاشقانەش بێت، کە خوێنەر لەوانەیە پەی پێنەبات، دەشێت چۆنێتیی ڕاکشانی نینا و جوانییەکەی لەو شوێنەدا فاکتەرێکی گەورەبوو بێت بۆ ئەوەی تیتۆ نەیکووژێت و ئاشکرای نەکات لەلای دوو کەسەکەی دی. دەشێت ئەگەر تیتۆ

لە توانا و دەستەڵاتیدا بوایە نینای لەو چاڵە دەربهێنایە و لەگەڵ خۆیدا بیبردایە، لێ ئەمە کارێکی سەخت بوو بۆ تیتۆ هەربۆیە باشترین ڕێگا بۆ ئەو لێرەدا سەرلەنوێ شاردنەوەی نینای هەشت ساڵان بوو. ئەم بەیەکگەیشتنەی تیتۆ و نینا سەرەتای دەستپێکردنی ئەو هەستانەن لە تیتۆدا، کە پەشیمانیی پێدەبەخشێت لەو کارەی، کە ئیمشەو لەم ماڵەدا کردوویانە لانیکەم تەنها لەلای تیتۆ.

هەروەکی سەرخۆش لە ماڵەکە دێنەدەرەوە " ئای گوڕە" پاڵێک بە سالیناسەوە دەنێت پێشخۆیانی دەخات و تیتۆش بەدوایاندا دێت. لە شوێنێکدا ئاوتۆمبیلە مێرسیدسە کۆنەکە چاوەڕوانیان دەکات، بەناو دەوەن و کێڵگەکاندا دەڕۆن ڕێگا دەبڕن بەبێ ئەوەی یەک وشە لەگەڵ یەکتردا بڵێن، لەناکاو سالیناس شتێک بە "ئای گوڕە" دەڵێت و "ئای گوڕە" دەگەڕێتەوە بۆ خانووەکە، لە ڕووخساری "ئای گوڕە"دا ڕازیبوونی پێوە دەرناکەوێت لێ دەگەڕێتەوە بۆ خانووەکە. سالیناس پاڵێک بە تیتۆوە دەنێت و دەڵێ: بڕۆ بەردەوامبە. تەواوی ئەو ڕێگایە تیتۆ نەیدەتوانی بە سالیناس بڵێت، کە کچێکی بچکۆلانە لە خانووەکەدایە، ئەو ماندوو بوو هێمنیی ناوچەکەش گەورە بوو. سالیناس ڕادەوەستێت و دەلەرزێت، چیدی ناتوانێت بڕوات ڕۆیشتن بۆی قورسە. تیتۆ بە دەنگێکی نزم شتێک بە سالیناس دەڵێ، پاشان لە دوورەوە "ئای گوڕە" دەبینێت، کە بەرەوپیریان ڕادەکات، لە پشتی "ئای گوڕە"شەوە ماڵە جوتیارییەکە " مەزراکە" تارییکی دەدڕێت و دەسووتێت. لە هەموولایەکەوە کڵپەی ئاگر هەڵدەستێت و پەڵەیەک هەوری ڕەش بەسەر ماڵەوەکە دروستدەبێت. تیتۆ بە توندیی پاڵ بە سالیناسەوە دەنێت و وەکوو بەرد لەوێدا دەوەستێت و تەماشا دەکات. "ئای گوڕە" بە ڕاکردن دەگاتە لایان و بەبێ ئەوەی بوەستێت بەڕێگاوە دەڵێت: با بڕۆین کوڕە، لێ تیتۆ هیچ ناجوڵێت و دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ "ئای گوڕە" هەوڵدەدات سالیناس ڕابکێشێت و دیسانەوە دەڵێت: پێویستە بڕۆین. لێرەدا تیتۆ ملی "ئای گوڕە" دەگرێت و بەسەریدا دەقیژێنێت و دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ "ئای گوڕە" دەڵێ: هێمنبە کوڕە. تیتۆ وازناهێنێت و بەردەوام هاوار دەکات و دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ پڕ دەکات بە "ئای گوڕە"دا و وەک بووکەشووشە دەیهێنێت و دەیبات و دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ فڕێیدەداتە سەر زەویی و هەڵیدەگرێتەوە و دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ تەواوی کات هەر دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ هەتا ئەوکاتەی سالیناسیش هاوار دەکات و دەڵێ: بەسە کۆتایی. هەروەکی شێتان مامەڵە دەکەن، کە مرۆڤ لەسەر شانۆیەکی بێ ڕووناکیی بەجێیهێشتبێتن. سالیناس دەڵێ: بەسە. لە کۆتاییدا بە زۆر تیتۆ پێشخۆیان دەخەن و دەڕۆن، ئاگرەکە شەوی ئەو ناوە ڕووناکدەکاتەوە. "ئای گوڕە" لە ڕێگادا دەستێک دەخاتە سەر شانی تیتۆ و دەڵێ: سەرشێت تەواو هەموو شت تەواو. لێ تیتۆ کۆتایی پێناهێنێت، ئەمجارە هاوار ناکات بەڵکوو بە دەنگێکی نزم تەواوی ڕێگاکە دەڵێ: لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟ لەبۆ شەیتان ئەوە چیتکرد؟

هەتاوەکوو ئێرە ئەگەر خوێنەر پێیوابێت دکتۆر مانوێل ڕۆکا شایستەی مەرگی خۆی بووبێت و ئەمە تۆڵەیەکە پێویستە لێیبکرێتەوە، ئەوا ئەو خوێنەرە هێشتا دیلی دەستی ئەقڵییەتی تۆڵەسەندنەوەیە، کە چاوی ئەویش تەنها تاوان و تۆڵە دەبینێت، ئەو ئەقڵییەتە نابینێت، کە داینەمۆی هەڵسووڕاندنی مەکینەی تاوان و تۆڵەیە. باکگراوندی بیرکردنەوەی خوێنەری کورد وەک تاکی نەتەوەیەکی بدەست و ستەمدیدە و جینۆسایدکراو هەمیشە بریتییە لەو بزەیەی، کە لەکاتی تۆڵەسەندنەوەدا لە خوێندنەوەی ڕۆمانی تۆڵەدا دێتەبەرچاومان. ڕۆمانی "بەبێ خوێن"یش یەکێکە لە ڕۆمانەکانی تۆڵە، کە خودی ئەلێساندرۆ باریکۆش ئەگەر لە ئاگاییدا بێت یان نائاگایی بەشداربووە لە پرۆسەی سەوزکردنەوەی ڕۆحی تۆڵە لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا، چ نەبێت ئەلێساندرۆ باریکۆ ئەم ڕۆمانەی بۆ یەکەمیناجار لە ساڵی 2002 دا لە مایلاند بە پەیڤی ئیتاڵیی بڵاوکردۆتەوە. ئەو لێبووردنەی "نینا" لە "تیتۆ" هیچ پەیوەندیی بە هەستی لێبووردنەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بەو هەستی ئەشقەوە هەیە، کە نینا لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەیەکەم تەماشای تیتۆدا هەیبووە. هەروەکوو لە کۆتاییشدا دەردەکەوێت، ئەو کاتەی نینا و تیتۆ دەچنە هۆتێلێکەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەک بخەون، نینا بە تیتۆ دەڵێ: من هەر ئەو دەمە حەزمدەکرد هەڵمبگریت و بمبەیت لەگەڵ خۆتدا. کەواتە ئەگەرەکوو نینا لە منداڵیی خۆیدا ئاشقی تیتۆ نەبوایە، ئەوا لە کۆتاییدا ئەویش وەکوو سالیناس و "ئای گوڕە" بە ڕۆحی تۆڵەی نینا دەکووژرا. دەشێت لێرەدا باریکۆ لە ڕێگای خۆشەویستیی و سێکسەوە هەنگاوێکی نابێت بۆ لێبووردن، لێ نەیتوانیوە هەستی لێبووردن بەبێ ئەشق و سێکس لەو ڕۆمانەدا دروستبکات، لێ لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی گەورەیە، کە لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا چیدی نووسەر نەبێتە جوتیاری چاندنی ڕۆحی تۆڵە لە کۆمەڵدا. دەشێت نووسەری کورد قازانجێکی باش لە "بەبێ خوێن" بکات ئەویش بەوەی باریکۆ نزیکماندەکاتەوە لەوەی چلۆن فێربین بەرانبەرەکانمان لە کارە دزێو و شەڕانگێزییەکانیان ببوورین بەبێ ئەوەی خۆمان وەک ئەوانمان لێبێت. پرۆسەی داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمریکاوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێراق باشترین نموونەن بۆ ئەو ڕاستییە، کە لەو خاکەدا هەمیشە قوربانییەکان بوونەتە بکەر و ئاکاریش ئەوانیش بوونەتە بکەرێکی نوێ و جێگای بکەرەکانی پێشوویان گرتۆتەوە بەشێوەیەک شتگەلێکی نامرۆڤانە و نادادپەروەرییانەی وەها هاتۆتەکایەوە، کە لە سەردەمی پێشوودا بوونی نەبووە. ڕزگاریی قوربانیی تەنها لە لێبووردندایە هەتاوەکوو ئەو مرۆڤە چیدی خۆی وەک قوربانیی تەماشا نەکات، تەنانەت خودی تۆڵەسەندنەوەش کەسی قوربانیی لە ئازارە دەروونییەکان ڕزگار ناکات، بەڵکوو ئەو هەموو ژیانی دیلی دەستی بیرکردنەوەیە لە کارەساتەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی باری دەروونیی و دواکاتیش دەبنە هۆی پەیداکردنی چەندیین نەخۆشیی تر لەو مرۆڤەدا و دەرئەنجامیش بێجگە لە مەرگ هیچ شتێکی تر چاوەڕوانی ناکات. دەشێت جیهان سیستێم و یاسایەک بۆ تاوانکاران دابنێت، کە هەم سزای خۆیان وەربگرن هەمیش نەپێویست بکات ئەشکەنجە

بدرێن نە بشکووژرێن. دەبێت ڕۆژێک دابێت ئەقڵییەتی مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستە و کۆتایی بە کلتووری شەڕ و کووشتن بهێنرێت. دەبێت ڕۆژێک دابێت، کە نووسەر لەبری ئەوەی ببێتە خواوەندێک و ڕۆح بکاتەوە بە گیانی شپرزەی تۆڵەدا، بێت ڕۆح بکات بە بەری گیانی مردووی لێبووردندا. ئیدی ئەمە سەرەتایەک دەبێت بۆ کۆتاییهێنان بە ڕۆحی تۆڵە لە مرۆڤدا.

سێ ڕۆژ لەدوای سووتانی مەزراکەی ماڵی مانوێل ڕۆکا " ماتۆ ڕوجۆ"، پیاوێک دەستێک جلکی شڕ و زۆر پیسی لەبەردایە بە سواری ئەسپێکەوە دێتە مەزرا سووتاوەکەوە. ئەسپەکەش پیر بوو، تەنها پێست و ئێسقان بوو. چاوەکانی شتێکی هەبوو، هەربۆیە مێش بەدەوری ئەو زەرداوەدا دەخولانەوە، کە لە چاوەکانییەوە دەڕژایە خوارەوە. سەرەتا پیاوەکە لە حەوشەی مەزراکەدا ڕادەوەستێت و تەماشای چواردەوری خۆی دەکات، هەر بە سواری ئەسپەکەوە سەتڵی "بیر"ی ئاوەکە دەگرێت و فرێیدەداتە خوارەوە شڵپە لە ئاوەکە هەڵدەستێنێت، تەماشایەکی خانووەکە دەکات، دەبینێت کچێک لەسەر لێواری دیوارێک دانیشتووە و بەبێ خۆ تێکدان تەماشای پیاوەکە دەکات، تەنوورەیەکی سووری لەبەردایەوە و لە هەموولایەکیدا سووتاویی و برینی پێوەیە. پیاوەکە سەتڵەکە هەڵدەکێشێتەوە سەرێ تەماشا دەکات ئاوەکە یەکپارچە ڕەشە، ئاوەکە بە کەوچکێک تێکدەدات، لێ ڕەشییەکە هەر لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە و ناڕوات، کەمێک ئاو بە کەوچکەکە هەڵدەگرێت و دەیبات بۆ دەمی و قومێکی لێدەدات، پاشان تەماشایەکی ئاوەکە دەکاتەوە و قوومەکەی ناودەمی فڕێدەداتە دەرەوە. دەچێتە ئەوبەرەوە بۆ لای کچەکە، کچەکە سەری بەرز دەکاتەوە هەتا تەماشای بکات، لێ وادەردەکەوێت هیچ قسەیەکی نەبێت بۆ کردن. پیاوەکە سەرەتا بۆ ماوەیەک سەرنج لە چاو، لێو، قژی کچەکە دەدات، پاشان دەستێکی بۆ درێژ دەکات، کچەکە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەستی پیاوەکە دەگرێت ئەویش سەری دەخاتە سەر پشتی ئەسپەکە و لە پشتی خۆیەوە دایدەنێت. سەرەتا ئەسپەکە دووجار سەری خۆی هەڵدەبڕێت وەک ئەوەی ناڕازیی بێت بە سەرخستنی کچەکە، ئینجا پیاوەکە دەنگێکی لێوەدێت و ئەسپەکە بێدەنگ دەبێت و دەڕۆن. لەکاتێکدا مەزراکە بەجێدێڵن لەژێر خۆرێکی گەشدا کچەکە نێوچەوانی دەنێت بە پشتی پیسی پیاوەکەوە و خەوی لێدەکەوێت( لاپەڕە 43).

لێرەدا "ویست"ی کچێکی هەشت ساڵانە تەنها مانەوەیەتی لە ژیانیدا، ئەو بەلایەوە گرنگ نییە ئەو کەسەی دەستی بۆ درێژ دەکات بیهێنێتە سەر پشتی ئەسپەکەی کێیە؟ ئەوەی بۆ ئەو گرنگە دەستێک هەیە، کە هەڵیدەگرێت و دەهێڵێت بژیی. نینا هێند شەکەتە ئەوپەڕی باوەڕ دەدات بەو ئەسپ سوارە و بەدڵنیاییەکی گەورەوە وەک ئەوەی نێوچەوانی بنێت بە پشتی باوکییەوە ئاوها بوو، گرنگ ئەوەیە ئەو ئارام دەنوێت و کەسێکیش هەیە ئەو باوەڕی پێیەتی، کە ئاگای لێدەبێت و دەیپارێزێت. نینای بچکۆلانە منداڵێکی قوربانییە لێرەوە هەتا دواهەناسەی ژیانی دەبێت کار لە کێشە دەروونییەکانی خۆیدا بکات، ئاکاریش هێندەی لێبووردنێک ئاسوودەی دەکات، تۆڵەسەندنەوەی نەیتوانیوە بیکات.

لێبووردنێک، کە ڕەچەڵکی دەگەڕێتەوە بۆ حەزلێکردنێکی منداڵیی لە ئەدمۆزفێرەیەکی تەواو تراژییدا، لێ هەستێکی تەواو کاریگەر بۆ حەز و خۆشەویستییەکی قەدەغە. هەروەکوو حەزلێکردنەکەی نێوان "یان" و "مۆڕمیی" هەشت ساڵانە لە ڕۆمانی خاکێک لە شووشەی باریکۆدا، لێ لە فۆڕمێکی دیدا. مانەوەی نینا چەند لەپێناوی سەندنەوەی تۆڵەی باوک و براکەیدا بووە، هێندەش لەپێناوی دیتنەوەی تیتۆدا بووە وەک یەکەمیین حەزلێکردووی. مرۆڤ هەموو تەمەنی لە گەڕانێکدایە بەدوای پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ژیانی خۆی، زۆرینەی ئەو بۆشاییانەی مرۆڤیش کەوتوونەتە سەردەمی منداڵیی و هەرزەیییەوە، کە لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت لە کاتی خۆیدا نەیانتوانیوە پڕی بکەنەوە، ئاخر بۆیە ئاکار مرۆڤ وەک ئەوەی بە دەوری بازنەیەکدا بخولێتەوە لە کات و سەردەم و تەمەنێکی تردا سەرلەنوێ دەگاتەوە سەر ئەو خاڵەی سەردەمانی منداڵیی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو کارەی، کە لە منداڵییدا پێویست بووە بیکات و لێ لەبەر هەرهۆیەک بووبێت بۆی نەکراوە.

پەنجا و دوو ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێدەپەڕێت، نینا دەبێتە ژنێکی پیر و لەبەردەم ترافیکێکدا ڕاوەستاوە هەتا سەوز بێت. ترافیکەکە سەوز دەبێت و نینای پیرەژن بە جادەکەدا دەپەڕێتەوە ئەوبەر، تەماشای زەویی دەکات، کە هێندە نابێت باران خۆشیکردۆتەوە و جادەکە وەک ئاوێنە دەبریسکێتەوە. نینای پیرەژن کەشخە خۆی گۆڕیوە و شیک بە ڕێگادا دەڕوات. لە ڕێگادا هەروەک ئەوەی لەویادا ڕووابێت بۆ ماوەیەک ڕادەوەستێت. هەروەک ژنێک، کە خۆشەویستەکەی لەویادا بەجێیهێشتبێت، بەهیچ شێوەیەک نەتوانێت لێکدانەوەی لەسەر بکات. پاشان بڕیار دەدات، کە بەدەستە ڕاستی ئەو ڕێگایەدا بڕوات، لە ڕێگادا تەماشای پەنجەرەی دوکانەکان دەکات، شاڵێکی لە ملیەوە ئاڵاندووە، وێڕای پیرییەکەی وێنەی گەنجێک قنج و ڕاست دەڕوات، قژە سپییەکەی لە دواوە هەروەک کچێک بە شانەیەک بەستووە. لە دوکانێکی ئەلێکترۆنیک نزیکدەبێتەوە و تەماشای تێلێڤیزیۆنەکانی دەکات بە دیوارێکەوە، کە بێهەستانە هەموویان لەسەر یەک کەناڵی هەواڵەکان دانرابوون. دەڕوات چەند جادە و گۆڕەپانێک تێدەپەڕێنێت هەتا دەگاتە لای "گەلەریی فلۆرێنسیا" ڕادەوەستێت و بۆ ماوەیەک سەرنج لە ڕووناکیی ئەو ناوە دەدات، کە لەناو گەلەرییەکەوە هەڵکراوە، تەماشای سەرەوە دەکات و لەسەر "لەوحە، شاشە"ی دەرگاکە دەگەڕێ بۆ شتێک، لێ نایدۆزێتەوە. چەند هەنگاوێک دەنێت و دەچێتە ناو گەلەرییەکەوە، پاشان دەچێتە لای پیاوێک، داوای لێبووردنی لێدەکات و پرسیار دەکات: ئاخۆ ئەم شوێنە ناوی چیی بێت؟ پیاوەکە وەڵامی دەداتەوە و ئەویش سووپاسی دەکات و دەڵێ: بەهیوام ئێوارەیەکی گەلێک خۆشت هەبێت، پیاوەکە خەندەیەکی بۆ دەکات و ئەویش بەناو گەلەریی فلۆرێنسیادا دەڕوات. پاش کاتێک لە دووری بیست مەتر لە پێش خۆیەوە کیۆسکێک دەبینێت. کیۆسکێک، کە لۆتۆی تێدا دەفرۆشرێت. کەمێکی تر دەڕوات و چەند هەنگاوێک پێش کیۆسکەکە ڕادەوەستێت و تەماشای فرۆشیاری لۆتۆکە دەکات، کە دانیشتووە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، ڕۆژنامەکەی لەسەر کۆمەڵێک ئەکت لەبەردەمی خۆیدا

دانابوو، دیوارەکانی کیۆسکەکە هەمووی شووشە بوون تەنها دیواری پشتەوە نەبێت، لە ناوەوە فرۆشیارەکە و کۆمەڵێک لۆتۆی ڕەنگین، کە لەسەرەوە شۆڕکراونەتە خوارەوە دەبینرێت، لەپێشەوە دەلاقەیەکی بچکۆلانە هەبوو، لێرەوە فرۆشیارەکە لەگەڵ خەڵکییدا قسەی دەکرد. ژنەکە چەند تاڵێک قژی سەری ڕووخساری هەڵدەداتە پشتەوە، ئاوڕ دەداتەوە و ماوەیەک تەماشای کچێکی گەنج دەکات، کە عەرەبانەیەکی منداڵان لە دوکانێکەوە دەهێنێتە دەرەوە. جارێکی دی تەماشای کیۆسکەکە دەکاتەوە و لە کیۆسکەکە نزیک دەبێتەوە و لە دەلاقەکەوە دەڵێ: ئێوارەت باش.

ئیدی زەنگەکانی تۆڵەسەندنەوە و ڕەشەبای ترسێکی گەورە لە مەرگ، کە ساڵانێکی دوور و درێژە وەک سێبەر دوای "تیتۆ" کەوتبوون و لێینەدەبوونەوە. هەنووکە لە دوای پەنجا و دوو ساڵی ڕەبەق لەیەک چاوترووکاندا لەبەردەمی تیتۆدا قووتبوونەوە. ئەوەی هەرگیز تیتۆ بە خەیاڵیدا نەیەت لێبووردنێکە لەلایەن نیناوە. هەر ئەو کاتەی پیاوەکە سەری لەسەر ڕۆژنامەکەی بڵند دەکاتەوە و دەیەوێت شتێک بڵێت بەرانبەر بە ئێوارە باشەکەی ژنەکە، لێ کاتێک دەمووچاوی ئەو ژنە دەبینێت، هیچ ناڵێت و تەنها تەماشای ژنەکە دەکات.

ژنەکە دەڵێ: دەمەوێت یانسبێک بکڕم. پیاوەکە سەرێک دادەنەوێت و شتێک دەڵێت، کە هیچ پەیوەندیی بە باسەکەوە نییە، " دەمێکە چاوەڕێ دەکەیت"؟

ژنەکە دەڵێ: نەخێر بۆچیی؟

پیاوەکە سەری خۆی ڕادەوەشێنێت و بەردەوامیی بە قسەکردن دەدات و پاشان دەڵێ: ئاساییە ببوورە.

ژنەکە دەڵێ: یانسیبێکم دەوێت.

پیاوەکە ئاوڕ دەداتەوە و دەست درێژ دەکات بۆ لۆتۆکان، کە لە پشتی خۆیەوە هەڵواسرابوو. ژنەکە دەستنیشانی ڕیزێک دەکات، کە درێژتر بوو لەوانی دیکە و دەڵێ: ئا لەوەیان، جەنابت دەتوانیت دانەیەکم لەو ڕیزە بۆ لێبکەیتەوە.

پیاوەکە دەڵێ: ئا لەم ڕیزە؟

ژنەکە: بەڵێ.

پیاوەکە لۆتۆکە لێدەکاتەوە و تەماشایەکی ژمارەکەی دەکات و سەرێکی ڕەزامەندیی بۆ دەلەقێنێت و دیخاتە سەر تەختەی نێوان خۆی و ژنەکەوە و دەڵێ: ژمارەیەکی باشە.

ژنەکە دەڵێ: دەڵێی چیی؟

پیاوەکە هیچ وەڵامناداتەوە. پیاوەکە هەروەکوو لە ڕووخساری ژنەکەدا بۆ شتێک بگەڕێت ئاوها دەردەکەوت. ژنەکە دەڵێ: گووتت ژمارەیەکی باشە؟ پیاوەکە ئاوڕێک دەداتەوە بۆ ڕیزەکەی پشتەوە و دەڵێ: بەڵێ ژمارەکەت دوو هەشتی تێدایە لە سیستێمی کۆکاندا.

ژنەکە: ئەمە واتای چییە؟

پیاوەکە دەڵێ: ئەگەر تۆ لە ناوەڕاستدا خەتێک ڕابکێشیت ئەوا کۆکان لە ڕاستی ژمارەکانەوە هەمان گەورەییان هەیە، کە لە چەپدا هەیە، ئەمەش بەختە.

ژنەکە دەڵێ: لەکوێ دەزانیت؟
پیاوەکە دەڵێ: ئەوە پیشەمە.
ژنەکە خەندەیەک دەکات و دەڵێ: تۆ ڕاستدەکەیت، پارەی لۆتۆکە دەخاتە سەر تەختەکە بۆی و دەڵێ: بەڕێزتان کوێر نین.
پیاوەکە دەڵێ: چۆن بە یارمەتیی؟
ژنەکە دەڵێ: بەڕێزتان کوێر نین وانییە؟
پیاوەکە دەست بە پێکەنین دەکات و دەڵێ: نەخێر کوێر نیم، سەیرە، بۆچیی دەبێت کوێر بم؟
ژنەکە: هەمیشە زۆرینەی یانسیبفرۆشەکان کوێرن.
پیاوەکە: بەڕاستیی؟
ژنەکە: پێدەچێت هەمیشە نەبێت لێ بە بەردەوامیی. بەڵام پێموایە ئەو خەڵکانە پێیانخۆشە، کە کوێرن.
ژنەکە: نازانم، لێ پێموایە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە بەخت کوێرە، ئینجا بە جوانترین شێوە دەستدەکات بە پێکەنین، لە کۆتاییدا دەڵێ: بەڵام تۆ شتێکی تریت.
پیاوەکە دەڵێ: کوێر نیم، لێ پیرم.
ژنەکە دەڵێ: تەمەنت چەندە؟
پیاوەکە دەڵێ: حەفتا و دوو ساڵ. لێ من ئەم کارە بەخۆشییەوە دەکەم و هیچ کێشەم لەگەڵیدا نییە. بە دەنگێکی نزم و هێمنییەوە دەڵێ: کارێکی باشە.
ژنەکە خەندەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: بەدڵنیاییی، من نەمویست هیچ شتێک لەو بارەیەوە بڵێم.
پیاوەکە: کارەکەمم بە دڵە، من لەوەیان دڵنییام.
ژنەکە یانسیبەکە دەخاتە جانتا ڕەشە کەشخەکەیەوە، وەک ئەوەی بییەوێت شتێک کۆنترۆڵ بکات یان تەماشا بکات ئاوها بەوشێوەیە تەماشایەکی دواوەی خۆی دەکات، هەتا بزانێت ئاخۆ خەڵکیی لەدوایەوە ڕاوەستاون یان نا؟ لەبری ئەوەی خوداحافیزیی بکات و بڕوات لە کۆتاییدا دەڵێ: ئاخۆ ئارەزووتان هەیە لەگەڵمدا بێن شتێک بخۆینەوە؟
پیاوەکە لەم کاتەدا پارەکە دەکاتە دەغیلەکەیەوە و دەستەکانی لە هەوادا ڕەق دەبن و دەڵێ: من؟
ژنەکە: بەڵێ.
پیاوەکە دەڵێ: ناتوانم. من دەبێت لێرە لە کیۆسکەکەدا بمێنمەوە، من لێرە کەسم نییە دایبنێم.
ژنەکە دەڵێ: تەنها بۆ یەک گڵاس.
پیاوەکە: بمبەخشە بەڕاستیی ناتوانم.
ژنەکە سەرێک دادەنەوێنێت وەک ئەوەی بڵێی، تێگەیشتبێت، کە کاتی نییە، لێ پاشان دەچەمێتەوە و کەمێک لە پیاوەکە نزیکدەبێتەوە و دەڵێ: تکایە وەرە لەگەڵم.

پیاوەکە دەڵێ: تکات لێدەکەم. لێ ژنەکە دووبارەی دەکاتەوە. زۆر سەیر بوو، پیاوەکە ڕۆژنامەکەی قەد کرد و هەستا لەسەر کورسییەکەی، چاویلکەکەی دادەگرێت و دەستدەکات بە داخستنی کیۆسکەکەی، پاڵتۆیەکی تەنک لەبەردەکات و دەچێتە لای ژنەکە و دەڵێ: من ئامادەم. ژنەکە خەندەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ: هیچ بیرێکت هەیە، کە بۆ چ شوێنێک بتوانین بڕۆین؟ پیاوەکە دەڵێ: ئا لێرەوە کافێیەک هەیە، کە مرۆڤ بتوانێت بەبێ ئەوەی بێزاری بکەن دابنیشێت قسە بکات. دەڕۆن و دەگەنە لۆکاڵەکە لەلای مێزێکی بچکۆلانە بەرانبەر بەیەک دادەنیشن. دوو گلاس شەراب داوادەکەن و ژنەکە پرسیار لە بارمەندەکە دەکات ئاخۆ جگەرەیان هەیە؟ پاشان جگەرەیەک دەکێشێت و دەستدەکەن بە قسەکردن و گێڕانەوەی بەسەرهات، لە کۆتاییدا پیاوەکە دەڵێ: من دەزانم ئێوە کێن و بۆچییش هاتوون بۆ ئێرە.

ژنەکە هیچ وەڵامناداتەوە، بەڵکوو چاوەڕوان دەکات و پاشان دەمی دەکاتەوە و دەڵێ: لە ساڵانێکی زۆری پێش ئێستادا، تەماشای دەکرد، کە چلۆن سێ پیاو دڵساردانە و دڕندانە باوک براکەیان کووشت، من تاکە کەسێک بووم لەوان، کە بە زیندوێتیی مامەوە. ژنەکە بە بەتەنگەوەچوونێکەوە تەماشای پیاوەکەی دەکرد، لێ کەس نەیدەزانی بیر لە چیی دەکاتەوە.

پیاوەکە دەڵێ: تۆ هەتا ئێرە هاتوویت بۆ گەڕان بەدوای مندا. زۆر هێمنانە قسەی دەکرد، بەهیچ شێوەیەک تێکنەچووبوو، پاشان دەڵێ: ئێستا منت دۆزییەوە. ماوەیەک بێدەنگیی دەکەوێتە نێوانیانەوە و پاشان ژنەکە دەڵێ: کاتێک من کچێک بووم ناوم "نینا" بوو، لێ هەموو ئەم شتانە لە ڕۆژێکدا کۆتاییان هات، ئیدی هیچ کەسێک بەو ناوەوە بانگی نەکردوومەتەوە. هەنووکە کۆمەڵێک ناوی ترم هەیە، لێ ئەوانە چیرۆکێکی ترن.

لە سەرەتادا بیری ماڵێکی هەتیوانم دەکەوێتەوە و هیچی تر نا، لەوێدا پیاوێک هات ناوی " ڕیکاردۆ ئوریبە" بوو، منی لەگەڵ خۆیدا برد، ئەو دەرمانخانەوان بوو لە گووندێکی بچکۆلانەدا، نە ژنی هەبوو نە منداڵ وە نە خزم و کەس، هیچی نەبوو. ئەو بەو خەڵکەی دەگووت، کە من کچی ئەوم، ئەو تازە چووبووە ئەو گووندەوە، خەڵکەکە باوەڕیان پێدەکرد. بە ڕۆژ دەبوایە لە پشتەوەی دەرمانخانەکەدا بمامایەتەوە. هەرکاتێک مشتەریی لەوێ نەبوایە، وانەی پێدەگووتمەوە. من نەمدەزانی ئەو بۆچیی نەیدەهێشت بڕۆمە دەرەوە و دەیگووت: ئەوەی پێویست بێت بیزانیت، دەتوانیت هەمانشێوە لای من فێربیت. پێویست بوو هەمیشە لە تەنیشتیەوە ڕابکشێم، من سەرم دەخستە کۆشیەوە و گوێم لێدەگرت، شتی سەیر و سەمەرەی لە سەردەمی جەنگدا دەگێڕایەوە، پەنجەکانی بە قژمدا دەهێنا لە پێشەوە هەتا سەرێ و بەپێچەوانەشەوە، من لەژێر پانتۆڵەکەیەوە هەستم بە کێری دەکرد، پاشان نێوچەوانی ماچدەکردم و دەنووستم. من ژوورێکی تایبەتی خۆم هەبوو، یارمەتیشمدەدا هەم لە دەرمانخانەکەیدا هەم لە کاری ماڵەوەدا، پیاوێکی بەڕێز دیار بوو، لێ هەمیشە دەترسا، ترس لە شتێک، کە من نەمدەزانی چییە. ئێوارەیەکیان چەمایەوە و ماچی ناودەمی کردم، لەکاتی ماچکردنمدا دەستی لەژێر تەنورەکەمەوە دەبرد

بۆ ناوگەڵم و بە هەموو شوێنێکیدا دەهێنا، لێ من هیچم نەدەکرد. پاشان پشتی تێدەکردم و دەستی دەکرد بە گریان و داوای لێبووردنی لێدەکردم، لە چاوترووکانێکدا بەتەواوی دەگۆڕدرا و شێوەیەکی دی هەبوو، لێ من هیچ تێنەدەگەیشتم بۆ؟ پاشان گووتی من زاوایەکم هەیە بۆت، گەنجێک لە " ڕیۆ گالڤان"ەوە، گووندێکی دراوسێمان بوو، کوڕێکی بەنا بوو، هەرکات تەمەنم ئامادە بوایە دەبوو من شووی پێبکەم. بۆ یەکشەمەی داهاتوو لەسەر جادە چاوم پێیکەوت، جوامێرێکی جوان بوو، گەورە و باریک، تەواو باریک، زۆر سست دەجوڵایەوە پێدەچوو نەخۆش بێت یان شتێک لەو بابەتە، سڵاومان لەیەک کرد و پاشان ڕۆیشتینەوە بۆماڵەوە. ئەمە چیرۆکێکە وەک ئەوانی دی چ پێویست دەکات گوێت لێی بێت؟ "لاپەڕە 58"

چەند مانگێک دوای ئەمە لە ئێوارەیەکی زمستاندا " ئوریبە" چوو بۆ "ڕیڤیرا" ڕیڤیرا، شوێنێک بوو خەڵکیی تێیدا بۆ یاریی بەخت و قومار تێیدا کۆدەبوونەوە، "ئوریبە" هەموو هەفتەیەک دەچوو بۆ ئەو شوێنە هەموو جارێکیش لە هەمان ڕۆژی هەفتەدا ئەویش هەینیی بوو. ئەو ئێوارەیە "گراف" لەسەر بێستانی پرتەقاڵەکەی خۆی قومار دەکات، کە پێیدەڵێن " فاتسێندا بێلسیتۆ" قومارچییەکانی تر هەموو دەستدەگێڕنەوە. لەم بەینەدا ژنەکە بە پیاوەکە دەڵێ: تۆ قومار دەکەیت؟ پیاوەکە دەڵێ: نەخێر. ژنەکە دەڵێ: دە کەواتە ئاسان نییە تێتبگەیەنم. پیاوەکە دەڵێ: هەوڵبدە. ژنەکە دەڵێ: هەر تێناگەیت. پیاوەکە دەڵێ: قەیدی نییە. هەریەکێکیان هەناسە ڕادەگرن و هێمنییەک باڵی خۆی دەسەپێنێت، کە کەسیان لێی تێناگەن. پاشان ژنەکە بە ڕوونکردنەوەوە دەڵێ: فاتسێندا بێلسیتۆ جوانتریین بێستانی ئەو ناوچەیەیە بێستانێک لە پرتەقاڵ و کووخێک، کە لێوەی مرۆڤ دەیتوانی تەماشای ئۆقیانووس بکات. لێ "ئوریبە" دەڵێ: من هیچم نییە، کە هێند بەهای هەبێت وەک بێلسیتۆ، کارتەکانی دەخاتە سەر مێزەکە و لێرەدا "گراف" دەڵێ: دەتوانیت لەسەر دەرمانخانەکەت یاریی بکەیت، ئینجا دەستدەکات بە قاقا و پێکەنینێکی زۆر بەدوایدا پیاوانی دەوری دەستدەکەن بە پێکەنین. "ئوریبە" خەندەیەک دەکات و دەستێکیشی هێشتا بە کارتەکانیەوەیەتی، "گراف" دیسانەوە بە ڕاستییەوە چاوەکانی لە چاوەکانی "ئوریبە" دەبڕێت و دەڵێ: خۆ تۆ کچێکی جوانت هەیە. "ئوریبە" سەرەتا هیچ تێناگات، هەست بە هەموو ئەو چاوانە دەکات، کە لە دەوری تێیدەڕوانن، لێ هێشتا ناتوانێت بیر لە قسەکەی گراف بکاتەوە. گراف بۆ تێگەیشتنی "ئوریبە" کارئاسانییەک دەکات و دەڵێ: فاتسێندا بێلسیتۆ بەرانبەر بە کچەکەت. گراف کارتەکانی بە هەڵاوگێڕاوی لەبەردەمی "ئوریبە"دا دادەنێت. "ئوریبە" بەبێ ئەوەی دەستکاری کارتەکان بکات چاوێکی پێدادەخشێنێت و پاشان کارتەکانی خۆی دەخاتە سەر کارتەکانی گراف و من دەدۆڕێنێت. هەرهەمان ئێوارە "گراف" منی لە ماڵی ئوریبە هەڵگرت و بردمی بۆ لای خۆی، شتێکی ئۆقرەلێهەڵگیراوی کرد و پاشان شەش دانە مانگ ڕاوەستا هەتاوەکوو من ببم بە چواردە ساڵ و دوایی مارەی کردم، سێ منداڵم لێی هەبوو. لە نێوانی لێکداوانی ژنەکەدا کافتریاکە هەتابێت خەڵکیی زیاتر ڕووی تێدەکەن و قەرەباڵغتر دەبێت، بەشێوەیەک، کە مرۆڤ پێویستە بە دەنگی بەرز

بدوێت هەتا لەیەکتریی بگەن. پیاوەکە بە ژنەکە دەڵێ: شێوازێکی سەیرت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا هەیە هەروەکوو ئەوەی باسی ژیانی کەسێکی تر بکەیت و بەبێ ئەوەی خەمی پێبخۆیت. ژنەکە دەڵێ: بەپێچەوانەوە خەمی زۆر پێدەخۆم، بیری بچووکترین شتی ڕابووردی خۆم دەکەم، لێ ئەم قسەیە بە تۆنێکی ڕەقەوە دەڵێ، بەبێ دەرکردن بە مێلانکۆلیی و خەمۆکیی. "لاپەڕە 61"

بێگوومان ئەمەش لێرەدا ورە و توانای کەسایەتییەک دەردەخات، کە ژیانێکی جیا ژیابێت بەدەر لە نۆرماڵییەتی ژیانی هەرکەسێکی تر، ژیانێک لە قەیرانێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و مۆراڵییدا. ئەوە بەس "نینا"یە لە ڕۆمانی بەبێ خوێن دا، توانای ئەو ژیانەی هەبووبێت، هەموو ئەو چارەنووسانەی، کە هاتبێتە ڕێگای وەک قوماریک، وەک زارهەڵدانێک گەمە پێکردبێت و لێ هێشتا خاوەنی کەسایەتییەکی ئازاد و بوێرە نەک کۆیلە و ترسنۆک، خاوەنی "ویست"ێکە بەرەو خۆسەپاندن و دەستەڵات و لێبووردن نەک "ویست"ێک ڕازییبوون بە کۆیلەیی، ژێردەست و بەجێهێنەری فەرمانەکان. نینا کچی ڕاستەقینەی "ئوربیە" نەبوو، هەربۆیە ئاسان لە قوماریکدا دەیدۆڕێنێت، نیناش ئاسان داواکەی پەسەند دەکات، لێ لەم قۆناغە تازەیەشدا دیسانەوە نینا هێشتا هەر کەویی نەبووە بەڵکوو لە قۆناغی چارەنووسی خۆیدا دەژیی، ئەو خاوەنی بەڵێیەکە بۆ ژیان لە هەر شێواز و قۆناغێکی ژیانی خۆیشیدا ویستێکە بەرەوە دەستەڵات، هەر ئەم ویستەش وەهای لە نینا کرد، کە سامانی بەجێماوی گرافی مێردی لە سەندنەوەی تۆڵەدا خەرج بکات. ویستی نینا مانەوە بووە لە ژیاندا بەهەر نرخێک بێت لەپێناوی تۆڵەسەندنەوەدا.

لەم کاتەدا پیاوەکە " تیتۆ" بیر لە مردنی سالیناس دەکاتەوە، کە دوو ساڵ دوای کووشتنی مانوێل ڕۆکای باوکی نینا مرد، بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە، پاشان دەنگێک پەیدابوو گوایە دکتۆرەکەی دەرمانخواردی کردووە، کە مانگانێکی درێژ بە ئازارەوە هێشتوویەتییەوە ئەوسا کووشتوویەتی. لە کۆتاییدا دەردەکەوێت، کە ئەو پیاوە ڕیکاردۆ ئوربیەی هاوڕێی مانوێل ڕۆکایە، کە پێکەوە لە سەردەمی جەنگدا دەرمانێکیان دژی "تا" و "کێم" دۆزیبووە و پارەیەکی زۆریان لێ قازانج کردووە. هەرئەم ڕیکاردۆ ئوربیەیە نینای کچی مانوێل ڕۆکا دەگرێتە خۆی و ژیانی دەپارێزێت.

ژنەکە واتە "نینا" تەماشایەکی پیاوەکە دەکات و دەڵێ: ڕاستە، کە جاران تۆیان بە تیتۆ بانگ دەکرد؟ تیتۆ سەرێک بە بەڵێ دادەنەوێنێت. نینا دەڵێ: باوکمت دەناسیی؟ ماوەیەک بێدەنگیی و پاشان تیتۆ دەڵێ: دەمزانی ئەو کێیە. نینا دەڵێ: ڕاستە، کە تۆ یەکمجار تەقەت لە باوکم کرد؟ تیتۆ سەری دەلەقێنێت. نینا دەڵێ: ئەمە واتای چیی؟ تۆ بیست ساڵ بوویت، تۆ لە هەموویان گەنجتربوویت، هەمووی ساڵێک بووە دەستتکرد بوو بە شەڕ، "ئای گوڕە" تۆی وەک کوڕی خۆی تەماشا دەکرد. پاشان نینا دەڵێ: ئاخۆی بیری ئەو ڕۆژەی دێتەوە؟ "لاپەڕە 63"

پاش تێڕامانێکی زۆر لە ڕووخساری نینا تیتۆ دەکەوێتە قسە و دەڵێ: ساڵانێکی دوور و درێژ پرسیارم لە خۆم دەکرد، ئاخۆ دەبێت چیی بکەم؟ لێ ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە من هەتاوەکوو ئێستا نەمتوانیووە لەمبارەیەوە قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەم. "لاپەڕە 64" لێرەدا ئەم دەربڕینەی تیتۆ ڕاماندەکێشێت بۆ باسێک، کە شیاوی قسەلەسەر کردنە، بەوپێیەش، کە هەموو تاکێک لەم جیهانە گەورەیەدا خاوەنی نهێنییەکە، هەموو نهێنییەکیش پێویستی بە کەسێک هەیە هەتاوەکوو خۆی لا ئاشکرا بکات، چونکە مرۆڤ لەپێش هەموو شتێکدا پێویستی بە باوەڕپێکردن هەیە لە کەسێکدا ئەوسا دەتوانێت نهێنییەکانی خۆی لا ئاشکرا بکات، بەختەوەر ئەو کەسەیە، کە کەسێکی هەیە ئەو نهێنییانەی لا دەدرکێنێت، بێبەختیش ئەو کەسەیە، کە کەسی دەستناکەوێت، نەبوونی ئەم کەسەش دەبێتە هۆی نانەوەی زیاتر کێشەی دەروونی لەو مرۆڤەدا، ئیدی ئەو نهێنییانە لە چەکمەجەی داخراوی کەسایەتییەکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و مرۆڤیش هەموو تەمەنی دەبێت بەو ڕێبوارەی، کە پێویستدەکات تەواوی جیهان بگەڕێت هەتاوەکوو کەسێک بدۆزێتەوە جێگای باوەڕی ئەو بێت بۆ درکاندنی ئەو نهێنییانە. زۆر لەو نهێنییگەلانەش جۆرێکن، کە باسکردنیان ئاسان نییە، چونکە ژیانی خاوەن نهێنییەکە هەم دەخاتە مەترسییەوە هەم گوومانی لەسەر پەیدا دەکات. بۆ نموونە کاتێک زیگموند فرۆید بیر لە نووسینی شیکردنەوەی دەروونیی لەسەر خود دەکاتەوە بەتایبەت لە گرێی ئۆدیپ دا لە پانزدەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1897 دا نامەیەک بۆ "فلیس"ی هاوڕێی دەنووسێت و تێیدا دەستنیشانی ئەو ڕاستییانە دەکات، کە تەنانەت حەزلێکردنی دایکی و ڕقلێبوونی باوکیشی لەلای خۆی دۆزیوەتەوە. فرۆید لە نامەکەیدا ئەم هەستە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی هەستێکی خۆشەویستیی لەبۆ دایکی هەیە، خۆشەویستییەک لە دەرەوەی سنووری خۆشەویستییەکی نۆرماڵی منداڵ بۆ دایک، بەڵکوو خۆشەویستییەک لە دونیای جووتبوون و سێکسدا، هەمانکاتیش هەستکردن بە لێبوونەوەی ڕقێک بەرانبەر بە باوکی هەستکردن بە دروستبوونی گرژییەک لەنێوان خۆی و باوکیدا لەسەر خۆشەویستیی دایکی. فرۆید دەڵێ: کاتێک منداڵ دەگاتە قۆناغی تەمەنی چوار بۆ پێنج ساڵ ئەم هەستە سێکسییەی بۆ دایکی لەلا دروستدەبێت هەمانکاتیش ڕقبوونەوە لە باوکی، لێ ئەم ڕقلێبوونەوەیەش ترسێکی لەلا پەیدا دەکات، کە چاوەڕێی تۆڵەی باوکی دەکات لێی. بۆ کچان بۆچوونێکی دی هەیە، کاتێک کچ هەمان هەستی خۆشەویستیی و سێکسی بۆ دایکی هەیە، تووشی نیگەرانیی دەبێت، ئەویش بەوەی ئەویش هاوڕەگەزی دایکێتی واتە مێینەیە نەک نێرینە، کچ لێرەدا تاوانی نەبوونی کێری دەخاتە ئەستۆی دایکی هەربۆیە ڕوودەکاتە باوکی و بەنیازی سکپڕکردنی و پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی کێر، " 2، لاپەڕە 31 و 32". بێگوومان دیارە "فلیس" تاکە هاوڕێیەک بووە بۆ فرۆید، کە باوەڕێکی وەهای پێهەبووبێت هەتا بتوانێت ئەو نهێنییانەی خۆی لەلا ئاشکرا بکات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە هەموو مرۆڤێک لە فۆڕمێکی جیاوازدا خاوەنی نهێنییەکە درکاندنیشی دەشێت هەم زیان هەم قازانجی پێبگەیەنێت.

تیتۆ دەڵێ " لاپەڕە 65": لە سەرەتادا بێگوومان قسەم لەسەر ئەمە نەدەکرد، چونکە دەترسام، لێ لە پاشاندا بە تێپەڕبوونی کات شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات چیدی خەڵکیی بەتەنگ جەنگەوە نەبوون، خەڵکیی دەیانویست تەماشای پێشەوە بکەن، ئەوەی، کە ڕوویدابوو کەس هەقی پێوە نەبوو، وادەردەکەوت هەموو شت کۆتایی پێهاتبێت. منیش لە کۆتاییدا بڕیارمدا هەموو ئەم شتانە لەبیر خۆمبەرمەوە و بە ئارامیی لێیگەڕێم، هەتا ئەوکاتەی ئەوەم بیست، کە کچەکەی مانوێل ڕۆکا لە ژیاندایە و لە یەکێک لە گووندەکانی باشووردا شاردراوەتەوە. من نەمدەزانی چۆن بیرلەو شتە بکەمەوە، بۆ من مەحاڵ بوو باوەڕبکەم، کە ئەو کچە لەو جەهەننەمەدا لە ژیاندا مابێت، لێ لە منداڵاندا مرۆڤ نازانێت. لە کۆتاییدا کەسێک ئەو کچە دەبینێت و سوێند دەخوات، کە خۆیەتی. ئیدی لێرەدا تێگەیشتم، کە ئەم مێژووە هەرگیز لێم ناگەڕێ ئارام بم. هەڵسەنگاندنی ئەمەش قورس بوو بۆ من، کە ئاخۆ لە مێشکی منداڵێکی ئاوهادا چ باسە؟ گەورەکان بیریان هەیە و دادپەروەریی لە هەستیاندایە و زۆرجاریش بیر لە تۆڵە دەکەنەوە، لێ کچێکی بچکۆلانە چیی؟ ماوەیەکی زۆر دەمگووت هیچ شتێک ڕوونادات، لێ دوایی سالیناس بەوشێوە سەیر و سەمەرەیە مرد. لەم کاتەدا نینا بەبێ خۆتێکدان گوێیدەگرت، تیتۆ دەڵێ: ئاخۆ پێویست دەکات بەردەوام قسە بکات؟ نینا دەڵێ: تکایە بەردەوام قسە بکە. تیتۆ دەڵێ: لەدوای جەنگ وڵات هەتا دەهات بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، لێ لە ڕاستییدا زۆر کەس جەنگیان خستە پشت خۆیانەوە و کەچیی نەیانتوانی بەتەواوەتی پێ لەسەر ئەم خاکە بەختەوەرە توووند بکەن، منیش یەکێکم لەوانە. "لاپەڕە 66"

لێرەدا قسە لەسەر جەنگ و کردنی بە مێژوو لە ژیانی چ تاک چ کۆدا پێویستی بە ڕامانێکی قوڵی فەلسەفیی هەیە. هەموو ئەو مرۆڤانەی خاوەنی ڕۆحی تۆڵەن، خەتاکارن، قوربانیین هەرگیز ناتوانین لە مێژووی جەنگ خۆیان ڕزگاربکەن، ژیان و سەردەم هەرچەندە بەرەوپێشەوە بڕوات ئەوان هێشتا هەر لە مێژوودا دەژین، هێشتا بیر لە تۆڵەسەندنەوە دەکەنەوە، هێشتا چاوەڕوانی ئەوەن تۆڵەیان لێبکرێتەوە، هێشتا هەست بە ئازارەکانی غەدر و چەوساندنەوە و ئازاردانیان دەکەن. سەربازە پیرەکانی جەنگی جیهانی دووهەم لە تەواوی ئەورووپادا بەڵگەی سەلمێنراوی ئەم ڕاستییە دەروونییەن. من بەشبەحاڵی خۆم هەموو ئەو ڕیپۆرتاژانەی، کە لەسەر شاشەی تێلێڤیزیۆنەکانی ئەڵمانیاوە بینیوومە ئەو ڕاستییەیان لەلا دروستکردووم، کە ئەو مرۆڤانە هێشتا لە ڕابردوودا دەژین، هەندێکیان وەک بکەر بگرە هەتاوەکوو ئێستا شانازیی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن، هەندێکیان وەک بکەر پەشیمانن لێی، هەندێکیان وەک قوربانیی هەتاوەکوو ئێستا، کە بیر لەو ڕۆژگارانە دەکەنەوە هێشتا هەر دەگریین، ڕابردوو هەتاوەکوو ئێستا قەت نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەمانە بێت. گەورە نووسەری ئەڵمانیی گوونتەر گراس لە 11.08.2006 لە ڕۆژنامەی " ئەلگیمانە تسایتوونگ"ی فرانکفۆرتییدا بۆ یەکەمیینجار لە مێژووی ژیانی خۆیدا باسی لەو ڕۆژگارانە کرد، کە تێیدا سەربازی "ئێس ئێس"ی دەستەڵاتی نازیی بووە لە ساڵی 1944 دا. هەرچەندە ئەم ڕاستیی درکاندنە

لەلایەن گوونتەر گراسەوە هەرایەکی گەورەی نایەوە، لێ گوونتەر گراسیش پێویستی بەوە بووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ڕاستیی و نهێنییانەی چەندیین ساڵە لەناو خۆیدا حەشاری داوە ئاشکرای بکات بۆ خەڵکانی تریش، ئینجا بێگوومانم لەوەی، کە گراس خۆی باش زانیوویەتی ئەم نهێنیی درکاندنە هەرایەکی گەورەی بۆ پەیدا دەکات. گراس لێرەدا هەوڵیداوە لە ڕابردوو دەرباز بێت، هەوڵیداوە مێژوو دەستبەرداری ببێت ئەگەرەکوو ئەم نهێنیی درکاندنە زیانی بە خەڵکییش گەیاندبێت لێ گراس هەوڵیداوە لەم نهێنیی درکاندنەدا قازانجێک بە ڕۆحی خۆی بگەیەنێت. لە ڕاستییشدا هەتاوەکوو چەند گوونتەر گراس توانیوویەتی خۆی لەو قەیرانە دەروونییە ڕزگار بکات تەنها خودی گونتەر گراس دەتوانێت وەڵام بداتەوە، کە من باوەڕم نییە گراس توانیبێتیی بۆ هەمیشەی خۆی لە دیلێتیی ڕابردوو ئازادکردبێت. نموویەکی دی خاوەن ماڵەکەی خۆم بوو، کە هەتاوەکوو کۆتایی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی 2006 لە شاری ئاوگسبوورگ من کرێچیی بووم. ئەو جارێکیان کارەساتێکی سەردەمی منداڵیی خۆی بۆ گێڕامەوە، کە چۆن لە کاتی ڕووخاندنی دەستەڵاتی نازییەکاندا ئەمان ماڵیان لە بەرلین بووە، ئەو دەم ئەم تەمەنی هەشت نۆ ساڵانێک بووە کاتێک سەربازەکانی بەرەی یەکگرتوو دێنە ژوورەوە پەلاماری دایکی دەدەن و بەڕیز یەک لە دوای یەک دەستدرێژیی سێکسیی دەکەنەسەر و ئەمیش دەبێت بێدەستەڵاتانە تەماشای هەموو ئەو سەربازانە بکات، کە لاقەی دایکی بەپێش چاوی خۆیەوە دەکەن. خاوەن ماڵەکەی من هێشتا هەر قوربانییە چونکە دیلی مێژوو و کارەسات و ڕابردووە، ئەو دەمەشی ئەمەی بۆ من دەگێڕایەوە فرمێسک لە چاوەکانی دەباری.

تیتۆ لە درێژەی قسەکانیدا بۆ نینا باس لە جێبێهەڵگرتنی "ئوریبە" دەکات، کە چلۆن لەدوای مردنی سالیناسەوە چوونەتە لای و تاوانباریان کردووە بە کووشتنی سالیناس و بە ڕاکێشانی بۆ بەردەمی دادگا ترساندوویانە. تیتۆ دەڵێ: دەبوو ئەو دەمی دابخستایە، چونکە هیچ دادگایەک نەیدەتوانی ئەو زیندانیی بکات، لێ ئەو دەترسا و خۆی ونکرد، کچەکەی بۆ گراف بەجێدەهێڵێت و دەڕوات وندەبێت. "دە" ساڵ دوای ئەم کارەساتە "ئوریبە" لەیەکێک لە گووندەکانی سەرسنووردا دەمرێت و لەپاش خۆی نامەیەک بەجێدەهێڵێت، کە تێیدا نووسراوە: " من هیچم نەکردووە و خودا هەموو دوژمنەکانی بەرەو جەهەننەم بەڕێدەکات".

هەموو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد، کە گراف ئەو کچە ونبکات، تێیانگەیاندبوو، کە دەبێت ئەو کچە بکووژێت، لێ نەیکووشت و هێشتا لای خۆی شاردیەوە. جارێکیان گووتی: پێویست ناکات خەم لەو کچە بخۆن، کەچیی مارەی کرد. مانگانێکی دوور و درێژ هیچ کەسێک لەو ناوچەیەدا باسی لەوە نەدەکردەوە، پاشان خەڵکەکە هیچ بیرێکی لەوبارەیەوە نەدەکردەوە. ئەو کچە سێ منداڵی پێشکەش بە گراف کرد، هیچ کەس ڕووخساری ئەوی نەدەدی خەڵکی ناویان نابوو " دۆنا سۆل" ئەمە ناوی گراف بوو بۆ ئەو گراف ئەم ناوەی لێنابوو. خەڵکیی شتی سەیر و سەمەرەیان لەسەر دەگێڕایەوە، دەیانگووت لەدوای "ئوریبە"وە قسەی لەگەڵ کەس نەکردووە تاکە وشەیەک چییە

نەیگووتووە، پێدەچێت ئەمە نەخۆشییەک بێت، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچیی، کەچیی خەڵکیی لێدەترسان.
نینا پێدەکەنێت و بەدەستێتک قژی بۆ دواوە هەڵدەداتەوە. لە نێوەندا نینا و تیتۆ خواردنێک داوا دەکەن و پێکەوە نان دەخۆن. پاش ئەوەی نینا تکا لە تیتۆ دەکات، کە شتێک لەسەر ئەو ڕابردووە باس بکات، تیتۆ دەڵێ: جارێکیان سواری شەمەندەنەفەر بووم و ڕۆیشتم بۆ " بێلسیتۆ" ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەم شتانەدا تێپەڕیبوون و دووربووم لەو خەڵکانەوە، کە بە تیتۆ بانگیان دەکردم. وامدەزانی ئیدی توانیوومە جەنگ تێپەڕێنم و تەنها یەک شت ماوە بیکەم. من سواری ئەو شەمەندەنەفەرە بووم و چووم بۆ بێلسیتۆ هەتا چیرۆکی ئەو کچە بچکۆلانەیە بۆ گراف بگێڕمەوە. ئەو دەیزانی من کێم، ئەو کەسێکی ڕووخۆش بوو. ئەو منی بردە کتێبخانەیەکەوە و خواردنەوەیەکیشی دامێ و لێیپرسیم ئاخۆ ئەو دەتوانێت چلۆن یارمەتیم بدات؟ من گووتم بیری ئەو شەوەت دێت لە " ماتۆ ڕوجۆ"؟ ئەو گووتی: نا. من گووتم: شەوەکەی مانوێل ڕۆکا. ئەو گووتی: من نازانم تۆ باسی چییدەکەیت. ئەو بەدڵنیاییەوە قسەی دەکرد، ماوەیەک قسەمان لەسەر کار و سیاسەت کرد پاشان بە کوڕێکدا منی گەیاندە وێستگەی شەمەندەنەفەر. من بیرم دێت چونکە ئەو تازە تەمەنی چواردەساڵان بوو، کەچیی ئاوتۆمبیلی دەهاژووشت. نینا دەڵێ: کارلۆس. تیتۆ دەڵێ: نازانم بیرم نایەت ناوی چیی بوو. نینا دەڵێ: ئەو کوڕە گەورەکەمە، کارلۆس. تیتۆ دەڵێ: پێش ئەوەی بێلسیتۆ بەجێبهێڵم بەو داڵانە درێژەدا دەڕۆیشتم، کە پڕبوو لە دەرگای داخراو، من بیرمدەکردەوە و دەمگووت لەپشتی یەکێک لەم دەرگا داخراوانەوە ئەو کچەی تێدایە، کە من بەخۆشییەوە بۆ جارێکی دی دەمەوێت ببینم، هیچم نییە پێیبڵێم، لێ حەزدەکەم ڕووخساری ببینم.
لێرەدا هەست بەو خۆشەویستییە دەکەین، کە هەر لە سەرەتاوە لەنێوانی نینا و تیتۆدا وەک بکەر و قوربانیی دروست بووە. هەڵەن ئەوانەی پێیانوایە، کە نینا وەک کچە قوربانییەک هەروائاسان لە تیتۆی بکەر دەبوورێت، هەڵەن ئەوانەی پێیانوایە، تەنها جارێک خەوتن لەگەڵ تیتۆدا دەبێتە هۆی لێبووردن لێی. چونکە هیچ سێکسێک بەبێ هەبوونی هەست ئاوها ئاوێتە نابێت، هیچ قوربانییەکیش نییە بتوانێت لەگەڵ بکەرەکەیدا سێکس بکات ئەگەرەکوو هەستێکی خۆشەویستیی لەبۆی نەبێت. دەشێت زۆرجار بکەر بەبێ ویستی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیی بکاتە سەر کچێک، ژنێک، منداڵێک ... هتد، لێ هەرگیز قوربانییەک بە ویستی خۆی بەبێ هەبوونی هەستێکی خۆشەویستیی و ئاشقبوون ناتوانێت لەگەڵ بکەرێکدا سێکس بکات. هەر ئەم ئاشقبوونە لەسەرەتاوە وەها لە تیتۆ دەکات نینا لەو چاڵەدا ئاشکرا نەکات، هەر ئەم ئاشقبوونە وەها لە نینا دەکات تەنها تیتۆ لە ژیاندا بهێڵێتەوە و بیبوورێت لە تاوانەکەی، ئەوە ئەشق و خۆشەویستییە تیتۆی لە مەرگ ڕزگار کرد نەک تەنها سێکسێکی ئەبستراکت، ئەوە ئەشق و خۆشەویستیی بوو وەهای لە تیتۆ کرد نینای هەشت ساڵانە لەو چاڵەدا ئاشکرا نەکات و نەکووژێت، نەک بێ ئەقڵیی سەربازێکی بیست ساڵانە و بەزەییی.

نینا و تیتۆ زۆر بە باوەڕەوە قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، نینا بەشێوەیەک خۆی گۆڕیی بوو سەرنجی تیتۆی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، هیچ کامێکیان ئەڵقەیان لەدەستدا نەبوو، خەڵکیی دەیتوانی وەک دوو ئاشقی دێریینە تەماشایان بکات یان وەک خۆشک و برایەک، لەم کاتەدا نینا پرسیار لە تیتۆ دەکات ئاخۆ چیی لەسەر ئەو دەزانێت، لێ هەمان پرسیار لە دڵ و بیری تیتۆدا بوو لە نینای بکات. هەنووکە تیتۆ دەستی بە قسەکردن کرد، زۆر بە ئاگایانە و بە خۆشحاڵییەوە قسەیدەکرد، لەوانەیە چەندیین ساڵ چاوەڕێی کردبێت هەتاوەکوو دەرفەتێکی ئاوهای بۆ بڕەخسێ بۆ گێڕانەوەی هەموو شت. لە کافتریایەکدا، کە سێ مۆسیقار لە گۆشەیەکیدا مۆسیقا دەژەنن.

دەبینین دیسانەوە ئەلێساندرۆ باریکۆ دەمانبەستێتەوە بە مۆسیقاوە، لە ئەدەبێکی ئاوهادا، کە تەرخانیکردووە بۆ قسەکردن لەسەر جەنگ و تۆڵە لەدوای حەفتا و سێ لاپەڕە قسەکردن لەسەر کارەساتێک لە گۆشەیەکی بچکۆلانەی کافتریایەکدا باس لە مۆسیقایەک دەکات، کە سێ مۆسیقاژەن هەندێکجار ساختە لە "تاکت"ی ژەنینیدا دەکەن و مۆسیقایەک بە دەنگێکی نزم پێشکەش دەکەن. هەندێکجاریش هەندێک مۆسیقا، کە چارەکێکیان لەبەرکردووە بە دەنگێکی گەورە پێشکەش دەکەن. لە "بەبێ خوێن"دا باریکۆ بە تەوسەوە بە کەمێک گاڵتەپێکردنەوە باس لە مۆسیقای جۆرە مۆسیقاژەنێک دەکات، کە تەنها دەنگە دەنگیان لێوە دێت و چیدی نا، ئەو مۆسیقا ژەنانەی لە جۆرە باڕ و کافتریایەکی ئاوهادا ئێواران بڕێک پارە وەردەگرن و کەمێک دەنگە دەنگ پێشکەش دەکەن، دەنا چ شتێک بەرهەم ناهێنن پێیبگووترێت مۆسیقا. ئەمجۆرە مۆسیقاژەنانە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا نەک تەنها لە کافتریایەکی ئاوهادا بگرە لە میدیاکانیشماندا بەم ڕۆژگارە مێشکیان بردووین بە دەنگە دەنگ. چەند جوانە مرۆڤ گوێ بۆ مۆسیقایەکی جاوید شل بکات و لەگەڵ نۆتەکانیدا لە دەریای ئەو ئاوازانەدا مەلە بکات، چەند کارەساتیشە کاتێک مرۆڤ ناچار دەبێت گوێ بۆ دەنگە دەنگ شل بکات و گوێی مۆسیقیی خۆی هەراسان بکات. دیارە باریکۆ دەیتوانی مۆسیقایەکی جاویدیش بکاتە ئەو کافتریایەوە هەتاوەکوو گفتووگۆی نێوان نینا و تیتۆ ڕۆمانسییتر بکات، لێ ئەو بەئەنقەست سێ مۆسیقاژەنی دەنگە دەنگکەر دادەنێت، هەتا وەکوو ناتەواوییەک لە ئەدمۆزفێرەی دوئێلی پاش پەنجا و دوو ساڵ دیتنەوەی یەکدیی نێوان نینا و تیتۆدا دروست بکات. ئەمە ڕەوشتی باریکۆیە لە هەر ڕۆمانێکیدا بەجۆرێک باس لە مۆسیقا دەکات، لە نۆڤەچێنتۆدا باس لە لوتکەی جاویدیی مۆسیقا دەکات، لە ئاوریشم دا مۆسیقایەکی سادە لە نایت کلاپێکدا، لە خاکێک لە شووشەدا دیسانەوە باس لە مۆسیقایەکی جاوید دەکات، وا لە بەبێ خوێنیشدا باس لە مۆسیقایەکی تەقەتەقکەر دەکات. لە هەرکێک لەو ڕۆمانانەشدا بەدەر لە نۆڤەچێنتۆ بەشێوەیەکی قوڵ باس لە سێکس و ئەشق و خۆشەویستییەکی قەدەغەش دەکات، لە هەریەکێکیشیاندا کاریگەرێتیی خۆی لەسەر خوێنەری ڕاستەقیینە بەجێدەهێڵێت، بەشێوەیەک، کە خوێنەری ڕاستەقیینە بەدوای کلیلی ئەو دەرگا داخراوانەدا دەگەڕێت وەهایلێدەکات ناچار بێت بچێت چەندیین توێژینەوەی

فەلسەفیی و دەروونیی لەسەر سێکس و خۆشەویستیی قەدەغە بخوێنێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیسانەوە قازانجێکی تر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی باریکۆدا. بەشبەحاڵی خۆم پێموایە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، کە جوانتریین شاکاری ئەدەبی کوردیی مۆدێرنە نموونەیەکە وەک بەبێ خوێن بۆ قسەکردن لەسەر تۆڵە و لێبووردن، لێ بەختیار کەمتر بەتەنگ تۆڵەسەندنەوەوە چووە، بەڵکوو هەوڵیداوە زیاتر بەدوای لێبووردن و دادپەروەرییدا بگەڕێت، هەربۆیە شاری مۆسیقارە سپییەکان ناتوانین ناوبنێین ڕۆمانی تۆڵە، بەڵکوو ڕۆمانێکە بەدوای دادپەروەرییدا دەگەڕێت.

"دە" ساڵ دوای سەردانەکەی تیتۆ بۆ لای گرافی مێردی نینا، گراف بە کارەساتی ئاوتۆمۆبیل گیان لەدەستدەدات. مەرگی گراف کەسوکاری گرافی خستە جموجۆڵەوە بۆ ئەوەی نینا و سێ منداڵەکەی تەنیا نەبن، ئەوان پێیان وابوو، کە نینا ژنێکی شێتە، مرۆڤ ناتوانێت ژنێکی شێت بەدیار سێ منداڵەوە بەتەنیا بەجێبهێڵێت. لە کۆتاییدا کەسوکاری گراف نینا ڕادەکێشنە پێشدەمی دادگا و دادوەر هەق بە کەسوکاری گراف دەدات و نینا ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونیی دەکەن و منداڵەکانی لێدەستێننەوە. تیتۆ لە نینا دەپرسێت ئاخۆ ئەم گێڕانەوەیەی ئەو ڕاستە یان نا؟ نینا وەڵامناداتەوە و دەڵێ: تکایە بەردەوام قسە بکە، ئەمەش نیشانەی ڕاستیی قسەکانی تیتۆیە. بێگوومان لە ڕوویەکی دەروونییەوە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە هاوکاریی ئاسوودەیی ڕۆحی شەکەت و ماندووی پیرەژنێکی وەک نینا دەکات، هەربۆیە نینا گوێدەگرێت و کەوچکەکەی لە قەراغی قاپەکەی دەدات و تیتۆش بەردەوامیی بە قسەکردن دەدات. پاشان تیتۆ دەڵێ: منداڵەکانیشت لە دادگادا دژ بە تۆ قسەیان کردووە " لاپەڕە 74". بێگوومان کچێکی هەشت ساڵانە ژیانێکی تراژیدیی ئاوهای تێپەڕاندبێت هیچ کەسێک نییە لەم دونیایەدا لێی تێبگات، تاکە هاوڕێی ڕاستەقینەی خۆی خۆیەتی، کە دەتوانێت لە نووکی پێ هەتا تەوقەسەری ئازارە ڕۆحییەکانی ڕابژەنێت، هەنووکەش تیتۆ، چونکە ئەویش قوربانییەکی تری جەنگە، لێ لە فۆڕمێکی دیدا. ئەویش نینا لە تەمەنی هەشت ساڵانەوە دەناسێت و پەنجا و دوو ساڵ پێش ئێستا ژیانی لە مردن ڕزگارکردووە. ئێستا نینا و تیتۆ دوو کەرتی یەک بریینن هەربۆیە بە چێژەوە گوێ بۆ یەکدیی ڕادەگرن، وەک ئەوەی قسەکردنیان دەرمانی ڕۆحی شەکەت و زامداری یەکتر بێت. لەڕاستییشدا باشتریین دەرمانی بریینە دەروونیی و ڕۆحییەکان قسەکردنە، کەواتە هیچ پسیشۆلۆگێک ناتوانێت بە تۆزقاڵی وتەکانی نینا ڕۆحی زامداری تیتۆ سارێژبکات و تیتۆش هی نینا. بەختەوەرە ئەو مرۆڤەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆ ئەگەر تەمەنی چەند مانگ و ساڵێکیش باقی بێت کەسێک دەدۆزێتەوە توانای قسەکردنی بۆی هەبێت و ئەویش لێیتێبگات.

تیتۆ دەڵێ: چەند ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە ئیدی تۆ ڕاتکرد و ونبوویت، هەندێک دەڵێن، کە هاوڕێکانت هاوکارییان کردوویت بۆ ڕاکردنت، لێ ئەو خەڵکانەی تۆیان دەناسیی دەیانگووت: تۆ قەت هاوڕێت نەبووە. ماوەیەکی زۆر بەدواتدا گەڕان پاشان وازیان هێنا و لەوباوەڕدابوون، کە تۆ مردوویت. ئینجا دەڵێ: شێتان زۆرن، کە وندەبن و جێگاپێیان

نادۆزرێتەوە. نینا تەماشای قاپەکەی دەکات و دەڵێ: منداڵت هەیە؟ تیتۆ دەڵێ: نەخێر. نینا دەڵێ: بۆچیی نا؟ تیتۆ دەڵێ: مرۆڤ پێویستە باوەڕی بە جیهان هەبێت بۆ ئەوەی ڕۆحی منداڵ پەروەردە بکات " لاپەڕە 74". تیتۆ ماوەیەک پشوو دەخاتە قسەکردنیەوە و پاشان دەڵێ: لەدوای چوار ساڵ " ئای گوڕە" مرد " لاپەڕە 75". پاشان بێدەنگ دەبێت، وادەردەکەوێت، کە قسەکردن بۆی ئاسان نەبێت. ئینجا دەڵێ: کە "ئای گوڕە"یان دۆزییەوە فیشەکێک بە پشتی سەریەوە بوو، لە "کومیست" لەبەردەم خانەکەی خۆیدا کەوتبوو. تیتۆ تەماشای نینا دەکات و دەڵێ: لە گیرفانیدا پارچە کاغەزێک دۆزرایەوە و ناوێک لەسەری نووسرابوو، تیتۆ لە هەوادا بە پەنجە دەنووسێت " دۆنا سۆل"، خەتی "ئای گوڕە" خۆی بوو، ئەو ناوە بەڕاستیی خۆی نووسیبووی " دۆنا سۆل". تیتۆ دەڵێ: ئیدی لەوڕۆژەوە چاوەڕێی ئەو ژنەم دەکرد. نینا سەری بەرز دەکاتەوە و تەماشایەکی تیتۆ دەکات. تیتۆ دەڵێ: دەمزانی ئەو دێت، دەمزانی دێت و تەماشای چاوەکانم دەکات و لەبەردەممدا قسە دەکات، چونکە من ئەو کەسە بووم، کە لەو ئێوارەیەدا دەرگایەکی کەوتووم هەڵدایەوە و دیسانەوە دامخستەوە، ئەو ئەم شتەی قەت بیرناچێتەوە. من هەموو تەمەنم ئەم نهێنییەم لەخۆمدا خواردەوە وەکوو نەخۆشییەک، ئێستاش هەقی خۆمە و شایستەی ئەوەم لێرەدا لەگەڵتا دانیشم. ئیدی تیتۆ بێدەنگ دەبێت هەست بە شپرزەیی لێدانی دڵی دەکات هەتا نووکی پەنجەی، بیردەکاتەوە و بەخۆی دەڵێ: لە کافتریایەکدا چاو لەسەر چاو لەگەڵ پیرە ژنێکی شێتدا دانیشتووە، کە لە هەموو چاوتررووکانێکدا ئامادەیە هەڵبستێتە سەرپێ و بیکووژێت، تیتۆ دەیزانی، کە ناتوانێت ڕێگریی لە نینا بکات هەتا نەیکووژێت، بیردەکاتەوە و دەڵێ: جەنگ کۆتایی پێهاتووە.

دیسانەوە دەگەینەوە سەر ئەم خاڵە ڕەچەڵەکییە، ئاخۆ ئەو جەنگەی لە بوونیەتی مرۆڤەوە دەستیپێکردووە هەتاوەکوو ئێستا کۆتایی پێهاتووە؟ مرۆڤ هەتاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە خۆی لە قەیرانی جەنگ و تۆڵە ڕزگاربکات ڕۆماننووسانیش فاکتەری سەرەکییبوون لەم پرۆسێسەدا، ئەوە ڕۆماننووسانن لێناگەڕێن مرۆڤ جەنگ لەبیر خۆی بەرێتەوە، مرۆڤ پشت بکاتە تۆڵە و لێبووردن بێنێتە پێش خۆی، ئاخۆ کام مرۆڤی بەختەوەر هەیە بە جەنگدا تێپەڕیبێت و هەنووکە جەنگ لەلای تەنها بیرەوەرییەکی تەڵخ بێت و چیدی نا؟ کام مرۆڤی بەختەوەر هەیە لە جەنگدا ژیابێت و هەنووکە کەلاوەکانی جەنگ لەگەڵ خۆیدا شارە و شار و وڵات بە وڵات نەگێڕێت، سەردەم بە سەردەم نەگێڕێت و نەیداتە دەستی نەوەیەکی نوێ؟ هەمیشە لە میانەی جەنگ و دوای جەنگیشدا مرۆڤ هەوڵیداوە لە ڕێگای خوێنەوە بگات بە ڕاستیی، لێ هەروەکوو نیچە دەڵێ: خوێن نارێکترین شایەتە لەسەر ڕاستیی، خوێن پاکترین مامۆستا ژەهراویی دەکات و دەیکات بە خاوەن دڵێکی ڕەق و هیوایەکی بێ بنچینە و خۆهەڵخەڵەتێنەر " 3 لاپەڕە 101". هەروەکوو چلۆن سالیناس و "ئای گوڕە" و تیتۆ خۆیان پێ مامۆستا و کادیری یەکسانیی و مرۆڤدۆستیی بوو، پێیانوابوو لەدوای جەنگ ئەم خاکە گێڵگەیەکە پێویستە تەنها گوڵی جوانی تێدابڕوێنرێت و هەرچیی دڕک و داڵە لەناوببرێن، بێگوومان لەناوبردنی ئەوانەش

تەنها بە ڕشتنی خوێنیان بوو لە دکتۆر مانوێل ڕۆکاوە دەستیان پێکرد تەنانەت کوڕەکەشیان کووشت، لێ کووشتنی ڕۆکا و کوڕەکەی بێجگە لە خۆهەڵخڵەتاندن چ شتێکی دی نەبوو، بێجگە لە گەورەکردنی ڕۆحی تۆڵەدا تیایاندا چ شتێکی دی نەبوو، بێجگە لە ئاودانی درەختی ڕق چ شتێکی دی نەبوو. فریدریش نیچە لە تەواوی لێکۆڵینەوەی ئەنتی کریست دا مێژووی شەڕ و تۆڵە دەگەڕێنێتەوە بۆ شەڕی سەردەمی  نێوان خودا و ئادەم و حەوا، بێگوومان لێرەشدا خودا تاوانبار دەکات لە هێنانەکایەوەی شەڕ و تۆڵەسەندنەوەدا، ئەو دەڵێ: خودا شەڕی نێوان خۆی و ئادەم و حەوای لە بەهەشتەوە گوێزایەوە سەر زەویی هەتا لە ڕێگا مرۆڤەوە باشتر هەوڵی سەندنەوەی تۆڵەی خۆی لە نەوەی ئادەم و حەوا بکاتەوە. واتە لە ڕوانگەی نیچەوە ئەگەر ڕەچەڵەکیی بیربکەینەوە ئەوا هەرچیی شەڕ و تۆڵەسەندنەوەیە بەرهەمی ئەقڵی خودان لە مرۆڤدا متووربەکراون.
نینا و تیتۆ دەیان ساڵی ڕەبەقە جەنگیان تێپەڕاندووە لێ هێشتا جەنگ ئەوانی بەجێنەهێشتووە، ئەوەی ئیمڕۆ ئامادەبێت کۆتایی بەو جەنگە بهێنێت و بۆ هەتاهەتایە لەناوی بەرێت ئەشقە، خۆشەویستییەکی قەدەغەی سەردەمانێک پێش ئێستا، خۆشەویستییەکی قەدەغەی سەردەمی منداڵیی نینا، هەمانکاتیش تیتۆ. دەشێت بچینە سەر ئەو باوەڕەی، کە بڵێین دەکرێت، باریکۆ ڕۆحی تۆڵەی لە نیناشدا زیندووکردبێتەوە هەتاوەکوو بگاتە ئەو ئاستەی ئەشق لەو ڕۆحی تۆڵەیە ڕزگاری بکات. بە تاوایەکی دی وەک ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بیبەوێت پێمان بڵێت، کە ئەشق و خۆشەویستیی دەرمانی ڕەچەڵەکیی کێشە دەروونییەکان، دەرمانی لێبووردنن. لێ نەیویستووە بەوشێوە ساکارە پێمانبڵێت بەڵکوو بە کۆمەڵێک تەنگەژە و قەیرانی دیکەدا دەمانبات هەتاوەکوو لە کۆتاییدا دیسانەوە بمانبەستێتەوە بە خۆشەویستیی و سێکسەوە. سێکس و خۆشەویستیی لە ڕۆمانەکانی باریکۆدا هێند جوانن خوێنەر حەز دەکات هەموو ڕۆژێک جۆرە ئەشقێک لە ئەشقەکانی ڕۆمانەکانی باریکۆ بژیی.
نینا تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات و لەنێوەندیشدا چاوێک بە قاپە بەتاڵەکەی بەردەمیدا دەگێڕێت. تیتۆ کۆتایی بە قسەکردن هێناوە و نیناش چیدی تەماشای ڕووخساری تیتۆ ناکات، خەڵکیی دەتوانێت بڵێت، کە ئەو ژنە بەتەنیا لەلای ئەو مێزە دانیشتووە و چاوەڕوانی یەکێک دەکات. تیتۆ پاڵدەدات بە کورسییەکەیەوە و وردە ماندووبوون ڕووی تێدەکات و وەک ئەوە وەهایە، کە لە دوورەوە تەماشای نینا بکات. پاشان هەستدەکات، کە هێشتا پاڵتۆکەی لەبەردایە و دەستەکانی چەقاندۆتە گیرفانەکانیەوە. بیر لەو هەموو خەڵکەی دەوری خۆیان دەکاتەوە و لەلای سەیرە، کە هیچ کامێکیان نازانن لەسەر ئەم مێزە چ باسە. پاشان تەماشای نینا دەکات چاوەکانی دەبریسکێنەوە، کێ دەزانێت خەیاڵی هەنووکە لەکوێیە؟ دەمووچاوی وەکوو خۆی مابۆوە تەنها چاوەکانی نەبێت لەو خاڵەدا گۆڕابوون. تۆ بڵێی گریان بێت؟ پاشان بیردەکاتەوە و دەڵێ: هیچ پێی خۆش نییە لە شوێنێکی ئاوهادا بمرێت، لەبەردەم بینەرانێکی وەها زۆردا.

ئینجا نینا دەکەوێتە قسەکردن، ئەوەشی ئەو دوانە باسیانکرد بریتیی بوو لەمەی خوارەوە:
ئوریبە کارتەکانی گرافی لەسەر مێزەکە هەڵگرتەوە، بە هێواشی خستیەوە نێوانی پەنجەکانییەوە و یەک لە دوای یەک هەڵیدانەوە، من پێموانییە، کە ئەو لەو چرکەساتەدا بیریکردبێتەوە، کە ئەو چیی دۆڕاندووە، بەڵکوو بیرکردۆتەوە، کە ئەو چیی نەبردۆتەوە. من بۆ ئەو هیچ واتام نەبوو. ئەو هەستاوەتە سەرپێ و بە ڕوو خۆشییەوە ماڵئاوایی لە دانیشتوان کردووە. هیچ کەسێک پێنەکەنیوە، هیچ کەسێک ئەو ئازایەتییەی نەبووە قسەیەک بکات. ئەوان جۆرە کارتێکی ئاوهایان لەو شوێنەدا هەرگیز نەدیتبوو. هەنووکە پێمبڵێ: بۆچیی دەبێت ئەم چیرۆکە کەمتر ڕاستتربێت لەو چیرۆکانەی، کە تۆ بۆم باس دەکەیت؟
ماوەیەک نە تیتۆ وەڵامی نینا دەداتەوە نە نیناش قسەی تر دەکات، تا لەناکاو دەڵێت: باوکم باشترین باوک بوو، تۆ باوەڕ بەوە ناکەیت؟ ئەی بۆچیی نا؟ بۆچیی دەبێت ئەم چیرۆکە کەمتر ڕاستتر بێت لەوەی تۆ؟ تیتۆ هەر وەڵام ناداتەوە. ئینجا نینا دەڵێ: ئێمە دەتوانین خۆمان گرژبکەین تەنها یەک ژیان بژین، ئەوانی دی دەبێت هەزارەهای تری تێدا بدۆزنەوە، هەرلەبەر ئەمەشە، کە ناتوانرێت ڕێگا لەوە بگیرێت، کە ئێمە ئازاری یەکدی نەدەین. تیتۆ هەر بێدەنگە. نینا دەڵێ: دەزانیت من هەموو شتێک لەبارەی ئەو ئێوارەیەوە دەزانم و کەچیی بیری هیچم نادێتەوە؟ من لەژێرەوە بووم، نەمدەتوانی هیچ ببینم، لێ شتێکم دەبیست، ئەوەشی دەمبیست ناهۆشیاریی بوو، کە وەکوو خەوێک دێتەپێش چاوم، لەو ئاگرەدا هەمووشت لە هەوادا ونبوو. هەبوونی منداڵ بەهرەیەکی تایبەتە، لێ بۆیان گێڕاومەتەوە، من لێرەدا هەموو شت دەزانم. ئاخۆ درۆت لەگەڵ کردم؟ ئەمجۆرە پرسیارەم هەرگیز نەدەتوانی بکەم. تۆ لەگەڵ ئەوانی تردا هاتیتە ماڵی ئێمەوە، تۆ یەکەمجار تەقەت لە باوکم کرد پاشان سالیناس تەقەی لێکرد، لە کۆتاییشدا "ئای گوڕە" لوولەی تفەنگەکەی دەکاتە قورقوراگەیەوە و کەللەی دەتەقێنێت. لەکوێ ئەمە دەزانم؟ "ئای گوڕە" بۆی گێڕامەوە، ئەو ئاژەڵێکی دڕندە بوو، ئێوە هەمووتان ئاژەڵی دڕندە بوون. ئێوەی پیاو هەمیشە ئاوهان لە جەنگدا، ئاخۆ دەبێت خودا چلۆن لەمە بگات؟ ( لاپەڕە 80)
هەتاوەکوو ئێرە تیتۆ تاکە وشەیەک چییە لە دەمی نادێتە دەرەوە و تەنها خۆی دەخواتەوە و گوێ دەگرێت. زۆر باش دەزانێت، کە نینا لە هەموو بارەیەکەوە هەقیەتی و ڕاستیی دەڵێت. هەر لەبەر ئەمەشە زوو زوو بە تیتۆ دەڵێ: ئاخۆ دەبێت بۆچیی چیرۆکەکانی تۆ لەوەی من ڕاستتر بن. ئەرگۆمێنتی ئەوان بۆ کووشتنی باوکی نینا جەنگ بووە، تاوانبارکردنی دکتۆر مانوێل ڕۆکای باوکی نینا بووە، بە تاوانباری جەنگ. گریمان ڕۆکا وەک پزیشکێک سەری بۆ فەرمانەکانی دەوڵەت دانەواندووە و چەندەها نەخۆشی لەو خەستەخانەیەدا بە دەرمان کووشتووە، کەواتە ئەویش وەک سەربازێک ڕۆڵی هەبووە لە کووشتنی مرۆڤدا. کەواتە پزیشکێک و سەربازێک هەردووکیان دەچنە دوو تای یەک تەرازووەوە لەکاتی جەنگدا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ بۆچیی خەڵکانێک دەستبەرداری

سەربازانێک لەدوای جەنگ ببن و نەتوانن دەست لە دکتۆرێک هەڵبگرن، ئەمە وێڕای ئەوەی هەموو خەڵک نەیانویستووە دکتۆر ڕۆکا بکووژن لەدوای جەنگ، بەڵکوو تەنها ویستی سالیناس و "ئای گوڕە" بووە، کەواتە لێرەدا ئەم کارە چۆتە قۆناغی تۆڵەسەندنێکی تایبەتەوە نەک گشتیی، هەربۆیە تیتۆ هەنووکە ناتوانێت هیچ نقەیەک لەبەردەمی نینادا بکات، نەک بەوەی لێیدەترسێت یاخوود لە مردن دەترسێت، بەڵکوو لەبەرئەوەی پەشیمانە لە کردەی خۆی و هەق دەدات بە نینای قوربانیی. ئەمە وێڕای ئەوەی لە کۆتاییدا چەند ئەرگۆمێنتێک دێنێتەوە بۆ بەرگرییکردن لە کارەکانی. نینا ئەو دەم هەشت ساڵانێک بووە و دەڵێ: من چاوم لێ نەبوو تەنها دەمبیست، لێ ئەوەی دەمبیست ناهۆشیاریی بوو، کەواتە هەموو ئەو ئەرگۆمێنتانەی سالیناس و "ئای گوڕە" لە سیناریۆی کووشتنی ڕۆکای باوکی نینادا ڕێکیانخستبوو بێجگە لە ناهۆشیارییەک چیدی تر نەبوو، تۆڵەسەندنەوەیەکی کەسایەتیی و تایبەت بوو چیدی نا. هەروەکوو چلۆن سالیناس هەموو ئەوانەشی کووشتووە، کە تەنانەت ناو و ناتۆرەیان لێناوە، ئەمە لەکاتێکدا سالیناس وەک سیاسەتمەندارێک تەنها لەسەر مێزی نووسیینەکەیەوە چواردانە ساڵ ئەو جەنگەی جەنگاندووە، کەواتە لانی کەم کەسایەتییەکی سیاسیی ڕۆشنبیر بووە و باوەڕی بە تفەنگ نەبووە، کەچیی هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە هەموو ئەو گرێیانە ڕزگاربکات، کە ئەویان تێداکردبووە مرۆڤێکی ڕێسێنتیمۆی دڵ پڕ لە ڕق و کینە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ نینا بۆ نەیتوانی خۆی لەو قەیرانە ڕزگار بکات؟ بۆچیی نەیتوانی خۆی لە تۆڵەسەندنەوە دوورەپەرێز بگرێت؟ دەشێت وەڵامێکی دروست بۆ ئەم پرسیارە ئاڵۆزە ئەوەبێت، کە ئەم دەستەڵاتەی ئێستا هەرگیز هیچ شانسێکی بە نینا نەدایە، لەکاتی ڕاپێچکردنی سالیناس و "ئای گوڕە" و تیتۆ بۆ بەردەمی دادگا، ئەمەش بەوپێیەی، کە نینا کچی دکتۆرێکی تاوانباری جەنگە. ئەمە بۆچوونێکە لەمەڕ هەبوونی گیانی تۆڵە لە نینادا. ئەوەشی لە کۆتایی قسەکانی نینادا وەک ژنێک جوان دەردەکەوێت، کە نینا پیاوان بە ئاژەڵی دڕندە و کێویی لەکاتی جەنگدا ناوزەند دەکات، هەرواشە ئەوە پیاوە خاوەنی دڕندەترین هەست و گەورەترین ئینستینکتی کووشتنە. ئەم دەربڕیینە دەربڕیینێکی فێمێنیستانەیە، کە باریکۆ داوێتی بە نینا، ئەمەش دیسانەوە نیشانەی ئەو پێناسانەن لە باریکۆدا، کە نووسەرێکە لە ڕۆحی ژندا نووسیینەکانی ژان دەگرن.

نینا بە تووڕەبوونێکەوە دەڵێ: تەماشایەکی خۆت بکە، هەر لە مرۆڤێکی نۆڕماڵ دەچیت. بێگوومان ئەم دەربڕینەی نینا بۆ تیتۆ، چەندیین نموونەی زیندوومان لەلای خۆمان دێنێتەوە بیر، کە ئەو کەسانە دەشێت ئێستا وەک تیتۆ ببووبێتن بە پیرەمێردێک، کە تەواو و ڕێک لە خەڵکانێکی نۆرماڵ و بێتاوان دەچن، شیاوی بەزەیییپێداهاتنەوەن، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک هەستبکات ئاخۆ مێژووی ئەمانە چیی تێدا نووسراوەتەوە؟ نینا دەڵێ: بەیانییان، کە لۆتەرییەکەت دەکەیتەوە پەنجەرەکانی پاکن، کە لە جادە دەپەڕیتەوە بنچینەیی تەماشایەکی ڕاست و چەپی خۆتدەکەیت، جەنابت مرۆڤێکی تەواو نۆرماڵیت، لێبەڵێ تەماشات دەکرد کاتێک براکەم بەبێ تاوان مرد، منداڵێکی بچکۆلانە، کە تفەنگێکی

بەدەستەوە بوو، دەستڕێژێک و هیچی تر، تۆ لەگەڵیاندا بوویت، لێ جەنابت هیچت نەکرد، خوای گەورە تۆ ئەودەم تەنها بیست ساڵانێک بوویت، مرۆڤێکی شەکەتی پیر نەبوویت، جەنابت گەنجێکی بیست ساڵانە بوویت، کەچیی هیچ شتێک نەکرد. تکایە شتێکم بۆ بکە، دەتوانیت بۆم ڕوونبکەیتەوە، کە ئەوە چلۆن دەبێت؟ تۆ دەتوانیت بەهەرشێوەیەک بێت تێمبگەیەنیت، کوو شتێک ڕوودەدات؟ ئەمە خەونێکی ترسناکی نەخۆشێک نییە، ئەمە کوو دەبێت؟ نینا هەرچۆنێک بێت دەماری تیتۆ دەگرێت و دەیهێنێتە قسە و وەڵام. بێگوومان ئەمەش خودی خۆی دادپەروەرییەکە، کە مرۆی قوربانیی دەبێت ڕێگا بە بکەرەکەشی بدات، قسە بکات و بەرگریی لەخۆی بکات، ددان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، داوای لێبووردنێک بکات. ئەمجۆرە گفتووگۆیە لەنێوانی جەلادەتی کۆتر و سامری بابلییدا لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی ڕێزدار بەختیار عەلیی دا، هەتا مەرگی سامری بابلیی بەدەستی قوربانییەکانی درێژە بە خۆی دەدات، لێ لە فۆرمێکی دیدا. جەلادەتی کۆتر ئەو قوربانییەیە، کە دەیەوێت دادپەروەرییانە مامەڵە لەگەڵ بکەرەکەیدا بکات. گەورەییی بەختیار عەلیی لەوەدایە، کە وەک ڕۆماننووسانی دی لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا کەویی دەستی تۆڵەسەندنەوە نەبووە، بەڵکوو هەوڵیداوە لێبووردن بکاتە ڕێگاچارەیەک بۆ کۆمەڵگای بندەست و خەڵکانی قوربانیی هەتاوەکوو لە ئایندەدا نە وەک قوربانیی بمێننەوە نە بشبنە بکەر. لێ بەختیار عەلیی کاری لەوەشدا کردووە، کە کۆمەڵگا هەموویان جەلادەتی کۆتر نین، هەموویان حەلیم شێواز نین لە دادگایەکدا، کە جەلادەتی کۆتر چێیکردووە بڵێ: منیش لەوانەم، کە دەمەوێت دڵی سامیری بابلیی خۆشبکەم، من هاتووم تا بچمە ڕیزی ئەوانەی داوای ئازادکردنی سامیری بابلیی دەکەن، چاوەڕوانی هیچ مەغفەرەتێک نیم، تکاش لەو دوو سێ بەڕێزە دەکەم خودا مەهێننە ئەم مەسەلەیەوە خودا دوور ڕابگرن، لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە خودا خۆی لە مەسەلەکەدا نەبووە، خودا کارێکی بەوەوە نییە ئێمە بڕیاری چیی دەدەین. نازانم خودا، کە لە کاتی تاوانەکەدا ئامادەنەبووبێت بۆ دەبێت لەکاتی سزاکەدا ئامادەبێت؟ (4 لاپەڕە 516). بێگوومان کۆمەڵگا شاناز سەلیمی ژنی سامیری بابلیی و سیاسەتمەندارانی وەک پارتەکانی ئێمەشی تێدایە، کە لەکۆتاییدا بە کووشتنی جەلادەتی کۆتری بێتاوانیشەوە نەوەستن بەڵکوو بیشیسووتێنن. ئەدەبی کوردیی ئێمەش دەشێت لە شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە کار لەوەدا بکات چیدی نەبێتە داینەمۆی هەڵسوڕاندنی ماتۆڕی تۆڵەسەندنەوە لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا.

تیتۆ دەڵێ: ئێمە سەرباز بووین.

نینا: ئەمە واتای چیی؟

تیتۆ: ئێمە لە جەنگدا بووین.

نینا: لە چ جەنگێکدا؟ جەنگ کۆتایی هاتبوو.

تیتۆ: بۆ ئێمە نا.

نینا: بۆ جەنابت نا؟

تیتۆ: تۆ کەمترین شت نازانیت.
نینا: دەکەواتە پێمبڵێ ئەو شتەی، کە من نایزانم.
تیتۆ: ئێمە باوەڕمان بە جیهانێکی باشتر هەبوو.
نینا: ئەمە واتای چیی؟
تیتۆ: بێدەنگ دەبێت و وەڵامی پێ نییە.
نینا: ئەمە واتای چیی؟
تیتۆ: ئێمە نەماندەتوانی بگەڕێینەوە، ئەگەر مرۆڤەکان دەستیانپێکرد یەکتریی بکووژن، ئیدی ناتوانن بگەڕێنەوە، ئێمە نەماندەویست کۆتایی پێبێت، ئەوانی دی دەستیانپێکرد، ئیدی مرۆڤ نەیدەتوانی ڕایبگرێت و بگەڕێتەوە. ( لاپەڕە 81)
نینا: جیهانێکی باشتر واتای چیی؟
تیتۆ: جیهانێکی دادپەروەر. کە چیدی خەڵکیی لاواز لەژێر ڕەوتێکدا، کە خەڵکانێک زیاندەخەنەوە و لەو زیانە چێژوەردەگرن نەناڵێنن. هەموو یەکێک ئەو شانسەی هەبێت، بەختەوەر بێت.
نینا: تۆش باوەڕت بەوە کرد؟
تیتۆ: بێگوومان باوەڕم بەوەکرد، ئێمە هەمووومان باوەڕمان وەهابوو، دەمزانی، کە ئەم کارە دەکرێت.
نینا: تۆ دەتزانی؟
تیتۆ: بەلاتەوە سەیرە؟
نینا: بەڵێ.
تیتۆ: بەهەرحاڵ ئێمە ئەوەمان دەزانی و لەوپێناوەشدا تێکۆشاین، ئێمە ویستمان کارێکی ڕاست بکەین.
نینا: بەوەی، کە منداڵ بکووژن؟
تیتۆ: بەڵێ ئەگەر پێویستی کرد.
نینا: ئەوە دەڵێی چیی؟
تیتۆ: تۆ ناتوانیت لەوە بگەیت.
نینا: بێگوومان دەتوانم، تێمبگەیەنە ئەوسا دەتوانم تێبگەم.
تیتۆ: ئەوەک لەگەڵ خاکدا وەهایە.

نینا و تیتۆ بۆ ماوەیەکی کورت بۆشایی دەکەوێتە نێوانیانەوە وەک ئەوەی نە تیتۆ بتوانێت لە نینای بگەیەنێت، نە نیناش بتوانێت لە تیتۆ بگات. پاشان تیتۆ دەڵێ: مرۆڤ پێشئەوەی هەرشتێک بچێنێت، پێویستە پێشتر زەوییەکەی بۆ بکێڵێت. سەرەتا مرۆڤ پێویستە زەوییەکەی بۆ هەڵبداتەوە. نینا بە بیستنی ئەم دەربڕینە بێدەنگ دەبێت ماوەیەک. بێگوومان ڕەچەڵەکی ئەمجۆرە دەربڕینانە بەتایبەت، ئەگەر هاتوو باسەکە پابەندبوو بە ئایندەی کۆمەڵگاوە لەسەر دەستی خەڵکانێک، کە خاوەنی تیۆرییەکی ڕادیکاڵانەن بۆ گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون، هەروەکوو لەسەرەتاشدا تیشکمان

خستۆته سەر ئەم تێڕوانینە بەرانبەر بە گۆڕینی کۆمەڵگا. تیتۆ دیسانەوە دەڵێ: مرۆڤ پێویستە بە ئازاردا تێپەڕێت تێدەگەیت بەڕێزم؟ نینا دەڵێ: نەخێر. تیتۆ دەڵێ: پێشئەوەی بتوانین ئەوە بکەین،کە ئێمە پێویست بوو ڕێکی بخەین، پێویست بوو لەپێشدا شتگەلێک تێکبدەین، ڕێگایەکی دی نەبوو، پێویست بوو بەرگەی ئازار بگرین و ئازاریش بدەین، ئەوەی بەرگەی زۆرترین ئازاری دەگرت ئەوە کەسی براوە بوو. مرۆڤ نەیدەتوانی خەون بە دونیایەکی باشترەوە ببینێت و چاوەڕوان بکات بیدەنێ، تەنها لەبەرئەوەی تۆ دەتەوێت. ئەوانە هەرگیز ئامادەنەبوون کەمترین شتیشت بدەنێ، مرۆڤ دەبوو لەوپێناوەدا بجەنگێ. هەرکاتێکیش مرۆڤ لەوەدەگەیشت ئیدی هیچ جیاوازیی نێوان پیر و منداڵ نەدەما، جیاوازیی نێوان، هاوڕێ و دوژمن نەدەما، مرۆڤ زەویی هەڵدەگێڕایەوە، تۆ نەتدەتوانی هیچی دی بکەیت، بەبێ ئازار نەدەکرا. ئێمە نەدەجەنگاین لەپێناوی مشتێ پارەدا یان لەپێناوی پارچە زەوییەکی کشتووکاڵییدا یان لەپێناوی ئاڵادا بەڵکوو دەجەنگاین لەپێناوی دونیایەکی باشتردا. بێگوومان ئێمە ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین لە مێژووی بزاڤی ڕزگارییخوازی کورددا، هەمیشە پێشمەرگەی کورد بەو ئاوە گۆشکراون، کە لەپێناوی سەربەخۆیی خاکی کوردستان و ئازادیی کورددا تێدەکۆشن، لێ ئەزموونی دوای ڕاپەڕیین هەموو ئەم تیۆرییانەی بەدرۆدا خستەوە، هەر لەسەرەتاوە بۆنی باروت لووتی هەمووانی خنی جەنگی هەبوونی زۆرترین سەرمایە و گەورەترین دەستەڵات بوو بە ئامانجی سەرەکی سیاسەتمەندارانی کورد، ئیدی لێرەوە تێکۆشان وەرچەرخانێکی بەخۆیەوە بینی هەرگیز نەدەناسرایەوە و هەرگیزیش نەدەتوانرا ناوی لێبنرێت خەبات، بەڵکوو هەموو بوونە سەربازی دەستەڵات و سەرمایە بەبێ گوێپێدانە بەها مرۆییەکان هەموو ئەو خەونانەش، کە پێشتر هەیبوو بوونە هەڵم، ئیدی خەبات بوو بە خەباتی هەبوونی زەویی و سەرمایە و دەستەڵات هەرئەمەش کوردستانی کردە گەورەترین گەندەڵستان.

تیتۆ دەڵێ: ئێمە یارمەتیی میلیۆنەها مرۆڤماندا هەتاوەکوو ژیانێکی بەڕێز بژیین، ئەوانە دەبوو بەختەوەر بن لە ژیان و مردندا، بەبێئەوەێ بخرێنە ژێر پێلەقەوە یاخوود گاڵتەیان پێبکرێت. ئێمە بۆ میلیۆنەها مرۆڤ لەوێدابووین، ئەوان هەموو شت بوون و ئێمەش هیچ. منداڵێک واتای چییە، کە لەبەردەم دیوارێکدا دەمرێت، یاخوود "دە" منداڵ یان سەدان منداڵ، زەویی پێویست بوو هەڵبدرێتەوە بکێڵرێت، ئێمە کردمان، میلیۆنەها منداڵی دی چاوەڕوانیان دەکرد، کە ئێمە ئەو شتە بکەین و ئێمەش کردمان. ئینجا بە نینا دەڵێ: لەوانەیە پێویست بێت ....> دیارە تیتۆ دەیەوێت بە نینا بڵێت: کە پێویستە تێبگات. هەربۆیە نینا دەڵێ: باوەڕت وەهایە؟ تیتۆ: سروشتیی باوەڕم وەهایە. نینا: لەدوای ئەم هەموو ساڵەوە باوەڕت هێشتا وەهایە؟ تیتۆ: بۆچیی پێویست دەکات باوەڕنەکەم؟

نینا: جەنگەکەتان بردەوە، پێتوایە ئەو بردنەوەیە دونیایەکی باشترە؟

تیتۆ: ئەو پرسیارەم هەرگیز نەکردووە.

نینا: ئەوە ڕاست نییە ئەو پرسیارەت هەزارەها جار کردووە، تۆ تەنها ترست لەوەڵامدانەوەی هەیە. هەروەکوو جاران کوو هەزارانجار ئەو پرسیارەت لە خۆت دەکرد، کە ئاخۆ تۆ لە مەزرای " ماتۆ ڕوجۆ" دا بۆچیی دەگەڕێیت؟ بۆچیی بەردەوام دەجەنگیت، لەکاتێکدا جەنگ لە مێژە کۆتایی هاتووە؟ بۆچیی پیاوێک دڵساردانە دەکووژیت، کە تۆ پێشتر هەرگیز نەتدیوە؟ بەبێ ئەوەی شانسێکی بدەنێ ڕایبکێشنە بەردەمی دادگایەک. بۆ دەبێت هەرئاوها ئاسان بیکووژن، تەنها لەبەرئەوەی ئێوە دەستتانکردبوو بە کووشتن ئیدی نەتاندەتوانی ڕابوەستن و کۆتایی پێبهێنن. لە هەموو ئەو ساڵانەی ڕابووردا ئەو پرسیارەت هەزارەهاجار لەخۆت کردووە، کە بۆچیی تۆ لەو جەنگەدا جەنگیویت؟ هەمووجارێکیش باسی ئەو دونیا باشترەت کردووە هەتاوەکوو هەموو ڕۆژێک بیر لەو پرسیارە نەکەیتەوە.

لێرەدا ئەم پرسیارگەلەی، کە باریکۆ لە بەبێ خوێندا داویەتی بە نینا و هەژاندوویەتی دەمباتەوە بۆ مێژووی جەنگی قێزەونانەی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کورستان، کە هەردوولایان هەمیشە بەو ئەرگۆمێنتە کاریان کردووە دونیایەکی باشتر بەبێ ئەوەی تریان بخوڵقێنن، کە بەدڵنیاییەوە هەتاوەکوو ئێستاش بەو ماتۆڕە کار دەکەن، چ یەکێتیی خەون بە دونیایەکی باشتری بەبێ دەستەڵاتی پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانییەوە دەبینێت، چ پارتی دیموکرات خەون بە دونیایەکی باشتری بەبێ دەستەڵاتی یەکێتیی و بنەماڵەی تاڵەبانییەوە دەبینێت. دیارە لە میانەی جەنگی نێوانیاندا چ پێش ڕاپەڕیین و چ دوای ڕاپەڕیین سەدەها کارەساتیان ناوەتەوە و بوونەتە هۆی کووشتنی هەزارەها کەس، بەبێ ئەوەی شانسێکیان پێدابێتن ڕایانبکێشنە بەردەمی دادگایەک. من خۆم یەکێکم لەو قوربانییانەی، کە هەزارانجار ئەو پرسیارەم لەخۆم کردووە، ئاخۆ بۆچیی من لەو جەنگەدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت جەنگیووم؟ نینا ڕاستدەکات هەموومان لە مێژووی ژیانی خۆماندا هەزارانجار ئەو پرسیارەمان لەخۆمان کردووە لێ ترسنۆکبووین و ئامادەنەبووین وەڵامی ڕاست و دروستی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە ئەویش هەڵەبوون و ناهۆشیارییمان ڕاپێچی ئەو جەنگەی کردووین، هەمیشەش بۆ خۆهەڵخڵەتاندن وەک تیتۆ باسی دونیایەکی باشترمان کردووە بەبێ دەستەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەندامێکی پارتی دیموکراتیش پێچەوانەکەی. ماوەتەوە سەرئەوەی هەتا چەند دادپەروەرانە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ لێبووردنی یەکدییدا بکەین؟! ئەوەش دیسانەوە ئاستی هۆشیاریی و ناهۆشیارییمان بڕیاری لەسەر دەدات.

نینا ڕەچەڵەکی جەنگینی بەردەوامی تیتۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ تۆڵەی مەرگی باوکی، کاتێک تیتۆ هێشتا هەرزەیەکە و چیدی نا ڕۆژێک لە دەرگا دەدەن و چەند پیاوێک توورەکەیەکی بچکۆلانە دەدەنە دەستی تیتۆ، کاتێک دەیکاتەوە هەردوو چاوی باوکی تێدا دەبینێت. نینا دەڵێ: تاکە هۆی ڕاستەقینەی تۆ، کە بردتی بۆ جەنگ بریتیی بوو لە تۆڵەسەندنەوە، تۆ لە تۆڵەی باوکت خەڵکت دەکووشت، ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەی جەنگینی تۆ بووە. ئێوە

هەمووتان بۆ تۆڵەسەندنەوە خەڵکتان دەکووشت، کووشتن تاکە دەرمانی ئازارەکانی ئێوەبوو هەتاوەکوو شێت نەبن. ( لاپەڕە 85)
نینا بەبێ پشوو هەڵدەکووتێتە سەر ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی تیتۆ، ئەو بەشێوەیەک تیتۆ ماندوو دەکات، لە وەرزشکارێکی بۆکسێنی گەورە و گران دەچێت، کە چیدی بەپێوە خۆی نەگرێت و لە هەموو چاوترووکانێکدا ئامادەی کەوتن بێت، بۆیە دەڵێت: تکایە وازم لێبهێنە.
نینا دەڵێ: بۆچیی؟
تیتۆ دەڵێ: ئەوەی لەسەرتە بیکە، لێ تکایە وازملێبهێنە بەهێمنیی. دیارە تیتۆ بەم وتەیە داوا لە نینا دەکات، کە بیکووژێت.
نینا دەڵێ: لەچیی دەترسیت؟
تیتۆ دەڵێ: ناترسم.
نینا دەڵێ: ئەدی چیی؟
تیتۆ: ماندووم.
نینا لەچیی؟
تیتۆ: .......
نینا: .....
تیتۆ: تکایە ....<
بەمشێوەیە بەردەوامدەبن دواجار تیتۆ دەڵێ: تکایە.
نینا چاوەکانی لەسەر تیتۆ دادەگرێت، لە مێزەکە دووردەکەوێتەوە و پاڵدەدات بە کورسییەکەیەوە و تەماشای دەوری خۆی دەکات، وەک ئەوەی تازە هەستیپێکردبێت، لەناکاوێکدا، کە ئەو لەکوێیە. لە بەشی پشتەوەی کافتریاکەدا سێ مۆسیقاژەنەکە گۆرانییەکی کۆن پێشکەش دەکەن و دەستدەکرێت بە سەما کردن. پاش کەمێک نینا شتێک دەدرکێنێت، ئیدی لێرەدا ڕەگی ئەو نهێنییە دەدۆزینەوە، لە ڕۆمانی "بەبێ خوێن"ی ئەلێساندرۆ باریۆکۆ دا، کە خوێنەر ئاسان پەی پێ نابات ئەویش ئاشقێتیی سەردەمیی منداڵیی نینایە بۆ تیتۆ، وێڕای هەموو ئەو هەموو ڕووداوە جەرگبڕانە، نینای هەشت ساڵانە ئاشقی تیتۆ دەبێت و تیتۆش هەمانشێوە ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت، هەرئەو هەستەشە نینا لە سالیناس و "ئای گوڕە" دەشارێتەوە. نینا کەمێک پێدەکەنێت و دیسان دەستدەکاتەوە بە قسەکردن و دەڵێ: لەو ئێوارەیەی مەزارای "ماتۆ ڕوجۆ"دا من هیچ ترسم نەبوو، کاتێک تۆ دەرگا کەوتووەکەت هەڵدایەوە، ئەو ئاوڕیدایەوە هەتاوەکوو ڕووخساری ئەو کوڕە گەنجە ببینێت، هەموو ئەو شتانەش زۆر سروشتیی هاتبۆ پێش چاوی. ئینجا دەڵێ: لە سەرێکەوە تیتۆ سەرنجی ڕاکێشابوو، بەدڵی بوو بە کوردییەکی عەرەبیی " موعجیبی بوو". کاتێک تیتۆ دەرگاکە دادەخاتەوە ئینجا ترسی لێدەنیشێت، لێرەوە ئیدی سەرلەنوێ هەموو شتەکان دەستپێدەکەنەوە لە تاریکییەوە بیگرە هەتاوەکوو چۆنێتیی خۆگرمۆڵەکردن لەو چاڵەدا، ئیدی ئەو ترسە هەرگیز دەستبەرداری نەبوو. ئینجا

دەڵێ ئەقڵییەتی منداڵ شازە، من باوەڕم وەهایە، لەوکاتەدا تاکە هیوایەک، کە من هەمبووبێت ئەوە بوو، کە ئەو کوڕە گەنجە "تیتۆ" من لەگەڵ خۆیدا بەرێت. ( لاپەڕە 89)
دیتنی نینا لەو ئێوارەیەدا و لەو چاڵەدا بۆ تیتۆ وەک دۆزینەوەی ئاشتییەک بوو، کە ئیدی لەوە بەدواوە هەرگیز ئەو ئاشتییەی بە چاوی خۆی نەدیوەتەوە.
ئەگەر خوێنەر پێیوایە، کە ئەو لێبووردنەی نینا بۆ تیتۆی دەردەکات سێکسێکی ئەبستراکتە و چیدی نا ئەوا بەهەڵەداچوون، چونکە ئەوە ئەشقە لێبووردنی بۆ تیتۆ دەرکردووە نەک سێکسێکی ئەبستراکت. هیچ سێکسێک جوان نییە بەبێ ویست و حەز و خۆشەویستیی، هیچ خۆشەویستییەکیش بەبێ سێکس جوان نییە، خۆشەویستیی بەبێ سێکس لە ژوورێکی بەتاڵ دەچێت، کە تەنها دەنگدەداتەوە و چیدی نا. باریکۆ پێیوایە ئەشق دەرمانی لێبووردنە، کە لە ڕاستییشدا زۆر دروستە. نینا و تیتۆ هەردووکیان هەنگاو بۆ ئەشقێکی قەدەغە دەنێن و دەیان ساڵ تێپەڕیین بەسەر یەکەم دیداریاندا دووهەم هەنگاویان دەنێن ئەگەرچیی هەردووکیان پیربوون و توانای هیچ شتێکیان نەماوە، هەردووکیان پیربوون و ئیدی چیدی خۆشاوی گەنجێتیی و توانای کردنی سێکسیان نەماوە، لێ هێشتا دەتوانن درێژە بە ژیانی خۆشەویستییەک بدەن، کە هەم قەدەغەیە و هەمیش ساڵانێکی دوور و درێژە لێکیداباڕاندوون. تیتۆ تەماشای نینا دەکات و نیناش بەوپەڕی ڕاستییەوە بە تیتۆ دەڵێ: دەتەوێت لەگەڵمدا بخەویت؟ ( لاپەڕە 94)
تیتۆ بەبێ تێکچوون تەماشایەکی خۆی دەکات و هیچ ناڵێت. نینا وادەزانێت، کە پرسیارەکەی نەکردووە و بەڵکوو تەنها لە خەیاڵی خۆیدا قووتیکردۆتەوە بۆیە بۆ دڵنیایی جارێکی تر پرسیارەکە دەکاتەوە و دەڵێ: دەتەوێت لەگەڵمدا بخەویت؟ تیتۆ خەندەیەک دەکات و دەڵێ من پیرم. نینا: پێدەکەنێت. پاشان تیتۆ دەڵێ: بمبوورە، لێ ئێمە پیرین. نینا دەڵێ: من شێت نیم. تیتۆ دەڵێ: بۆ من هیچ نییە، تۆ شێت بیت یان نا باوەڕبکە بابەت ئەوە نییە. نینا دەڵێ: هیچ خەمی لێ مەخۆ، دەتوانین بچینە هۆتێلێک، هۆتێلێک هەڵبژێرە، کە کەس نەیناسێت. ئینجا تیتۆ تێدەگات و دەڵێ: دەتەوێت بچینە هۆتێل؟ نینا دەڵێ: بەڵێ بەخۆشییەوە، تکایە بمبە بۆ هۆتێلێک. نینا دەڵێ: هیچ پێویست ناکات بترسیت. تیتۆ: هیچ ناترسم و ئیدی چیدی ناترسم. نینا خەندەیەک دەکات چونکە دەبینێت، کە تیتۆ بێدەنگە و ئەمەش نیشانەی ڕازییبوونیەتی. کافتریاکە بەجێدەهێڵن و تەکسییەک دەگرن و بەناو شاردا دەڕۆن و لەبەردەمی هۆتێلێکدا دادەبەزن بەناوی "کالیفۆرنیا"وە، دەچنە ژوورەوە ژوورێک وەردەگرن و دەڕۆنە ژووری، ژوورێکە پەنجەرەکەی لەسەر جادەی گشتییە. لە ژوورەکەدا لە نزیکی یەکدییەوە دەوەستن و تەماشای چاوی یەکدیی دەکەن، ئەمە بۆجاری دووهەمیانە لە ژیانیاندا بەوشێوەیە یەک ببینن. تیتۆ دەچەمێتەوە و خۆی لە دەمی نینا نزیک دەکاتەوە و دەیەوێت ماچی ناودەمی بکات. نینا هیچ ناجوڵێتەوە و خۆی تێکنادات تەنها بە دەنگێکی نزم دەڵێ: خۆت مەکە بە گاڵتەجاڕ. ( دیارە نینا مەبەستی ئەوەیە، کە ئەمان پیرن چیدی ناتوانن وەک گەنجێک پەلاسی نێودەمی یەکدیی بمژن) تیتۆ لەجێگای خۆی ڕادەوەستێت و هیچ ناڵێت. ( لاپەڕە

98) نینا هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە و نیانانە باوەش بە تیتۆدا دەکات و بە لاوازیی خۆی سەردەخاتە سەر شانی و تەواوی جەستەی دەنووسێنێت بە تیتۆوە. تیتۆ توونـد باوەش بە نینادا دەکات و بە هەموو هێزی پیریی خۆی نینا دەنووسێنێت بەخۆیەوە. نینا دەستدەکات بە خۆڕووتکردنەوە و بە بزەیەکەوە دەڵێ: چاوەڕوانی شتی زۆر مەکە. کاتێکیش تیتۆ لە جێگاکەدا خۆیدەدات بەسەر نینادا بە خەندەیەکەوە دەڵێ: تۆ گەلێک جوانیت. تیتۆ لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێ: من دەبێت سووپاسی ئەم ژنە بکەم، کە هێناومی بۆ ئێرە هەنگاو بە هەنگاو وەکوو دایکێک دەستی گرتووم، ئەو ئەم کارەی زۆر زانایانە کرد و بەبێ پەلە، ئەوەشی، کە ماوەتەوە بکرێت پەلەنەکردنە. تیتۆ هێشتا ترسێک لە دڵیدا هەیە، بۆیە لە دڵی خۆیدا بیردەکاتەوە، کە خەم دەخوات ڕووت بێت، کە خەڵک بەوشێوەیە بیدۆزنەوە و تەماشای بکەن، لێ ئەو ئازایەتییەی نەبوو ئەم قسەیە بە نینا بڵێت، کەمێک سەری بۆ لای نینا دەسووڕێنێت و دەڵێ: ئەمەوێت ناوی خۆمت پێبڵێم، من ناوم "پێدرۆ کانتۆس"ە. نینا ناوەکە بەهێواشیی دەڵێتەوە " پێدرۆ کانتۆس" تیتۆ دەڵێ: بەڵێ. (لاپەڕە 101) نینا تەماشای تیتۆ دەکات، کە چلۆن نیانانە دەستی پێدادەهێنێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ئەم ڕۆژەم هەرگیز بیرناچێتەوە. بیرکردنەوەی نینا لەوکاتەدا بریتییە لە بیرکردنەوە لەسەر ڕزگارکردن ئەو دەڵێ: ئەوەی جارێک بتوانێت کەسێک ڕزگار بکات دەتوانێت هەمیشە دووبارەی بکاتەوە. جەهەنەمێکی هەمیشەیی تەواو، کە هەموومانی لێوەهاتووین، لێ لەیەککاتدا بەبێ خوێن کاردەکات. نینا لەسەر جێگاکە بە ڕووتی لەدواوە باوەشی کردووە بە پێدرۆ کانتۆس دا " تیتۆ" نێوچەوانی ناوە بە پشتیەوە، چاوەکانی داخستووە و خەوی لێدەکەوێت.

بەمشێوەیە ئەشقێکی سەردەمیی منداڵیی دەبێتە هەوێنی لێبووردنێک، هەوێنی بینینەوەیەکی بەبێ خوێن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەشقێکی قەدەغە خۆشەویستییەکی قەدەغە، شیاوی ئەوەیە لە ئایندەدا قازانجێکی گەورە بخاتەوە، شیاوی ئەوەشە ڕێگا لە ڕشتنی خوێن بگرێت، هەروەک لە بەبێ خوێندا دەیبینین، بەمشێوەیە ئەگەرەکوو ڕۆمانی بەبێ خوێن ڕۆمانی تۆڵەش بێت، لێ بەبێ خوێن کۆتایی دێت، بە ئەشق کۆتایی دێت، بە خۆشەویستیی کۆتایی دێت، بە سێکس کۆتایی دێت، کە ئاشقان تێیدا خەوێکی ئارام دەبینن و چیدی خەو بە ئاشتییەوە نابینن، بەڵکوو لە ئاشتییدا دەژیین.

سەرچاوەی ئەڵمانیی:

1_  Ohne Blut: Alessandro Baricco. Von Anja Nattefort
2_ Freud: Anthony Storr. Aus dem Englischen von Johannes Vetter
3_ Der Antichrist: Friedrich Nietzsche

سەرچاوەی کوردیی:
4ـ شاری مۆسیقارە سپییەکان: بەختیار عەلیی

25.01.2007 هەتا 12.02.2007

# "نۆڤەچێنتۆ 1900"




**هەموو تەمنی لەو کەشتیەدا دەبێت و پێیەک چییە نایتێتە سەر زەویی، جیهان لەلای نۆڤەچێنتۆ هەشتا و هەشت دوگمەی ڕەش و سپییە.**

ئەکتەرەکە دەچێتە پشتی پەردەی شانۆوە. دەنگی مۆسیقای تیپەکە هێشتا دەگاتە گوێ، کە بۆکۆتاییی لێدەدەرێت، کاتێک دواهەمیین ئۆکۆردۆن دەنگی لێوە دێت، ئەکتەرەکە دێتەوە سەر شانۆ. پیاوێکی دەریاوانە بەناوی (دانیی بودمان) بەیانییەک کاتێک هەموو خەڵکەکە پاپۆڕەکە بەجێدەهێڵن دەچێتە هۆڵی باڵێتەکەوە لە کلاسی یەکەمدا، لەسەر پیانۆکە پاکەتێک دانراوە، بودمان بەرەو لای پاکەتەکە دەچێت، تەماشا دەکات ساوایەکی تێدایە، کە تەمەنی نزیکەی "دە" ڕۆژێک دەبێت، چاوەکانی کراوەن، بەبێ ئەوەی بگریی. بودمان دەگەڕێ بەدوای زانیارییەکدا هەتا بزانێت کێ ئەو منداڵەی لەوێدا داناوە، بێجگە لە پلاکاتێکی شیین لەسەر پاکەتەکە هیچی تری دەست ناکەوێت، کە لەسەری نووسراوە: تی.دی لیمۆن. وێنەی لیمۆیەکی شیینیشی لەسەرە. دانیی ڕەشپێستێکی فیلیادێلفیاییە، جوامێرێکە بەقەد گەورەییی دۆلابێک، ساواکە دەخاتە باوەشییەوە و پێیدەڵێ: سلاو لیمۆن، هەرئەوکات شتێک لەودا سەرهەڵدەدا، وەکوو هەستێک، کە بووبێت بە باوک. تی.دی واتا: سووپاس دانیی، گەمژەییی بوو، ئەم لێکدانەوەیە، وەلێ ئەو بەڕاستیی

باوەڕی بەوە هەبوو. پێیوابوو ئەوان ئەم منداڵەیان بۆ ئەو بەجێهێشتووە. ئەو باوەڕێکی تەواوی بەوە هەبوو تی.دی سانکیوو دانیی. (1 ، لاپەڕە 20)

"بێرتهۆلد برێشت" شاعیر و شانۆکاری ئەڵمانیی دەڵێ: ئەوەی ڕوویدا، تازە تێپەڕی، ئەو ئاوەی کردتە ئەو شەرابەوە چیدی ناتوانیت بیهێنیتەدەروە، لێ هەموو شتەکان دەگۆڕێن بۆ دەستپێکردنێکی نوێ، کە دەتوانیت لەگەڵ دواهەمیین هەناسەیاندا بژییت. ئەمە لە نۆڤەچێنتۆ ڕوویداوە چ لە لەدایکبوونیدا چ لە مردنی "دانیی بودمان"دا، کە بە باوکی خۆی دەزانی و چ تەواویی ژیانی لەسەر ئەو پاپۆڕە هەتا تەقاندنەوەی پاپۆڕەکەش و مردنی تێیدا. ئەو دەبوایە لەگەڵ هەموو گۆڕانەکاندا بژیایە و دواچێژی لە دواهەمیین هەناسەی پێش گۆڕانەکاندا وەربگرتایە. دیارە من بۆ یەکەمیینجار دەستمبرد بۆ نۆڤەچێنتۆ، لێ سێ وتارم لەسەر سێ ڕۆمانی تری باریکۆ بەناوی " ئاوریشم، خاکێک لە شووشە، بەبێ خوێن" نووسیی ئەوسا گەڕامەوە لای نۆڤەچێنتۆ. مەبەستی سەرەکیی من لێرەدا گەڕان بوو بەدوای مۆسیقادا لە ڕۆمانەکانی تری باریکۆدا، هەرئەو گوومانەش وەهایکرد، کە ئەو ڕاستییانەم لا یەکلابێتەوە، کە مۆسیقا ماتۆڕی هەڵسووڕانی پێنووسەکەی باریکۆیە لە نووسیندا. ئەو مۆسیقا خەیاڵیی و پڕ فەنتازیایەش، کە لە نۆڤەچێنتۆدا دەیبیستین باشتر بڵێم، کە دەیخوێنینەوە لە شاری مۆسیقارە سپییەکانیشدا هەیە، لێ لە دوو کەسایەتیی جیاوازدا. لەملا لە نۆڤەچێنتۆی باریکۆدا لەولا لە جەلادەتی کۆتری بەختیار عەلییدا هەردووکیشیان دوو مۆسیقای جاوید پێشکەش دەکەن، هەردووکیشیان خۆیان لەناو چینی هەژاراندا دەدۆزنەوە، ئەوان هێندەی لەناو خەڵکانی بێداڵدە و لانەوازدا خۆیان دەبیننەوە، ئاشنای چینە بۆرژواکانی کۆمەڵ نین بەڵکوو حەزیان پێناکەن بە نەزان و گێل ناویان دەبەن. پێشەکی ڕۆمانی نۆڤەچێنتۆ هەر خودی ئەلێساندرۆ باریکۆ خۆی نووسیوویەتی، هەروەکی چلۆن هیچ کەس نەیدەتوانی هێندەی خودی هێمن جوان بیۆگرافیی هێمن بنووسێتەوە ئاوهاش هیچ کەسی دی نەیدەتوانی لە توێی تەنها دوانزدە دێڕدا بتوانێت پێشەکییەک بۆ نۆڤەچێنتۆ بنووسێت. دیارە باریکۆ هێندەی خەریکی نووسیینی تێکستی شانۆیی بووە سەرەتا نیوو ئەوەندە خۆی لە قەرەی ڕۆمان نووسیین نەداوە. ئەلێساندرۆ باریکۆ لە سێپتێمبەری 1994دا دەنووسێت و دەڵێ: من ئەم تێکستەم بۆ شانۆکارێک بە ناوی " ئۆیگێنیۆ ئالەگری" و ڕێژیسێیەک بەناوی " گابریلە ڤاسیس" نووسیی. ئەوان لەم تێکستە شانۆیەکیان دروستکرد، کە بەشداری فێستیڤاڵی " ئاستی" لە مانگی حەوتی ساڵی 1994ی کرد. نازانم، کە ئاخۆ ئەوە بەش دەکات، بتوانین بڵێین، من شانۆیەکم نووسیوە؟ من لێرەدا دوو دڵم. لێ ئێستاکە، ئەو نووسیینە لە فۆڕمی کتێبێکدا لەبەردەممدا دەبینم. ئەم کتێبە وادێتە بەرچاوم، کە تێکستێک بێت، کە لەسەر نووکێکی باریکی تیژ لەنێوان تەختەی شانۆیەکی ڕاستەقینە و خوێندنەوەیەکی دەنگ بەرزدا جۆلانێ دەکات. پێموانییە، کە ناوێک هەبێت بۆ تێکستێکی ئاوها، لێ ئاساییە. من پێموایە، کە چیرۆکێکی جوانە، کە ئەوەی هێنابێت بیگێڕێتەوە. ئەو بیرکردنەوەیەشم

به دڵه، که ڕۆژێک له ڕۆژان، کەسێک هەبێت ئەم تێکسته بخوێنێتەوه. ئەلێساندرۆ باریکۆ سێپتێمبەری 1994.

نۆڤەچێنتۆ، که سەرکەوتنێکی گەورەی لەسەر ئاستی جیهان بەدەستهێناوە، لێ له سەرەتادا خودی باریکۆ هەرگیز بیری لەوه نەکردۆتەوە، که ڕۆژێک له ڕۆژان تەنانەت تاکه کەسێک هەبێت بیخوێنێتەوه. هەرئەمەش بووەته پاڵنەرێکی گەورەی باریکۆ بۆ نووسینی ڕۆمان. باریکۆ هێند وریایانه دەچێته نۆڤەچێنتۆوە، که هەموو خوێنەرێک بتوانێت وێنەکانی ئەو ڕۆمانه بهێنێته پێچاوی خۆی. هەروەکوو چلۆن هەموو تاکێکی ئەم جیهانه جارێک له جاران بگره زیاتریش لەناکاودا سەرێکی هەڵبڕیوه و شتێکی بەدیکردووه ( فڕینی باڵندەیەک، کەوتنەخوارەوەی گوڵدانێک، دۆزینەوەی خشڵێک یان پاره، بەدی کردنی دزێک، دیتنی تاوانێک ... هتد). لەناو هەزارەها کەسیشدا به یاسای سروشت هەردەبێت یەک کەس ئەو شته بەدی بکات. له نۆڤەچێنتۆشدا هەمانشێوه دەبێت تاکه یەک کەس لەو هەموو خەڵکەدا لەو هەزارەها کەسەی ناو ئەو پاپۆڕەدا هەردەبا تەنها یەک کەس نۆڤەچێنتۆ ببینێت ئەویش " دانیی بودمان"ی ڕەش پێست بوو. یەکەمیین ئامۆژگاریی دانیی بودمانیش بۆ نۆڤەچێنتۆ له تەمەنیی مێرمنداڵییدا ئەوەیه، که پێیدەڵێت: مرۆڤ تەماشای چاوەکانی مرۆڤ دەکات هەتا ئەوه ببینێت، که ببینێت، نەک ئەوه ببینێت، که بینوویەتی( 1 لاپەڕە 12). واته له تەماشاکردنی هەموو مرۆڤێکدا شاردراوەیەک هەیه، که پێویسته بەدی بکرێت، ئەوەشی، که ڕۆتین دەیبینێت تەنها ڕێ ونکەرەیەکه له چاو.

هەموو هاوڕێکانی تری سەر کاری دابەزیوونەته سەر زەویی کاتێک "دانیی بودمان" لەناو هۆڵی پاپۆڕەکەدا، که ناوی "ڤیرگینیان"ە، له پاکەتێکی لیمۆدا ساوایەک دەدۆزێتەوە، هێشتا هیچ کەسێک نازانێت، چارەنووسی ئەم کۆرپەیه چیی لێدێت، که مرۆڤ ناوی ساڵێکی پێدەدات، نۆڤەچێنتۆ "1900". هەروەکوو چلۆن پێکیش و ئابێگ له ڕۆمانی " خاکێک له شووشه"دا دایک و باوکی ڕاستەقینەی "پێنت" نەبوون، بەڵکوو خاتوو "ئابێگ" ڕۆژێک لەبەردەمی کەنیسەیەکدا له کووینیپاک دەیدۆزێتەوە، ئەو دەم " پێنت" تەمەنی دوو ڕۆژ بوو لەناو چاکەتێکی پیاوانەی ڕەشدا دانرابوو. بێگوومان پێنتیش منداڵێکی موعجیزه بوو وەکی نۆڤەچێنتۆ. دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان له فۆڕمێکی تردا تەکنیکی نووسینی ڕۆمانەکانی باریکۆن، لێ منداڵی ئەمجاره لێگێندەیەکه بوونی تەنها له ئۆقیانووسێکدا هەیه نەک لەسەر زەویی. دانیی بودمانیش باوکی ڕاستەقینەی نۆڤەچێنتۆ نییه، بەڵام له باوکێک باشتر توانای پەروەردەکردنی نۆڤەچێنتۆی هەبوو. تراژیدیای نۆڤەچێنتۆ له تەمەنی هەشت ساڵییدا ئەوەیه، کاتێک "دانیی بودمان" دەمرێت، کاپیتێنی پاپۆڕەکه بڕیار دەدات، که ئەم کوڕه بنێرێته سەر زەویی، هێشتا تازه پاپۆڕەکه له کەناردا ڕاوەستاوە، نۆڤەچێنتۆ ون دەبێت و کاتێک دێته دەرەوە، که پاپۆڕەکه گەیشتۆته قوڵایی دەریاوه، لێرەوە ئیدی هەموو تێدەگەن، که دەست له دەستتێوەردانی ژیانی ئەو منداڵه هەڵبگرن، چونکه پیانۆیەک لێدەدات، که پێشتر هیچ کەس نەیبیستبێت. له هۆڵی

کلاسی یەکەمدا نۆڤەچێنتۆ بە نۆتە پیانۆ دەژەنێت واتە مۆسیقایەکی سادە و ساکار بۆ خەڵکانیی قاتی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر و دەوڵەمەند، لێ لە کلاسی سێهەمدا ئاوازی تایبەتی خۆی ئیندیڤیدوال لێدەدات، کە هەموو کەس سیحراویی و سەرسام دەکات. "جێلی ڕۆل مۆرتۆن" بە شاکارە مۆسیقییەکانی ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە، کە وەک لوتکەیەک لەناو خەڵکییدا تەماشا دەکرێت، وەک خۆی، خۆی ناو ناوە "دۆزەرەوەی جاز" لە هاوینی ساڵی 1931 دا بە قاتێکی سپیی و پێڵاوی سپییەوە و ئەڵماسێکی گەورەش لە ملیدا دێتە لای کەشتیی "ڤیرگینیان" بۆ دوێلێک لەگەڵ نۆڤەچێنتۆدا.

یەکێک لە تەکنیکە جوانەکانی نووسینی نۆڤەچێنتۆ بریتییە لە هونەری خوێندنەوەی چیرۆکەکە لەلایەن چیرۆک خوێنی ڕۆمانەکەوە، کە یەکێکە لە هەرە هاوڕێ باشەکانی نۆڤەچێنتۆ خۆی لەو کەشتییەدا. هەروەک خۆی دەڵێ: کاتێک بۆ دواهەمیینجار من نۆڤەچێنتۆم بینی لەسەر بۆمبایەکی زەبەلاح دانیشتبوو و پێیگووتم: تۆ فڕێنەدراوی، تا ئەو کاتەی، کە تۆ چیرۆکێکی باشت هەبێت بۆ گێڕانەوە. بێگوومان چیرۆکە باشەکەش بریتیی بوو لە ژیانی نۆڤەچێنتۆ.

ئەمەش ژیانی نۆڤەچێنتۆیە:

بەیانییەک کاتێک هەموو خەڵکەکە پاپۆڕەکە بەجێدەهێڵن " دانیی بودمان" دەچێتە هۆڵی باڵێتەکەوە لە کلاسی یەکەمدا، لەسەر پیانۆکە پاکەتێک دانراوە، بودمان بەرەو لای پاکەتەکە دەچێت، تەماشا دەکات ساوایەکی تێدایە، کە تەمەنی نزیکەی "دە" ڕۆژێک دەبێت، چاوەکانی کراوەن، بەبێ ئەوەی بگریی. بودمان دەگەڕێ بەدوای زانیارییەکدا هەتا بزانێت کێ ئەو منداڵەی لەوێدا داناوە، بێجگە لە پلاکاتێکی شیین لەسەر پاکەتەکە هیچی تری دەست ناکەوێت، کە لەسەری نووسراوە: تی.دی لیمۆن. وێنەی لیمۆیەکی شیینیشی لەسەرە. دانیی ڕەشپێستێکی فیلیادێلفیاییە، جوامێرێکە بەقەد گەورەیی دۆلابێک، ساواکە دەخاتە باوەشییەوە و پێیدەڵێ: سلاو لیمۆن، هەرئەوکات شتێک لەودا سەرهەڵدەدا، وەکوو هەستێک، کە بووبێت بە باوک. تی.دی واتا: سووپاس دانیی، گەمژەیی بوو، ئەم لێکدانەوەیە، وەلێ ئەو بەڕاستیی باوەڕی بەوە هەبوو. پێیوابوو ئەوان ئەم منداڵەیان بۆ ئەو بەجێهێشتووە. ئەو باوەڕێکی تەواوی بەوە هەبوو تی.دی سانکیوو دانیی (1، لاپەڕە 20). بێگوومان لە هەموو کات و سەردەمێکدا قورسیی ژیان وەها لە مرۆڤ دەکات، کە جەرگی خۆی پێ بەخێو نەکرێت و فڕێیبدات، یاخوود هەندێک کچ، کە ڕێکەوتێکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ منداڵێکیان پێدەبەخشێت و ئامادەی بەخێوکردنی نین لە لەدایکبوونی ساواکەدا بڕیاری فڕێدانی ساواکە دەدەن. زۆرجار مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە هەمووشتێک پێشتر بە یاسایەکی سروشتیی بڕیاری خۆی لەسەر درابێت، پێویستە ئەو منداڵانە بەو چارەنووسەدا تێپەڕن وەک تاقییکردنەوەیەکیان لە ژیاندا، لێ چ تاقییکردنەوە و چارەنووسێکی بەدە، کە مرۆڤ بەو ئاقارانەدا دەبات. هاوڕێیەکی پێشمەرگەی دێریین، جارێک دوو کارەساتی بۆ گێڕامەوە، کە هەردووکیان پەیوەندییان بە ساواوە هەبوو، هاوڕێکەم مرۆڤێکی خاوەن تەمەن و ئەزموونی ژیانە وتی:

جاریکیان لە گووندیک ژنێک شەو منداڵی دەبێت، هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا باوکی ساواکە تووشی شێتگیریی دەبێت، تازە بە تازە ناوکی ساواکەیان بڕیوە، هەر بەو خوێنەوە باوکەکە هەتا هێزی تێدا بێت ساواکە لە هەیوانەکەیانەوە فڕێدەدات. ئەو دەمەش زمستان بوو دونیا یەکپارچە بەفر و سەهۆڵ بوو، لەتاو بەفرێکی زۆر هیچ کەسێک نەیدەتوانی هاتووچۆ بکات، بەفر هەتا سەر سنگمان هاتبوو، ئێمە بۆ ڕۆژی ئایندە ساواکەمان لەناو بەفردا دۆزییەوە. ئێمە کاتێک ساواکەمان هەڵگرتەوە قاچ و سمتی لێیخورابوو، ئیدی دیار بوو شەو پشیلەی گووندەکە یان سەگی گووندەکە هاتبوون لێیانخواردبوو. ئەم باوکە ئەو ساوایەی بە تاوانی کچبوونی فڕێدا و کووشتی، دەڵێن گوایە پێشتر هەڕەشەی لە ژنەکەی کردووە، کە ئەگەر کچی ببێت دەیکووژێت. کارەساتی دووهەم هەر هەمان پێشمەرگەی دێرین بۆی گێڕامەوە و وتی: لە کارەساتی ئەنفالەکاندا ژن و پیاوێک ساوایەکیان پێ بوو، لێیان ببوو بە تەوق، ساواکەیان جوان پێچایەوە و لەبن بەردێکدا لە نزیک یەکێک لە گووندەکانی کوردستان دا فڕێیاندا. هاوڕێکەم ئەو ساوایە هەڵدەگرێتەوە و لەگەڵ خۆی دەیبات، ئەو ساوایەش هەر کچ بوو. ساڵان دێت و دەڕوات، ئەو پێشمەرگەیە لە ئێرانەوە کۆچی هەندەران دەکات و لە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا وەک پەناهەندە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. ئەو ساوایە دەبێتە کچێکی جوانکیلە و خوێن شیرین، کە ئەو پێشمەرگە دێرینە بە باوکی خۆی و ژنەکەی بە دایکی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت. لە دواییدا کاتێک کچەکە تەمەنەکەی گوونجاوە بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگەیە ڕاستییەکان بەو کچە بڵێت لە ساڵانی دوو هەزار و دوو بۆ دووهەزار و سێ دا، ڕۆژێکیان پێشمەرگەکە کچەکە لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ کوردستان و دەیبات بۆ ئەو شوێنەی، کە چەندین ساڵ بەرلەئێستا ئەوی تێدا دۆزیوەتەوە و ڕاستییەکانی پێدەڵێت، کە ئەم باوکی ڕاستەقینەی ئەو نییە و بەڵکوو ئەو ئەمی تەنها لێرەدا بە ساوایی دۆزیوەتەوە و هەڵیگرتۆتەوە. کچەکە تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت، چونکە هەرگیز هەستی نەکردووە، کە ئەو ژن و پیاوە دایک و باوکی ڕاستەقینەی ئەو نەبن. بێگوومان تەمەنی کچەکە لەو ئاستەدا بووە، کە ژیرانە بیربکاتەوە و باوەش بە پێشمەرگەکەدا دەکات و دەڵێ: تۆ هەر باوکی ڕاستەقینەی منیت، ئەوەی باوکی ڕاستەقینەی من بووە کاتی خۆی نەیتوانیوە ڕۆڵی باوکێکی ڕاستەقینە ببینێت بۆیە ئەو باوکێکی ڕاست نییە، لێ تۆ، کە توانیووتە هەست بە لێپرسراوێتیی بکەیت، وێڕای ئەوەی تۆ ژن و منداڵی خۆشت لەگەڵدا بووە، کەچیی ئامادەبوویت منیش وەک ساوایەکی خۆت لەگەڵ خۆتدا بەریت و لەدەست ئەنفال ڕزگارم بکەیت، هەربۆیە تۆ باوکی منیت نەک ئەو. هەنووکە تراژیدیاکە دەستپێدەکات دایک و باوکی ڕاستەقینەی ئەو کچە پێدەزانن، کە ئەو پێشمەرگە دێرینە هاتۆتەوە و کچەکەی ئەوانیشی پێیە، دەچنە لای پێشمەرگەکە و داوای لێدەکەن، کە کچەکەیان بداتەوە، ئەویش ئامادە نابێت کچەکەیان بداتەوە، خودی کچەکەش هەمانشێوە ئامادە نییە بچێتەوە لایان. دایک و باوکەکە دەچنە لای مام جەلال شکات دەکەن و مام جەلالیش دەنێرێت بەدوای پێشمەرگە دێرینەکەدا، لەسەر فەرمانی مام جەلال پێویست دەبێت، ئەو پێشمەرگە

دێرینە کچەکە بداتەوە بە دایک و باوکی ڕاستەقینەی خۆی، بێگوومان ئەمە وێڕای ئەوەی، کە خودی کچەکەش ئامادە نییە بچێتەوە لایان. ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو پێشمەرگە دێرینە نامۆیەکە و بەدوای کچەکەیدا دەگەڕێت.
دانیی بودمان هیچ دایک و باوکێک نییە بێت و قووتبێتەوە داوای کوڕەکەیان بکەنەوە، بەڵکوو ئەو ساوایە بە دەستی ئەنقەست لە پاکەتێکدا لە کلاسی یەکەمدا بەجێهێڵراوە هەتاوەکوو پیاوێکی دەوڵەمەند بیدۆزێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیبات هەتا لە ئایندەدا ژیانێک بژیی لە ژیانی ڕەشی دایکی نەچێت. ئەمە چارەنووسی ئادەمیزادە، ئەو ساوایە لەبری تووشی پیاوێکی دەوڵەمەند بێت تووشی دانیی بودمان دەبێت و نازناوی نۆڤەچێنتۆ وەردەگرێت واتە هەزار و نۆسەد، لە ئایندەشدا دەبێتە ئەو لێگێندەیەی، کە مرۆڤ بە ئەشقەوە ئارەزوو دەکات گوێ بۆ مۆسیقاکانی شل بکات. دانیی بودمان هەمیشە دەیگووت: بە ئەنقەست لەسەر پاکەتەکە نووسراوە ( تی. دی) کە بـە ئاشکرا واتــای سووپاس دانیی (سانکیوو دانیی). یەکێک لە هاوڕێکانی دەیگووت: تۆ ئەم ساوایەت لە سێ شەممەدا دۆزیوەتەوە، کەواتە دەبێت ناوی بنێیت سێ شەممە. دانیی بیر لە ناوەکە دەکاتەوە و خەندەیەک دەکات و دەڵێ: من ئەوم لە یەکەم ڕۆژی ساڵی نەفرەت لێبووی سەدەی بیستدا دۆزیوەتەوە، بۆیە ناوی دەنێم نۆڤەچێنتۆ هەزار و نۆسەد (1 لاپەڕە 23). هاوڕێکەی دەڵێ: ئاخر ئەوە ژمارەیە. دانیی دەڵێ: ژمارە بوو، لێ ئێستا ناوە دانیی بودمان تی دی نۆڤەچێنتۆ تەواو پێرفێکت و گەلێک جوانە. ناوێکی جوانە خودا دەزانێت ناوێکی جوانە.
دانیی بودمان هەشت ساڵ و دوو مانگ و یانزدە ڕۆژ بوو لەو ئۆقیانووسەدا بوو، لە بۆرانێکدا بارێکی گەورە و گرانی هەڵواسراو بە حەبل بەردەبێتەوە و دەیدات بە پشتیدا. سێ ڕۆژ لە جێگادا دەکەوێت، لە ناوەوە تەواو وێران بوو، بەهیچ شێوەیەک هی ئەوە نەبوو، کە جارێکی دی بیبەستیتەوە بەیەکەوە. نۆڤەچێنتۆ ئەو دەم منداڵێکی بچکۆلانە بوو، دەچووە جێگاکەی دانیی بودمانەوە و بەهیچ شێوەیەک نەدەجوڵایەوە. سەفتەیەک ڕۆژنامەی کۆنی پێبوو بۆ دانیی بودمانی دەخوێندەوە. سێ دانە ڕۆژی ڕەبەق بەبێ پشوو تەواوی ئەنجامەکانی پێشبڕکێی ئەسپی بۆ دەخوێندەوە، هەرچییەکی دەست بکەوتایە دەیخوێندەوە. پیتەکانی ڕیزبەند دەکرد بەوشێوەیەی، کە دانیی فێری کردبوو. پەنجەکانی دەخستە سەر ڕۆژنامەکە و بە چاویش لە چرکەیەدا دەیخوێندەوە. بە هێواشی دەیخوێندەوە، لێ ئەو توانای خوێندنەوەی هەبوو. بەوشێوەیە دانیی لە شەش هەمیین پێشبڕکێی ئەسپی شیکاگۆدا مرد (1 لاپەڕە 25). لێرەدا نۆڤەچێنتۆی هەتیوو بۆ جاری دووهەم سەرلەنوێ هەتیوو دەبێتەوە، ئەمە چارەنووسی ئادەمیزادە. نۆڤەچێنتۆ لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بۆ جاری دووهەم هەتیوو دەبێتەوە هەتا ئەو کاتەش پەنجا جار لەنێوانی ئەورووپا و ئەمریکادا هاتووە و چووە. ئۆقیانووس ماڵی ئەوە، ئەوەشی پەیوەندیی بە خاکەوە هەبێت، ئەو نەیدیبوو، چونکە هەتا ئێستا پێیەک چییە لەسەر خاکی دانەناوە. کاتی خۆی دانیی بودمان دەترسا لەوەی کوڕەکەی لێبستێنن، ئەویش بەهۆی ئەوەی نۆڤەچێنتۆ خاوەنی هیچ بەڵگەنامەیەک نەبوو، کە پێناس لە بوونی ئەو

بکات. ڕۆژێکیان کاپیتێنی پاپۆڕەکە لەدوای مردنی دانیی بڕیار دەدات نۆڤەچێنتۆ لە دەربەندێکدا دابگرێت و بیدات بە کارمەندان هەتا ناو نووسی بکەن. ئەو دەیویست کۆتایی بەم شانۆیە بهێنێت هەربۆیە کارمەندان ئاگادار دەکاتەوە و ئەوانیش فەرمان دەردەکەن، کە بە چەند کەسێکدا نۆڤەچێنتۆ بهێنن. لێ دوو دانە ڕۆژی ڕەبەق دەگەڕێن بەدوای نۆڤەچێنتۆدا نایدۆزنەوە. نۆڤەچێنتۆ وندەبێت، هەرچەندە ئەم چیرۆکە چێژ بە کەس نادات، چونکە ئەوان هەموویان لە کەشتی " ڤیرگینیان"دا لەگەڵ نۆڤەچێنتۆدا ڕاهاتبوون. کاتێک دوای بیست و دوو ڕۆژ بڕیاری ڕۆیشتن بەرەو " ڕیۆ" بەبێ نۆڤەچێنتۆ دەدەن، سەرەتا بە ئاهەنگی فیشەکەشێتە تەقاندن وەک پیشەی هەمیشەییان لێ ئەمجارەیان شێوەیەکی دی، چونکە لەو باوەڕەدابوون، کە نۆڤەچێنتۆیان بۆ هەتا هەتایە لەکیس بچێت، خەندەی هەموویان خەمێکی پێوە بوو(1 لاپەڕە 27). لە دووهەم شەوی سەفەریاندا، کاتێک ڕۆشنایی کەنارەکان ئیدی هیچ دیار نەبوون، " باریی" پاپۆڕەوان وەک شێت خۆی دەکات بە کابینەکەی کاپیتێندا و لە خەوی هەڵدەستێنێت و تێیدەگەیەنێت، کە دەیەوێت شتێکی نیشان بدات. سەرەتا کاپیتێن دەستدەکات بە کفرکردن و لێ لەپاشاندا لەگەڵی دەڕوات بۆ هۆڵی باڵێت لە کلاسی یەکەمدا. گلۆپی داگیرساو دەبینێت، خەڵکی بە جلکی خەوەوە لەناو دەرگای چوونەژوورەوەدا ڕاوەستاون، نەفەری ناو کابینەکان هاتبوون. چەند پیاوانێکی دەریا و خەڵوزەوانەکانیش هاتبوون. هەموو بێدەنگن و تەماشای نۆڤەچێنتۆ دەکەن. نۆڤەچێنتۆ لەسەر قاچ لەسەر کورسیی پیانۆکە، کە هەر کەمێک لەسەر ئەو مێتاڵەی هۆڵەکە، کە لەسەری دانرابوو دانیشتووە و وەک ڕاستییەکانی خودا پیانۆ دەژەنێت (1 لاپەڕە 27). مۆسیقایەکی هێواشی سەرسووڕهێنەرە، لێ تەنها شەیتان دەزانێت، کە ئەوەی ئەو ژەنی چ مۆسیقایەک بوو، لێ مۆسیقایەکی بچکۆلانەی جوان بوو، هیچ فێڵ و فەرەجەش نەبوو، بەڵکوو بە ڕاستیی خۆی دەیژەن. ژنێکی قژ پێکەوەلکاو، کە تەنوورەیەکی پەمەیی بەیانیانی لەبەردابوو، دیار بوو لە پارەدا مەلەی دەکرد، ژنی پیاوێکی فرۆشیاری دڵنیایی کۆمەڵایەتیی بوو، خەریکی ڕشتنی فرمێسکی قەڵەو قەڵەو بوو بەسەر ئەو کرێمی شەوانەیەدا، کە لە دەمووچاوی دابوو. تەماشای نۆڤەچێنتۆی دەکرد و بێبڕانەوە دەگریا. کاتێک هەستدەکات، کە کاپیتێنی پاپۆڕەکە لە تەنیشتییەوە بە واقی وڕماوەوە ڕاوەستاوە، بە هەنسک و نووزەوە پرسیار دەکات و دەڵێ: ناوی چییە؟ کاپیتێن دەڵێ: نۆڤەچینتۆ. ژنەکە دەڵێ: گۆرانییەکە ناڵێم بەڵکوو منداڵەکە. کاپیتێن دەڵێ: نۆڤەچێنتۆ. ژنەکە دەڵێ: وەکوو گۆرانییەکە؟

ئەمە چۆنێتیی دەربڕینی سەرسووڕمانی خەڵکانێک بوو بەرانبەر بە نۆڤەچێنتۆ، ئەو منداڵە دۆزراوەیەی، کە دانرابوو بۆ پیاوێک یان ژنێکی دەوڵەمەند، کەچیی دەست دانیی بودمان کەوت، لەلای ئەویش بوو بەو لێگێندەیەی، کە خودی دەوڵەمەندەکان خۆیان لە ئاست ئاوازە تەمەن هەشت ساڵانێکەیدا ڕاناگرن. دەشێت هەموو شت پێشتر نووسرابێت، چارەنووسی مرۆڤ پێشتر نەخشەی کێشرابێت، هەروەکوو چلۆن کاپیتێنی پاپۆڕەکەش دەبوایە زیاد لە بیست و دوو ڕۆژ چاوی بە نۆڤەچێنتۆ نەکەوێت و گەورەترین ترسی

مردنی لێنیشتبێت، لێ کاتێک لە کۆتاییدا هەواڵی پێدەزانێت و دەیبینێت لێگێندەیەکی بچکۆلانەی لێدەرچووە. ئەو لەو چرکەساتی سەرسووڕمانەیدا بەرانبەر بە نۆڤەچێنتۆ بیری دەکردەوە و دەیگووت: ئەو منداڵەی، کە هەتا ئێستا ترسی مردنی لێی هەبوو لەو بەینەدا نەک تەنها زیندووە بەڵکوو فێری ژەنینی پیانۆش بووە. کاپیتێن ژنە دەوڵەمەندەکە بە گریانەوە بەجێدەهێڵێت و هەنگاو هەنگاو بە هۆڵەکەدا دەڕوات هەتا دەگاتە لای پیانۆکە ئەوسا ڕادەوەستێت. سەری زمانی پڕ قسەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە دەڵێ: لەبۆ جەللاد ئەمە لەکوێ فێربوویت؟ یان لەبۆ شەیتان لەکوێ خۆت شاردبۆوە؟ لێ هەروەکوو زۆرینەی پیاوان، کە ڕاهاتوون لە بەرگی دەستووریدا بژین، بیر لە جلوبەرگە دەستوورییەکەی دەکاتەوە و دەڵێ: نۆڤەچێنتۆ ئەمانە هەموو دژ بە دەستوورن. نۆڤەچێنتۆ دەست لە پیانۆ ژەنین هەڵدەگرێت و خوێن شیرینانە تەماشای کاپیتێن دەکات و دەڵێ: من گوو دەکەمە سەر دەستوور (1 لاپەڕە 29). بێگوومان نۆڤەچێنتۆ لە دانیی بودمانەوە فێری ئەم دەربڕینە ببوو، چونکە هەرچەند باسی یاسا و دەستووریان لەلا بکردایە ئەو گووی دەکردە یاسا و دەستوور بەتایبەت ئەگەر شتێک پەیوەندیی بە ناونووسکردنی نۆڤەچێنتۆوە هەبوایە، ئەو دەترسا لەوەی لەکاتی ناونووسکردنی نۆڤەچێنتۆدا، بەو پێیەی، کە ئەو باوکی ڕاستەقینەی ئەو نییە لێی بستێنن و ببەن بۆماڵی بێنەوایان و هەتیوان. هونەر و توانای نووسینی نۆڤەچێنتۆ لە ئەلێساندرۆ باریکۆدا لە ئاستێکی هێند بڵنددایە، کە خوێنەر بە ئەشقەوە باوەش بە هەموو ڕستەیەکیدا بکات. دروستە باریکۆ پەیڤێکی سادە و ساکاری لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا بەکارهێناوە، لێ هێند دەوڵەمەندە، کە دەشێت لە فۆڕمێکی تردا نەتوانرێت هێندەی ئێستا چێژی لێوەربگیرێت. هەروەکوو خۆیشی دەڵێت، ئەو نۆڤەچێنتۆی بۆ نمایشی شانۆیەک نووسیوە، دەشێت ئەمەش فاکتەرێکی گوونجاوبێت لەسەر تەکنیکی بەکارهێنانی ئەو پەیڤە، کە خۆی لە خۆیدا کارئاسانییەکە باریکۆ بۆ ئەکتەرەکانی کردووە، کە لە ماوەیەکی کورتدا هەم بتوانن لە تێکستەکان بگەن هەم زووش لەبەری بکەن بۆ نمایشکردن. نۆڤەچێنتۆ تەنها ئەوەمان پێناڵێت، کە مۆسیقای نۆڤەچێنتۆ مۆسیقایەکە وێنەی نییە، هێند جاویدە بێجگە لەو هیچ کەسێکی تر توانای داهێنانی نییە. هەروەکوو چلۆن ڤاگنەر، باخ، مۆتسارت، بێتهۆفنێکی دی لەدایکنابنەوە چونکە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆیانن ئاوهاش نۆڤەچێنتۆیەکی تر لەدایکنابێتەوە. چارەنووسی کۆرپەیەکی ئاوهای وەک نۆڤەچێنتۆ ئەو ڕاستییانەمان لا دووپاتدەکاتەوە، کە فڕێدانی ساوایەک نابێتە هۆی ئەوەی چارەنووسیشی فڕێبدەیت، چونکە لێرەدا خاوەنی ڕاستەقینەی ساواکە بێجگەلەوەی پەشیمانییەکی بۆ دەمێنێتەوە و خەم لەوە دەخوات، کە ئەو چیدی نابێتەوە خاوەنی ئەو کەسایەتییەی، کە لەو کۆرپە فڕێدراوەدا دەرچووە. نۆڤەچێنتۆ بەدڵنیایی دایکێکی هەژاری هەبووە، ئاکاریش هەر دەست پیاوێکی هەژاری دەریاوانکەوت، هەرچەندە دایکی بیری لە کەسێکی دەوڵەمەند کردبۆوە بۆیە لە کلاسی یەکەمدا فڕێیدابوو هەتا مرۆڤێکی دەوڵەمەند هەڵیبگرێتەوە، لێ دەست هەژارێککەوت، کە

ناوی دانیی بودمان بوو. باریکۆ چەند باس لە مۆسیقایەکی جاوید دەکات لە نۆڤەچێنتۆدا هێندەش باس لە چارەنووسی مرۆڤ دەکات، کە لێرەدا بەهۆی مۆسیقاوە خوێنەر سەری ناپشکێتە سەرئەوەی ئەو دیوە جوانەی تری نۆڤەچێنتۆ ببینێت وەک مرۆڤێکی هەمیشە نامۆ و ماندوو بەدوای سێبەری چارەنووسی خۆیدا. کەم خوێنەر بیر لە تەنیابوونی نۆڤەچێنتۆ و دەروونی شپرزەی نامۆی بەرانبەر بە هەمووشت دەکاتەوە. ئاخر بۆیە لەو دوئێلەشدا، کە جیلیی ڕۆڵ مۆرتن بۆی سازدەکات قێزی لەو فۆرمە دێتەوە، کە خەڵکانی دەرەوەی چینەکەی ئەو تێیدا دەژیین، کە چینی دەستەڵاتداران و دەوڵەمەندانە، وەک ئەوەی ئەم چینە تەنها ماف بە خۆیان بدەن، کە تاک و تەنها کەس بن توانای جوانکارییان لە هەرشتێکدا هەبێت. تا ئەو کاتەش، کە تەواوی پاپۆڕەکەی نۆڤەچێنتۆ پڕدەکەن لە تی ئێن تی و ئامادەی دەکەن بۆ تەقاندنەوە ئەو هێشتا ئامادە نییە لەو پاپۆڕەدا دابەزێت و پێیەک بنێتە سەر زەویی، ئەو هێشتا نووقمی نامۆیی خۆیەتی لەو سەر زەوییەدا، کە پڕە لە تاوان، پڕە لە نۆتەی شکاو، لە مۆسیقاری دەنگە دەنگەر. نۆڤەچێنتۆ ئەو ڕۆمانە قەوارە حەفتا و هەشت لاپەڕەییە بچووک و ناوەڕۆک گەورەیەیە، کە خوێنەری کورد پێویستە پێی ئاشنا بێت بەتایبەت مۆسیقاران و هونەرمەندان، کە بەهۆیەوە زیاتر هاندەدرێن بۆ بەرهەمهێنانی مۆسیقایەکی ڕاستەقینە نەک تەقەتەقکردن. هەروەک چۆن " فریتس هێرمان" سەرۆکی تیپەکەی نۆڤەچێنتۆ لەو پاپۆڕەدا، لە هۆڵی خەڵکانی کلاسی یەکەمدا هەمیشە لەسەر شانۆ پێشئەوەی هیچ شتێک پێشکەشبکەن دەچووە لای نۆڤەچێنتۆ بە گوێیدا دەچرپاند و دەیگووت: نۆڤەچێنتۆ تکایە تەنها نۆتەی نۆرماڵ و هیچی تر نا باشە؟ بێگوومان ئەمەش خۆی لە خۆیدا واتای وایە، کە ئەو خەڵکانەی لە کلاسی یەکەمدا خۆیان دەبیننەوە تەنها جلوبەرگ و پۆشاکیان جیایاندەکاتەوە لە خەڵکانی بێ کلاس نەک ئەقڵ و هۆشیان بۆ هونەر و مۆسیقا. گرنگ ئەوەیە ئەوان بە مۆسیقایەک سەما بکەن ئیدی گرنگ نییە چ مۆسیقا و نۆتەیەک بێت، هەروەکی چلۆن لەناو کۆمەڵگای ئێمەی کوردیشدا، کە ئەگەر لە ئاهەنگێکی کوردیی دا لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا، کە دەکرێت تەنها کەسێک بخەیتە سەر تەختەی شانۆ و تەنەکەیەکی بدەیتە دەست بۆ تەنەکەلێدان ئیدی ئەو هەموو خەڵکە پۆشاک جوانە بە قات و چاکەت و پانتۆڵ و کراسی پوولەکەی کوردیی و کراسی ئاهەنگێڕانی مۆدێرنەوە دەکەونە هەڵپەڕکێ و سەما کردن بەبێ ئەوەی هیچکامێکیان گوێی ڕاستەقینەی مۆسیقییان هەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان مۆسیقاناس بن دەکەونە هەلهەلە لێدان و چەپڵە و بەزمگێڕان. لە کلاسی یەکەمی پاپۆڕەکەی نۆڤەچێنتۆشدا هەمانشێوە ئاخر بۆیە نۆڤەچێنتۆ هێندەی خۆی بە کوڕی خەڵکانی نۆرماڵ و بێکلاس دەزانێت خۆی بە کوڕی کلاسی یەک نازانێت. نۆڤەچێنتۆ چونکە خۆی منداڵێکی دۆزراوەیە و دانیی بودمانێکی هەژاری دەریاوان گرتوویەتییە خۆی و پەروەردەی کردووە و ئەویش لە تەمەنی هەشتساڵییدا بە مەرگی جێیهێشتووە، هەمیشە حەز لەناو خەڵکانی سادە و ساکار و هەژار دەکات، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئاستی بیرکردنەوەیەی، کە لەکاتێکدا نۆڤەچێنتۆ لەناو ئەو پاکەتی

لیمۆیەدا لە کلاسی یەکەمدا لەسەر پیانۆکە دانرابوو، خۆ هەردەبێت دەوڵەمەندێک چاوی پێیکەوتبێت و ئەو ساوایەی لەو پاکەتەدا بینیبێت، لێ گرنگییان پێنەداوە و هەروەکوو هیچیان نەبینیبێت ئاوها بووە. ئەمە گریمانێکە، کە دەشێت شوێنێکی لەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی نۆڤەچێنتۆ دانابێت بۆیە زیاتر ئەهلی هەژارانە نەک دەوڵەمەندان. خۆ ئەگەر نۆڤەچێنتۆ بۆ یەکجار تەنها یەکجار ئامادەبێت پێیەک بنێتە سەر زەویی و مۆسیقا بەرهەم بهێنێت دەبێتە کەسایەتییەکی زیاد لە پێویست دەرکەوتوو و خاوەن زێڕ و تەلار و پارە، لێ ئەو هێندەی خۆی بە کوڕی زەریا دەزانێت خۆی بە کوڕی خاک نازانێت.

نۆڤەچێنتۆ هەرگیز پێیەکی لەسەر خاک دانەناوە، ئەو کوڕی دەریا و ئۆقیانووسەکانە، هەتا نەچێتە قوڵاییی دەریا و ئۆقیانووسەکانەوە هەست بە ئارامیی ناکات و مۆسیقای جاوید لێنادات. ساڵانێکی دوور و درێژ هاوڕێکەی چاوەڕوانی ئەو دەرفەتە دەکات، کە بتوانێت بە نۆڤەچێنتۆ بڵێت: بۆ خاتری خودا بۆچیی تەنها جارێک لەم پاپۆڕە دانابەزیت و بچیتە سەر خاک؟ بۆچیی تەنها جارێک بە چاوی خۆت تەماشای ئەوم دونیایە ناکەیت؟ بۆچیی تۆ هەمیشە لەم زیندانە مەلەکەرەدا دەمێنیتەوە؟ تۆ پیانۆیەکی جوان دەژەنیت، خەڵکیی بەرگی خۆیانت بۆ دادەڕێنن، دەتوانیت پارەیەکی زۆرت دەستبکەوێت، جوانترین خانووی جیهان بکڕیت، دەتوانیت پاپۆڕێک بۆ خۆت بەو فۆرمە بەکرد بدەیت، کە دەتەوێت، چیتە پێمبڵێ؟ تۆ ناکرێت وەک بێئەقڵێک هەمیشە لەمسەر بۆ ئەوسەر لێبخوڕیت، خۆ تۆ بێئەقڵ نیت. تەنها یەکجار تکایە تەنها یەکجار، بۆچیی لەم پاپۆڕە دانابەزیت نۆڤەچێنتۆ؟ بۆچیی دانابەزیت بۆچیی؟ بۆچیی؟ بۆچیی ( 1 لاپەڕە 41)؟

لە هاوینێکی ساڵی 1931 دا جێلی ڕۆل مۆرتۆن بە بەرگێکی سپیی و شەپقەیەکەوە هەمانکاتیش ئەنگووستیلەیەکی گەورەی ئەڵماسی لە پەنجەدایە دێتە ناو کەشتیی ڤیرگینیانەوە. مۆرتۆن بە داهێنەر و دۆزەرەوەی جاز ناسراوە، ئەو پێیوایە، کە ئەو دۆزەرەوەی جازە. پیانۆ دەژەنێت هەمیشە نیوەی قوونی لەسەر کورسییەکەیەتی و هەردوو دەستیشی وەک پەپوولە وەهان لە ژەنیندا. لە شوێنێک یەکێک باسی نۆڤەچێنتۆی بۆ دەکات. دەبێت پێیانگووتبێت، کە نۆڤەچێنتۆ گەورەیە، گەورەترین پیانۆژەنی جیهانە. پێدەچێت ئەم دەربڕینە شێتییەک بێت، لێ بەوشێوەیە دێتە بەرچاو، چونکە نۆڤەچێنتۆ بەدەر لەناو ڤیرگینیاندا لە هیچ شوێنێکی تردا پیانۆی نەژەنیوە، کەچیی ئەو لەسەر ئەو شێوەیەی خۆی ناوبانگی دەرکردبوو. لێگێندەیەکی بچکۆلانە، کە خەڵکیی لەسەر ئەو پاپۆڕە گوێیان لێبووە و لە شوێنانی دی گێڕاویانەتەوە و باسیانکردووە، کە لەکاتی پیانۆژەنیندا وەها دەرکەوتووە وەک ئەوەی چوار دەستی هەبێت. تەنانەت خودی سێناتۆر "ویلسۆن" تەواوی سەفەرەکانی لە کلاسی سێهەمدا بەسەردەبرد، چونکە لەوێدا نۆڤەچێنتۆ نۆتەی نۆرماڵی لێنەدەدا، بەڵکوو نۆتە تایبەتییەکانی خۆی (42). سەرەتا لەوێدا نۆڤەچێنتۆ گوێی لە گیتار یان هارمۆنیکایەک دەگرت ئینجا ئەو نیانانە دەستی دەبرد بۆ دوگمەی پیانۆکەی بەردەمی یەک لەدوای یەک نۆتەیەکی لەو پیانۆیەوە دەهێنایە دەرەوە، کە لەنێوانی بەهەشت و جەهەننەمەوە هاتبوون، لەیەککاتدا هەرچیی مێلۆدیی دونیا

هەبوو دەیهێنایە دەرەوە، مرۆڤ لەوێدا وەک ئەوەی هەورەبروسکە لێیدابێت ڕادەوەستا. ویلسۆنی سێناتۆر لەوێدا گوێی لە هەمووی دەگرت، بەتایبەت لە کلاسی سێهەمدا لەناو ئەو هەموو بۆگەنییەدا، لەو هەموو توندوتیژیی و پاڵپێوەنانەدا ئامادەبوو لەو پاپۆڕەدا بمێنێتەوە هەتاوەکوو لە سەرەتای ئەو ساڵەیدا گوێی لە نۆڤەچێنتۆ بێت (1 لاپەڕە 43). بەوشێوەیە ڕۆژێک یەکێک دەچێتە لای مۆرتۆن و دەڵێ: کەسێک هەیە لەسەر پاپۆڕێک هەرچییەکی بوێت لە پیانۆیەکی دەکات. ئەگەر ئارەزووی هەبێت جازی پێلێدەدات، ئەگەر ئارەزووشی نەبێت شتێک لێدەدات وەک ئەوەی لەسەریەک "دە" جاز لێیبدەیت. لێ جێلی پێیوابوو، کە باش نییە هیچ کەسێک لەگەڵ ئەودا گێلاس بخوات بە واتایەکی دی واتە هیچ کەسێک لە توانایدا نییە، کە بتوانێ پێشبڕکێی لەگەڵ بکات، بۆیە دەیگووت: چۆن یەکێک دەتوانێت مۆسیقای باش لێبدات، لەکاتێکدا دەرپێکەی پڕبکات لە میز لە ترسی هاتنەخوارەوە لەسەر پاپۆڕێک، لەگەڵ دەرپەڕاندنی ئەم قسانەشدا وەکی شێت پێدەکەنی، دەشا ئەم دۆزەرەوەی جازە هەر لەسەر باوەڕەی خۆی بمایەتەوە، لێ کاتێک پێیدەڵێن: تۆ هەر پێبکەنە، لێ هەرکاتێک نۆڤەچێنتۆ بڕیاری دابەزین لەو کەشتییە بدات، ئەوا تۆ دەبێت دەزگا مۆسیقییەکانت کۆبکەیتەوە و بڕۆیت لە قەحبەخانەیەکدا مۆسیقا لێبدەیت. جێلی مۆرتۆن دەست لە پێکەنین هەڵدەگرێت و دەست بە گیرفانیدا دەکات و دەمانچەیەک دەردێنێت و دەیخاتە سەر سەری کابراکە، کە ئەو قسەیەی پێگووت، لێ نایتەقێنێت، تەنها لێیدەپرسێت: ئەو کەڵەشێرە گوواوییە لەکوێیە(1 لاپەڕە 44)؟ ئەوەشی مۆرتۆن دەیویست دوئێلێک بوو بەرانبەرێنێک بوو پێشبڕکێیەک بوو لەگەڵ نۆڤەچێنتۆدا. جێلی ڕۆل مۆرتۆن دەیویست دەمی ئەو خەڵکە دابخات، کە هەمیشە پێیاندەگووت: کەسێک هەیە لەسەر کەشتییەک پیانۆیەک دەژەنێت، کەسی تر ناتوانێت وەک ئەو بیژەنێت، ئەوەی ئەو دەیژەنێت لەهیچ شوێنێکی تردا گوێت لێی نەبووە و نابێت. ئەو دەیویست کۆتایی بەم چیرۆکە بهێنێت. کێشەی نۆڤەچێنتۆش ئەوە بوو، کە هەرگیز لە دەربەندەکاندا مۆسیقای نەدەژەند. ئەو تەنها لەو شوێنەدا مۆسیقای دەژەند، کە خۆی دەیویست، ئەویش ناوەڕاستی دەریا بوو. لەوشوێنەدا، کە خاک تەنها تروسکاییەکانی دیارە یاخوود یادەوەرییەکە یان هیوایەکە پێیبگەیت. جێلی ڕۆل مۆرتۆن تەنها کفر و جنێودانی بۆ دەمێنێتەوە، هەتا ئەوکاتەی ناچار دەبێت لە گیرفانی خۆی بلیتێک لە ئەمریکاوە بۆ ئەوروپا چوون و هاتنەوە ببڕێت. جێلی ڕۆل مۆرتۆنیش پێشتر هەرگیز پێیەکی نەخستبۆ سەر کەشتییەک بۆ سەفەر ئەمە یەکەمجاریەتی، ئەم کارەی بۆ ڕۆژنامەوانەکان، کە هاتبوون بەڕێی بکەن و ماڵئاوایی لێبکەن لە دەربەندی "پیەر 14" بەبێ ئەقڵترین کار دەناسێنێت بە کەمێک کفر و جنێوەوە. دەچێتە کابینەکەیەوە و چاوەڕوان دەکات هەتاوەکوو کەشتییەکە لە خاک دووردەکەوێتەوە (1 لاپەڕە 45).

نۆڤەچێنتۆ شتەکانی وەک ئەو بە قورسیی نەگرتبوو، بگرە ئەو لەم دوئێلەش نەدەگەیشت و نەیدەزانی واتای چیی، ئەو دەیگووت: دوئێلێک بۆچیی؟ نۆڤەچێنتۆ تەنها ئارەزووی ئەوەی هەبوو، گوێ لە مۆسیقای جێلی ڕۆل بگرێت، هەتا بزانێت دۆزەرەوەی جاز چلۆن

مۆسیقا دەژەنێت. جێلی بۆ گاڵتە نەیدەگووت، کە ئەو دۆزەرەوەی جازە هەربۆیە نۆڤەچێنتۆ دەیویست شتێکی لێفێربێت. دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی کەشتی ڤیرگینیان لە کاتژمێر 21:37 دا جێلی ڕۆل مۆرتۆن بە قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی ڕەشی کەشخەوە دێتە ناو هۆڵی سەما و مۆسیقای ڤیرگینیانەوە. هەموو دەیانزانی پێویستە چییبکەن، سەماکەرەکان ڕادەوەستن، تیپی مۆسیقاکە هەموو ئەسترۆمێنتەکانیان دادەنێن، بارمەنەکە پێکێک ویسکی تێدەکات و خەڵکەکە لاڵ دەبن، جێلی ڕۆل ویسکییەکەی هەڵدەگرێت و دەڕوات بۆ لای پیانۆکە و تەماشای چاوەکانی نۆڤەچێنتۆ دەکات. ئەو هیچ ناڵێت، لێ ئەوەی لەو هەوایەدا هەبوو، بریتیی بوو لەوە (هەستە سەرپێ)! نۆڤەچێنتۆ هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: جەنابت ئەو کەسەی، کە جازی دۆزیوەتەوە وایە؟ جێلی ڕۆل دەڵێ: بێگوومان. تۆش ئەو کەسەی تەنها ئەو کاتانە مۆسیقا دەژەنێت، کە ئۆقیانووسێک لەژێر قوونیا بێت وایە؟! نۆڤەچێنتۆ دەڵێ: بێگوومان. هەردووکیان خۆیان بەیەکتریی ناساند. جێلی ڕۆل جگەرەیەک دادەگیرسێنێت و نیوەی دەخاتە سەر کەناری پیانۆکە. دادەنیشێت و دەستدەکات بە ژەنین (ڕاگ تایم). بەشێوەیەک دێتە گوێ، کە پێشتر نەبیسترابێت، دەنگی نەدەدایەوە، دەدرەوشایەوە، وەک ئاوریشمێک وەهابوو، کە لەژێر کراسی ژنێکەوە دەدرەوشایەوە. سەمای پێدەکرد هەرچیی بۆردێلی ئەمریکیی هەبوو خستبوویە ئەو مۆسیقایەوە. لە کۆتایی سەرەکەیدا، کە لە سەری سەرەوە ڕاوەستاوە، چەند نۆتەیەکی نادیاری نیان لێدەدات، کە وەک دەزووی دڵۆپەی ئاو وەهابوو لەسەر زەوییەکی مەڕمەڕ. جگەرەکە نیوەی سووتا بوو، لێ تەواوی سووتووەکەی پێوە مابوو. جێلی ڕۆل جگەرەکە هەڵدەگرێت، هەروەک دەڵێن: ئەو پەنجەکانی وەک پەپوولە وەهابوون. جگەرەکە هەڵدەگرێت و سووتووەکەی پێوەمابوو وەک خۆی، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە، کە سووتووەکە بکەوێت، دەشێت ئەوە فێڵێک بێت، کێ دەزانێت، لێ سووتووەکە نەکەوتە خوارەوە. هەڵدەستێتە سەرپێ دۆزەرەوەی جاز و دەچێتە لای نۆڤەچێنتۆ. جگەرەکەی لەبەر لووتیدا بە تەواوی سووتووەکەوە بۆ ڕادەگرێت و دەڵــــێ: سەرەی تۆیە دەریاوان (1 لاپەڕە 47). ئەمە شەڕێکە جێلی ڕۆل مۆرتۆن بە نۆڤەچێنتۆی دەفرۆشێت، کە ئەو نە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی بۆ ئامادە کردووە نە دەشیناسێت، ئەو مۆسیقاناسە نەک شەڕناس، ئەو تینووی فێربوونە نەک دوئێل، ئەو مۆسیقا بۆ خەڵکانی سادە و ساکار لێدەدات و سادەپۆشە نەک بۆ ئەوەی بە کەشخەیی وەک دۆزەرەوەی جاز خۆی بە جیهان بناسێنێت. مۆسیقا لەلای ئەو قسەکردنە لەگەڵ ڕۆحدا نەک بازرگانیی. چەرخی گەردوون هەمیشە وەها سوڕاوە، هەمیشە خەڵکانی سادە و ساکار و خاوەن بەهرە جێگای باوەڕپێنەکردنی خەڵکانی لووتبەرزی دەوڵەمەند و گەمژە بوون، لووتبەرزیی ئەوان وەها یاریی دەکات، کە هەندێکجار خۆیان وەکی خواوەندێک بێتەبەرچاو، پێیان وایە، کە هیچ کەسێکی دی لە دونیادا نییە بتوانێت خواوەندێتیی لەوان بستێنێتەوە ئینجا نەخوازە مرۆیەکی سادە و ساکاری هەژار. کەمن ئەو مرۆڤانەی ستایشی خەڵکانی خاوەن بەهرە و توانا بکەن. لە سەردەمی ژیانی فریدریش نیچەدا هیچ مۆسیقارێک بەقەد ڤاگنەر جاوید

نەبوو، هیچ کەسێکیش بەقەد فریدریش نیچە ڕێزی ڤاگنەری نەگرتووە و بەهای مۆسیقاکەی پێ نەزانیوە. گەورەیی مرۆڤ لە بچووکییدایە، ئاخر مرۆڤی گەورە هەرگیز خۆی وەک گەورەیەک پیشان نادات، بەڵکوو سادە و ساکار لە کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت دەکات. لە فێستیڤاڵە ساڵانەییەکانی ڤاگنەردا لە شاری بایرۆت لە ئەڵمانیا هەمیشە ئەو یادگاریانە دەگێڕنەوە، کە چلۆن فریدریش نیچە نووقمی مۆسیقاکانی ڤاگنەر بووە و لە سەمای مۆسیقاکانی ئەودا زۆرجار خۆی بیرچۆتەوە، کە لەکوێیە، چەند سادانە لەگەڵ ئامادەبوانی فێستیڤاڵەکانی ڤاگنەردا هەتا دواتنۆکی توانای ئارەقی سەماکردنی ڕشتووە، جێگای باسە هیچ کۆنسێرتێکی ڤاگنەر نەبووە نیچە تێیدا ئامادە نەبووبێت. لە دیوانی هۆنراوەکانی نیچەدا، هۆنراوەیەکمان دێتەبەرچاو، کە بۆ ڕیشارد ڤاگنەری نووسیوە بەناوی " بۆ ڕیشارد ڤاگنەر" و دەڵێ(2 لاپەڕەوە 47):

لەمێژە لەبەردەمی ئەم شانۆیەدا ڕاوەستاوم
هەناسەی زیندان، خەمێکی قوڵ، تووڕەیی و گۆڕێکی بە کۆمەڵ
لەنێوەندا بۆنی ئایین و هەور، کەنیسە و بۆنی دوکەڵ،
من نامۆم، من شەشتەی باران و ترسم
کلاوە زەنگوڵدارەکەم بە هەوادا هەڵدەدەم بۆ سەما و
خۆیشم بەدوایدا بازدەدەم، *

مرۆڤی گەورە ئاوهایە ڕێز لە گەورەیی خەڵکانی تریش دەگرێت، ئاخر ڤاگنەر بە مۆسیقا باسی لەو ماڵوێرانییە دەکرد، کە ئایین بەسەر کۆمەڵیدا دەهێنا، خودی نیچە خۆیشی تێکۆشەرێکی ئەو ڕێگایە بوو. باریکۆ دەیەوێت لە هەڵگیرسانی ئەو چرایەیدا تیشکبخاتە سەر ئەو ڕاستییانەی، هەمیشە خەڵکانێکی نزم، کە بەهرەیەکیان تێدایە تەنها بۆ ئەوە بەکاری دەهێنن گرێ دەروونییەکانی خۆیانی تێدا بشارنەوە هەستی خۆ بەکەمزانینی خۆیانی تێدا بشارنەوە. ئەو خەڵکانە خاوەنی ئەگرێسیۆنێکن ( بەدبەست بە پەلاماردانەوە، ئارەزووی پەلاماردان) بەرانبەر بەو کەسانەی، کە وادەزانن ئەوان لە گەورەیی ئەوان کەمدەکەنەوە. ئەمجۆرە خەڵکانە بەرانبەرەکانیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە و ڕاپێچی بەردەم لێپرسینەوەیەکی توندەڕەوانەیان دەکەن. ڕەچەڵەکی ئەم مامەڵەیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی هەستی خۆبەکەمزانین، ئاخر جێلی ڕۆل مۆرتۆن لەبەردەم نۆڤەچێنتۆدا هەست بە بچووکیی خۆی دەکات بۆیە بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە دەیەوێت ئەو هەستە لەخۆیدا نەهێڵێت. ئەو تەنها بەبیستنی ناوی نۆڤەچێنتۆ تووشی هێستریا ببوو، لەکاتێکیشدا، کە هەستدەکات نۆڤەچێنتۆ مەترسییەکە چ بۆسەر ناوی ئەو چ بۆسەر مۆسیقاکەی ئەو ئیدی ئەو دیوە شاردراوەیەی خۆی ئاسانتر نیشاندەدات، کە بریتییە لە هەبوونی هەستی خۆبەکەمزانین لە قوڵاییی کەسایەتیی جێلی ڕۆل مۆرتۆندا. جێلی ڕۆل، تەنها بەوەوە ناوەستێت، کە تۆڵەی قسەی کەسێک لە نۆڤەچێنتۆ بکاتەوە،

که پێیگووتووە: چاوەڕوانبکە هەتا ڕۆژێک لە ڕۆژان نۆڤەچێنتۆ پێ دەخاتە سەر زەویی، ئەوسا دەبێت ئەسترۆمێنتەکانت کۆبکەیتەوە و بچیت لە قەحبەخانەیەکدا مۆسیقا لێبدەیت، بگرە ئەو نۆڤەچێنتۆش بەوە تاوانبار دەکات ئەو هۆکاری ئەوەیە سواری ئەم کەشتییە بووە و بلیتی ئەمسەر و ئەوسەری ئەوروپا و ئەمریکای پێبڕیوە. خەتای تۆیە من لێرەم، خەتای تۆیە من سەفەری ئەوروپا دەکەم، خەتای تۆیە من سواری کەشتیی دەبم. شێوەی ژەنینی مۆسیقاکانی جێلی ڕۆل لەو هۆڵەدا جۆرێکە لە سزادانی نۆڤەچێنتۆ لە بەرانبەری خەتاکانیدا. ئامانجی هەموو سزادانێک بریتییە لە دوو شت، یەکەمیان تۆڵەسەندنەوە و دووهەمیشیان داچڵەکاندن. جێلی ڕۆل هەرچەندە بە پێشکەشکردنی یەکەمیین پارچە مۆسیقای ویستی نۆڤەچێنتۆ دابچڵەکێنێ، لێ نۆڤەچێنتۆ نەک دانەچڵەکیی بگرە پێدەکەنی و چێژی لەو ڕەوشتەی جێلی ڕۆل وەردەگرت و وەک گەمژەترین کەس لەسەرەی خۆیدا لەسەر کورسیی پیانۆکە دادەنیشێت و بڵحترین مۆسیقا بە ناوی ( بابە بگەڕێوە) پێشکەش دەکات، کە لە هاتوهاوار و دەنگەدەنگی منداڵان دەچێت، ئەو ئەم گۆرانییە لە ڕەوەندەکانەوە فێربووە و لەوکاتەشەوە هەتاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە ماڵئاوایی لەم گۆرانییە بکات. نۆڤەچێنتۆ حەزێکی زۆر بەو گۆرانییە دەکات. لێ جێلی ڕۆل گەلێک تووڕە دەبێت وەک ئەوەی دیاریی ڕۆژی کریسمست لێ دزیی بێت، تیشکێک لە دوو چاوی گورگێکەوە دەگرێتە نۆڤەچێنتۆ و لەسەر کورسیی پیانۆکەی دادەنیشێتەوە. مۆسیقای ( بلوس) مۆسیقای سەمایەکی باکووری ئەمریکایی لێدەدات، کە تەنانەت خودی ماشینیستە ئەڵمانەکان دەهێنێتە گریان، وەک ئەوەی هەرچیی پەمووی ڕەشی دونیا هەیە چووبێتە ئەو ئاوازەوە، بە شێوەیەک، کە دڵ بدڕێت. هەموو بە لووشەی فرمێسکەوە هەڵدەستنە سەرپێ و دەستدەکەن بە چەپڵەلێدان. جێلی ڕۆڵ بەهیچ شێوەیەک بیرلەوەش ناکاتەوە، کە خۆی بۆ بینەران بچەمێنێتەوە، نەخێر هیچ ناکات (1 لاپەڕە 48). لێرەدا جێلی ڕۆل ڕووی ڕاستەقینەی شاراوەی خۆی لە نائاگایی خۆیدا نیشانی بینەران دەدات، کە بریتییە لە کەسایەتییەکی خاوەن هەستی سزا و ڕۆحی تۆڵە. سەرەی نۆڤەچێنتۆ دێت، ئەو بەشێوەیەکی وەها خراپ دەڕواتە لای پیانۆکە، کە تەنانەت دوو دڵۆپ فرمێسکی چاوانی دەکەوێتە سەر پیانۆکە. نۆڤەچێنتۆ هێندە مۆسیقای بلوسی جێلی ڕۆڵی بەدڵبوو لە خۆشییاندا دەگریا، ئاخر ئەمە گەورەییی مرۆڤی سادە و ساکار و خاوەن ویژدانە، کە ڕێز لە توانا و بەهرەی بەرانبەرەکەی دەگرێت، ئەو ئێستاش نازانێت چ باسە دوئێل چییە؟ جێلی ڕۆل چیی لەو دەوێت. نۆڤەچێنتۆ هەمان مۆسیقا پێشکەش دەکاتەوە، کە جێلی ڕۆل پێشکەشی کرد ( بلوس) لێ هێند قێزەون پێشکەشی دەکات، کە هاهووی لێبکێشن. ئەو بەهیچ شێوەیەک نەیدەزانی دوئێل چییە، ئەو کاتێک لەسەر پیانۆکە دانیشت مێشکی خپی تێکەڵ بە ئۆکۆردۆنێک کردبوو، توووند و قوڵ پەنجەکانی دەنا بە دوگمەی پیانۆکەدا و چێژیشی لێدەبینی هەربۆیە کاتێکیش تەواو دەبێت، چەند هووهایەکی بۆ دەکێشن. ئالێرەدا جێلی ڕۆل دەتەقێتەوە بە تەواویی، ئەو ناچێتە لای پیانۆکە بەڵکوو بازهەڵدەدات بۆ لای، لەسەرخۆ، لێ بەشێوەیەک، هەموو گوێیان

لێدەبێت، کە چەند وشەیەکی بە ئەنقەست دەردەپەڕێنێت و دەڵێ: هەنووکە بڕۆ بۆ جەهەننەم ئەی جوامێری گواویی. ئینجا دەستدەکات بە ژەنین، لێ ژەنین وشەیەکی دروست نییە. ئەو فۆڕمەلەی بە ئەکرۆباتێک دەکرد هەڵی دەدا و دەیگرتەوە، هەموو شتێک، کە مرۆڤ بتوانێت بە هەشتا و هەشت دوگمەی پیانۆیەک بیکات، ئەو دەیکرد. بەخێراییەکی سەرسووڕهێنەر بەبێ ئەوەی نۆتەیەکی هەڵەی لێپەیدا ببێت، بەبێ ئەوەی ڕەنگی ڕووخساری تێکبچێت. ئیدی لێرەوە هیچ مۆسیقا بوونی نەما، بگرە هەمووی گەمەی گیرفان بوو هەمووی جادوو بوو، موعجیزە بوو. خەڵکیی هەموو هاوار دەکەن و چەپڵە لێدەدەن، هەرگیز شتێکی ئاوهایان لە ژیانیاندا نەدیبوو. شانۆیەکی سلڤێستەریانە بوو. لەم شانۆیەدا لەم دەرکەوتنەدا نۆڤەچێنتۆ هەڵدەستێتە سەرپێ، ڕووخساری تەواو تێکچووە بەشێوەیەک هیچ کەسێکی دی لەم جیهانەدا وەک ئەو تێکنەچووە، لێ کەمێکیش سەری سووڕما بوو. بە هاوڕێکەی دەڵێ: بەڵام ئەو کوڕە تەواو ناهۆشیارە. تێکچوونی نۆڤەچێنتۆ و پێناسکردنی جێلی ڕۆل بە ناهۆشیار لێرەدا نیشانەی ئەوەیە، کە هەنووکە دەزانێت جێلی ڕۆل چییدەوێت، ئەو ئێستا تێدەگات، کە دوئێل چییە، هەتا پێش ئەم چرکەساتە ئەو ئەم دوئێلەی هەر بە گەمەیەک دەهاتەبەرچاو. کاتێک تێدەگات دوئێل چییە ناچاردەبێت بەوشێوەیە مامەڵە بکات، چونکە نۆڤەچێنتۆ هەرگیز ئامادە نەبووە لە کلاسی یەکەمدا مۆسیقای جاوید لێبدات، ئەو مۆسیقای جاویدی تەنها بۆ هەژاران لێدەدا نەک بۆ دەوڵەمەندان، لێ هەنووکە هیچ چارەیەکی تری نییە. دادەنەوێتەوە و بە هاوڕێکەی دەڵێ: جگەرەیەکم بدەرێ. هاوڕێکەی دادەچڵەکێت، لە کاتێکدا جگەرەیەکی بۆ دەردەهێنێت و دەیداتێ، چونکە نۆڤەچێنتۆ جگەرەکێش نییە. جگەرەکە وەردەگرێت و ئاوڕدەداتەوە و دەڕوات بۆ لای پیانۆکە دادەنیشێت. خەڵکی هۆڵەکە سەرەتا ماوەیەکیان ویست هەتا تێبگەن، کە بەڕاستیی نۆڤەچێنتۆ دانیشتووە و دەیەوێت مۆسیقا بژەنێت. بگرە هەوڵدەدرا خەڵکیی لە هاهووکێشان و غەڵبەغەڵب هێوربکەنەوە. لێ خەڵکیی ئاوهان دڵڕەقن بۆ دۆڕاندن. دیارە ئەو خەڵکە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون، کە نۆڤەچێنتۆ توانای ژەنینی پیانۆی هەبێت، ناهەقیشیان نییە، چونکە هەرگیز نۆڤەچێنتۆ مۆسیقای بۆ نەژەنیون. لێ گەورەیی نۆڤەچێنتۆ لەوەدایە، کە چاوەڕێ دەکات هەتا ئەو خەڵکە بە ویستی خۆیان هێمن دەبنەوە. ئینجا تەماشایەکی جێلی ڕۆل دەکات، کە لەلای باڕەکە ڕاوەستاوە و گلاسێک سێکت دەخواتەوە و بە دەنگێکی نزم دەڵێ: تۆ شتێکی ترت نەویست، تۆی پیانۆژەنی گواویی. نۆڤەچێنتۆ جگەرەکە لەسەر کەناری پیانۆکە دادەنێت بەبێ ئەوەی دایبگیرسێنێت و دەستدەکات بە ژەنینی پیانۆ. مۆسیقایەکی فیرتووسانە، کە لە ئەقڵدا نەبێت، پێدەچوو بە چوار دەست لێبدرێت، مۆسیقاکە نیوو خولەکی نەخایاند، کۆتاییەکەشی بە فۆرتیسیمۆیەکی ( ژەنینی مۆسیقا بە دەنگی بڵند و بەهێز) ئۆکۆردۆنییانە کۆتایی پێهێنا( 1 لاپەڕە 51). خەڵکەکە هەموو هەناسەیان لەبەربڕا، چاوەکانیان زەق لەسەر پیانۆکە و دەمیشیان داچەقیوە، هەروەکی کۆمەڵێک گەمژە. هەروەها دوای وێرانکردنی تەرزەی ئاکۆردەکەش لە کۆتاییدا، کە وەک ئەوە وەهابوو بە سەد دەست

لێیبدەیت، بەو شێوەیە دەنگی دەدایەوە، وەک ئەوە وەهابوو لە هەموو چاوترووکانێکدا ئەو پیانۆیە ئامادەی تەقینەوە بێت. هەموو وەک مشک بێدەنگ بوون، لەو بێدەنگییەدا نۆڤەچێنتۆ هەڵدەستێتە سەرپێ و جگەرەی هاوڕێکەی لەسەر پیانۆکە هەڵدەگرێت، دەچەمێتەوە بەسەر دوگمەکاندا و لەسەر شوێنە گەرمبووەکەی پیانۆکەدا ڕایدەگرێت و بە سووکیی پێیدا دەهێنێت و دەیگێڕێتەوە و دادەگیرسێت، بە هەق ڕاست بوو، جگەرەکە دەدرەوشایەوە و داگیرسابوو. نۆڤەچێنتۆ وەک مۆمێکی بچکۆلانە دەیگرێت بە دەستیەوە. ئەو جگەرەکێش نەبوو، بگرە نەشیدەزانی مرۆڤ چلۆن جگەر بە پەنجەکانی دەگرێت. چەند هەنگاوێک بەرەو لای جێلی ڕۆل دەڕوات و جگەرەکەی پێدەدات و دەڵێ: ها تۆ بیکێشە من جگەرەکێش نیم (1 لاپەڕە 52). ئا لێرەدا هەموو خەڵکەکە بەئاگادێن، وەک جەژنی تەقاندنی فیشەکەشێتە، چەپڵەڕێزانێکی بێ کۆتایی، هەرگیز پێشتر خەڵکیی شتێکی ئاوهای نەدیتبوو. هەموو پێکەوە دەقیژێنن، هەموو دەیانویست دەستیان بەر نۆڤەچێنتۆ بکەوێت. لەو قەرەباڵغیی خەڵکەدا هیچت نەدەدی، لێ هاوڕێکەی نۆڤەچێنتۆ، جێلی ڕۆل مۆرتۆنی دەدی، کە چلۆن سەغلەت بووە لە وەرگرتنی ئەو جگەرەیەدا هەوڵی دەدا ڕووخسارێکی گوونجاو بۆ خۆی پێکبهێنێت بەبێ ئەوەت تواناشی بێت. نەیدەزانی تەماشای کوێ بکات، لەناکاوێکدا دەستە پەپوولەییەکانی کەوتنە لەرزین. بەشێوەیەکی وەها بەهێز دەستی دەلەرزیی، کە سووتووی جگەرەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە، یەکەمجار کەوتە سەر پانتۆڵە ڕەشە جوانەکەی و پاشانیش بۆسەر پێڵاوەکەی پێی ڕاستی. جووتێ پێڵاوی ڕەشی بریقەدار و سووتووەکەش وەک بڵقێکی سپیی بەسەریەوە. جێلی تەماشای دەکرد، لێ ڕوون نییە، کە جێلی تەماشای پێڵاوە بریقەدارەکانی دەکات یاخوود سووتووەکەی سەری؟! ئەوەی ئەو لێیتێگەیشت لەو کاتەدا ئەوە بوو، کە وردە وردە لەسەرخۆ بکشێتەوە، هەنگاو لە دوای هەنگاو وەها لەسەرخۆ، کە سووتووەکەی سەرپێڵاوەکەی نەکەوێتە خوارەوە. بەناو هۆڵەکەدا دەڕوات و وندەبێت لەگەڵ پێڵاوە ڕەشە بریقەدارەکانیدا. لەگەڵ خۆیدا بڵقێکی سپییش لەسەر پێڵاوەکانی دەبات، لەسەری نووسراوە، کە یەکێک براوەیە و ئەو یەکەش ئەو نییە. بەوشێوەیە جێلی ڕۆل مۆرتۆن باقی ڕۆژەکانی سەفەرەکەی لە کابینەکەی خۆیدا بەسەر دەبات. بە گەیشتنیان بۆ سۆسامپتۆن، کەشتی ڤیرگینیان بەجێدەهێڵێت و ڕۆژێک دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، لێ بە کەشتییەکی تر، چونکە تەواو پڕببوو لە نۆڤەچێنتۆ و ئەوانی تریش، ئەوەی ئەو دەیویست گەڕانەوە بوو بۆ ئەمریکا و تەواو. لە دوورەوە نۆڤەچێنتۆ بەدی دەکرێت، کە بە قاتە سپییە جوانەکەیەوە دەڕواتە کلاسی سێهەمەوە، لەناو ئەو هەموو جانتا چەرمە جوانانەدا، هاوڕێکەی بیردەکاتەوە و دەڵێ: هیچی نەگووتووە لەوەزیاتر، کە بڵێ: من گوو دەکەمە سەر دۆزەرەوەی جاز (1 لاپەڕە 54).

لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسدا، نۆڤەچێنتۆ لە قاپێکدا نان دەخوات و بە هاوڕێکەی دەڵێ: سێ ڕۆژی تر لە نیۆرک ئەم کەشتییە بەجێدەهێڵم (1 لاپەڕە 55). هاوڕێکەی وەک ئەوەی بەر هەورە بروسکە کەوتبێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێ: مرۆڤ ناتوانێت پرسیار لە تابلۆیەک

بکات، لێ لە نۆڤەچێنتۆ بێگوومان. ماوەیەک بە ئارامیی واز لە نۆڤەچێنتۆ دێنێت، لێ لە دوایدا وردە وردە دەستدەکات بەسەرکردنە سەری. دەیەوێت تێبگات بۆچیی، پێویستە هۆکارێک هەبێت، دەنا مرۆڤ سیی و دوو ساڵ لەسەر کەشتییەک نامێنێتەوە و لەدوایدا لەناکاو دابەزێت. بە من نا و بە تۆش نا و تەنانەت بە باشترین هاوڕێشی نەڵێت بۆچیی؟! ئەو دەیگووت: دەمەوێت لەوێ تەماشای شتێک بکەم. لێ چیی؟ ئەو نەیدەویست هیچ قسە لەسەر ئەمە بکات. لێ کاتێک ئامادە بوو قسە بکات گووتی: دەیار. من گووتم: دەریا؟ نۆڤەچێنتۆ: دەریا. مرۆڤ پێویستە ئەمە بێنێتە بەرچاوی خۆی، هەموو شت دەتوانیت بێنیتە بەرچاوی خۆت تەنها ئەمە نەبێت. هاوڕێکەی نەیدەویست باوەڕ بەوە بکات، چونکە ئەو شتە وەک گەورەترین گاڵتەپێکردن وەها بوو. ئەو نەیدەویست باوەڕ بەوە بکات، چونکە گەورەترین ناهۆشیاریی دونیا بوو. هاوڕێکەی دەڵێ: نۆڤەچێنتۆ تۆ سیی و دوو ساڵە تەماشای دەریا دەکەیت. نۆڤەچێنتۆ دەڵێ: بەڵێ لێرەوە، لێ من دەمەوێت لەوێوە تەماشای بکەم، ئەم تەماشاکردنانە وەک یەک نین. هاوڕێکەی وەهای هەستدەکرد، کە لەگەڵ منداڵێکدا بدوێت و دەڵێ: باشە چاوەڕێبکە هەتا دەگەینە دەربەند و لەوێ بچەمێرەوە و تەماشا بکە، ئەوسا تێدەگەیت هەروەک یەکن. نۆڤەچێنتۆ دەڵێ: وەک یەک نییە. هاوڕێکەی دەڵێ: کێ ئەمەی پێگووتیت؟ جوتیارێک ئەمەی بە نۆڤەچێنتۆ گووتوە، کە "لین باستەر"ی ناوە. لە کۆتاییدا هاوڕێکەی بە ناچاریی پاڵتۆیەکی خوریی حوشتری خۆی پێدەدات. لە قوڵایی هەستی هەردووکیانەوە ڕاستییەک دەدرەوشایەوە، ڕاستییەکەش بریتیی بوو لە هەبوونی کۆتاییەک بۆ هەموو شتێک. هەنووکەش ئەو کاتە هاتووە، کە (دانیی بودمان. تی. دی. نۆڤەچێنتۆ) لە ڕۆژێکی فێبرواردا لە دەربەندنی نیۆرک لە کەشتی ڤیرگینیان لە دوای سیی و دوو ساڵ ژیان لەسەر دەریا دێتە سەر زەویی بۆ ئەوەی تەماشای دەریا بکات.

ئەلێساندرۆ باریکۆ نۆڤەچێنتۆی بۆ نمایشێکی شانۆیی نووسیووە، هەربۆیە لێرەدا باریکۆ ڕێنمایی دەرهێنەر دەکات، کە چلۆن مامەڵە لەگەڵ دابەزینی نۆڤەچێنتۆدا دەکات. مۆسیقایەکی کۆنی بالادە (مۆسیقای سەما) پێشکەش دەکرێت، ئەکتەر لە تارییکییدا وندەبێت و پاشان وەک نۆڤەچێنتۆ لە سەری سەرەوەی کۆتایی ڕاوەستانی پاپۆڕەکەدا بۆ دابەزیین دەردەکەوێت. پاڵتۆیەکی خوریی حوشتری لەبەردایە، شەبقەیەکی لەسەردایە، جانتایەکی گەورەی پێیە. ماوەیەک بەبێ هیچ تێکچوونێک لەبەر "با"دا دەمێنێتەوە و تەماشای پێشەوە دەکات. سەرنجی نیۆرک دەدات و ئینجا یەکەم پلیکانە دێتە خوارەوە، دووهەم، سێهەم، ئا لێرەدا لەناکاو مۆسیقاکە ڕادەوەستێت و نۆڤەچێنتۆش وەک ئەوەی لەویادا ڕووابێت ڕادەوەستێت. ئەکتەرەکە (نۆڤەچێنتۆ) کڵاوەکەی دادەگرێت و ئاوڕدەداتەوە و تەماشای بینەران دەکات و لەسەر پلیکانەی سێهەم دەمێنێتەوە. زۆر لەناکاو، چیی ڕوویداوە؟ (نایل. ئۆ. کۆنەر) پرسیار دەکات و دەڵێ: قاچیی لە گوو چەقیوە؟ نایلی شێتێک بوو لە هیچ تێنەدەگەیشت. هاوڕێکەی دەڵێ: پێدەچێت شتێکی بیرچووبێت. دەڵێن: چیی؟ دەڵێ چووزانم. پێدەچێت بیرچووبێت، بۆچیی ئێستا لەم کەشتییە دادەبەزێت. تەواوی

کاتەکە لەویادا ڕاوەستا، لەسەر یەک قاچ لە پلیکانەی دووهەمدا بەرەو سێهەم. ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و تەماشای پێشی خۆی دەکات، وەک ئەوەی بۆ شتێک بگەڕێت. لە کۆتاییدا شتێکی تایبەتمەند دەکات. کڵاوەکەی دادەگرێت بە دەستییەوە لەسەر پردە باریکەکە ڕایدەگرێت و بەریدەداتەوە. کڵاوەکەی لە هەوادا لە باڵندەیەکی ماندوو دەچوو یان ڤانکووخنێکی شیین بە باڵەوە، چەند جارێک لە هەوادا دەخولێتەوە و دەکەوێتە دەریاکەوە. لەسەر دەریاکە جۆلانێ دەکات و وادەردەکەوێت، کە باڵندەیەک بێت نەک ڤانکووخن. دەریاوانەکان هەموو تەماشای پردە بچکۆلانەکەی کەشتییەکە دەکەن و دەبینن نۆڤەچێنتۆ بە پاڵتۆ خوریی حوشترەکەیەوە پشت لە جیهان بە خەندەیەکی سەرنجڕاکێشەوە، لەسەر پلیکانەی دووهەم دەگەڕێتەوە، چەند هەنگاوێکی تر و ئیدی لە پاپۆڕەکەدا وندەبێت. (نایل. ئۆ. کۆنەر) بە هاوڕێکەی نۆڤەچێنتۆ دەڵێ: بینیت، پیانۆژەنە تازەکە هاتووە. هاوڕێکەی دەڵێ: گەورەترینە، ئیدی ئەو نەیدەزانی، کە ئاخۆ ئەو خەمبارە یاخوود شێتانە بەختەوەرە (1 لاپەڕە 62). بێگومان دوو دانە مانگی ڕەبەق نۆڤەچێنتۆ لە خودی خۆیدا لێکدانەوەیەکی دەروونیی لەگەڵ بڕیاری دابەزیینی و پەشیمانبوونەوەیدا دەکرد، لە ڕووخساریدا وەدەردەکەوت، لێ هەرگیز ددانی پێدانەدەنا، بەڵکوو هەمیشە هەوڵیدەدا بە دەوروبەرەکەی بڵێت هەموو شت تەواوە، هەربۆیە دەریاوانەکان بە ئارامیی وازیان لێدەهێنا و پرسیاریان لێنەدەکرد. تەنانەت بە خودی هاوڕێکەی خۆی دەگووت: بیر لە من مەکەرەوە، کە من دڵخۆش نیم، هەرگیز شتی وەها ڕوونادات. کەواتە نۆڤەچێنتۆ بەختەوەرە بەوەی، کە لەسەر کەشتییە دانەبەزی و لەنێوانی پلیکانەی دووهەم و سێهەمدا بڕیاری خۆیدا، کە دانەبەزێت. دەشێت ئەو لەنێوانی پلیکانەی دووهەم و سێهەمەوە بۆنی خاکی کردبێت و نەیتوانیبێت لەگەڵیدا بگوونجێت. یاخوود بۆنی خاک نەیتوانیوە بۆ نۆڤەچێنتۆی بسەلمێنێت، کە ئەو لەسەر خاک دەتوانێت بەختەوەر بێت، یاخوود تەماشاکردنی دەریا لەسەر خاکەوە شێوەیەکی دی بێت، دەنگی هاژەی دەریا لەسەر زەوییەوە دەنگێکی تر بێت، ئاخر لووتیش فاکتەرێکی گەورەیە لەسەر بڕیارەکانی مرۆڤ، هەروەکوو چلۆن چاو دەتوانێت ڕووداوەکان بۆ مرۆڤ هەڵبسەنگێنێت لووتیش هەمانشێوە. ئارتوور شۆپنهاوەر دەڵێ: ساڵانێکی دوور و درێژە لووتم بەکاردەهێنم بۆ بۆنکردن، ئاخۆ مافی سەلماندنێکم بۆ لووتیشم هەیە (3 لاپەڕە 668)؟ من نامەوێت شەڕ لەسەر تێزێکی ئاوها بکەم و لۆگیک بهێنمە باسەکەوە، لێ ئەگەرەکوو ئەو ڕێگایەش بدەم بە خۆم ئەوا دەڵێم بەڵێ مرۆڤ سەلماندنێکی پێویستە بۆ ئەوەی، ڕێگا بدات بە خۆی و بڵێت ناتوانم بۆنی خاک بکەم یاخوود بۆنی خاکم پێناکەوێت. دیارە شۆپنهاوەر 1818 ئەو قسەیەی کردووە و باوەڕیشی بە لۆگیک هەبووە بۆ سەلماندنی قسەکەی، بەڵام بە زانستی مۆدێرن لە مێژە ئەو سەلماندنە هەیە، کە تەنانەت خودی ئاژەڵەکانیش ئەگەرەکوو بۆنیان بەیەک نەکەوێت شەڕ و پێکدادان لەنێوانیاندا دروستدەبێت. لە کلتووری ئەڵمانییدا مرۆڤێک بە یەکێکی دی دەڵێ: ناتوانم بۆنت بکەم. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو دوو مرۆڤە پێکەوە ناگوونجێن، خەتای

کەڕاکتەری کەسیان نییە بەڵکوو خەتای بۆنیانە، کە بەهۆی لووتیانەوە ڕقیان لەیەکتریی هەڵدەستێنێت. نۆڤەچێنتۆش نەیتوانی بۆنی خاک بکات، بۆنی خاکی پێناکەوێت، ئەو کوڕی دەریا و ئۆقیانووسەکانە، خاک بۆ ئەو مۆسیقایەکە بۆی ناژەنرێت لە نەفرەتی زەوییەوە لە سکی دایکێکی نەناسراودا لە یەکێ شارەکانی ئەورووپاوە یان ئەمریکاوە چارەنووس فڕێیداوەتە دەریاوە. نۆڤەچێنتۆ دیۆنیسۆسێکی سەدەی بیستە 1900. لێ ئەو باوکی خواوەندێکی وەک " تسۆیس" نییە، دایکی ئەو " هێرا" نییە. باوکی ئەو نۆڤەچێنتۆ وەک دیۆنیسۆس ناداتە دەست " ئەتهاماس و ئینۆ"یەک هەتا بیپارێزن و پەروەردەی بکەن. نۆڤەچێنتۆ هەر بە کوڕیی دەمێنێتەوە دیۆنیسۆس باوکی ناچار دەبێت بۆ ڕزگارکردنی لەدەست دایکی بیکات بە کچ. دیۆنیسۆس دەبێتە خواوەندی مەی و ژینگە و ئاهەنگێڕان. خودی یۆنانییەکان پێیدەڵێن: خواوەندی پاراستنی هونەرە جوانەکان. نۆڤەچێنتۆ دایک و باوکی نەناسراون، ئەو تەنها دانیی بودمانی هەبوو هەم بیپارێزێت هەم پەروەردەی بکات. ئەو بووە خواوەندی مۆسیقا، ناوی ئەو هەموو دەریا و ئۆقیانووسەکانی جیهانی بڕیی و گەیشتە سەر زەویی و ئەوێشی داگیرکرد. مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵیانداوە پەیوەندییەک لەنێوانی نۆڤەچێنتۆ و خاکدا دروستبکەن. نۆڤەچێنتۆ ئامادە نەبوو لەو سیستێمەدا، کە مرۆڤەکان لەسەر زەویی تێیدا دەژین ئەندامێک بێت. مرۆڤەکان لەسەر زەویی لە ڕێگای کار و سیستێمەوە ببوونە گەلێکی پەیوەندییخواز، لێ نۆڤەچێنتۆ خودی خۆی بوو وەک بوونیەتێک و ئەقڵییەتێکی ئیندیڤیدووال ئامادە نەبوو لەو بەهایەوە، کە هەیەتی وەک خود بگۆڕێت بۆ پڕاکتیکێک، لە سیستێمی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکانی سەرزەوییدا. هەرچەندە نۆڤەچێنتۆ بەهۆی ئەو بەهرەیەوە، کە هەیبوو دەیتوانی وەک خواوەندێک لە شوێنێکی ئەمریکادا بژیی. ئەو کەشیتییەی نۆڤەچێنتۆی لەسەر دەژیا دەزگایەک بوو بۆ ڕزگارکردنی نۆڤەچێنتۆ وەک خود لە سیستێمی ژیانی سەر زەویی. نۆڤەچێنتۆ 1900 لە مەرگی نیچەوە دەرکەوتووە، ئاخر بۆیە ئامادەیە وەک خود بمێنێتەوە نەک ببێت بە بەشێک لە سیستێم. نۆڤەچێنتۆ سنووری بۆ ئەقڵی خۆی نەکێشاوە بەپێچەوانەوە ئەو هەمیشە گووتوویەتی من گوو دەکەمە سەر دەستوور و سیستێم. ئەو گووی کردۆتە سەر هەموو شت، کە زیانیان بە سنوورەکانی بیرکردنەوەی ئەقڵی ئەو گەیاندبێت، ئەو گووشی کردە سەر جێلیی ڕۆل مۆرتۆن وەک دۆزەرەوەی جاز. جیهان لەلای نۆڤەچێنتۆ هەشتا و هەشت دوگمەی ڕەش و سپییە.

لە 21.08.1933 دا هاوڕێکەی نۆڤەچێنتۆ بەیەکجاریی و بەشێوەیەکی دەستووریی بۆ هەتا هەتایە کەشتی ڤیرگینیان بەجێدەهێڵێت (1 لاپەڕە 64). نۆڤەچێنتۆ بڕیارەکەی پەسەند دەکات هەرچەندە بەدڵ پێیخۆش نەبوو، لێ بڕیاری هاوڕێکەی پەسەند دەکات. ئەو ئێوارەیە بۆ دواهەمیینجار لەسەر ڤیرگینیان پێکەوە مۆسیقا دەژەنن، مۆسیقاژەنەکانی دی ڕێگا بە نۆڤەچێنتۆ و هاوڕێکەی دەدەن بۆ ماوەیەک بە دڵی خۆیان مۆسیقا بژەنن. نۆڤەچێنتۆ بە پیانۆکەی و هاوڕێکەشی بە ترۆمپێتەکەی بۆ یەکتریی دەسەننەوە. بۆ دواهەمیینجار وەک ئەوەی شتێک هەبووبێت و بە قسە نەیانتوانیبێت بەیەکتریی بڵێن

ئێستا بە مۆسیقا لەگەڵ یەکدا باسیدەکەن. خەڵکیی هەموو سەمایان دەکرد بە چواردەوردا، لێ هیچ کەس درکی بە نۆڤەچێنتۆ و هاوڕێکەی نەدەکرد. ئەوانە نەیاندەتوانی درک بەهیچ بکەن، چییاندەزانی، بەردەوام سەمایاندەکرد وەک ئەوەی هیچ نەبوو‌بێت. لەوانەشە یەکێکیان بە یەکێکی تری گووتبێت: تەماشای ئەوە بکە بە ترۆمپێتێکەوە، ئەو مرۆڤە سەیرە، تەواو سەرخۆشە، یان پێدەچێت ناتەواو بێت. تەماشای ئەوە بکە بە ترۆمپێتێکەوە مۆسیقا دەژەنێت و دەگریی (1 لاپەڕە 65). ئاخر ئەوانەش جەماوەرن، مرۆڤیش، کە بوو بە جەماوەر تەنها لەو شتانە دەگات، کە خۆی توانای تێگەیشتنی هەیە، هەرچیی لە سنووری ئەقڵی بە جەماوەربوونی ئەودا تێپەڕێت ئەو نایناسێت و لێیتێناگات.

هاوڕێکەی نۆڤەچێنتۆ دەڕوات و ماوەیەک دوای ڕۆیشتنی جەنگی جیهانیی دووهەم دەستپێدەکات. لە جەنگیشدا بێجگە لە نۆتە سەربازییەکان هیچ مۆسیقایەکی دی تووڕێکی قوڕاویی ناهێنێت. هاوڕێکەی نۆڤەچێنتۆش ژێنەری ترۆمپێت بوو، کە لە جەنگدا تەواو بێهەست بوو. ئەو هەمیشە لەو جەنگەدا بیری لە نۆڤەچێنتۆ دەکردەوە و دەیگووت: ئەگەر ئێستا نۆڤەچێنتۆ لێرە بوایە دەیگووت: من گوو دەکەمە سەر جەنگ. تاکە ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە جەنگ بریتییبوو لە فەنتازییکردن بە ڕابردووی خۆیەوە لەسەر ئەو کەشتییە و گەڕانەوەی بۆ لای نۆڤەچێنتۆ. لە جەنگدا کەشتیی ڤیرگینیان تەواو زیانی پێدەکەوێت و بڕیاری تەقاندنەوەی دەدەن. سەرتاپای کەشتی ڤیرگینیان پڕدەکەن لە تی ئێن تی و ئامادەی دەکەن بۆ تەقاندنەوە. ئیدی چاوەڕوانی ئەوەن ڕۆژێک لێیبخوڕنە ناوەڕاستی دەریاوە و بۆ هەتا هەتایە بە " بۆم"ێک کۆتایی پێبهێنن.

نامەیەک دەگاتە دەستی هاوڕێکەی نۆڤەچێنتۆ، کە باس لە تەقاندنەوەی ڤیرگینیان دەکات، لەکاتێکدا نۆڤەچێنتۆ ئامادەی دابەزیین نییە. ڕۆژانێکی دوور و درێژ هاوڕێکەی ئەمدیوو و ئەودیووی ئەو نامەیە دەکات و لە کۆتاییدا سواری شەمەندەنەفەرێک دەبێت و دەڕوات بۆ " پلەیمۆس" دەچێت بۆ دەربەند و دەگەڕێت بۆ کەشتی ڤیرگینیان و دەیدۆزێتەوە، کەمێک پارە دەدات بەو پاسەوانانەی، پاسەوانیی کەشتییەکەیان دەکرد و دەچێتە سەر پاپۆڕەکە. سەرتاپای پاپۆڕەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەگەڕێت، کە پڕە لە دینامیت، کڵاوەکەی دادەگرێت و لەسەر زەوییەکەی دادەنیشێت. بێدەنگ دەبێت بەبێ ئەوەی بزانێت چیی بڵێت. تیلەی چاوەکانی هێمنانە تێدەگرێت، ئەویش هێمنانە تیلەی چاوەکانی دەگرێتە ئەو. دینامیت لەژێر قوونیدا و دینامیتیش لەژێر قوونی ئەودا. دانیی بودمان تی. دی لیمۆن نۆڤەچێنتۆ، مرۆڤ دەیتوانی بڵێت، کە نۆڤەچێنتۆ دەیزانی هاوڕێکەی دێت. هەروەک چلۆن مرۆڤ ئەو نۆتانە دەناسێت، کە دەیەوێت بیژەنێت. لەسەر کەشتییەکە ڕووناکیی نییە، تەنها ئەو ڕووناکییە نەبێت، کە لە دەرەوە بەر کەشتییەکە دەکەوت، کێ دەزانێت شەو چلۆن بووە. دەستەکان سپیین، قۆپچەکانی چاکەتەکەی ڕێکووپێک داخرا بوو، پێڵاوەکانی پاککرابوونەوە. ئەو لە کەشتییەکە دانەبەزیبوو، لەو نیوە تاریکییەدا لە پرینسێک دەچوو. لەسەر ئەو کەشتییە نەڕۆیشت لەگەڵ هەموو

شتەکانی تری ناو پاپۆڕەکەدا چوو بە هەوادا. تەقینەوەیەکی گەورە هەموو تەماشای ئەوێیان دەکرد. لەو تاریکییەدا لەو سەر پاپۆڕە دوا یادەوەریی نۆڤەچێنتۆ دەنگێکی نەرم بوو (1 لاپەڕە 69). ئەلێساندرۆ باریکۆ لێرەدا ڕێنمایی ئەکتەر دەکات لەم شانۆیەدا، بگۆڕێت بۆ نۆڤەچێنتۆ. هاوڕێکەی لەگەڵ یادەوەریی ئەو ڕۆژەدا، کە نۆڤەچێنتۆ دەیویست لە کەشتییەکە لە نیۆرک دابەزێتە سەر خاک دەکەوێتە قسەکردن و گێڕانەوەی چیرۆکەکە، لەنێوانی پلیکانەی یەکەم و دووهەم و سێهەمدا.

کۆتایی هاتنی ژیانی نۆڤەچێنتۆ تراژیدیایەکە توانای دەوێت لەگەڵیدا بە خوێندنەوە بژییت و نەگرییت یان لانیکەم دڵت تەنگ نەبێت کاتێک نۆڤەچێنتۆ دەڵێ: من ئاوها فێربووم، خاک پاپۆڕێکە زۆر گەورەیە بۆ من. سەفەرێکی درێژە بۆ من. ژنێکی زۆر زۆر جوانە. بۆنێکی زۆر بەهێزە. مۆسیقایەکە، کە من توانای ژەنینیم نییە. بمبوورن، لێ من لەسەر ئەم پاپۆڕە دانابەزم، تکایە بمگەڕێننەوە. تکایە. ( بێدەنگیی ) ئینجا دەڵێ: هەوڵبدە لەمە بگەیت، براکەم هەوڵبدە تێبگەیت ئەگەر دەتوانیت. کاتێک پیاوانم دەدی پێدەکەنین و جەنگیان هەلاهەلا دەکرد، من ماڵئاواییم لە تووڕەبوون کرد، کاتێک بینیم ئەم پاپۆڕەیان پڕکرد لە دینامیت، من ماڵئاواییم لە مۆسیقا کرد. لە مۆسیقاکانی خۆم، ئەگەرەکوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆمبکرێ هەموویان لە دەنگێکدا بژەنـــــــم. ماڵئاواییم لە بەختەوەریی کرد، ئەو بەختەوەرییەی سیحراوییم کرد، کاتێک تۆم دی هاتیتە ئێرەوە. ئەمە دێوانەییی نییە براکەم، ئەمە پانتایی ماتماتیکە، کاری پێوانە. من نابەختەوەرییم چەک کردووە. لێرەدا نۆڤەچێنتۆ بەرەو دواوەوە دەڕوات و دوور دەکەوێتەوە بەرەولای پەردەی پشتەوە لەوێدا ڕادەوەستێت و ئاوڕدەداتەوە. وەک ئەوەی لەبەردەم دەرگای بەهەشتدا ڕاوەستابێت وەهایە، کەسێک پرسیاری لێدەکات و دەڵێ: ناوت چییە؟

نۆڤەچێنتۆ: نۆڤەچێنتۆ.

کابرا: نۆسینسکی، نۆتاربارتۆلخ، نۆڤالیس، نۆززا .. هتد.

نۆڤەچێنتۆ: دەزانییت چۆن، من لەسەر پاپۆڕێک لەدایکبووم.

کابرا: چیی تکایە؟

نۆڤەچێنتۆ: من لەسەر پاپۆڕێک لەدایکبووم و لەوێش مردووم، لێ نازام، کە ئەمە دەچێتە سەر لیستە.

کابرا: تێکشانی پاپۆڕ؟

نۆڤەچێنتۆ: نەخێر، تەقینەوە، سیانزدە سێنتیمەر دینامیت. بۆم.

کابرا: ئەها، ئەدی ئێستا هەموو شت تەواوە؟

نۆڤەچێنتۆ: بەڵێ، بەڵێ زۆر باشە ... ئەمەش واتە، کە شتێکم لەگەڵ دەستم هەیە ... دەستێکم پەڕیوە، لێ یەکێک لەبۆی دڵنیا کردووم " تەئمین".

کابرا: دەستێکت نییە؟

نۆڤەچێنتۆ: بەڵێ. دەزانیت لەکاتی تەقینەوەکەدا.

کابرا: لەویادا دەبێت هەندێک دانرابن، تۆ کام دەستەت نییە؟

نۆڤەچێنتۆ: چەپ.
کابرا: ئاخ مەسیح.
نۆڤەچێنتۆ: ئەمە واتای چیی؟
کابرا: پێموایە دوو ڕاستمان هەیە، دەزانیت.
نۆڤەچێنتۆ: دوو دەستی ڕاست؟
کابرا: پێموایە کێشەت بۆ دروستدەکات. مەبەستم ئەوەیە، کە ئەگەر تۆ دەستێکی ڕاست وەربگریت. دەستێکی ڕاست بخەیتە جێگای دەستێکی چەپ.
نۆڤەچێنتۆ: لێ، نا، یاخوود با، پێموایە دەستێکی ڕاست باشترە وەک لەوەی هیچ نەبێت.
کابرا: ڕاوەستە بەیارمەتیی ئێستا دەچم بۆت دەهێنم.
نۆڤەچێنتۆ: دوو ڕۆژی دی دێمەوە لات، پێدەچێت ئەوکات چەپێکت هەبێت.
کابرا: ئەها، ئەوە لێرە ڕەشێک و سپییەکم هەیە. نۆڤەچێنتۆ: نا، نا یەک ڕەنگ نەک دژ بە ڕەشەکانیش، ئەوە تەنها پرسیارێک بوو.
بێبەختییە، بۆ هەتا هەتای لە بەهەشتدا بە دوو دەستی ڕاستەوە. چەپ و ڕاست و سەر و خواری خۆی بە خاچ دەکات. بۆ هەتا هەتایە میلیۆنەها ساڵ خۆت بکەیتە مەیموون. جارێکی دی خاچی خۆی دەکات. جەهەننەم. نا لەوێ هیچ شتێک نییە بۆ پێکەنین. ئاوڕ دەداتەوە دەڕوات بۆ لای پەردەی پشتەوە یەک هەنگاو پێش پەردەکە ڕادەوەستێت و ئاوڕ دەداتەوە بۆ بینەران و چاوەکانی دەبریسکێنەوە.
لە سەرێکی تریشەوە تۆ دەزانیت، بەو دەستانە بە دوو دەستی ڕاست ئەگەر هاتوو تۆ تەنها پیانۆیەکت هەبێت. ( مرۆڤ دەبێت بە دوو دەستی ڕاستەوە چیی بژەنێت؟)

هەموو تەمنی لەو کەشتیەدا دەبێت و پێیەک چییە نایێنێتە سەر زەویی، جیهان لەلای نۆڤەچێنتۆ هەشتاوهەشت دوگمەی ڕەش و سپییە ( 1 لاپەڕە 77).

لە کۆتاییدا دەڵێم نۆڤەچێنتۆ ئەو شاکارە گەورەیەیە وەک ئەدەبی جیهانیی، کە خوێنەری کورد گووناهە لێیبێبەش بێت.

10.03.2007


سەرچاوە:
1_ Alessandro Baricco: Noveccento. Von Karin Krieger
2_ Friedrich Nietzsche: Gedichte.
3_ Arthur Schopenhauer: Die Welt als Wille und Vorstellung

# ئەلیێساندرۆ باریکۆ لە " شار" دا




## بە برسێتیی مرۆڤ باشتر بۆکسێن دەکات

## پۆلا سەعید

به تێلیفۆن دەبنه هاورێ، شاتسیی شێل کچێکی گەنجه، بەبێ هیچ جۆره تایبەتمەندێتییەک ماوەیەکی درێژ لەگەڵ منداڵێکی دوانزده ساڵی موعجیزەدا به ناوی "گۆڵد"ەوه تێلیفۆن دەکات. لەکاتێکدا شاتسیی شێل له کاتێکی کتووپڕ و خێرادا له کارەکەی دەردەکرێت، خۆشبەختانه باوکی "گۆڵد"، که ژەنراڵێکه له یەکێک له شوێنەکانی ئەمریکادا نیشتەجێیه، دەیکات به دایەنی کوڕەکەی. هەمانکاتیش دەبێت ئاگاداریی هەردوو هاورێکەی گۆڵدیش بکات. " پوومەرانگ، لاڵ بوو، "دیزڵ"یش زەبەلاحێک بوو. ئەوەشی شاتسیی شێل نەیدەزانی، که ئەم دوانه هەردووکیان تەنها له فەنتازیای گۆلدا هەبوون، لێ ئەوه کێشەیەک نییه، چونکه گۆڵد دەیتوانی بۆ هەرسێکیان قسه بکات. هەرگیز بێتاقەت نەدەبوو، چونکه چیرۆکی سەیر زۆر بوو ئەو لێیان بدوێت.

شار له ڕۆمانەکانی تری باریکۆ ناچێت، هێند نووقمی فەنتازیایه هەندێکجار مرۆڤ گوومان دەکات لەوەی، که خودی خوێندنەوەی ڕۆمانی " شار " خۆی فەنتازیایەک نەبێت، هەروەکوو هەردوو هاورێکەی " گۆڵد" ( پوومەرانگ و دیزڵ). یاخوود دونیا پڕ "کاوبۆی"یەکەی شاتسیی شێل، که پڕه له گرمه و بروسکه و جنێودان به دەنگی بەرز، ئەو خانمێکه پڕ شەهوەت منداڵێک نییه وەک گۆڵد، لێ له سەرێکی ترەوه دەتوانین بڵێین ئەو گەورەیەکی هەرزەکاره، که خاوەنی فەنتازیایەکی تایبەتی خۆیەتی وەکوو گۆڵد.

ئاخر بۆیە درێژەدان بە گێڕانەوەی بچووکترین خەیاڵی کەسایەتییەکی ڕۆمانی شار وەها لە خوێنەر دەکات، کە بیری بچێتەوە ئاخۆ پێشتر چیی خوێندۆتەوە، چونکە خەیاڵەکان تەواو و ڕێک لە دونیایەکی دیدا خۆیان دەبیننەوە، لە نێوانی گۆڕەپانی تۆپی پێ و دەلاکخانە و تەختەی شانۆی بۆکسێندا و لەولاوە گەنجی کاوبۆ و دەمانچە و ... هتد. خوێنەر دەبێت وریا بێت لە یەکێک لەم شوێنانەدا جێنەمێنێت. بێگوومان لە شاریشدا وەک پیشە و تەکنیکی نووسینی باریکۆ دیسانەوە سێکس و مۆسیقا ڕۆڵێکی سەرنجڕاکێش دەبینن، نووکتە و قسەی خوێنەر هێنانە پێکەنینیش بەشێکی پۆزەتیڤی ڕۆمانی شارن، بۆ نموونە کاتێک شاتسیی شێل تازە بووە بە دایەنی " گۆڵد" ڕۆژێک گۆڵد خۆی دەشوات لە دەرەوە شاتسیی شێل گوێی لە دەنگی بڵندی گۆڵدە، کە بێژەریی بۆ یارییەکی بۆکسێن دەکات و تەواو خۆی پێوە سەغڵەت کردووە. پاڵەوانە خەیاڵییەکەی گۆڵد ناوی "لاری گۆرمان"ە، بۆیە بە پەرۆشەوە هاوار دەکات ( بیدە لە گوورچیلەی، ڕاست چەپ، ئێستا شەویلگە، ڕاست چەپ، چەپ ڕاست ... هتد) گۆڵد تازە مۆمی سیانزە بەهاریی داگیرساندووە، کاتێک گۆڵد لە دوشەکە دێتە دەرەوە شاتسیی شێل دەڵێ: گۆڵد لەبری ئەوەی ئەو هەراوهوریا گەورەیە لەو دوشەدا بنێیتەوە باشتر نییە وەک هەموو کوڕێکی تر لە حەمامدا دەستپەڕێک بکەیت؟ گۆڵد دەڵێ: من لەژێر جێگادا دەیکەم خۆشترە. باریکۆ لەم دەقەدا دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە پیاو هەر لە تەمەنیی منداڵییەوە خەریکی دەستپەڕکردنە و ژنانیش ئەم ڕاستییە دەزانن، کە پیاو بوونیەتێکن پێیان دەڵێن: کێویلەی سێکس. شاری باریکۆ پڕە لە فەنتازیا و لە جیهانێکی نادیار، ئاڵۆزییەک لە تەکنیکی نووسیندا پێدەچێت کەم تا زۆر خوێنەر ماندوو بکات، لێ هێشتا دەتوانێت چێژێکی تەواو بدات بە خوێنەر. خوێنەر دەبێت لەنێوانی فەنتازیا و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ڕۆمانەکەدا وننەبێت، دەنا هەردووکیان پێکەوە دەبەستێت وەک لەوەی هەریەکەیان لە سنووری جوگرافیای خۆیاندا بهێڵێتەوە. دیارە ئەو فەنتازیایەش، کە باس دەکرێت، فەنتازیای دوو کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکەیە " شاتیسی شێل و گۆڵد" ئەم دوو فەنتازیایەش هەردووکیان لە ژیانی ڕیاڵدا چ بوونیان هەیە چ بوونیان لە ئەمریکای کۆندا هەبووە. لە فەنتازیای مۆدێرندا ڕووداوەکان و پاڵەوانەکان بەشێوەیەکی تر دێنە پێشەوە، بەشێوەیەک، کە خوێنەر هەرگیز لە ژیانی ڕیاڵدا شتگەلێکی ئاوها نەتوانێت بهێنێتە پێشچاوی خۆی، بە واتایەکی دی فەنتازیا بریتییە لەو جیهانەی، کە خەڵکانێک نەتوانن بیهێننە پێشچاوی خۆیان. دەتوانین ڕۆمانی " ئاڵتهالوس" نووسینی "داڤید و لای ئێدینگس" بە یەکێک لە سەرکەوتووترین شاکارە ئەمریکییەکان بهێنینە پێشچاوی خۆمان، هەمانکاتیش بە سەرکەوتووترین ڕۆمانی فەنتازیای مۆدێرن ناوی بەرین. داڤید ئێدینگس ساڵی 1931 لە سپۆکان لە نزیک شاری واشنتۆن لە ئەمریکا لەدایکبووە. لەدوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە واشنتۆن، ژیانێکی گەڕیدەیی ژیاوە و هەرماوەیەی لە شوێنێک، لێ هەنووکە لەگەڵ لای ژنیدا لە کارستۆن ستی پێکەوە دەژیین. لای ژنی لە زۆر ڕۆمانەکانی داڤیدا ڕۆڵی نووسیینی هەبووە، ئەمەش وەهایکردووە، کە لەپاڵ ناوی داڤیددا ناوی نووسەرێکی

پێببەخشرێت هەروەکوو لە شاکاری ڕۆمانی ئاڵتهالوسدا دەیبینین، کە بە ناوی (داڤید و لای ئێدینگس)ەوە بڵاوکراوەتەوە. داڤید لە ساڵی 1973ەوە دەنووسێت و لە ساڵی 1984دا بە شاکاری (بێلگاریاد ساگا) ناوبانگی دەرکرد. داڤید و لای لە ڕۆمانی ئاڵتهالوسدا هەتا مرۆڤ حەزبکات لە فەنتازیادا قوڵبوونەتەوە، ئەو دیمەنانەی داڤید و لای لەم ڕۆمانەدا نەخشاندوویانە، دیمەنگەلێکن، کە لە فیلمی سینەماییدا بینەر تەواو سەرسام دەکەن. ئالتهالوس پیاوێکی دز و درۆزن و هەڵخەڵەتێنەرە و لەهیچ جۆرە کووشتنێکیش سڵناکاتەوە. دواهەمیین کاری دزینی کتێبێکە، ئەو کەسەی ئەم کارەی پێدەسپێرێت ناوی (گێند)ە، خۆی هەموو مەترسییەکانی ئەو ڕێگاوبان و ماڵە دەزانێت، کە کەوتۆتە کۆتایی جیهانەوە، هەروەکوو ئاڵتهالوس لە سەرەتای ناسیینی گێندا لەلای (نابجۆر) پێیدەڵێت: تۆ خۆت مرۆڤێکی چەکدار و بەتوانایت بۆچیی خۆت ئەم کارە ناکەیت؟ بیانگەی گێند تەنها لێهاتوویی ئاڵتهالوسە لە دزییندا و هیچی تر نا. لێ ئەمانە تەنها هەڵخڵەتاندنی ئاڵتهالوسە و چیدی نا. ئاڵتهالوس چونکە لە چەند هەفتەی ڕابووردا هەوڵی چەند دزییەکی داوە و سەرنەکەوتوو بووە، هەمانکاتیش گێند بەڵێنی زێڕی پێدەدات بەرانبەر بە دزیینی پەڕتووکەکە. هەرچەندە ئاڵتهالوس نەخوێندەوارە هەر نەخوێندەوارییەکەشی وەهایکرد، کە لەیەکێک لە دزییەکانیدا لە کانتۆن لە ماڵی (درویگۆر)دا پارەی کاغەز نەناسێتەوە و لەوناوەدا فڕێیانبدات و گرنگییان پێنەدات لەو شوێنەی کتێبەکەی لێدەدزێت ماڵێک لە کۆتایی جیهاندا پشیلەیەکیش دەدۆزێتەوە، کە دەتوانێت قسە بکات، پشیلەیەک، کە ئاڵتهالوس لەبەر چاوە سەوزەکانی ناوی دەنێت " ئێمیی". ئەوەی، کە ئەو لەو ماڵەدا نایدۆزێتەوە، ئەو دەرگایەیە، کە لێوەی هاتۆتە ژوورەوە(2). دوای ئەوەی ئاڵتهالوس دووهەزار و چوار سەد و حەفتا و شەش ساڵ لەلای ئێمیی لەو ماڵەدا دەژیی و فێری خوێندنەوەی پەڕتووکەکە و لەنێواندا دەتوانێت جادوگەرییش بکات. دواکات بۆی دەردەکەوێت، کە گێند یەکێکە لە پیاوەکانی دایڤای خودا و تەمەنی لەسەرو دەهەزار ساڵەوەیە و ئەویش ویستوویەتی ئاڵتهالوس بۆ خۆی بەکاربهێنێت دژی ئێمی و دایڤۆسی خودای برای. ئەم دوو برا و خوشکە هەرسێکیان خودان، ئێمیی لایەنگری دایڤۆسە و لەگەڵ گۆڕانی جیهاندایە، دایڤا بەپێچەوانەوە، دژی دایڤۆس کار دەکات هەتا شتەکان وەک خۆیان بمێننەوە و جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت. ئاڵتهالوس ڕۆمانێکە لە قەوارەی 798 لاپەڕەدایە، هەر خوێنەرێک شەیدای فەنتازیایە دەتوانێت فەنتازیایەکی مۆدێرنی تێدا بخوێنێتەوە، کە لە ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە لە ئەوروپا بە گشتیی و لە ئەڵمانیاشدا ماوەیەکە بە پەیڤی ئەڵمانییش کەوتۆتە بەردەستی خوێنەر. بە هەرحاڵ دەتوانین ئاڵتهالوس بە فەنتازیای مۆدێرن ناوبەرین، لێ بۆکسێنەکەی گۆڵدا لە ژیانی ڕیاڵدا هەیە و وێستەرنەکەی شاتسی شێلیش لە ژیانی ئەمریکای کۆندا هەبووە. کەواتە مرۆڤ دەتوانێت هەردووکیان بهێنێتە پێشچاوی خۆی. هەربۆیە هەردوو فەنتازیاکە فەنتازیای دوو کەسایەتیی ڕۆمانەکەن، خوێنەر دەبێت جیایان بکاتەوە لەگەڵ هونەری نووسیینی ڕۆمان

له فەنتازیای مۆدێرندا. ڕۆمانەکە لە ناوەڕاستەوە پابەند دەبێت بە قسەکردن لەسەر فەلسەفە، کەسایەتیی ڕۆشنبیر، هزر و داهێنان، هزر وەک چەک ... هتد. باریکۆ بۆ ئەم مەبەستە نزیکەی بیست و دوو لاپەڕەی لە ڕۆمانەکەدا تەرخان کردووە لە لاپەڕە 198ەوە هەتاوەکو 220 تەواوی گفتووگۆکانیش لەنێوانی شاتسی شێل و پرۆفیسۆر "مۆندریان کیلرۆی"دایە. لەم بیست و دوو لاپەڕەیەدا خوێنەر چێژێکی جوان لە واتاکان و ڕامانی هەردووکیان وەردەگرێت و ماندووبوونی لەنێوان دەقە ڕاستەقینەکانی ڕۆمانەکە و هەردوو جیهانی نادیاری گۆڵد و شاتسی شێل بیردەچێتەوە. شار باس لە ژیان لە ئەمریکادا دەکات، قووڵبوونەوەکی گەورە لە ژیانی بۆکسێن و کاوبۆیەکانی ئەمریکادا، ڕاوکردنی ئیندیانا و ڕەوشتی دادوەر و شەریف و دادپەروەریی. لە سەرێکی ترەوە ژیانی مرۆڤ لە بۆکسێندا، کە بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندییەکی باشی بە وەرزشکاران و ئەکادێمیاکانی وەرزشەوە کردووە بۆ نموونە " ئەکادێمیا پووگلیستیکا" وەک خۆی لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا وەک تێبینیی نووسیوویەتی. بێگوومان باریکۆ ماندوو بووە لە نووسینی ڕۆمانی شاردا، ئەو کۆمێنتارانەی لە بەشی بۆکسێندا بەکاریهێناون ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕیاڵی وەرزشکارانی بۆکسێنن. شار لە ساڵی 1999 دا بۆ یەکەمینجار بە پەیڤی ئیتالیی لە مایلاند بڵاوکراوەتەوە و ساڵی دوو هەزار کراوە بە ئەڵمانیی. ئەلێساندرۆ باریکۆ ڕۆمانی شاری کردووە بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم وەک پرۆلۆگ واتە پێشەکیی سێ سەد و نۆ لاپەڕەی تێدا بەکار هێناوە، کە لە کۆتاییەکەیدا چارەنووسی شاتسی شێلی تێدا بڕیارداوە. بەشی دووهەم وەک ئێپیلۆگ واتە دوا وتە چل و دوو لاپەڕەی تێدا بەکارهێناوە، کە لە لاپەڕە سێ سەد و سیانزدەوە دەستپێدەکات و لە کۆتاییدا چارەنووسی گۆڵدی تێدا ئاشکرا دەکات. بەرهەمەکانی ئەلێساندرۆ باریکۆ وەک کچێکی جوان وایە، پیاو یەکجار لەگەڵیدا دەخەوێت، ئیدی دوای ئەوە پێیدەڵێت: دەتەوێت شووم پێبکەیت؟

لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1987 دا چاپخانەی (سی. ئێڕ. بی) بڕیار دەدات، کە ڕاپرسییەک لەگەڵ خوێنەرانی زنجیرە چاپکراوەکانی بەرهەمی "بالۆن ماک"ی منداڵاندا ساز بکات. ئەم ڕاپرسییە پابەندە بە پرسیاری مردنی "دایە یانە"وە. بالۆن ماک پاڵەوانێکی کوێر بوو، کە بە ڕۆژ وەکوو پزیشکی ددان کاری دەکرد و شەوانەش بە هێزی لیکی دەمی دژ بە خراپەکاران شەڕی دەکرد. دایە یانە دایکی ئەو بوو، لەلای زۆرینەی خوێنەران خۆشەویست بوو.
هەتا کاتژمێر 10:45 لە ڕۆژی دوانزدەهەمیین و ڕاپرسییەکەدا دەرهەق بە مردنی " مامی یانە" لە سەدا شەست و چوار کەس دەڵێن با مامی یانە بمرێت و لە سەدا سیی دەڵێن: با مامی یانە نەمرێت. ئەو لە سەدا شەش دەنگەی، کە دەمێنێتەوە هەموو دەڵێن: با هەموو تیمەکە بڕۆنە لای شەیتان و بمرن. (1. لاپەڕە 8)

بۆ جاری سەد و بیستهەمجار زەنگی تێلیفۆنەکەی شاتسی شێل لێدەدات و بیست و یەکەمیین تێبینیی خۆی لەسەر فۆڕمولاری پرسیارەکان دەستنیشان دەکات و تێلیفۆنەکە هەڵدەگرێت و دەڵێ: ( سیی، ئێڕ، بی) ڕۆژباش.

ڕۆژباش، دیزڵ لەوێیە؟ (1. لاپەڕە 8)

کێ؟

باشە، کەواتە ئەو هێشتا لەوێ نییە...<

جەنابتان لەگەڵ دەزگای چاپی سیی ئێڕ بی قسە دەکەن...<

بەڵێ دەزانم.<<

جەنابت ژمارەکەت هەڵە لێداوە.<<

نەخێر نەخێر، ڕاستە، گوێبگرە بەڕێز..<

داوای لێبووردن دەکەم...

بەڵێ؟

ئێرە سسی ئێڕ بییە، ئێمە ڕاپرسییەک دەکەین لەسەر بابەتی ( دەبێت مامی یانە بمرێت؟)

سووپاس دەزانم.

دەتوانیت ڕووخۆشبیت و ناوەکەتم پێبڵێیت؟

ناوەکەم هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت.

لێ دەبێت ناوەکەتم پێبڵێیت.

باشە، باشە... گۆڵد... ناوم گۆڵدە.

باشە بەڕێز گۆڵد.

بەڵێ، بەڕێز گۆڵد دەتوانم ئێستا.<<

<< دەبێت مامی یانە بمرێت؟

ببوورە چلۆن؟

پێویستم بە بۆچوونی تۆیە... ئاخۆ مامی یانە دەبێت بمرێت یان نەخێر؟

لێ من ـ<<

بێگوومان دەزانیت مامی یانە کێیە؟

بەڵێ، سروشتیی، لێ

تەماشا بکە دەمەوێت لە تۆوە بزانم تەنها بزانم، کە ـ<<

دەتوانیت بە یارمەتیی خولەکێک گوێم لێبگریت؟

بێگوومان.

باشە. کارێکی باشم بۆ بکە و تەماشای دەوری خۆت بکە.

من؟

بەڵێ.

لێرە؟

بەڵێ، لە ژوورەکەدا، تکایە میهرەبان بە.

باشە، تەماشای دەوری خۆم دەکەم.
بە ڕێکەوت کوڕێکی کەچەڵی گەنج دەبینیت لەگەڵ یەکێکی زۆر گەورە و زەبەلاحدا، جوامێرێکی بەڕاستیی گەورە، بەشێوەی زەبەلاحێک، بە جووتێ پێڵاوی بێباوەڕ گەورەوە و چاکەتێکی سەوزەوە؟
نەخێر، پێموابێت نا.
بەڕێزت دڵنیایت؟
باشە، کەواتە ئەوان هێشتا لەوێ نین.
نەخێر.
باشە، لێ بەڕێزت دەبێت شتێک بزانیت.
بەڵێ؟
ئەوان شەڕانگێز نین.
نەخێر؟
نەخێر. ئەگەر لەوێ بن هەمووشت کورت و بچووک دەکووتن و بە چاوەڕوانکراوییەکی گەورەوە دێن پەلاماری تێلیفۆنەکە دەدەن و وایەرەکەی لە گەردنت دەئاڵێنن یان هەرشتێک لەو جۆرە. لێ ئەوان شەڕانگێز نین بەڕاستی وا نین. (1. لاپەڕە 9)
بەڕێز گۆڵد. بەڵێ.
دەتوانم بپرسم، تەمەنت چەندە؟
سیانزدە.
سیانزدە؟
دوانزدە... ئەگەر بە ڕێکیی بیڵێم.
گوێبگرە گۆڵد، ئاخۆ دایکت هەرچۆنێک بێت لەو نزیکانەیە؟
دایکم ساڵانێک بەرلەئێستا هەڵهاتووە، هەنووکە لەگەڵ پرۆفیسۆرێکدا دەژیی، پرۆفیسۆرێک، کە لەسەر ماسیی دەخوێنێت، خووەکانی ژیانی ماسیی دەخوێنێت، تەواو و ڕێک کەسێکی ئێتۆلۆگە (زانای هورنەری ژیان، زانای هەستەکان، پشکێنەری کەڕاکتەری بوونەوەر).
خەمم دەداتێ.
پێویست ناکات خەمت بداتێ. ژیان ئاوهایە، مرۆڤ ناتوانێت هیچ بکات.
بە ڕاستیی؟
بەڕاستیی. تۆ پێتوانییە؟
بێگوومان. لە ڕاستییدا... دڵنیاش نیم، لێ سووپاست دەکەم.
غەمگیینە، لێ ئاوهایە.
تۆ دەڵێیت دوانزدە ساڵم؟
بەیانیی دەبمە سیانزدە.
فەنتاستیک.

فەنتاستیک.
لە دڵەوە پیرۆزبایت لێدەکەم گۆڵد.
سووپاس.
دەبینیت، کە تەواو فەنتاستیکە ببیتە سیانزدەساڵ.
بە هیوام.
بەڕاستیی هیوای هەمووشتێکی باشت بۆ دەخوازم.
سووپاس.
بەڕێکەوت باوکت لەو دەوروبەرە نییە؟
نەخێر لە کارە.
تێدەگەم.
باوکم کار لەگەڵ سووپا دەکات.
فەنتاستیک.
هەموو شتێکت لەلا فەنتاستیکە؟
چلۆن؟
هەموو شتێکت لەلا فەنتاستیکە؟
بەڵێ. پێموایە هەموو شت.
فەنتاستیک.
واتای وایە ... زۆرینەی شت.
چ بەختێکە.
تەنانەت بارودۆخە سەرسووڕهێنەرەکانیش.
پێموایە، کەواتە بەڕاستیی بەختت هەیە. (1. لاپەڕە 11)
گۆڵد لێرەدا فەنتازیایەک دروستدەکات و دەیکاتە چیرۆکێک بۆ شاتسیی شێلی دەگێڕێتەوە لە یەکێک لە کیۆسکەکانی فرۆشتنی خواردندا لەسەر یەکێک لە جادە خێراکانی شارەکەیدا.
شاتسیی شێل دەڵێ: گۆڵد خۆشحاڵبووم بە تێلێفۆنکردنەکەت.
گۆڵد دەڵێ: نەخێر ڕاوەستە. شاتسیی دەڵێ: من لەسەر خەتم.
ناوت چییە؟
شاتسیی.
شاتسیی.
ناوم "شاتسیی شێل"ە.
شاتسی شێل.
بەڵێ.
لەولاوە بەڕێوەبەری چاپخانەکە بە ڕقەوە تەماشای شاتسی شێل دەکات و پێیدەڵێ:
بەڕێزت دوانزدە خولەکە تێلێفۆن دەکەیت و قسە لەسەر زەبەلاحێک دەکەیت.

**دوانزده خولەک؟**
**دوێنێ بیست و حەوت خولەک قسەت لەگەڵ دەلاڵێکی پارە گۆڕینەوە کرد، لە کۆتاییدا ویستی مارەت بکات. خاتوونی گەنج ئەم تێلێفۆنە موڵکی چاپخانەی سیی ئێڕ بییە، جەنابیشت پارەت پێدەدرێت هەتاوەکوو ڕستەیەکی قۆڕی وەک دەبێت مامی یانە بمرێت؟ بڵێیت.**
**من باشترین هەوڵدەدەم.**
**منیش هەروەها. بۆیە دەبێت دەرتبکەم لە کار خانمی گەنج.**
**ببوورە؟**
**من ناچارم، کە دەرت بکەم، خانمی گەنج.**
**ئەوە بەڕاستتە؟**
**بەداخەوە.**
**....**
**....**
**....**
**بەڕێز بالەباوەمەر؟**
**بەڵێ:**
**پێتناخۆش نییە، کە ئەم قسەکردنە بگەیەنمە کۆتایی؟**
**کام قسەکردنە؟**
**ئەم قسەکردنە. گەنجێک لەسەر تێلێفۆن چاوەڕێم دەکات.**
**....**
**....**
**کۆتایی بەو قسەکردنە بهێنە.**
**سووپاس.**
**شایانی نییە.**
**گۆڵد**
**بەڵێ؟**
**من دەبێت کۆتایی پێبهێنم گۆڵد.**
**باشە**
**من ئێستا دەرکرام لە کار.**
**فەنتاستیک.**
**من لەوەدا دڵنیا نیم.**
**لانیکەم هەوات قاتیی ناکەن.**
**کێ؟**
**دیزڵ و پوومەرانگ.**

زەبەلاحەکە؟
زەبەلاحەکە دیزڵە. پوومەرانگ ئەوی تریانە، کەچەڵەکە. لاڵە.
پوومەرانگ.
بەڵێ. ئەو لاڵە. قسە ناکات. ئەو گوێی لێمانە، لێ قسە ناکات.
لە هاتنە ژوورەوەدا ڕایاندەگرن.
لە ڕاستییدا ئەوان ڕێگانادەن ڕایانبگرن.
گۆڵد؟
بەڵێ.
دەبێت مامی یانە بمرێت؟
لەمنەوە ئا، با هەموویان لەبۆ شەیتان بڕۆن.
باشە: من نازانم.
شتێکم لا دەدرکێنیت شاتسیی؟
من دەبێت ئێستا تێلێفۆنەکە دابخەمەوە.
تەنها یەک شت
چیی؟
ئەو کیۆسکی خواردنە.
بەڵێ.
ئێستا بیرمکردەوە، وادەردەکەوێت، کە خراپ نەبێت.
ئا، باشە.
تەنها بیرمکردەوە،کە جەژنی لەدایکبوونەکەم لەوێ بکەم.
مەبەستت چییە؟
ڕۆژی لەدایکبوونم، کە سبەینێیە. دەتوانین هەموومان لەوێ نان بخۆین. پێدەچێت ئەو دوو پیاوە قات ڕەساسیی لەبەرە هەر لەوێ بن، ئەوانەی کێچەپ.
بیرێکی سەیرە گۆڵد.
تۆ، من، دیزڵ و پوومەرانگ. من پارە دەدەم.
نازانم.
بە دڵنیاییەوە بیرێکی باشە.
لەوانەیە.
.85567418
ئەوە چییە؟
ژمارەی تێلێفۆنەکەم، ئەگەر ئارەزووت هەبوو، تێلێفۆنم بۆ بکە، باشە؟
تۆ لە سیانزدە ساڵ ناچیت.
لە ڕاستییدا من بەیانیی دەبم بە سیانزدە ساڵ.
ڕاستە وایە.

ڕێککەوتین.
بەڵێ.
ڕێککەوتین.
گۆڵد؟
بەڵێ.
ماڵئاوا.
ماڵئاوا، شاتسیی.
ماڵئاوا. (1. لاپەڕە 17)

ئەمە سەرەتای چۆنێتیی ناسینی گۆڵد و شاتسیی شێل بوو، کە هەردووکیان ڕۆڵی دوو کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانی شار دەبینن و دواکات هەریەکەیان وەک ڕێگاڕەوی ڕۆیشتنی ڕووبارێک بەرەو دەریا بە چارەنووسی ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا تێدەپەڕن بەو چارەنووسەی، کە دەبێت پێیبگەن. دیارە ئەلێساندرۆ باریکۆ لە شاردا دەیەوێت لە ڕێگای بۆکسێن و ژیانی کاوبۆیەکانەوە وەک ژیانی کێویلەیی فیلمە کابۆییەکان بمانباتە ناو ژیانی ئەمریکاوە، هەمانکاتیش وەک چارەنووسی ژیانی ئەو هەموو ژەنراڵ و گەورە کۆماندۆیانەی سووپا، کە ژیانیان بریتییە لە پیربوون لە سووپادا، وەک ئەوەی ئەوانە بۆ سووپا لەدایکبووبێتن و پیربوون و مردنیشیان هەردەبێت لە سووپادا بێت. یەکێک لەوانە باوکی گۆڵدە " هالێی". کە بەهیچ شێوەیەک کاتی نەبووە و نییە بۆ گۆڵدی کوڕی. تەنانەت هەتا ئەو کاتەی گۆڵدیش ڕۆیشت و نەهاتەوە لەژێر فشاری شاتسیی شێلدا باوکی ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. سووپا و بۆکسێن و فیلمی کاوبۆیی لە ئەمریکادا بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای ئەمریکیی داگیرکردووە لەو ڕوانگەیەشەوە باریکۆ لە ڕۆمانی شاردا باس لەو ژیانە دەکات. ڕۆمانەکانی باریکۆ هەمیشە کۆتاییەکی وەهایان گرتۆتە خۆ، کە بە ناوەخنی دەقەکانی ڕۆمانەکەوە ببەسترێنەوە، نەک بە کراوەیی بمێنێتەوە و خوێنەر نەزانێت بە کوێ دەگات. ئیدی هەر لە ئاوریشمەوە بیگرە هەتا ئۆقیانووسی مارێ. دیارە ئۆسیانۆ مارێ یەکێکە لە هەرسێ دوابەرهەمی باریکۆ،کە ڕۆمانێکە شاعیرانە باس لە هونەری وێنەکێشان و گەڕان بەدوای ڕاستییدا دەکات. دووهەم: مردن لە پێکەنییندا، لێکۆڵینەوەیەکە باس لە فەلسەفە و مۆسیقا دەکات. سێهەم: ڕۆحی هێگل یان مانگاکانی ویسکۆنسین، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفییە لەسەر مۆسیقا لە ڕۆحی فەیلەسووفی ئەڵمانیی گیۆرگ ڤۆلفگانگ فریدریش فۆن هێگل دا.

لە شاردا خوێنەر دەبێت ژیرانە لەکاتی خوێندنەوەدا پەنجەرەکانی چۆنێتیی کۆتایی ڕۆمانەکە بناسێتەوە، لە خاکێک لە شووشە و بەبێ خوێنیشدا هەمان کێشە هەیە، هەرچەندە ناتوانین ناوی بنێین کێشە چونکە ئەمە زیاتر هونەر و تەکنیکی ڕۆمان نووسینە لەلای باریکۆ، بۆیە دەڵێم دەشێت زیاتر ئەوە کێشەی خوێنەر بێت نەک کێشەیەک بێت لە ڕۆمانەکەدا. کاتێک شاتسی شێل لە لاپەڕە (216)دا لە دەمی پرۆفیسۆر "مۆندریان کیلڕۆی"ەوە دەبیستێت، کە گۆڵد نیازی گوێزانەوەیەتی بۆ شاری کۆڤەرنیی

هەتا لەوێ لە زانکۆیەکی تردا درێژە بە خوێندن بدات. شاتسیی شێل هێشتا هەر ئامادە نییە باوەڕ بکات، چونکە گۆڵد باسی لەو سەفەرەی نەکردووە بۆ کۆڤەرنیی، بۆیە بە پرۆفیسۆر مۆندریان کیلرۆی دەڵێت: گۆڵد بە ڕاستیی بە تۆی گووتووە، کە ئەو بۆ کۆڤەرنیی دەڕوات، بەڕێز پرۆفیسۆر؟ پرۆفیسۆر مۆندریان کیلرۆی دەڵێ: بەڵێ من بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانم. ئیدی تووڕەبوونی شاتسیی شێل لە گۆڵد لێرەوە دەستپێدەکات، کە خوێنەر دەبێت وریایانە درکی پێبکات و بیبەستێتەوە بە کۆتایی ڕۆمانەکە و چارەنووسی گۆڵدەوە، چونکە چارەنووسی شاتسی شێل ئاشکرایە، کە بەهۆی کارەساتی ئاوتۆمبیلەوە کەم ئەندام دەبێت و هەموو تەمەنی دەبێت لەسەر قەرەوێڵەیەک بە ڕاکشاویی بمێنێتەوە. ڕۆژێک شاتسیی شێل لەگەڵ دکتۆرێکدا بە ئاوتۆمبیل دەڕۆیشتن، دیارە کەمێک ئەلکهولیان خواردبۆوە، یان شتێکیان کێشا بوو بە خێراییەکی زۆر لە (سان فێرناندێز) خۆیان دەکێشن بە پایەی پردێکدا، دکتۆرەکە شۆفێریی دەکرد، کە خێرا لە جێگای خۆیدا دەمرێت، لێ کاتێک شاتسی شێلیان دەرهێنا هێشتا هەناسەی دەدا، دەیگەیەننە خەستەخانە. دواکات لە خەستەخانەدا مایەوە و نەیدەتوانی بجوڵێت، بێجگە لە سەری هیچ ئەندامێکی تری لەشی کاری نەدەکرد، مێشکی ساغ بوو، وەکوو جاران کاری دەکرد. (1. لاپەڕە 296) ڕۆژێک هالیی باوکی گۆڵد سەردانی دەکات، شاتسیی شێل لێیدەپاڕێتەوە، کە یارمەتیی بدات، یارمەتییەکەی شێلیش ئاشکرا و ڕوون بوو، کە چیدی نایەوێت بەوشێوەیە بژیی. لە خەستەخانەیەکی نۆرماڵی ئاوهادا نەدەتوانرا داوا بکات دەرزییەکی لێبدەن و بیکووژن لێ لە خەستەخانەیەکی سەربازییدا ئەو کارە بە ژەنراڵێکی وەک باوکی گۆڵدا بە ئاسانیی دەکرا. باوکی گۆڵد پاش چەند ڕۆژێک داواکەی بەجێدەگەیەنێت و دەیگوێزێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی سەربازیی. ڕۆژێک دایکی گۆڵد دەچێتە لای بۆ ماڵئاوایی لێکردنی، داوا لە دایکی گۆڵد دەکات، کە کوڕێکی گەنجی بۆ بانگ بکات، ئەویش داواکەی بەجێدەگەیەنێت، کوڕێکی گەنجی جوانی قژ ڕەش، کە ڕووخسارێکی جوانی هەبوو، بە وتەی دایکی گۆڵد شایانی گازلێگرتن بوو، دەهێنێتە ژوورەوە بۆ لای شاتسیی شێل، کوڕەکە ناوی ساموێل بوو. کاتێک کوڕەکە دەچێتە لای، شاتسیی شێل پرسیاری لێدەکات و دەڵێ: ماچم دەکەیت؟ ئەویش ماچی دەکات، لێ ماچێکی ڕاستەقینە وەک هی فیلم بەهیچ شێوەیەک کۆتایی پێنەدەهێنا. بۆ ڕۆژی ئایندە دکتۆرێک هات ئەوەی لەسەری بوو بیکات کردی (1. لاپەڕە297). ئیدی چارەنووسی شاتسیی شێل لە ڕۆمانی شاردا ئاشکرا و ڕوونە ئەو لە خەستەخانەیەکی سەربازییدا دەرزییەکی لێدەدەن و دەمرێت. ئەوەشی پەیوەندیی بە گۆڵدەوە هەیە، بریتییە لە تووڕەبوونی شاتسیی شێل لە گۆڵد و کارتێکردنی شاتسیی شێل لەسەر گۆڵد لەو قسانەیدا، کە بۆ گۆڵدی دەکات لەکاتی تووڕەبوونیدا. شاتسیی شێل لە خۆشەویستیی گۆڵدا تووڕە دەبێت، ئەو پێیوایە کۆڤەرنیی شاری منداڵان نییە بەڵکوو شاری خەڵکی بە تەمەنە، کە تەنانەت بە تەمەنەکانیش لەوێدا لە ژیانی خۆیان دڵنیا نین ئینجا نەخواستە منداڵان. ڕۆژێک شاتسیی شێل بەسەر گۆڵدی ئەو دەم پانزدەساڵاندا دەتەقێتەوە و دەڵێ:

تۆ هەمیشە دەبێت بەرگریی لە خۆت بکەیت، کە لە تیپێکی تۆپی پێدا گەمە نەکەیت، لەگەڵ گرووپێکی کلتوورییدا گۆرانیی نەڵێیت، بۆ ئاهەنگی دەرچووانی سەری ساڵ نەچیت، سەردانی کەنیسە نەکەیت، بۆ هیچ شوێنێک ناچیت، کە بریتیی بێت لە یەکێتیی هەر گرووپێک و کۆبوونەوەیەک، تۆ هیچ شتێک کۆناکەیتەوە، ماچکردنی کچێک لەلای تۆ بێهەستییە، هیچت بۆ ئاوتۆمبیلیش نییە، کاتێک دێت پرسیارت لێدەکەن و دەڵێن: لەبۆ شەیتان چییدەکات لەکاتی بەتاڵییتدا؟ کە بتوانیت وەڵامێکی خراپ بدەیتەوە دەڵێیت: کە تۆ لەگەڵ زەبەلاحێک و لاڵێکدا بە دەوروبەرەکەتدا دەڕۆیت و بنێشت دەنووسێنیت بە کیبۆردی ئاوتۆماتەکانی پارە دەرهێنانەوە (1. لاپەڕە 222). تەماشا دەکەیت ئەلێساندرۆ لە ڕێگای منداڵێکەوە پێماندەڵێت، کە ئەگەر مرۆڤ پێویستی بە پارە بوو دەست بۆ هەموو شتێکی پیس دەبات لەپێناوی پارەدا، لێ ئەوە ڕێژەیەکی کەمن، کە ڕێکەوتێک وەها دەکات، بگەن بە پارەی خۆیان و بەبێئەوەی پێویستیان بەوەبێت بە پیسییدا تێپەڕن، یان هەندێکی تر، کە ڕێکەوتەکەیان وەها دەکات بە پیسییدا تێپەڕن هەتا بگەن بە پارەکانیان، لێ ئامادە نین لەپێناوی پارەدا بەو پیسییەدا تێپەڕن. خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو خەڵکانەی گوێ بە ڕێگای پیس نادەن بۆ گەیشتن بە پارەکانیان، بەبێ گوێپێدانە دەوروبەر ژینگەی خەڵکانێکی تریش بە خۆیانەوە پیس دەکەن و ئەوانیش یان ئەوەتا وەک ئەوان بە پیسییدا تێدەپەڕن بۆ پارەکانیان یان ئەوەتا وەک خەڵکانێکی تر بەختیان دەیهێنێت و پێویستیان بە لێدانی ژمارەگەلێک نابێت، کە ڕێکەوتێک وەهایکردووە پیسببێت، یان ئەوەتا ئەو بەختەیان نەبووە، لێ ئەو ڕۆژە ئامادە نابن بۆ گەیشتن بە پارەکانیان دەست و پەنجەی خۆیان پیس بکەن. ئەوەی گۆڵد زیاتر دەپێکێت بریتییە لە چیرۆکی ژیانی پێگەیشتنی ڕووبار و دەریا. گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لەکاتی تووڕەبوونی شاتسیی شێلدا بەرانبەر گۆڵد، شوێنێکی فراوان لەسەر ئەقڵییەتی گۆڵد دادەنێت. کاتێک شاتسیی شێل بە تووڕەبوونەوە دەڵێ (1. لاپەڕە 224): خەڵکانێک لەوە ناگەن، کە ڕووبار ئەوەندە زۆری پێدەچێت هەتا دەڕژێتە دەریاوە. پێگەیشتنێکی ئازادانە بە ویستی خۆی، لەبری ئەوەی ئامانجەکەی ڕێکوڕاست بپێکێت. جێگای باوەڕ نییە، کە هەموو ڕووبارێک، لە هەرکوێیەک هەن پێشئەوەی بگەن بە دەریا ڕێگاکانیان سێ قات درێژکردۆتەوە لەبری ئەوەی ڕێک و ڕاست برۆن، بیهێنە پێشچاوی خۆت سێ قات زیاتر وەک لەوەی پێویستیانە. بێگوومان ئامانجی شاتسیی شێلیش لێرەدا ئەوەیە، کە ئەمە سروشتی ژیانە لە بێ هۆییدا نییە، کە ڕووبار پێویست بەوەبکات ڕێگاکانی سێ قات بەسەرئەوەدا درێژبکاتەوە وەک لەوەی، کە ئەگەر ڕێک و ڕاست بڕوات زووتر بە دەریا بگات. دواکات کاتێک گۆڵد پێویستە بچێت بۆ کۆڤەرنیی، بلیت دەبڕێت و بە شەمەندەنەفەر دەکەوێتە ڕێگا بەرەو شاری کۆڤەرنیی، لێ گۆڵد لە کۆڤەرنیی دانابەزێت، بەڵکوو ئەو لە تەوالێتی شەمەندەنەفەرەکەدا سەرقاڵیی بێژەریی بۆکسێنەکەی نێوان پۆرێدا و لاری بوو. گۆڵد دەڕوات بەشێوەی ڕووبارێک دەڕوات، بەوشێوەیەی، کە شاتسیی شێل بۆی باسکرد. دواکات ڕۆمانی شار لە سووپەرمارکێتێکدا کۆتایی دێت، کە پێشتر دوای

ئەوەی گۆڵد دەڕوات و شاتسیی شێلیش بێکار دەمێنێتەوە و ناچار هەرجارەی شوێنێکدا کاردەکات، کە دواهەمیینیان ئەم سووپەرمارکێتەیە، کە ئێستا گۆڵد کاری تێدا دەکات. ئێوارەیەکیان سێ خولەک پێش حەوتی ئێوارە، گۆڵد کاتێک دەیەوێت دەست لە کار هەڵبگرێت چاوێک بەو ژوورەدا دەگێڕێت، کە پێشتر شاتسیی شێل کاری تێداکردووە و هێشتا وێنەکانی بە دەرگای ژوورەکەدا هەڵواسراوە وەک وێنەی واڵت دێسنی، ئێفا براون، کە بێگوومان وێنەی سێهەم دەبێت خودی شاتسیی شێل خۆی بێت، هەرچەندە لە لاپەڕە 329دا ناوی نەهاتووە، لێ خوێنەر دەبێت خۆی درک بەوە بکات، کە وێنەی سێهەم شاتسی شێلە، ئیدی شار کۆتاییەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە، کە خوێنەر دەبێت خۆی پێکییەوە بنێت نەک کۆتاییەکی نادیار. کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە هەریەکەیان بە چارەنووسی خۆیان دەگەن بەهەرشێوەیەک بێت، تەنانەت خودی کەسایەتییەکانی ناو فەنتازیای شاتسی شێل و گۆڵدیش بە چارەنووسی خۆیان دەگەن، کە خودی ئەو فەنتازیایانە هەرچەندە لە زۆر شوێندا خوێنەرماندوو دەکەن، لێ قورساییەکی باشیان بە ڕۆمانەکە داوە چ لە ڕووی ئەدەبیی لە ڕووی فەلسەفیشەوە. یەکێک لە وتەکانی لاری، کە پاڵەوانی فەنتازیای بۆکسێنی گۆڵدە لە کۆتاییدا لە چاوپێکەوتنێکیدا وتەی یەکێک لە پاڵەوانەکانی جیهان لەسەر کێشی مامناوەندییدا دەگێڕێتەوە بە ناوی ( بیڵ پێیارسۆن)ەوە، کە دەڵێ: مرۆڤ پێویستە لەبەردەم دژەبەرەکەیدا ترسی هەبێت، دواکات مرۆڤ کاتی ئەوەی نییە، کە لە مردن بترسێت ( 1 ، لاپەڕە320).

01.05.2007

1_ Alessandro Baricco: City. Von Anja Nattefort
2_ David und Leigh Eddings: Althalus